دڵشاد عەبدوڵڵا

# بەفرنووس و ئەوانی تر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## دڵشاد عەبدوڵڵا

# بەفرنووس و ئەوانی تر



ناوی کتێب: بەفرنووس و ئەوانی تر – دیوانی شیعر "١"
شیعری: دڵشاد عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٥٠
دەرهێنانی هونەری: حاجی دلاوەر
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
پیت لێدان: عەزیز عەبدولخالیق + نسار عەبدوڵڵا + ئاراس ئەکرەم + تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: هەندرێن ئەحمەد
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## مێژووی زەریا لە زاکیرەی قەترەیەکدا

کە دەستم بەنووسین کرد، ئێسک و پرووسکی بەشەری بەر لە پەنجا هەزار ساڵ لە شانەدەر دۆزرابووەوە، ئەو دەنکە گەنم و جۆیانەی جوتیارانی زاوی چەمێ لە ڕۆخ ڕووباری زابی گەورە چاندبوویان هەراش ببوون، لە گردی قالینج ئاغاوە تا شەڕی تەروادە هەمین و هێلین-مان لێ بزر ببوون، لە پەرستگای عەشتارەوە (کە تەنیا وەهمەکانی مابوونەوە لە شاردا) تا ئەکباتان، سوپایەکی خەیاڵی هەڵیاندابوو، شیر و تیریان لەیەکتری دەسووی، باقوبریق و جقەی شەهێنی هەورامانی سەرتیرەکانیان لە ڕۆژە ڕێیەکەوە دیاربوو، سەری ڕمەکانیان شتێکی وەکو ئەستێرەی لەسەر دەبریسکایەوە، بێ ئەوەی لەشەڕێکدا براوەبووبن.

ئیمارەتەکان کەوتبوون بەسەر خانی و نالی و مەولەویدا، خۆرهەڵات کەوتبوو بەسەر گاتاکاندا، قەدەغە بوو لە کونی ڕۆحەوە سەرکەوی بۆ سەری سەرەوەی ئۆڵمپ و یاری خواوەندەکان ببینی بە نوێژی نیوەڕۆ.

کە دەستم پێکرد، باسی لەش و حەرامەکانی قەدەغە بوو، خەوبینین بەو حەرامەوە بڤە بوو، شانە بەشانە بەنهێنی هاتم تا شیعر لە پەنجەکاندا ڕژا، لەو شوێنە ناسک و هەستدارانەدا هاتمە ناوەوە. دۆزینەوە ئەو ڕێچکە شیرییە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر شەفافییەتی زمان و ڕستەی شیعریی و جیهانبینیم، لە قەسیدەی (سووتانی ڕەنگەکان)دا دەستم بۆ ئەو ناوچە حەرامانە درێژ کردووە. ئەو قەسیدەیە کە لە قەسیدەکانی بەراییمە و لەناو برادەرەکانم بەو شیعرە ناسرام، بایەخێکی زۆری بەئایینی لەش داوە.

دین بەناهەق ڕۆح و لەشی لەیەکتر جیاکردبووەوە، دواتر درکم بەوە کرد کە لەش ڕۆحە لە شێوەی نوور و ڕۆح لەشە لەشێوەی ئاودا. جارێکیان تازە فامم دەکرد، پێستی ژن و سێوم لێک جیانەدەکردەوە، لە درزی عەباوە لەش و لاری ژنێکم دی لە دەرگای گەوری قەڵاتێ(*) دەهاتە دەرێ، خەتێکی سپی هێندەی ڕووناکی چرایەکی کز دیارکەوت، لای من پرشنگی دا و ناوەوەمی کردە چراخان، ئەوە یەکەم جارم بوو لەشی ژنێک ببینم لە لەشی دایکم نەچێ، وام مەزەندە دەکرد، ڕێک لەو شوێنەدا ئەسکەندەری مەکدۆنی داریوشی شکاندووە، یا عەشتار یەکەم جار بەسەر پشتی هەورێکەوە لەوێ دابەزیووە. قەڵات هەر هێندەی پێ نەبەخشیووم، ئەو کتێبێکە هەموو ڕۆژێ بەشێکم خوێندۆتەوە و هەر جارەی تامێکی پێ داوم، پێشانگەیەکە هەر ڕۆژە تابلۆکانی نوێ دەبنەوە، هەندێ جار



وا دێتە بەرچاو کە خۆرێکە مانگ و ئەستێرەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە بۆ ئەوەی سوننەتی ژیان جێبەجێ بکرێ و گەردوون لە گرێژنە دەرنەچێ.

برادەرەکانم لە یۆنانەوە دەهاتن بلوزی فەلسەفەیان بۆ دەهێناین تا سەرمای زستان ئێسقانمان تووشی ئەنفلەوەنزە نەکات، لە ڕۆماوە دەهاتن و سروودەکانی کۆمیدیای دانتیمان بە ئاواز دەخوێندەوە تا فێری عیبادەتی مەعنا بین، لە دەریاوە بەسەر پشتی قەسیدەکانی سان جۆن پێرسەوە دەهاتن و فێری ڕستەی هەناسەدرێژی با، فێری وشەی ئیسفەنجییان دەکردین. مەنتیقی شیعر لە ڕستە کۆنکرێتیە چەند ڕەگەکانی ئیلیۆتەوە فێر دەبووین، مۆبی دیک و مادام بۆفاری و برایانی کارامازۆف و چی و چیمان دەخوێندەوە بۆ ڕاوی مانای سرک، کە تەواو شەکەت دەبووین لەشەوە ساردەکاندا بەسەر پشتی بەلەمێکی سەرخۆشی ڕامبۆ دەماینەوە، گوڵە بەدەکان لە خشتەیان دەبردین و دەیانبردین بۆ هەتاهەتاکانی ڕۆحی لەبن نەهاتوو لە شەوی هەزار و یەکدا.

لە مەم و زینی خانی زۆر شت فێربووم، یەکەم جار بوو لە زمانی کوردیدا قەسیدەی چەند ڕەگەز و چەند ڕەگ بخوێنمەوە، ڕستەیەک کە ڕستەی تر لە پاڵ خۆیدا بشارێتەوە، وشەیەک مانای تری قووت دابێ لە هەناوی خۆیدا، ئەو جۆرە قەسیدە ئاوێتەیە فرە توانای خانی دەردەخا.

هەمیشە ئەحمەدی خانیم لەو وێنەیەی (باباجان) دروستی کرد بوو جوانتر دەهاتە بەر دیدە، وام مەزەندە دەکرد کە ئەو هونەرمەندە جوان لە سیما و ڕۆحی خانی ورد نەبۆتەوە، هەر لەو جۆرە ڕامانەوە جارێکی تر چوومەوە سەر وێنەی مەسیح و دڵنیابووم ئەو مەسیحەی ئێستا دەیبینین سیمای هەمان ئەو مەسیحە نییە کە هەبووە، ئەوە خواستی ئەوروپاییانە بۆ یەسوع، ڕەنگە مەسیح ئەسمەرێکی باڵا بەرزی چاو و برۆ ڕەشی ڕۆژهەڵاتی بووبێ، کێ نالێ؟ ئەحمەدی خانیش سپیلکەلانەی موو خورمایی نەبووە؟!

ئەو کاتەی دەمویست ڕستەیەکی شیعری بنووسم، لە نزیک حەمامی جوون گومبەت و لای منارەی خانەقا کە حاجی لەقلەقەکەی بەسەرەوە بوو، ئەو تەیرەی لە شەڕی ناوخۆی دوا ڕۆژەکانی سەدەی بیستەمدا هێلانەی بەیەکجاری تێکدرا، لەوێ تووشی سەلاحەدینی ئەیووبی هاتم! بەڵام چ تووش بوونێک؟ ئەو پرسیاری نەدەکرد، تەنیا گوێی بۆ قسەکانی من هەڵخستبوو، منیش چیم لە دڵدا بوو هەڵمڕشت، پێم وت، جەبەرووتی هێز و بێ جەدواییەکەی، هەردووکی لە تۆدا دەبینم، من (پاڵەوانەکان)ی کارلایلم خوێندبووەوە، بۆیە دەموت هێز پێویستی بە نوێ بوونەوە هەیە، هەر نەوەیەک و خەونی خۆی لە جۆرە

هێزێکدا بەرجەستە دەکات، هەموو جارێ هەر بازوو بەتەنیا شت نییە، ئەفراندن هێزێکی لەبن نەهاتووە لە هەناوی بەشەریەتدا، کە هەڵیکرد هیچ بەربەستێک نایگێڕێتەوە، دەمزانی ئەو دەسەڵاتدارە حەکیمە گوێم لێ دەگرێ، ئەو لە خۆنەویستیدا ڕەمزێکی گەورەیە، بۆیە کە پێم وت، تۆ وەکو کابووسێکی گەورەی شارەکەمی! بزەیەکی هاتێ، ئەوە جاری یەکەم بوو وێنەی سەلاحەدینی ئەیووبی ببینم لەسەر کاغەزێکدا، سەرەتا کاغەزەکەم هەڵگرتەوە نەمزانی وێنەی کێیە، وتم ڕەنگە سوڵتانێک بێ لە سوڵتانەکانی عوسمانلی، یا شایەک بێ لە شاکانی ئێران، چونکە هەر ئەوان بەو چەشنە جلوبەرگ و هەیبەتەوە وێنەیان لە کتێب و گۆڤاراندا بڵاودەکرایەوە، یەکەم جار بوو میرێکی گەورەی کورد ببینم بەوشێوەیە، میرێ؛ کە کەم میری ڕۆژهەڵات شانی داوە لەشانی.

من بۆ خۆم، ناشیرینترین وێنە بەلامەوە ئەوەیە کە بەتفەنگێکی بڕنەو و دەمانچەیەکەوە گرتوومە، ئەو کات مفاوەزاتی کورد و حکومەتی عارف بوو، تەمەنم لە دەوری یازدە و دوانزە ساڵاندا بوو. کوڕە گەورەی ماڵەوە بووم. دایکم حەزی دەکرد وێنەیەکم هەبێ لە خۆم گەورەتر دیار بێ، باوکم زۆر حەزی دەکرد، دیمەنم لەپیاو بچێ! جلی کوردیان لەبەر کردم و لەگەڵ خاڵەکەم کە تازە گەڕابووەوە شار ناردمیانە ستۆدیۆ (یاسین) – ئەو کات لەسەری گەڕەکەکەمان بوو– لەوێ بڕنەوەکەیان خستە کۆشم کە بەقەدەر باڵام دەبوو. دەمانچەیان بۆ بەستم... هتد. هەرجارەی سەیری ئەو وێنەیە دەکەم ئەو غەدرە گەورەیە پەستم دەکات کە لەمنداڵی کورد کراوە؛ کە بۆتە قوربانی غەریزەی گەورەکان. ئەو کاریکاتێرە زۆر جوان تەعبیر لەو موعاناتە دەکا، کە منداڵێک سواری ئەسپێکی یاری بووە و لە دنیا بچکۆلەکەی خۆیدا نقووم بووە، کەچی لەسەرەوە گەورەکان شەڕ دەکەن و شمشێرەکانیان بەر یەکتری دەکەون و لەکاتی تلبوونەوەیاندا شمشێرەکان لە دەستی قوربانییەکان دەکەونە خوارەوە و هەڕەشە لە دنیای منداڵەکان دەکەن و ڕێک بۆ لای تەوقی سەری ئەوان شۆڕ دەبنەوە.

شوکر کە گەورە بووم نەبوومە (پیاو)ی ناو وێنەکە و ئێستاش چەشنی منداڵی ناو کاریکاتێرەکە شمشێری شەڕەکان لەسەرەوە هەڕەشەم لێ دەکەن!

وێنەکان کەڵەکەبوون، ڕەش و سپی. ڕەنگاوڕەنگ... جارێ لەشوێنی گشتی و جارێکی دی لە شوێنی کارکردن، لە باخچەی گشتی لە هۆڵی ئاهەنگ، قۆڵ لە قۆڵی ژن، لەگەڵ منداڵەکانم... تەمی تەنکی خەمێکی شینی کاڵ نیشتۆتە سەر سیمام... بەو تەمە دەناسرێمەوە. دەڵێن چاو پەنجەرەی ڕۆحە، منیش ئەو تاریک و ڕوونە لەو پەنجەرەیەوە



دەبینم. کەچی جوانترین وێنە ئەوانەن کە خۆم گرتوومن و دیمەنی شتەکانن، وەلێ خۆم تێدا شاردۆتەوە! ئەو وێنانە ڕێک هاوکێشە بابەتییەکەی ئەلیۆتن وەکو ئەو شیعرانە وان کە زەمیری ئاخاوتن –م– نییە. لەو جۆرە وێنانەدا خۆم دەبینم بە دوای سەرابدا ڕادەکەم، سەرابێک کە هەمیشە سیحری بەردەوام بوونم پێ دەبەخشێ.

وێنەکەی سەلاحەدین ئەگەرچی من نەمگرتبوو بەڵام هەستێکی لەو جۆرەی لاخوڵقاندم.

وێنەکان ئاوێنەیەکی تەڵخی تەمەنن. ئەگینا کوا من لەناو باخچەیەکی بەهاریدا وەستاوم و لە جووڵە کەوتووم، باخچە و ئاسمانی سەرووی خەونەکانی ئومێد و وەفا، ئازار و تلانەوە، لەیەک جیابوونەوە و سووتان... هتد، ئەو هەموو ئاڵۆزییە چۆن لە فۆتۆگرافدا مت بوون؟ ژۆکەندە ئەو کەسە نییە کە هەبووە، ئەو کەسەیە کە دافنشی خەونی پێوە بینیووە و ئەو خەونانەی لە سیحری زەردەخەنەدا بەرجەستە کردووە.

کە کامێرا لێم نزیک دەبێتەوە، لە بوون دادەبڕێم بۆ ساتێک لە سیاقی بزووتنەوە و ژیان دێمە دەرەوە، دەپرسم ئەو جاسووسە دیسان هات و ڕاپۆرتێکی پڕ لە هەڵەی نووسی و لەناو ڕەفەی تەمەنی دانا، ئەگینا من لەسەر کورسییەکە دانەنیشتووم، لە پەنجەرەکەوە سەیر ناکەم. من چاوم لەوێیە و چەند ساتێکی دی کورسییەکە جێ دێڵم و دەچمە ئەوی، ئەوێ کە منداڵیمی لێیە، من بۆ لای منداڵی ڕادەکەم و وێنەکان بۆ لای مردنم دەبەن! ئەو جاسووسە باسی ئەوێ ناکات. عەیب و عارەکانم دەرناخا، نارێکی شتەکان دەشارێتەوە بۆ ئەوەی من هەڵخەڵەتێنێ و چەشنی (نەرسیس) خۆم هەڵدەمە ناو ئاوەکانی عەدەم، کەچی ئەسڵەن جوانییەکان پێکەوە نەبن لای من مانایەکی ئەوتۆ نابەخشن.

شوێن هەرگیز پشتگوێ ناخرێ، لە بستە خاکێکدا لەدایک دەبین بەڵام لە گەردووندا دەژین، کەس نەیویستووە بچێتە پشت گەردوون لەوێ گوڵەکانی ئاگر بۆن بکا و بای ناو بۆشایی پرچی بێنێتە نێو چاوانییەوە، ئەگەر شاعیرێک ویستبێتی بەو ئاراستەیەدا بفڕێ، وتوویانە: الشعراء یتبعهم الغاوون... جا چ قەیدی؟ با دەسەڵاتێک لەو دەسەڵاتانەی زەوی بەئەمری شاعیرێک سەرەنگوون بێ، خۆ هەر دەسەڵاتێک کە هاتووە دەسەڵاتێکی پێش خۆی تەفروتوونا کردووە ئەوجا هاتۆتە سەر تەختی.

جوانی هەمشیە مەنتیقی جوانی بەهێز دەکات و تێکی نادا، لە شوێنێکدا نووسیومە (گەردوونی من ناڵپارێزە)، بەقسەی من گەردوونی خەڵکی تر ڕەش ناکرێتەوە، هەریەکە و خەون بەو گەردوونەوە دەبینێ کە منداڵی ئەوی لێیە. من تا ساڵی نەوەدویەک و تا کۆڕەوەکە ناڵپارێزم نەدیبوو، بەڵام لەوێ هەموو شتێکم لە یەکەم بینیندا لێ بزر بوو،

نەمدەزانی کامە لای ڕاستی دنیایە و کامە لای چەپیەتی، سەرو ژێریم تەواو لێ تێکەڵ ببوو. درەختەکانی ناڵپارێز سەرووی خۆیان نیشان دام، خانووە ڕووخاوەکانی، ژێری خۆیان نیشان دام، بەیانی ئەوێ ڕۆژهەڵاتی پێ ناساندم و دۆزەخێک کە بەچاوی خۆم دیم خۆرئاوای بوو، خۆرئاوایەک کە خۆری تێدا ئاوا نەبوو، بەڵکو خۆری تێدا کوژرا!

لەوێ هیچ شتێک لە دۆخی خۆیدا نەبوو لە نێوان ژیان و مردندا، ناندین پڕببوو لە ئاوێک نەمدەزانی ئەو ئاوە لە کوێ هاتووە، ئاو لە جلوبەرگەوە هاتبووە ژوورێ، پێڵاو پڕبوو لە ئاو، قژ ئاوی لێ دەتکا، دەمار پڕ بوو لە ئاو، ئاو و ئاو و ئاو، هەموو شتێک چووبووە ناو لافاوێکی ترسناکەوە، منیش بەسەر کەشتییەکی بچووکەوە ئەگەر نزا و پاڕانەوەی بێگوناهان نەبووایە باران لێی نەدەکردەوە و میللەتێک ئاو دەیبرد.

من و ئاو هیچ شتێکمان لە بەیندا نەمابوو، لەوێ لافاوی ڕۆژانی منداڵیم دەهاتەوە یاد، ئەو ساتانەی باران ماڵ و گەڕەکی پڕ دەکرد لە تووڕەبوونی خۆی.

تۆفانی من ئەم شەوە بوو لە ناڵپارێز، تۆفانی من ئەو شەوە بوو لە خەونێکی منداڵیدا.

جێگا پڕە لە نهێنی، خۆشبەحاڵی ئەو کەسانەی دەتوانن چنگێک لەو نهێنییە هەڵگرن و بیبەن لەگەڵ خۆیاندا، تا دنیا دنیایە فڕێی نەدەن.

خوا هەمەدانی بۆ باباتاهیر دورست کرد، ناڵپارێزی بۆ غەریبی من. ئێستا تەمەن چەند پێچێک بە دەوری خۆیدا سووڕاوەتەوە، هێشتا حوسنی جێگا هەر ئەفسانەیە، تەلیسمە بەتاڵ نەبۆتەوە، بەتایبەتی لای من کە لەنێوان چوونە دەر و گەڕانەوە بۆ منداڵی پرسیارێکی بێ ئامان بێ وەڵام ماوەتەوە.

نهێنیی یەکەم دڵۆپ هەرگیز خۆی نادا بەدەستەوە، سروشت جوانی خۆی لە وەرزەکاندا دووبارە ناکاتەوە بەڵکو خۆی دروست دەکاتەوە بەجوانی وەرزەکان.

پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی هەردووکیان، هەردووکیان بەوشە دەست پێ دەکەن و لەوێوە ڕووباری ڕستە دەڕژێن و بەفری پەرەگراف لوتکە سپی دەکەن و بای کتێب تێکەڵی تووڕەبوونی دارستان دەبن، بەو چەشنە شیعر و ئاین، سیحر و سروشت ئاوێتە دەبن لە ڕۆحی ماندوودا.

یەکەم سروشت بەهەشت بوو، کەس نەیدی جگە لەئادەم و حەوا، ئەوان هاتن حیکایەتی جوانییەکانی ئەوێیان بۆ گێڕاینەوە، خەونیان پڕ کردین لە سیحری ئەوێ، زمانیان قفڵ داین بەنهێنی ئەوێ، چاویان پڕ کردین لە فرمێسکی ئەوێ، نە ئەوان پێی گەیشتنەوە نە ئێمەیان بە جوانی ئەوێ فرچک دا.. بەو شێوەیە لە یەکەم سروشت جیاکراینەوە، لەوساوە



تەنیا مافی ئەوەمان هەبووە کە خەونی پێوە ببینین، ئیتر لەوێوە گوناح هاتە ناوەوە، گوناحی دروستکردنی بەهەشتێکی ونبوو، یا گواستنەوەی سوچێکی، دیمەنێکی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەهەست و عەقڵێکی مرۆیانەوە.

بەو چەشنە یەکەم سروشت لەناو تەمی سەردەمەکاندا بزر بوو، ئەوانەی چاوی دیتنیان تیژە تەماشایان کردووە، تخوبەکانیان ناسیوەتەوە، بەجوانی پڕ لە ئیلهامی ئەوێدا هەڵیانداوە، ئەو هەموو خاسیەتەی ئەوێ تووشی دڵەڕاوکێی کردووین لە بەرامبەر سروشتی دووەمدا.

ڕووبارەکانی ئێرە و هەنگوینە ڕووبارەکانی ئەوێ، درەختە زستانییەکانی ئێرە و هەمیشە کەسکەکانی ئەوێ.. تاد، بەو شێوەیە سروشتی دووەم تووشی جۆرە ئیحراجییەک بووە، شاعیران هاتوون مەعنا و دەلالەتی نوێ و بەرزیان بەبالای سروشتدا بڕیووە، کردوویانە بەشاجوانی گەردوون.

دۆزینەوەی جوانی لە سروشتدا خۆ ماندووکردنێکی زۆری ناوێ، بەڵام دۆزینەوەی مەعنا و مەغزا و حیکمەتەکانی، تەمەنێکی پڕ لە ئازار و هیلاکی و ڕامانی دەوێ.

سروشت یەکەم هێزە لانکی بوونی هەژاندووە، سنگی پڕ گەوهەری خۆی کردۆتەوە بۆ شڵەژاندن و دڵنیاکردنەوە، ئەو شڵەژاندن و دڵنیاکردنەوەیە بۆتە مایەی دروستکردنی ئەو هەموو خواوەندە بۆ سروشت تا لە ڕێی پەرستنیان هێزی شڵەژاندن کپ بکرێتەوە و بەخشندەیی و دڵنیاکردنەوە پەرەی پێ بدرێ.

ئایندەی سروشت دیار نییە وەکو چۆن ڕابردووشی ئاڵۆزە و نادیار، تەماشای بەردێک بکە، نازانی چۆن هاتووە و تاکەی دەمێنێتەوە، کە ڕۆی ڕوو لە کوێ دەکات، لە هێڵی ناخی وردبەوە، هەر پێچێکی هی تەمەنێک و هی وەرزێک و ڕۆژگارێکە.

هەریەکەمان لەتێکی سروشت دەبینێت و ئیلهام لەو لەتە وەردەگرین، مافی بینینی هەموو سروشت مرۆ لە خۆی سەندۆتەوە و بەخواوەندی ڕەوا بینیوە.

سێ بەشی سروشتی وڵاتم چیایە، گوایە چیانشین چێتر و چڕتر دەبینین، چیا خەست بۆتەوە لەشوێندا. کەیفم نەهاتووە کە ڕوانینم زێدە ڕۆیشتووە، ویستوومە چڕتر ببینم چەشنی شاخنشین چڕ بێ زمانی چڕینم.

هەمیشە قاچەکانم لەوسەری ئەو لێفە شینە هاتوونەتە دەرێ کە پێیان داداوم، ئەوە حیکمەتی مانەوەمە، لەگەڵ سروشتیشدا هەروام کردووە.

ناخی سروشت چەشنی بورکان پڕە لە هێزی زەبەللاح، لە شیعری کوردیدا ئەو هێزانە

پشتگوێ خراون، سروشتێکی بێ جووڵە و بێ زمان دەبینی لەناو وێنەی چوارچێوەداردا، من لەلای مەولەوی دەرچوونم دیوە لەو چوارچێوەیە بەئاراستەی تێکەڵاوکردنی هەست و سروشت یا بەشێوەیەکی تر، سروشت بۆتە تەرمۆمەتری ناخی ئەو لە هەڵکشان و داکشانیدا، لە حاڵەتی شیعری پڕ لە ڕەمزیەتدا و ئەو حاڵەتە هێزی تەسەوف خولْقاندوویەتی و زاتی مەولەوی فەرزکردووە بەسەر سروشت دا. وەکی دی کەمتر دەست بۆ هێزی سەرکێش و لەبن نەهاتووی سروشت براوە. ئەو سروشتەی هەست بەئازار دەکا وەکو چۆن هەست بەکەیف و خۆشی دەکا. گوێ لە چڵێکی بگرە، لەتافی لاویدا بسووتێ چی دەکا، چۆن دەفیشکێنێ و بەزەحمەت دەسووتێ، هەمان چڵ کە وشک دەبێ چۆن لە کاتێکی کورتدا دەبێتە خۆڵەمێش و کلوکلۆی دادەمرکێ؟

ئینجا هەنسکی ساردی ژنان و شەونمی سەرگەڵا بەراورد بکە، گیای دەوری کانی و نازانم کوێ و کوێی لەش بەراورد بکە، ئەو هەموو شتانە هەموویان هەستدارن، من زۆر جاران خۆم بە دار هەناری حەوشەکەمان دەچووێنم، ئەویش وەکو من کوڕی گەورەی ماڵە و هێشتا سەری نەڕووتاوەتەوە و هەردووکمان لەدوارۆژانی بەهاری تەمەنداین، ئەو بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستێ و ملی لەسەر دیوار درێژ دەکا بۆ ئەوەی هەوای پاک هەڵمژێ و تیشکی هەتاوی لێ بدا و هەناری خۆشتر بگرێ.

شیعری کوردی لەسەرەتاوە بە دوو ئاراستەدا هاتووە، یەکیان شیعری کردۆتە ئامراز بۆ مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لای ئەوی دی شیعر ئامانجە وەکو هونەر و جوانی. هەریەک لەو دوو ئاراستەیە شاعیری خۆیان هەبووە لە پلەوپایەی دەربڕینی جیاوازدا. من ئاراستەی دووەم بەمێژووی ئەفراندنی خۆم دەزانم. دیارە ئەو جۆرە دابەشکردنە گشتییە و لە خوار ئەو دابەشکردنەوە ئەزموونی جیاواز هەن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە شتێک دەمێنێتەوە لەهەر ئەزموونێکدا ئەویش شیعریەتە کە تاکە پێوانەیە بۆ هەموو بەرهەمێکی شیعریی و پردی هاوبەشە لەنێوان ئەزموونە زیندووەکاندا.

لە شیعردا زمان بایەخێکی بنەڕەتی هەیە، زمانی نوێی ئەدەبی کوردیی لەگەڵ پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی سەربەخۆخوازدا دەستی پێکردووە، سەرەتا بەپاککردنەوەی زمان لە وشەی بێگانە دەستی پێکرد و پاشان چووە ناو ڕستەسازی و گرامەرەوە.

ئەو نوێ بوونەوەیە لە سەردەمی تازەدا لەسەر دەستی دەستەی یەکەمی شاعیرانی نوێخواز (گۆران و برادەرەکانی) دەستی پێکرد و ڕزگار بوو لە زمانی حوجرە و کۆت و



بەندەکانی، دواتر لە حەفتاکاندا ڕوانگە (شێرکۆ بێکەس و برادەرەکانی) ڕستەیەکی شیعریی جیاوازیان، کە لە زەمەنی دەرەوەدا لەسەر دژایەتی نێوان وێنەکان دروست ببوو، پاشان لە هەشتاکاندا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ڕستەی شیعریی تازەدا هات لە ڕێی وەرچەرخانێکەوە لە دەرەوە بۆ ناوەوە، ئەو ڕستەیە لە زەمەنی ناوەوەدا خولْقا، زیاتر فرە ڕەگی پێوە دیاربوو.

شیعر هەڵکۆڵینە لەناو زماندا، لەو پرۆسەیەدا ئەو ئاواز و ڕیتمانە بەرهەم ناهێنرێ کە پێشتر هەبوون و بیستراون، ئەو هەڵکۆڵینە بۆ دۆزینەوەی ڕۆحێکی تازەیە، هەر سەردەمە و فەرهەنگ و زمانی پێویستە.. پرۆسەی هەڵکۆڵین دەروونییە و هەر وشەیەک زاکیرەیەکی گشتی و تایبەتی هەیە، گشتی لەناو فەرهەنگدا و بەتایبەتی لەناو موعانات و ئازاری شاعیر و لەڕێی هەڵچوونی شیعرییەوە دەچێتە ناو دامەزراندنی هەیکەلی جوانییەوە، کە شەپۆلی جووڵەکانی ناوەوە دەبێتە مۆسیقا و ڕۆح دەهەژێنێ، ئەو هەژاندنە یاسا و ڕێسای خۆی پێک دەهێنێ.

شیعر موغامەرەیە و ئەوەی ڕۆحی موغامەرەی تێدا نەبێ ناتوانێ جیاوازی بخولْقێنێ. جیاوازی سلوکە و فەرهەنگیشە. ڕەنگە من هەموو ڕۆژێ دار هەناری حەوشەکەمان ببینم، کە ویستم بیهێنمە ناو شیعرەوە، ئەوکاتە من خیانەتی لێ دەکەم لە ڕێی سڕینەوەی بوونی فیزیکییەوە لە جێی ئەو دار هەنارێک لەشیعردا دەڕوێنم کە تەواو جیاوازە، چونکە من لاسایی سروشت ناکەمەوە، سروشتی خۆم دەخولْقێنم، جیاوازی مەولەوی لەگەڵ هەموو ئەو شاعیرانەی باسی سروشتیان کردووە لێرەوە دەست پێ دەکا. ئەوەی لەوێدا دەژی نابێتە بەدیلی ژیانی ئاسایی بەڵکو دەبێتە نائاسایی و نموونەی باڵا و دۆزینەوەی گریمانە بزر بووەکانی ژیان، ئەوەیان دیوێکی موغامەرەکەیە.

پاشان مەرج نییە هەموو کاتێک شاعیر بزانێ چی دەکا، ئەوەی ڕامبۆ دایهێنا لە تێکەڵکردنی هەستەکاندا بووە مایەی دۆزینەوەی ڕستەیەکی شیعریی تازە کە تەواو جیاواز بوو لە ڕستە شیعریی پێش خۆیدا. شاعیر ناکرێ بەو چاوە جیهان ببینێ کە زانایەک یا سیاسی یا فەیلەسووفێک دەیبینێ، ئەو کارکردنە لە نەستدا موغامەرەیە لەدیوێکی تردا.

شیعر ڕەنگی منداڵی بەرنەدا باشترە، بۆ ئەوەی هەمیشە ئامادە بێ بۆ لاساری و خۆڕاپسکاندن، منداڵیش بەشێک نییە لە ڕابردوو بەڵکو ڕووبەرێکی بەیارە لە ئێستا و پەناگەیەکی هێمنە لە داهاتوودا. ترسناکترین دوژمنی شیعریش گەورەبوون و یەقینە،

پاشان جوانی هەردەم شڵەژان دروست دەکات و پرۆژەی منداڵی وەکو هێزێک کە ئاسۆی بەردەمی کراوەیە، بەتەواو نەبوویی دەهێڵێتەوە. بەم شێوەیە مەودا و ڕەهەندی تازە لەبەردەم شیعردا والاّ دەبێ بۆ گەڕان و دۆزینەوە و تازەگەری.

من لەو کۆمەڵە شیعریەدا، هەندێ ئەزموونی جیاوازی شیعریی خۆم کۆکردۆتەوە کە لەماوەی بیست ساڵدا نووسیومن، هەندێکیان درەنگ نووسراون کەچی دەچنە پاڵ ئەزموونی پێشترمەوە، بۆ نموونە (ماڵێک بەسەر پشتی ئەستێرەوە) نزیکترە لە ئەزموونی (حوسێن) و (هەمەدان) لەدیوانی بزربوونی ناوێک، کەچی قەسیدەی (هەولێک بۆ کوشتنی کات) نزیکە لە ئەزموونی (باوباڵەکان) لە دیوانی (بەفرنووس)دا، سێیانەی (گەڕانەوەی ئۆدیسۆس)، (گورگی زریانی قرمزی)، (بەردی شەو: ڕووت ڕووت) نزیکترە لە ئەزموونی (سووتانی ڕەنگەکان) لە دیوانی بەفرنووس... دیارە لەگەڵ جیاوازی دید و زمان و تەکنیکی دەربڕینیان، بەڵام ئیشکردن لەناو ئەزموونی جیاوازدا دەستی شاعیر والاّ دەکات بۆ دەربڕینی زیاتر و فرە ڕەنگتر و دەربازیشی دەکات لە داخران و گینگڵ خواردن لە جغز و شێوە دەربڕینێکی دیاریکراودا.

شتێک بە پێویستی دەزانم بیدرکێنم، ترسی منە لە دوو شت، یەکەمیان کاغەزی سپی کە هێندەی لێ دەترسم، جاری وا هەیە خۆم بە دۆن کیخۆتە دێتە بەرچاو و کوێرانە دەکەومە دڕاندنیان تا چەند دێڕە شیعرێک دەنووسم، هەندێ جاریش وەکو ژنێکی ڕوح سووک هەر چەندی لێی دەچمە پێشەوە هێندە بەخشندەتر دەبێ لەگەڵما. بۆیە شیعر لەلای من موغامەرە و دامەزراندنە، ترس و بەگژاچوونەوەیە، پرسیار و وەڵامە لە یەک ساتداو هەر دەقێک دوای هەژان و موعانات بوونی خۆی لەلامدا سەلماندووە.

دووەمیان کە زەندەقم لێی چووە ئەوەیە، هەرچی نووسیومە و دەینووسم هیچ نەبێ و کەسێک بەشیعری نەزانێ، نایشارمەوە ئەو هەستە بەردەوام دێ و بەرۆکم دەگرێ، بەتایبەتی کە من خۆم یەکلایی کردۆتەوە، ئەگەر شاعیر نەبم هیچ شتێکی تر نیم.

*

بەنیاز بووم لەکاتی لە چاپدانی ئەم کۆمەڵە شیعریەدا بەشێکی تریش لەو زاکیرەیە هەڵبڕێژم و ئەم پێشەکییە زیاتر هەڵکشێ، پاشان نەچوومە ژێر باری ئەو بۆچوونە و پرۆژەکەم دواخست بۆ کۆمەڵە شیعری دووەمم.

هەندێ لەو قەسیدانەی ئەو کۆمەڵە شیعرە، شیعری ئاوێتەن، زیاتر لە زەمەنێکیان هەیە، ئەو جۆرە هەستانە لە شاردا دەردەکەون، بەڵام پێ دەچێ شاری ئێمە هێشتا



فۆتۆکۆپی لادێ بێ بەگەورە کراوی، بۆیە ئەو جۆرە شیعرانە ڕووبەڕووی دیواری ئاسنینی خوێنەر دەبنەوە و کەمتر گوێیان لێ دەگیرێ، تا ئێستا لەلای ئێمە شیعری یەک ئاست و یەک ئاراستە و یەک ڕەهەند ئامادەبوونی زیاتر هەیە. ڕەنگە ئەمە یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی کزبوونی جیاوازی بێ لە شیعری کوردیدا.

وا باوە کەسێک پێشەکی بنووسێ کە خاوەنی توانا و ناوبانگ و ئەزموونی زیاتر بێ واتا قەڵەمێکی دیارتر بێ، نازانم بۆ ئەو مافەم بەکەس ڕەوا نەبینی. ڕەنگە یەکێک لەو هۆیانە ئەوە بێ، زۆربەی ئەوانەی پێشەکی دەنووسن باسی شاعیرەکە دەکەن و لە دەقەکان و ئەزموونی شیعریی نادوێن منیش هێندە ڕقم لەو جۆرە موجامەلانەیە و پێم وایە دەقی شیعریی هەقی بەسەرمانەوەیە تا قسەیان دەربارە بکەین نەک شاعیر خۆی، جگە لەوە ڕەنگە هۆی دیکەش هەبن لەبن بەرێ داو هێشتا وەختی هێنانە سەر بەرێیان نەبێ.

دڵشاد عەبدوڵڵا

## چەند ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەم کۆمەڵە شیعرییە

١- ئەم کۆمەڵە شیعرییە بریتییە لە کۆی ئەو شیعرانەی لە دیوانەکانی (بەفرنووس ١٩٩٩، شەوی دووەم ٢٠٠٠، بزربوونی ناوێک ٢٠٠١، هەوڵێک بۆ کوشتنی کات ٢٠٠٢، مانگی نیوە مۆر ٢٠٠٤).

٢- هەردوو دیوانی جوانیەکان ١٩٩٢ و پیاسەی پەپوولەکان ١٩٩٥، لەگەڵ چەند قەسیدەیەکی نوێدا ساڵی ١٩٩٩ هەموویانم لە دووتوێی یەک بەرگدا چاپ کرد و بەناوی بەفرنووسی بۆیە لێرەشدا لە یەکیانم جیا نەکردەوە.

٣- منیش نەمتوانیوە خۆم لەو خووە خراپە ڕزگار بکەم کە زۆربەی جار شاعیران تووشی دەبن لە کاتی چاپکردنەوەی دیوانەکانیان ئەویش دەسکاری کردنی شیعرەکان، ئەو هەقەم بەخۆم ڕەوا دیووە، بەڵام دەسکارییەکان بەو جۆرە نین کاریان کردبێتە سەر فۆرمی شیعرەکان زیاتر بریتی بووە لە لێ لابردن و کورت و پوختتر کردنەوە.

٤- لە ڕیزکردنی دیوانەکاندا لەدوا دیوانەوە دەستم پێکرد، هەرواشە هەموو شتێک کە ڕیز دەکرێ لە بچووکەوە بۆ گەورە بۆ ئەوەی باڵای شیعرەکان دیاربن، چونکە من خۆم تا ئێستا «بەفرنووس» و لەناو ئەویشدا «سووتانی ڕەنگەکان» بەبڵندترین قەسیدەی خۆم دەزانم ئەگەر هاتوو شیعرەکانم ئەو باڵایەیان هەبێ کە شایانی دیاریکردن بن.

# مانگی نیوه مۆر

# ئاسمانی مۆر

## پۆرترێت(١)

دەموچاوێکی خورمایی
دوو برۆی ئەستوور لە یەک چەقیوون
لە بن هەریەکیاندا برکی
نائومێدی، توولەی دەهاوێ
بە بالآی ئومێدێکدا هەڵدەگەڕێ
ڕووناکییەک بەحاڵ دەڕژێتە
ناو پرچی پەرێشان
سپی دەچنەوە هەندێکیان
لەبەر بارانی ئەڤیندا.
ئەو تاڵە سپیانە دەبریسکێنەوە
هەر ئەوەش جوانە لە مەم دا
کە بۆتە لەوحی بەیانی
بۆ دەرکەوتنی عەشقێکی خودایی
لە خاتوو زیندا.

ناوچەوانی لووس و بێ گرێ هەڵبڕە
شتێک دیارە لەوێدا
لە تەیرەک دەچێ بخوێنێ
بۆ مەرگێکی زوو
چارەنووس وا دەڵێ.

چاوی ڕاست تەماشای چاوی چەپ دەکا
کۆتایی یەکتر دەبینن
هەردووکیان
لە گۆمی ڕەشی یەکتردا.

جۆگەلەی حەسرەت



بەڕوومەتی لای ڕاستیدا دێتە خوارێ
جۆگەلەی حەسرەت
بەڕوومەتی لای چەپیدا دێتە خوارێ
زین، ناو لەپی پڕ دەکا
لە گولآوی ئەو جۆگانە
هەر کەسێک دێ
قومێکی دەداتێ
تا هەموو،
گرفتار دەبین لە خەمی مەمدا.

لە خوار گۆڕی هەردووکیاندا
هێمای ڕووەکێک دیارە
دڕکی چەقیووە لە جوانی سەرە ڕێ
ناهێڵێ پەلکیان بەریەک بکەوێ
ئەوسا تێدەگەم:
کەس ناگا بەوەی
دەیەوێ.

نائومێدی سوننەتی عاشقانە
لە چاوی مەمدا ڕەش دەچێتەوە
لە خوار چەناگە چاڵێک دیارە
تەمەن هەڵدەکشێ
ساڵەکان دێن و
ئەو چاڵە پڕ دەکەنەوە
نائومێدی تێی دەکەوێ
سەرلەنوێ هەڵیدەکۆڵێ
بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژانی تەمەندا
ئاوی حەزێکی تازەی تێ بچێ.

## پۆرترێت (٢)

ئەو ڕۆژەی زەوی دروست بوو
توورەگەیەکیان لەو خۆڵە هێنا
بەتریفەی مانگ تەڕیان کرد
کە بووە قوڕێکی مەرەزی
لە جێی دوو چاو
جووتە کانی
لە جێی گوێ
کونەشاخ
لە جێی لووت
ملەی کێو
لە جێی چەناگە
دارستانێکی بناریان دانا و
لە جێی ناوچەوان
ترۆپکی بەرز
شاخێک بوو بەو هەموو هەیبەتەوە
دەموچاوی ماندووی باپیرم.
سەرەتای بەهار
سەر و ڕیشی کەسک دەچووەوە
کەسکێکی تاریک.

هەموو بەیانیان لەسەر ڕێگای قوتابخانە
دەمدی بەسەر کێلێکی خەمبارەوە
تەماشام دەکا
کە دەچوومە پۆلەوە
بەدوامدا دەهات
لە جێی مامۆستا



لەبەر تەختەی ڕەش دەوەستا
بەچاو هەموو وانەکانی بۆ دووبارە
دەکردمەوە.
دەڵێن مردووەکان
بەڕۆژێ دەخەون بەشەوێ بەئاگان
کەچی هەموو بەیانیان، باپیرم
لەسەر ڕێگای قوتابخانەدا دەوەستا
تا دیار دەکەوتم
لەگەڵما دەهاتە پۆلەوە
پاشان...
دەگەڕایەوە گۆڕستان.
ئیستاش لەهەر جێگایەکدا
بەردێک سێبەرم بۆ بکا
یا کونە شاخێک ببێتە داڵدە
لەهەر ئەشکەوتێک خۆم بشارمەوە
دەموچاوی باپیرم
لەو بەردەدا دیاردەکەوێ
کە نووساوە بەپشتمەوە.

## ستیل لایف

سێوی ئاسمانی لاجانگ سپی
تازە تامی ترش و شیرینیان
لەیەکتر دەکردەوە
لە ئاسمانەوە هەورێک
بەسندووقی لقێکەوە
هێنابووی.
هێشووە ترێ،
بەفر قل قلیانی بەستبوو
لە سەرما
تامیان تەواو خەست ببووەوە.
مۆزی گەرمای ئەفریقیا
ڕەش هەڵگەڕابوو
لە شیرینیدا.
چی پێویستە بۆ ئەوەی
سینییەک
بڕازێنمەوە
لەو سینیانەی
لە بەهەشتێ
ئامادە دەکرێن بۆ میوان؟
چەند دانەیەک ئارووی ئاوی
دەکرێ پەنجەی
کچێک بێ لە شوێنی ئەودا
بخرێتە ناو کۆکتێلی ئەو هەموو
ڕەنگ و نیعمەتەوە
لە تەنیشت ئەوەوە
پڕتەقاڵێک تازە گەییبێ



بەنەشئەی لەرینەوە
بنی ڕەق بووبێ
لە بەفری سینەدا
هەرهێندە بەسە لە میوەی
پڕسیحر
بۆ ئەوەی هەناسە پڕبێ
لە بوون و
چاو پڕبێ لە غەمزەی جوانی
کە سروشت بەخۆڕایی
دەیدا بەوانەی دەبنە میوانی.

دەست لەو شێوە باریک و
خڕ و لووسانەدا
دەخلیسکێ
زار لە تامیان تێر نابێ
لووت فریای بۆن کردنیان ناکەوێ
ئەوانە میوەی هونەرمەندێکن
داویەتییە سروشت
بۆ ئەوەی نیشانی خواوەندی خۆی بدا.

## مانگی نیوەمۆر

مانگێک هەر هێندەی سینییەک
ئەفسوونی جوانی لەسەر دانرابێ
لەناکاو کەوتە خوارەوە
حەوزی خەیاڵێکی ڕووتی
پڕکرد لە وردە شەپۆل.
کەس ئیشی بەو مانگە نەماوە
بۆ جێ ژووان و
بۆ سێبەری ڕامووسان
کەس ئیشی بەمانگ نەماوە
زێڕینگەر نایکەن بەنەخشی
سەر گوارە و
بۆ چاو نەفەسیش هونەرمەند
لە ڕەنگی پیرۆزەییدا
نایکەنە سیرامیک
هەڵناواسرێ بەدەرگا و
دیواری ماڵاندا.
مانگ هەر هێندەی لەباردابوو
بەو شێوە ڕۆمانسیانەی پێی ناسرابوو
ببێتە قیبلەی عاشقان
پاشان...
هونەرمەندێکی یاخیبوو
پێکی ڕەنگێکی جیاوازی
لە لێواری تەنکی دانا
شەوێکیان کردی بەمێزی نووسینی
شەوێکی تر ڕەنگەکانی لەسەر دانا
تابلۆیەکی ئەبستراکتی



پێ پڕکرد لە غەریبی
مانگی کرد بەچەتر لەبەر باراندا
کردی بەزارکی دەربەندێک
بای ڕۆحی لە وێوە هێنا
بەقاچاغی،
کردی بەناو ئاسمانێکی پەرێشاندا
بۆ کۆڕی مەینۆشان
پڕی کرد لە بادە
تەنک بوو لێوی پیاڵەی
بەلێوی ژنێک دەچوو
زیاتر هێڵی مەعنایەک بوو
بەناو خوێندا تێ دەپەڕی
لە خاڵێکەوە دەخولاوە تا دەبوو بەنیوەبازنەیەک
لە باسکی گەردووندا گیرەبوو
لە برۆیەک دەچوو ئەوسا مانگی نوێ
برۆیەکی بەرانبەری ون کردبێ
یا قاپێکی پەل
پڕتەقاڵێکی دەستکردیان
لە ناوەڕاستی دانابێ
کەس نەیزانی ئەو میوەیە
بۆ خواردن نییە
هەموو دەستیان بۆ درێژ کرد
نەچووە دەستی هیچ یەکێکیان.
گایەک چەشنی نائومێدی
لموزی لێ داو تێکیدا
ڕێکی سروشتی لەو شوێنە نارێک بوو.
مانگ هەر هێندەی دەنکە نیسکێکی
لێ ماوەتەوە

ئەوەی تر خەیاڵ کرۆشتی
پارچەیەک ماوە
ئەویش هەرگیز بەمانگێکی تەواو ناچێ
نە باریکە و نە تەواو خڕ
نە کاڵە و نە گەییوو.

مانگ هەر ساڵە و دوازدە جاران
بەردێک هەڵدەگرێ
دەیباتە سەری سەرەوە
کەچی لە ناکاو خواوەندێک
بەهەر بیانو و مەبەستێک
ڕەنگێکی تازەی دەداتێ
لاسەنگی دەکا
تا غلۆر دەبێتەوە
بۆ خوارێ.
مانگی بێهوودە بەشانی سیزیفەوە
لەناو پووش و پەڵاشی وشەدا
تەنیا تریفەی دیارە
وەکی دی
دەڵێی کەروێشکە نوستووە
دڵم نایە بەئاگای بێنم
ماندووە ئەو بەسەزمانە
بەدەست وەڕینی سەگەکانەوە
ڕەنگی زەرد بووە بەدەست
مەراق و ئاهو نزوولەی
بێچارە و شەو گەڕیدەوە.
هونەرمەندێک بەو مەبەستە
دەیکا بەلیمۆی حەزێکی گوشراو



شەوێکیان دەستم لە گیرفانی
تاریکیدا دەگێڕا
مانگێکی مۆر هاتە ناو دەستم
کە هێنامە شار
دامە هەرکەسێک نەیناسیەوە.
لە ڕەنگی تازە و
بوونی تازەیدا
چەشنی جوانییەکی غەریب هاتە ناوەوە
ئارامی تێکدا.
هەموو دەترسان لە مانگێک
لە نیوەی کانووندا
سەرما نیوەی بەستبوو بەشەختەی
نیوەکەی تری
مۆر دەچووەوە
لە تاقی ئاسمانی ڕۆحێکی ماندوودا.

کۆتایی ٢٠٠٣

## شارە نەبینراوەکان

دوای خوێندنەوەی - شارە نەبینراوەکان-ی ئیتالۆ کالفینۆ

شارەکان لەوسەری شەودا
سەر دەردێننەوە
بەزەحمەت دەناسرێنەوە.
هەندێ جار
بۆنی بارانیان ڕۆژەڕێیەک دەڕوا
چرای ماڵ و سەرشەقامیان
هەریەکە و بە ئاوازێک دەڕژێ
کە پێشتر نەمانبیستووە و
نەماندیووە.
هەندێ جار
خەتی سەر دیوار و
جێ پەنجەی سەر دەرگا و
شوێنی بۆنکردنی گوڵەکانیان
تەواو جیاوازن
بە ئاسانی هەستیان پێ دەکرێ
خەتی درشت و باریکیان،
توولەڕێی هاتنی مانگیان
لە نیوەشەودا بۆ ناوشار
کە دەکەوێ بەدیوار و
لقی دار و
خەیاڵی بێدار.
بە ئاشکرا شوێن پێی بچووکی دیارە
وەک ڕەوتی پەپوولە
لەسەر پەڕی گوڵ.



دەمبا لەگەڵ خۆی هەندێ جار
بەو خەتە تریفەییە و
پەخشم دەکا لەسەر گۆی زەوی.
هەندێ جار
جێ پەنجەی لەرینەوەی هەوا
دیارە بەسەر پەلکی ئێوارەی پایزدا
کەلووسترە لە جێ پەنجەی دەرکەوتنی زریان
کە خۆی دەدا لە دەرگا و
لە بیخەوە دەیهەژێنێ
جێ پەنجەی ئەویش تەواو جیاوازە
لەپاشماوەی هەتاو
لەسەر بەرد و
ئەویش جیاوازە لە شوێنەواری
ڕێژنەیەکی باران
کە با دەیهێنێ و
بەر هەیوان تەڕ دەکا
چەند پڕووشکێکی لە دەرگا دەدا
نازانم بۆ،
فێر نەبووین
دەرگا لە باران بکەینەوە؟

شارەکان پڕن لە خەیاڵ
بەزەحمەت دەجووڵێنەوە
هەندێ جار
تەواو لەیەکتری دەچن،
ڕەنگی چاوی ژنەکان و
ڕەنگی پێست و
مەنجەڵی مس و

کیسەی نایلۆن و
بوتڵی غازەکانیان.
شارەکان هەمیشە شارەکان
بزر دەبن لەناو تۆز و
دووکەڵ و
شتی بچووکدا
کە دەتەوێ یەکێکیان بناسی
دەیشوبهێنی بەشارێکی دی
کە یەکەمجار دیبووتە و
دەتەوێ لەجوانی تردا دووبارەی بکەیتەوە.

شاری پیری!
شاری منداڵی!
ئەوانە شاری خەون نین کە دەیانبینم
بەرەگی هەڵواسراوی ماڵەکانیاندا
هەڵدەگەڕێم
بۆ هەناسەیەک
کە ماسی لە توانەوەی دڵۆپێکدا
هەڵیدەمژێ و
نەشئەی دەریای دەداتێ.
شارەکان هەر ئەوانەنین
کە هەن لەبن باڵی هەورەکاندا
ئەوانەشن کە لەبن پێستی ئەستوور و
لەبن دوو برۆی لەیەکترگیر و
لەبن بەردی ئەندێشەدا
گەرایان داناوە
لە ڕۆژانێکی دواتر و
لەبەر گەرمای خۆرێکی تردا



دەترووکێن.

مانگ و ئەستێرە و شەوەکانم
دەخەمە توورەگەیەک و
لەبەردەمی بەیانیدا
هەڵیاندەڕێژم
خۆری من لەکەلی زماندا
دێتە دەرێ
لە گەروومەوە
دەڕژێتە دۆڵەکان و
بەڵێرەوار و
نشێوی هەزار بە هەزاردا
دەچێتە خوار
هەندێ جار بەزەحمەت خۆی دەگرێتەوە
تا دەگاتە شارێک
لە نزمترین شوێنی زەویدا
شارێک کە تازە مووی سمێڵی داناوە
هەندێ جار
تەواو نائومێد دەبم؛
نەوەی من لەو نەویانەوە
چۆن دەگەنە بڵندی؟

شاری من لە هەر کوێدا بێ
لەدەرەوەڕا نابینرێ
هەرچی هەمە لە جوانی
ڕۆحی شارە
وشەکان تێی دەئاڵێن.
تێکەڵ دەبێ ڕەنگم بە ڕەنگی پێش خۆم و
دوای خۆمدا

ئاڵۆز دەبێ دەنگم
لە دەنگی مردن و
لە دایک بوونێکی تردا.
شاری من ناخی دیارە
لەپێش روخساریدا
ئازاری دیارە بەر لە زامی.
ئەوەی پێی دەوترێ دوژمن نیمە
دۆستن
هەموو ئەوانەی ئێستا لەوێدا
خەون دەبینن
شاری من خەونە
لە نزمترین شوێنی زەویدا.

٢٠٠٣



## عەشتاری هەولێر

بەسەر پشتی شێرە بەردێکەوە
چاویلکە لەچاو
وەکو ئاسمان جێگیرە، هەولێر.

قەڵا چەند باڵێک بڵندە
بۆ کاهین و عاشق و
سەهندان
بڵندە هەتا بتەوێ
سەرکەوی بۆ دیتنی
خاکی یۆنان
لەناو تەپ و تۆزی
ئەسپەکانی ئەسکەندەردا.

بۆ دیتنی دۆستێکی کۆن
بۆ ماڵی گوڵێک
لە گوڵە بۆندارەکانی ناو مێژوو
لە دەرگام دا
ئەسمەرێکی کەڵەگەت و
چارۆگە بەسەر
حەوشەی دەماڵی
دەوری پڕ بوو لە پەپوولە
بەگەردنی بەهاستەم زەردی
ناسیمەوە
ڕۆژێ لە ڕۆژان
خۆر لە ماڵی ئەوان دەنووست
بۆ کار و کاسبی
سبەینان

شۆڕە دەبۆوە ناو بازاڕ
تا دوکانەکان دادەخران
ئەوجا دەهاتەوە.
ئەو ساڵە چ ساڵێک بوو
کە خۆر ڕۆی و نەهاتەوە
لە تەنیشت دارتووی حەوشەدا
ڕەنگێکی سیحراوی
لەناو جامێکدا
لێ بەجێما بوو
گەردن زەرد فڕی کرد
خواردیەوە
کەمێکی، بەچەناگە و
گەردن و ملیدا هاتە خوار
دوو دڵۆپیش بەرسنگی کەوت
زەردبوون ئەو هەموو لیمۆیە
لەناو باخی بەیانیاندا.

دەرگاکەت بکەوە
لەسەرخۆ وەرە پێش
بۆ نوێژی ڕۆژ ڕووم کردۆتە ئێرە
بۆ تاوێک دەمێنمەوە
هۆڵی مەینۆشان لە کوێیە؟

ئەی خانمی خاک!
ماڵی تۆ چەند بستێک بەرزترە
لەو ماڵانەی من دیومن
دەتوانم شەوێک
هەورێک بنێرم
لە بنمیچی ژوورەکەتدا



تاوێک بنوێ؟
دەتوانم شاخێک بێنمە لات
تا بەیانی کانی خۆیت بۆ بڕێژێ
بناری خۆیت بۆ پڕکا
لە گوڵی گەزیزە.
بۆنت کا تێر بۆنت کا
تا وردە بەردی بۆنی تۆ هەڵگرێ
هەوای پڕ بێ لە هەناسەت
سیمای پڕ بێ لە نەشئەی تۆ.

ئەی شاژنی خاک!
بێدەنگە کۆڕی گۆرانی
دەفژەن دێن و
دەستیان بەسەر دەفەکاندا ڕەق بۆتەوە
باڵندە گەروویان دەخورێن بۆ دەنگێک
کە خەریکە بیر بچێتەوە.

تەمبوور فرۆشێکم لە بازاڕ بینی
کەوتبووە ژێر باری خەونێکی گران
خەون لە کتێبدا هەبوو
بەس نەدەچووە ناو چاوەوە
کەس نەیدەدیت
تەمبوور فرۆش دەگەڕا
کەس تەمبوورێکی نەدەکڕی.

کۆڕی مەستانم نیشان دە
ئەی ژنی خەونەکان، کۆڕی
مەستانم نیشان دە
کۆڕی مەستان

شاری مۆسیقام نیشان دە
شاری مۆسیقا
ماڵی گوشادم نیشان دە
ماڵی گوشاد.
دەنگی بێدەنگی دێ دەنگی بێدەنگی
لە پەنجەرە و بن دەرگاوە
تارمایی بێدەنگی دێ تارمایی بێدەنگی.

ماڵ بەڕووناکیەوە جوانە
کاتێ تاریکی دەماڵێ و
هەندێ سیپاڵی سێبەر و
تارمایی
لەبن دیواردا دەمینێ
بۆ نەشئە و
بۆ نیشتنەوەی ئەندێشە لەو سووچانەدا.

ئەی شاژنی بێدەنگی
لە دیواری ماڵەکەتدا
شتێکم لێ بەجێماوە
هاتووم بیبەم
لە کۆڕی مەستاندا زارکی بکەمەوە
بەیادی هەموو ئەو ڕۆژانەی
کە خۆر منداڵی گەڕەکی ئێمە بوو
عێدزمان کرد بەبێ هۆ
لێمان تۆرا و سەری هەڵگرت
بۆ شاران
بەو یادەوە مەست بین تا ئەوپەڕی مەست بوون
پەست بین تا ئەوپەڕی پەست بوون.



## ئێوارەیەکی نائاسایی

لەناو ئێوارەیەکی درەنگی پایزدا
شاعیرێک بەتەنیا ڕاکشاوە
ئەستێرە لەپەنا پەلکی شیعرەکانیەوە
خەریکی جووڵەن
مانگ بزربووە لەگۆمی نارنجی خەیاڵیدا
شەویش بە پارێز دێتە پێش
دەسماڵی تەنکی تاریکی
بەسەر ئەفسوونی شیعرێکی دادەدا؛
کە شەیدای خۆیەتی.
سروشت ڕێ نادا
با هەڵبکا
ڕێ نادا، پەلکێک بکەوێ
یا باڵندەیەک بفڕێ و
مێرووەیەک بخوا
یا کرمێک هەڵگرێ
ڕێ نادا، بەردێک تل بخوا
بەر ئاوێک بکەوێ
ماسی بترسێن
یا پنجی گیایەک بگەچرێ
لاسکێک بشکێ... هتد.
سروشت تەسلیمی ئەندێشەبووە
ئەویش بەئەنقەست
لەناو ئێوارەی درەنگ دا
ڕاکشاوە
دڵی لەبن پەلکەکاندا شاردۆتەوە
کرمێک دەیخوا

گاڵتە ناکا
بەڕاستیەتی،
دەیەوێ ئەمشەو، ڕێ نەدا؛
سروشت بەو یاسا و ڕێسایە دووبارە بێتەوە
کە دەقی پێوە گرتووە
تاڕادەی وەڕسی.
ئەو بیر لەوە دەکاتەوە: لە باخچەکانی ئاسماندا
حەوزێک پڕ بکا لە ئاوی مانگ و
پڕی بکا لە ماسی ئەستێرە
پوولەکەیان ببریسکێنەوە
کەس خەوی لێ نەکەوێ
پەڕ و باڵی دار و درەخت بکاتەوە
لەو یاڵەوە بۆ ئەو یاڵ بفڕێ
ڕاوچی تیری بۆ بهاوێن
با بوەستێ لە بەردەرگا
لە سێبەری خۆی بسڵەقێتەوە
چرا کووپەیان پڕبکەن لەمەی
هەر یەکە و دەم بنێ
بەزارکی کووپەیێکەوە
مەست بێ بەدەستی ڕووناکی
کەمەی دەگێڕێ
تا درەنگی شەوێ
ئەگەر ئەوانە هیچیان ڕووی نەدا
بەرد هەڵبکا
بەسەر خاکێکدا بباریێ
ژێری پڕە لە گۆڕی بەکۆمەڵ و
سەریشی پڕە
لە جاڕسی.



ئەی ڕەشەبای بەرد هەڵبکە!
ماڵم بەسەر هەورێکەوە
تەماشای ڕابردوو دەکا
نابینرێ ئەوەی دیارە
نادیارە ئەو تۆزەی دەبینرێ.
ژوور بۆتە ئێسک و پلووسکی ڕزیو و
بۆ بیرەوەریش ناشێن هەندێکیان.
لەپەنجەرەوە هەر تەنیا
تارمایی مردنێک دیارە
وردە وردە سروشت دەخوا
لە شارێکی بێ سەلیقەی بازنەییدا
دەنگی مۆسیقای شەوێک دێ
لە شەوانی ترم ناچی
لە کێوی ڕۆحدا دەنگ دەداتەوە
کێو هەرەس دێنێ
بەردی زەبەللاح زەبەللاح فڕێ دەدا
گەورە ورد دەبێ
تەپوتۆزێکی تاریک هەڵدەکا
عاموودا نییە
شارێکی ترە لە شێوەی ئەودا
شاعیر بەرلەوەی شیعر بنووسێ
تۆفان هەڵدەکا
نەک تۆفانی نوح
ئاوێکی ترە لە مەعنای ئەودا.

ئاسمانی سۆر

## ۱۹۸۱

*"لەناو شەڕەکاندا، کاتێک تۆز و گەردی مردن دەنیشت*
*بەحاڵ پێشە خۆمان دەدی*
*خەیاڵ دەفڕی، لای ئەوانە دەنیشتەوە*
*کە شەو و ڕۆژ هەڵوەدای هەواڵی ئێمە بوون.*
*هەندێ جار، وام مەزەندە دەکرد، بێ ئەوان*
*پووشی بەردەمی بایەکی تیژین..."*

ئەمڕۆ پۆلێکی ترمان لێکوژرا
سبەی نۆرە دێتە سەر کێ؟
خەیاڵ هێندە باریک بووە
دەستی لێ بدەی دەپسێ

دەنگی تۆپ دێ لە ئاسمانان
موو لەسەر گوێزان قیت دەکاتەوە
گورگێکە (چیرۆکنووس دەڵێ)،
لموزی ناوە بەو ناوە و
ناهێڵێ کەس بنوێ

لە نێوانی تۆپباراندا
تەماشای دارێکی ژوور سەرم دەکرد
شەڕی بوو لەگەڵ با
لە باسی شەوانی ئەفسانە و
نائومێدی ئەو کاتانەی
هیچ شتێک بەپێوە نەدەما

با شانازی بەوە دەکرد
سواری پشتی خەیاڵێکی باریک دەبێ
تا بەرەبەیان تەراتێن دەکا



بەو شێوەیە کات دەکوژێ
لە درێژترین شەوی ساڵدا

لە نێوانی تۆپباراندا
سەرنجم دەدا درەختێک
کووڕ ببووەوە
لەبن تۆزی شەڕەکاندا

تووڵە ڕێیەکی سوور سووری تاریک
نوقمی نهێنی
بەبن برینان دەهاتە خوارێ
کە دەگەیشتە بەردەمی من
خۆی بەهەندێ وردە بەرد و
پووش و پەڵاش دەگرتەوە
وشک دەبوو
لە ئاست چەند دەنکە خۆڵێکی
ژێر سەرنجما.

دەنگی ئیسعافێک دەهاتە ناوەوە
ئەو دیمەنەی بەجارێ دەتاساند
یەکەمجار بریندارەکان
پەلەپەل سەردەخران
ئینجا هەندێ دەست و قاچ و
وردە ئێسک و پارچە گۆشت و
یەک دوو چاوی ئەبلەق، هەموو بەیەکەوە
دەخرانە ناو گونیەیەک و
برینپێچێک پێی دەوتم:
خۆمان لەوێ
بارستایی کوژراوەکان

له یەکتر جیا دەکەینەوە...
لەوێ خۆیان یەکە یەکە
بەژمارە و ڕەنگی پێست و جلی بەریان
بەمەزەندە و هەندێ جاریش هەر بەگۆترە
ئەو پارچانە دەناسنەوە!

نامەیەک دەنووسم
بەو پەنجە قرتاوە کۆمیدیانەوە
دەینێرم بۆ ئەو دیوو تخوبی شەڕەکان
شەڕ تاڤگەی وشک بووی خەیاڵە
دایکی هەموو ئەفسانەکان،
لە نەزۆکی و دڵڕەقیدا
قسەکانم تەفسیری تریان بۆ ناکرێ
شەڕ تەفسیری تری نییە
شەڕەکان کۆنن
ئەوەی نوێ دەبێتەوە
هەمیشە شەڕکەرەکانن.

ڕووم وەردەگێڕم بەلای باکووردا
کزەبایەک دێ
تاڵێک لە پرچم دەبا لەگەڵ خۆی
دیمەنێک دەفڕێ
دەست دەبەم بیگرم، ناگیرێ
لێی دەپاڕێمەوە نەڕوا
بەڕەنگ، لە گوڵی کراسێک دەچێ
کە نزیک دەبێتەوە
دەبێ بەگۆم
لەبەر سەرنجی بەیانی منداڵیمدا.



وەک باخەوانێک لە وادەی هەڵپاچیندا
درەختەکانی بەسەرکاتەوە
بەناو ئەلبوومی ژیاندا
بەشپرزەیی دەهاتم دەچووم
چاوم دەکەوت بەدیمەنی دەسرازەیەک
لە قوژبنی ژوورێکی دانیشتندا
بۆ جوانی هەڵمانواسیبوو
دایکم هەموو کوڕەکانی
بەو پەلکەزێڕینە شەتەک دا
کە گەورەبوون
شەڕ بردنی بەلای خۆیدا.
من دیمەنی ئەو دەسرازەیە وەکو خۆی
دەهێڵمەوە
بۆ بەهارێکی درەنگتر...
دایکم ئەو هەموو ڕەنگانەی
لە شەبەنگەڕۆژ خڕکردبووەوە
دیمەنی تاوسێک ئیلهامی پێدابوو
لەناو چوارچێوەی نارنجی خەفەتدا
پەڕەکانی گیڤ کردبووەوە
دەمزانی ڕۆژێ،
ڕێژنەی بارانی شیعرێکم بەریان دەکەوێ
ئەو هەموو ڕەنگە تێکەڵی یەک دەکا
لە تاقی ئاسمانێ.

سۆر هەڵگەڕاون ئەستێرە
لەناو شەوقی تۆپەکاندا
پێش ئەوەی بخەوم
لەوپەڕی شەودا

درەختێکی کورتەبالآی گرێ گرێ
تارمایی لقێکی
لەزارکی خێوەت دێنێتە ژووریٚ
لە پشتیەوە عومرێک دەکشێ
هەموو ئاسمانی بردووە لەگەڵ خۆی
تاڵێکی نەماوە
بیخەمە ژوور سەرم
یا بیبەم لەگەڵ خۆم.
لە کێ بپرسم ئەم شەڕە
کەی دەبڕێتەوە؟
کۆڵەپشتەکە دانێم و
لە یەکەم وێستگە دابەزم.

بەیانیەک،
شەڕ تەواو دوورکەوتبێتەوە
(ئەگەر هات و ئەو ڕۆژەم دی)
لە باخچەیەکدا
دەسرازەی شەتەکی ئاسمان
بە لکی داری توویەکدا هەڵدەواسم
تا منداڵێک لەوێ بنوێ.
هەوا بەئاستەم بجووڵێ
شەڕ تەواو دوور کەوتبێتەوە
بشفرێ نەتوانێ
بێتە ناو ئەو دیمەنە ساکارەوە
ئەگەر ڕۆژێکی وەها هات
توند دەیبەستم بەخۆمەوە
ناتوانێ،
نەتوانێ ئەمجارە بڕوات.



**لەودیو تخوبەکانی شەڕدا**

لە شێوەی تەماشاکردنم دیاربوو
سەفەرێکی دوورم لە پێشە
لەکاتی خوداحافیزی تەنیا بەدەست ڕاشەقاندن
هەموو شتی خۆم پێ وتن.

هێشتا شەونم نەیکردبووەوە
کە من لەماڵ چوومە دەرێ
لە پشتمەوە، ژنێک و بنە نێرگزێک
سەریان خستبووە کۆشی بەیانی
لەودیو دەرگا
پێکەوە دەپاڕانەوە:" خوا بتپارێزێ"

**کێ خەون دەنووسێتەوە لە چاوی بەرددا؟**
**کێ شوێن پێ هەڵدەگرێ**
لەسەر بەفری جێماوی تەمەندا؟
جانتایەکی ڕەشی لە پێستی تاریک و
لە چەهرەی تاریک و
پڕ خەونی تاریک پێشم کەوتبوو
بۆ کۆڵان
لەوێشەوە بۆ ناو پاس و
بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕ و
بۆ غەریبی.
(لێرە بەدوا دیمەنەکان هەموو لێڵن
خەیاڵ چۆن بڕژێ
وا دایان دەڕێژێ).

نزیک بەوە ئەی هەوری تاریکی مەیلەو مۆر

بیبارێنە هەرچی پێتە لە باران و بیبارێنە هەرچی پێتە لە بەفری سۆر
ماوەیەکی تر ئێوارە دادەخرێ
لەودیو دەرگای دۆزەخەوە
هەموو شتێک دەچێتە دۆخی هیچەوە
هیچ نامێنێ لەودیو دەرگا
نە سێبەرێک، نە لچکی پانتۆڵ و لمۆزی پێڵاوێک
نە قونکی جغارەیەک
نە دەستێک بەرێکەوت بەر شتێک دەکەوێ،
بکەوێ و دەنگی بێ
ن ەشتێک بەر شتێک دەکەوێ
کپ دەبێ سەرزەمین...
نزیک بنەوە ئەی پەپوولەی سەر بەرگی دۆشەک و
سەر بەرگی بالیف
من لە دیتنی ئاگردا هەمیشە ئێوەم بەبیر دێتەوە.

نزیک بەوە ئەی وێنەی بزربووی ئەودیوی ئاوێنە
کێ ئەو هەموو مووە ڕەشەی سپی کرد و
کێ ڕووناکی چاوانی برد و بەبای دا؟
ئەمشەو کام خەت دەکەویتە تۆڕی گرژی ناوچەوان و
دیمەنی کێ لە ئەلبومی دەمارێکدا بزر دەبێ
کێ، کێم تەواو بیر دەچێتەوە؟
لەناو هەموو باڵندەکاندا بەتەنیا بازێک دیارە
بەدیار قەفەسی سنگمەوە
لەناو هەموو گوڵەکاندا تەنیا گوڵە حاجیلە شین بووە بەدیار گۆڕمەوە
لەناو هەموو درەختەکاندا بەتەنیا داری ژاڵەیەک مۆر بووە
لە ڕۆخ دیواری غەریبی و لەناو هەموو برادەرەکانمدا تەنیا
وێنەیەک ماوە لەودیو ئاوێنە
کزکز دەسووتێ بەدیار منەوە
لەناو هەموو گەردووندا ڕستەیەک ماوە



ناوێرم بینووسم
نەبادا ئەو پێکە تەواو بێ و
من هێشتا مەست نەبووبم بەمەعنا و
بەمەغزای.

ئێوارەیەکی پێش شەڕ بوو
لەبارەکاندا، پیاڵە هەڵدەدرا و دەدرا لە پیاڵە
لە نوخبی ئامانجێک
هەموو دەمانخواست بۆ شەڕ و
بۆ لوولەی تۆپەکانی، کە ڕوویان لە ئێمە بوو
بۆ سەرباز و ئەفسەرانی کە چووبوونە دۆخی تانجییەوە
تەمەنیان لە ڕاوی هەوێردە و کەروێشک و مامز و
خەونی چاوی پەڕەسێلکە و
گوندنشینی بەسەزمان و
کۆتری سەر منارەکان، بەسەر بردبوو
لە شەڕدا ئاژەڵی قوون سوور بوون
سەریان دەکەوتە پێش خۆیان
وەکی تر پاڵەوان
خودایە، ئەوانە چ دوژمنێکی دڵڕەق و
چ تیرێکی کوێرانە بوون
ئێمەش چ جۆرە گوناهی دەنووک سووری پەڕ سپی بووین
بەنووکی ڕمەکانەوە
هەتاو لێی دەداین دەبریسکاینەوە.

ئێوارەیەکی پێش شەڕ بوو
شتێک لەنێوان دداندا ورد ببوو
شتێک کەوتبووە چاوەوە
شتێک چووبووە ناو کونی لووت
شتێک خزابووە ناو گوێچکە،

شتێک گەروی توند گرتبوو
دوای ئەوە نازانم چی ڕوویدا.

لە کوێی، تا تەماشای ئەوێ بکەم!
دەنگت تۆزێک بەرزتر کە و بانگم بکە
بەچ ناوێک بانگم دەکەی، بانگم بکە
کە وتت ماسی،
ئیتر من ئاوێکم ئەمسەر و ئەوسەرم دیار نییە
کە وتت، هەر شتێک هەر شتێکت وت
من ئەوەی ترم کە دەیپارێزێ و
کە وتت زریان من دۆڵی چڕم پڕ لە دارستان
بەپێچەوانەوەش گەر بانگت کردم
من ئەوەی ترم...

چ گەمژەییەکە ئەوەی من دەیڵێم
ئەگینا پێم ناڵێی چۆلەکەی تەنیایی
خۆی چییە تا جێگەی
ئەو هەموو تەئویل و ئەو هەموو شێوازی فڕین و
ئەو هەموو جۆری چڕینە
لەبن باڵ و لە دەنووک و
لە سنگیدا بکاتەوە؟
نزیک بەوە ئەی تەنیایی
تەمەن لە شێوەی تفەنگێک مت بووە
لوولەی خستۆتە نێوانی هەردوو برۆم
ئیلهامم دەوێ بۆ مەرگ و بۆ دەنگ و
بۆ دەرکەوتنی وردە گوڵی سوور
لە لێواری دوا ئێوارە و
ئیلهامم دەوێ، تکایە نزیک بەوە
ئەی ئیلهام بەخش!

شوباتی ۲۰۰۳



## لە دەنکەخۆڵێکی سۆردا

لە تەنیشت دۆزەخدا
درەختی حیکمەتێک دەسووتێ
وردە وردە دێتەوە یادم،
گیا کە زەوی داپۆشی کەسکێکی تەڕ بوو
لەبن پەلکی وردیلانەی
هەڵمێکی سپی دەجوولا
هەبێ و نەبێ جێ برینی کوژراوێکە،
وردە وردە دێتەوە یادم،
تەیرێکی گچکە هەر هێندەی گوڵە هێرۆیەک
لەوساکە گۆڕە پەیدابوو
هەبێ و نەبێ شتێکی پێیە پێم بڵێ
وردە وردە دەستم ڕاخست
ئینجا سینگ و
سک و پشت و
سەرم ڕاخست
تەیری سۆر هات شتێکی چرپاند
بەگوێچکەی باخچەمدا و تەیرەکە مرد
لە تەنیشت ئەو مەرگە
درەختی حیکمەتێک دەسووتێ
وردە وردە دێتەوە یادم،
ئێوارەیەکیان هەواڵ هات پەلەپەل
بە لچکی کراس و ڕۆخی پانتۆڵ و
تەقەڵی چاکەت و بەپەنجە و
بەدەست و بەپێست و
بەموو دا سەرکەوت و
هاتە خوار

نەیزانی چی بکا و چی بڵێ
ئێوارەیەکیان،
توورەگەی بایەک هات
زارکی خۆی کردەوە
ڕێک لەبەردەم ماڵەکەمدا هەڵیڕشتن
هەموویان بوون
ئێسکی پەنجە و ئێسکی دەست و
شەویلاک و بڕبڕەی پشت تێکەڵ ببوون
دوا سەرنج و دوا فرمێسک و
دوا چریکە و دوا هەناسە تێکەڵ ببوون
مەرگی ئێستا و هی ڕابردوو
هەرچی هەیە و هەرچی هەبوو تێکەڵ ببوون.
ئێوارەیەکیان،
تەیرێکی سۆر هات هەر هێندەی گوڵی هەنارێک
دامی بەپشتی سیحرێکی ڕەشدا
بردمی بەرەو ژوور
لەودیو هەوری زەرنیخی چڵکندا
مردووەکان، بەچاوی تۆزاوی و بەلێوی سپییەوە
تەماشای مانگیان دەکرد
ئەویش گۆچانی شەوی گرتبوو
هێواش هێواش دەهاتە خوارێ
تێکەڵی حەشری ئەوان و
تێکەڵ بەگۆڕی بزربووی ئەوان دەبوو
لەگەڵ ئەوان دەمایەوە
لەناو لمی بێدەنگیدا
تکایە ئەوەی لەوێیە با دەنگ هەڵبڕێ
لەو هەزاران هەزارەی بەسواری زیل و
تراکتۆر خڕکرانەوە



دەنگێک بانگم بکا
دەنگێک تەنیا دەنگێک
ئەو هەموو خۆراکە لەسەر کام سفرەی
داوەتدا دانران؟
چ فڕنێک سووری کردنەوە؟
کێ لەوێیە با دەنگ هەڵبڕێ
ئێوارەیەکیان،
وردە وردە دێتەوە یادم
هەواڵ هات پشتی تەواو چەمابووەوە
لەسەری دێڕیەوە تا دوایی
هەر باسی ئەوان بوو، ئەوان کێن؟
بەگۆڕەکانیان دەناسرێنەوە
ئەو گۆڕانەی تەنیا مێروولە دەیناسێن
مشک و مار و جانەوەر و
سەگ و داڵ و باشووکە دەیناسێن
لە ئاوی سەرابی غەریبی نیوەڕۆدا
بزر دەبوون و دیار دەکەوتنەوە
هەر تەنیا حوشترالووک دایدەپۆشێن
نە پەلکە گیایەکی تەڕ و
نە بەیبوون و نە حاجیلە و نە شلێر
هیچ کامێکیان لەوێ نەبوون
گۆڕەکانیان... کوا گۆڕەکانیان؟
(سبەی دێنەوە) ئەستێرەیەکی بچکۆڵەی
مل باریک پێی وتم
لەوساوە کردوومە بەخوو
چاوێکم هەر لە باشوورە
ئەی شازادەی شار!
گەڕەکی سەروویان بۆ چۆڵکەن

کوا جێگەی نووستن و
بالیف و
چەرچەفی کەتان و
کوا جێگەی پیاسەی ئێوارە و
کوا ئینجانەی خەونەکان و
کوا پەنجەرەی شەوەکانیان؟
(سبەی دێنەوە) مەلێکی بچکۆڵەی
هەر هێندەی هەنارێک
لەوپەڕی ئاسماندا پێی وتم
باخچەیان بۆ ئاودەن
ئەوان بێنەوە باڵ دەگرن بۆ پەلکی گیایەک
بۆ ڕەنگی گوڵێک
باڵ دەگرن بۆ ڕەنگێک
دەمێکە ڕەنگیان نەدیووە
ڕەنگی ئەوبەر و ئەمبەری ڕووبار و
ڕەنگی سادەی بەیانی و
ڕەنگی ئاوێتە ئێواران
ڕەنگی وەرزەکان
کاتێ بەپشتی گردۆلکە و
دەشتەکاندا
هەڵدەگەڕێن
یا بەدەماری ئەستووری لاملی زەویدا
دێنەخوارێ
تا خواری خوارێ...
ئەوان دێنەوە
دەترسم چۆن ئێمە بەزەحمەت
ئێسک و پلووسکی ئەوان و
ناونیشان و



سەرگوزشتەی ڕۆژەکانی بزربوونیان
یا چۆن بەزەحمەت
جۆری ڕۆیشتن و خوداحافیزی و
جۆری مردنیان دەناسینەوە
ئەوانیش کە دێنەوە
دۆش دامێنن لە بەرامبەرمان
بەزەحمەت بمانناسنەوە.

# ئاسمانی سپی

## هەورێک لە خوار ملدا

بەئاگری لەش دەست پێ دەکەم
لەوپەڕی پووچی و بێ بڕوایی و مەتاهەدا
ئەو شانە سوور هەڵگەڕاوانە دەورووژێنم
کە گەردوون نەیتوانی بڵێسەیان خامۆش بکا
گوایە لەش پیسی دەردەدا و
ئەوە کەوتۆتە خوار ناوک
ئاوی دەریا بۆگەن دەکا!
نیوەی خوار و نیوەی سەرێ دەڕمێنێ
نیوەی فانی نیوەکەی تر دەمرێنێ
یا ئەوەتا
ئەو ئاگرە
شەختەبەندی
نیوەکەی تر دەسووتێنێ.
هەرچەند ڕۆژگار بەرەو ژوورهەڵکشێ
نیوەی سەروو هەڵدەوەشێ و
هەرەس دێنێ
لەبەردەم نیوەکەی تردا...
یەکەم تاوان دەرهەق بەلەش ئاین کردی
یەکەم پەڕۆ ئەو گرێیی دا لە ناوقەدیا
یەکەم دەرپێ ئەو کردییە بەری
تا سلێمان،
لەو بەرزاییەوە بەباڵی پەپوویەکدا هاتە خوارێ
سروودێکی تووک نەرمی
سەروملی خاڵداری
ئێسک سووکی دا بەگوێی ئاسماندا
جوانی تریفە خەوتووە، ئەو وتی



لەبن پێست و
بن پەلک و
لەسەر گۆی سوور و
سەر پەنجە و پاش پانی و
لەهەر شوێنێکدا بەئاستەم کەمێکی
خۆی دەردەخا.
هەرچەندی ڕۆ بچی بۆ خوارێ
ئاوی ئەو سازگار و
دیمەنی ناویشی ڕوونتر دەبێ.
داد نەرسیس!
بۆ موغامەرەی چلێکی شکاوی ناو گۆم و
بۆ عەشقێک
نیوەکان بدا لەیەکدی و
لێڵ ببێ بوون لە ئاوێکی قەوزەییدا
داد نەرسیس!
لەش تۆوی گوڵێکە
تا نەڕوێ قیمەتی نازانرێ.

## سەرلەنوێ لەش

من بەمەنتیقی باڵندە لەش دەدوێنم
بەخشپەیەک پەڕی هەموو باڵەکانیان دەجووڵێنم
وەک چۆن نایەک
پەڕی مەسنەوی کردەوە
تا دوا هەناسەی خەمگینی.
من سەردێڕ و سەروبۆر و خاڵبەندیان
لە جوانیدا دەنەخشێنم.
لەش شمشاڵە و ئاوازی خۆش
لەو شوێنانەیدا هەڵدەستێ
کە پەنجە بەریان دەکەوێ.
هندۆکی و بوزایی وا مەزەندە دەکەن
کە گیان لەوادەی مردندا
لە کەللەسەردا خۆی مەڵاس دەدا
بۆیە جەستە دەسووتێنن
تا کەللە بتەقێ و گیان دەرپەڕێ
بچێ بۆ ئەوپەڕی ئاسمان
بەڵام نازانن هەوری باڵگرتوو تا سەر نافڕێ
هەر دەبێ بنیشێ و
دا بکا
سەر بەماڵی جەستەیەکی
خرۆشاوی تردا بکا.
لەش بێ گوناهە بێ گوناه
بەردێکی خڕە و لووس
هیچ شتێک لەسەریا ناوەستێ
ئەوەی دێ دەیپڕنێ و هەندێکی لێ دەبا
بۆ توێشووی سەفەری
تامێکی هەڵدەگرێ و
لەگەڵ خۆی دەبا.



## ئاوێتەبوون و جیابوونەوە

خوا پارچەیەک لە بوونی خۆی
لێکردەوە و دای بەشاعیر
خۆڵی شەرمنی سەر ڕووی مانگ و
ئاوی قوڵترین دەماری هێنا
کە ڕۆحیشی کرد بەبەریا ،
فەرمووی،
لەو هەموو ڕەنگانەی هەمە ڕەنگێک ببە
لەو هەموو دەنگانەم دەنگێک.
شاعیر هات و لەو جوانیانە وردبووەوە
نەیزانی کامیان هەڵبژێرێ؟
وتی، خوایە سەرپشک بە
تۆ کامیان دەبەی بۆ خۆت و
ئەوانی تر بدە بەمن
لەو نێوانەدا جوانییەکان مانەوە و بەش نەکران!
لەو ساوە شاعیر دەسووتێ
بۆ پرشنگی ڕەنگێکی قەتیسی نێو چاوی ئاسمان
دەگریێ بۆ تاڤگەی دەنگێکی زوڵاڵ
شاعیر دەمرێ
بۆ ئەوەی جوانییەک بدزێ
ژیان پەی پێ نەبردبێ.

## گەڵاکانی سەرشۆستە

لە سەرەتای هەشتاوە تا ئەمڕۆ دەیان پارچە شیعری لە چەشنی ئەم گەڵایانەم نووسیوە، زۆریان بزربوون و کەمیان ماونەتەوە و لە دیوانەکانمدا دەرکەوتوون وەکو ئینجانەی ناو ماڵەکانی شیعر.

### لە ڕۆخی خەوندا

لە یەکەم شەڕدا
کەس نەیزانی باخچە گوڵی خۆی چ لێکرد
سڵ مەکەوە
لە شوێنی هەر گوللەتۆپێکدا
دەیانیان دەبینییەوە
بەدوای بەردێکی گچکەدا
دەگەڕێن
سەری خۆیانی بخەنە سەری.

### دادا

چاو پڕە لە ڕوانین، بەرەڵڵایان کە
ئەو شوێنە کەڵکی نەماوە
بەخۆڕایی
بیدە بەرەشەبایەک بۆ تێکدانی.

### مێژوو

هەسارەیەک بەپێچەوانەی گۆی زەوی
دەخولێتەوە
ناولەپم پڕ خۆڵ کردووە



تەماشای دەنکەکان دەکەم
لە ئاوێنەی هەریەکێکیان
چاوێک دیارە و چاوەڕێ دەکا
سەرلەنوێ دروست بێتەوە.

### دەست

جامی جمشیدم لەبەردەم نییە
زەوی لەوپەڕی ناجێگیریدا
لەسەر پشتی دەستێک وەستاوە
ئەو دەستە،
موڵکی هەموو دنیا دێنێ
دەست وەرگێڕە
چ ڕوودەدا با ڕووبدا
من دەستی تۆ بەو کەشتییە دەشوبهێنم
کە دوای لافاو
ژیان دەبەخشێ
بەوەی دەمێنێ.

### جیاوازی

کانی و ڕووبار و دەریا
هەرسێکیان لەئاون
وەلێ هیچیان لەوی تریان ناچن.

### پاییز

پاییز کورتە و بەشی ئەوە ناکات
بەدوو چاوان تێی بڕوانم

هەندە خێرا دەڕوا
فریای تەماشاکردنێکی قووڵی ناکەوم.

## ساڵێک تا ئەبەد

بەر لە هاتنی سەری ساڵ
لە کۆتایی هەر ساڵێکدا
لێم تێک دەچێ،
کامە ساڵ بوو؟
هەشتا و چەند بوو؟
هەشتا نەبوو،
هەموو عومرم بوو

## سەرلەنوێ پاییز

پاییز ئەو کاتانە خۆشە
پەلکی مەغزایەک لە پشت سیس بووندا
ڕەنگێک بنوێنێ پێشتر نەبووبێ
دەستێک لەوپەڕی تاریکی شەودا
چرایەک هەڵکا پێشتر نەتدیبێ
وەرزێک هەڵبکا
لەناو خەڵوەتی خورمایی عومرا
هەتا زەردتر بێ ڕەنگی تەماشای
مانای ئەوەیە؛
زیاتر بەپەیژەی خۆر هەڵگەڕاوە
لوتکەش ئاوهایە
تا سپیتربێ زیاتر لەوانیتر هەڵکشاوە.



## شیعر

شیعر زستانە
ئەو کاتانەی خڕمان دەکاتەوە و داماندەپۆشێ
هەندێ جاریش هاوینە
جلەکانمان پێ فڕێ دەدا
تەواو ڕووتمان دەکاتەوە.

## لەیەکچوون

یەکەم پرووشەی باران
ڕستەیەکی شیعرییە
بەبۆنی خۆڵ دەست پێدەکا
بەتۆفان کۆتایی دێ.

## بەردەماتەکان

شیعر ئەو بەردە ماتانەی بن ئاون
کە بەتەواوی دیارنین
تا نەچیتە ناو ئاوەوە
هەستیان پێ ناکەی
ئەوان نەبن
لە قوڕولیتەدا دەچەقین
بەئاسانی نوقم دەبین.

## ترس

هەناوی زەوی پڕە لە ئاگر
نێڵەنێڵ دەسووتێ
جۆش دەخوا بورکانێک لە ناخما

ترسم هەیە ترسێکی زۆر
زەوی بڕوخێ بەسەر مردووان
ئاسمان بەسەر زیندوواندا
بەربێتەوە.

## پەنادان

لەو ماڵەدا بۆنی تۆ دێ
مناڵەکان دەنوێنم
تا بەرەبەیان بیر لە تۆ دەکەمەوە.
بەفر زەوی دەپارێزێ لە توانەوەیدا
خۆر ئاو دەپارێزێ لە بەهەڵمکردنیدا
من تۆ دەپارێزم
لە خۆشەویستیمدا

## توانەوە لەیەکتردا

هەندێ جار خەون دەچێتە بن باڵی مەلێک
کە دەفڕێ
لە سەرەوەڕا دەبینێ
گەردوون هەمووی
بەداروبەرد و ئاویەوە
بەساڵ و ڕۆژ و مانگیەوە
چۆتە ناو پێستی ژنێک و
دەست هەڵدەبڕێ بنیشێتە ناو لەپیەوە
هەندێ جار ژنێک دەچێتە ناو لۆچی
خەیاڵ و نووسین و حەرفەوە
هەموو شتێک پڕ دەبێ لە سیمای
هەموو شوێنی پڕ دەبێ لە بۆنی



هەندێ جار...
سەرم سوڕدەمێنێ کامیان،
جیهانە و کامەیان لەشی ئەو ژنەیە
کە خۆشم دەوێ.

## نوێخوازی

ناتوانی بەو عەقڵە تێم بگەی کە هەیە
باشتر وایە ئیمانم پێ بێنی،
ڕووبارێک ئەمەی پێ وتم
(قسەیەکی هیراکلیتسە بەشێوەیەکی جیاواز وتوومە).

## بێستوون

بۆن نەخشی سەر پەڕی گوڵە
باڵندە نەخشی ئاسمان
من ئیلهامیان لێ وەردەگرم
بۆ شیعرێک کە نەخشی بوونمە
لەسەر خۆشەویستی تۆدا.

## بۆ مەرگی جان دەمۆ

پیاڵەیەک دەشکێ لە مەست بووندا
بەو شێوەیە شاعیر دەمرێ
(گەر بمتوانیبا
وەک تیمساح چاو گەرم بکەم...)
ئای ئەگەر بمتوانیبا.
شاعیر دەگەڕێ تا شارێک بدۆزێتەوە
لە پاڵ وردە گوڵەکانیدا مەست بێ
شاعیر دەگەڕێ
تا بمرێ.
لەناو بەردەکانی کەنار
جەستەی شیعر ڕادەکشێ
لە شەقامی غەریبیشدا
تا چاو بڕ دەکا
هەر مەرگ پەرت دەبێ.
شاعیر دەمرێ و
تەنیا شیعرێکی لەلا دەمێنێ
ئەویش دەبێتە گوڵەحاجیلە
لە ڕۆخی گۆڕدا
پەڕی خۆی دەردەخا هێندەی دەتوانێ
تەنیا شیعرێکی لوول دەخوا لە دەوری کێڵێ
باقی دەبنە وردە ئەستێرەی
بەورشە و
دەدرەوشێنەوە لە تاقی ئاسمانێ.



## شەوی گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکان

دەشێ ئەو شوێنە بەرزە چۆڵ بکەی
دەشێ بیدەی بەمنداڵێک لەوانەی
تا ئێوارە،
بەشەپقەی حەسیر و پێڵاوی لاستیک
گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشن.
دەشێ ئەو شوێنە چۆڵ بکەی،
ئەو منداڵە
وەکو میرێکی بچکۆڵە
شەو بەپشتی تریفەدا
سەرکەوێ بۆ سەرێ و
لەناو کۆشکی زیودا بنوێ
مەرج نییە
هەمیشە گەردوون خول بخوا
بەدەوری هەمان مەعنادا
دەشێ ببێ بەپارچەی ورد
پارچەیەکیان
منداڵێک بیبا
بیکا بەوەی خۆی دەیەوێ.

*ڕەنگ وەکو شانە وایە*
*خۆی شەمێیە و*
*هەنگوین خڕ دەکاتەوە*
*تەماشا هەنگە*
*لەسەر ئەو گوڵانە دەگیرسێتەوە*
*کە توند قاچەکانی*
*دەگرێ*

*ڕەنگ ناتوانێ ڕا بکا*
*گرێ دراوە بەشوێنەوە*

**بۆنی ئەو ڕەنگە کوشتوومی**
**لە توولەڕێی مەست بوونەوە**
**ئیکسیری دەنێرێ**
**ئەوەی نە بینراوە دەبینرێ**
**ئەوەی نە وتراوە دەوترێ**
**کە من باخچەی مەیلە و پایزم**
**چەند بەزەحمەت ئەو ڕەنگانە**
**دەگوازمەوە**
**لە دارێکەوە بۆ دارێک**
**لە لکێکەوە بۆ لکێک**
**لە پەلکێکەوە بۆ پەلکێک**
**ڕەنگ بێزارە لە شەو**
**نائارامە بەرۆژ**
**لەو نێوانەدا؛**
**خۆرئاوابوونێکە**
**لە کازیوەدا.**
**گرفتارە بەئاهی هەردووکیان**
**ڕادەکا بەدوایاندا**
**بەپشتی شەپۆلی نەسرەوتی چاودا**
**ڕۆح پڕ دەکا لە بۆنی وەرزێک**
**کە بەزەحمەت سروشت دەتوانێ بیخووڵقێنێ.**



*شارەکان لە ڕەنگدا*
*مەییبوون*
*شاری میتالی*
*تەواو جیاوازە*
*لە ئاقیقی و*
*ئەویش هەرگیز*
*ناچێتەوە سەر شاری*
*پیازیی*
*ئەو کاتەی یادی دەکەیتەوە*
*پەڕەکانی هەڵدەدەیتەوە*
*چاو پڕ دەبێ لە ئاو*

**پێشم کەوە ئەی ڕەنگ خەون**
**بەمنداڵی بزرم کردووی**
**بەپیری دەتدۆزمەوە**
**لە گەنجینەی ڕەنگدا**
**هەسارەیەکم دەرهێناوە**
**خاڵخاڵی مۆرە**
**لە تەنیشت زەرددا**
**بەبۆنی وشە مەست بووە**
**پێستی بۆنخۆشی**
**هەور دەبارێنێ**
**بیارە ئەی ڕەنگ!**
**پەڕەکانم پڕکە لە قورسایی و**
**باڵەکانم تەڕکە**
**تا وەختێکی زۆرتر و**
**تەمەنێکی سەرسامتر**
**لەلای ڕەنگدا بمێنمەوە**
**لەناو کەسێکی تاریکدا**
**بکەوم بەپشتدا.**

*یەکەم سوور*
*جەستە دای بەگەردوون*
*بۆ سوێندخواردن*
*سەرم سوڕماوە،*
*خوێن چۆن*
*ئەو بازنە ترسناکە و*
*چۆن ئەو شێوە*
*ئەندازەییەی*
*داخستووە*
*لەسەر خۆیدا؟*

**کۆترێک فلچەی نیگارکێش نەیکردبوو**
**ڕەنگ خولقاندبووی**
**لەناوەخۆیدا**
**ئەویش کە تابلۆی تەواو کردبوو**
**لە یادی چووبوو**
**هەڵیفڕێنێ**
**لەناو تابلۆدا مایەوە**
**نیوەشەوێ**
**بەپەیژەی ئەستێرە**
**هاتە خوار تا خوار بڕژانگ**
**خۆی دا لە چرای ماڵێکی قەراغ**
**تا بەری بەیان مایەوە**
**ژنێک کردی بەخەوی زڕاوی**
**لەسەر بالیفی حەزێکی خۆیدا**
**خەواندی و ئەو نەنووست**
**لەو شەوەوە**
**بازنەیەکی سوور لوولی خوارد**
**بەدەوری دۆشەک و**
**فەرشی گوڵ گوڵی**
**شینی بەرپێیان**
**سووڕی خوارد لە زیکری لەشێکدا.**



*پرسیارێکە ئەو سوورە*
*لوولی خواردووە*
*لە قژدا*
*لاڵ بووە لە دەمی*
*هابیلدا*
*هەمیشە خۆی دەڵێتەوە؛*
*چۆن زەریا پڕ نەبوو*
*لە ڕەنگم؟*

*- ئیلهامی ئەو ڕەنگە*
*دەمکوژێ-*

**تاریک داهاتووە گۆشە و سووچی خەیاڵ**
**لە خەت خەتی فیرعەونییەوە**
**تا شین و زێڕینی تەماشا**
**ئاوێکی لینج**
**بەناو نهێنیدا دەڕوا**
**ناپرسێ لە هەق و ناهەقی**
**کە دەکەوێتە سەر خۆڵ و**
**سەر بەرد و سەر دار**
**شەوقی دەدا لە دوورترین ئاوی زەریا**
**سەری شەپۆل دەدا لە کەنار**
**شەو پڕە لەو سوورە و پڕە لە سێدارە**
**کە هەتا بەری بەیانی دەمێننەوە لەو خوارە**
**تەنیا سێدارەیەکیان دەمێنێ**
**سبەینێ زوو**
**دەبێ بەخۆر لەو هەوارە**
**ئەو ڕەنگە چ ڕەنگە؟ کوێرێک پرسی**
**بۆ دیتنی**
**چاوەکانی لێک بوونەوە**
**زەردێک بوو لە ڕەنگی خوا**
**لە چاوی هەتاودا نوستوو.**

*کە زەرد هات*
*بایەک تەفرەی دا*
*بۆ لایەک بردی*
*نەیدەویست بڕوا*
*ئەو ڕاستییە منداڵێک*
*لە پەپوولەی بیستبوو*
*ئەویش*
*نەدەهاتەوە یادی*
*کامە گوڵ فێری کردبوو*
*لەو نێوەندەدا*
*ڕاستییەک*
*هەڵتۆقیبوو*
*کە هی کەس نەبوو*
*ڕەنگ هێنابووی*

**بەقاوەیی گرفتارم گرفتار**
**زنجیری قەمسەلەیەک تا خوار مل**
**دادەخرێ**
**هەوری ناو سنگم هەناسەی توند دەبێ**
**ناتوانێ بباریێ**
**گوێم لێیە، قاوەیی دەڵێ؛**
**شەونخوونیم بەکونی دەرزی مەراقدا**
**دەپەڕاندەوە**
**لەناو خڵتی وەرزێکی سارد**
**کە لەبن فینجاندا**
**مابووەوە**
**کوێرە ڕێیەک بەپشتی هەورازی**
**عومردا**
**سەرکەوت بۆ سەرێ**
**پشتی تا ناوقەدی چەمابووەوە**
**دەچییە کوێ ئەی پیری قاوەیی**
**دەچییە کوێ؟**
**دەنکە خۆڵێک هەڵیداوم**
**لێم بووە بەکابووس**
**هەر دەڕۆم و ناگەم بەوەی دەمەوێ.**



*لە کتێبدا*
*ڕەنگ دەڕژێتە ناو مەعنا و*
*مەغزا و*
*هێماوە*

*لە شیعردا*
*وشە هەیە*
*بێ مەعنا و*
*بێ مەغزا و*
*پڕ هێما*

*- ڕەنگ هەیە*
*بەبێ ڕەنگ دەبینرێ -*

**سپی بە ئەی خەتی خورمایی سۆفیانە**
**کە پەلکێک بانگی کرد**
**کە دەستێک بەئاستەم لەریەوە**
**هەر لچکی کراسێک هەڵکرا**
**مەپرسە لە وەرز و**
**مەبەست و**
**مەپرسە لەچی و چی**
**بیانبە لەگەڵ خۆت**
**لە نەخشی تابلۆدا**
**هەریەکە و مەراقێک لادەبەن**
**ئەوانە شایەدی ئەو ئاوەن**
**ئالاوە لە ڕەشی**
**بەردی چارەنووس**
**سپی بە ئەی خەتی نێوانی**
**بینین و کوێری**
**ئەندێشە ببەخشە بەبوون**
**لە لەوحی بێستووندا**
**چ ڕەنگێک دیارە؟**
**پەلکە زێڕینەی عومرم بە**
**ئەی سپی**
**بزربووی ناو بەفر و**
**ناو پرچم.**

*لەشکری ڕووناکی ناتوانێ*
*شار داگیر بکا*
*گەمارۆی دەدا*
*لەو ڕەنگانە دەترسێ*
*کە لەپەنا بەرد و*
*کەلێنی دیواری*
*ڕۆح دا*
*دەمێنن*
*ئەو ڕەنگە کێویانە*
*چریکەی*
*لێڕەواری عاسێن*
*بەزەحمەت دەگیرێن*

**تابلۆیەک بردمی لەگەڵ خۆی**
**لە ماڵی فریشتەی**
**پەنا درەختەکاندا**
**حەوزێکی ماسی و**
**حەوزی خۆ شووشتن و**
**حەوزێکی پڕ گوڵی کاکاوی**
**نیشان دام**
**لە هەرسێکیاندا من هەم**
**ژنی ڕووتی ناو تابلۆ وتی**
**کامیانە،**
**هەرسێکیان پڕ ئاون**
**پڕاوپڕ لە جوانی**
**هەرسێکیان لەو شوێنە**
**لەپەنا درەختی ئەو ماڵە**
**لەناو ئارامیدا خەوتوون**
**هەرسێکیان لە تۆدا**
**دووبارە و**
**سێ بارە دەبنەوە**
**هەر ڕەنگێک لە تۆدا**
**ڕۆح دەشڵەژێنێ**
**ئەویش چریکە لە کێوان پەرت دەکا**
**چ ئیلهامێک دەیانناسێتەوە و**
**لێکیان دەردەکا.**



*باران یەک ئاراستەی هەیە*
*تەنیا*
*دەبارێ*
*هێند لەخۆ بووردووە*
*بوونی خۆی دەبەخشێ*
*بەوەی دەیگاتێ*
*- ئاو بەهەموو شتێک*
*دادەمرکێتەوە*
*تەنیا بەئاو خۆی نەبێ*
*دەورووژێ و*
*کپ نابێتەوە -*

**تابلۆ هەوری سەر دەریایە**
**بباری و نەباری**
**مەعنا بزر دەکا**
**لەو بەرزاییە بمێنەوە ئەی ئاوی مۆر!**
**خۆت مەدەرە دەست هەوەسی بایەکی چەنەباز**
**گێل مەبە و هێزی خۆت**
**بەپشتی زەوی تاقی مەکەوە**
**توانا و لێهاتوویی تۆ زیاترە**
**لە هی بەرد**
**لە هی با**
**تۆ هەمیشە پشتی ئەوان دەدەی بەزەویدا**
**گێل مەبە ئەی نیگارکێش**
**بۆنی ڕەنگ خۆشترە لە بۆنی گیا**
**کە بەدەم باوە کەروێشکە دەکا**
**ئەو جوانترە**
**بەپرچی خەنەیی مەیلەو ئاگریی**
**سەرشان و ملی شین.**
**نیگارکێش وتی، لەسەرخۆ بدوێ**
**با ئیلهامی شەوەکانم ئارام بنوێ**
**لە دیمەنی ژنێکی ڕووتدا.**
**هیلاکە ئەو ڕۆحە ماندووە**
**هێندەی خوڵ بخوا**
**بەدەوری ئازاری نەسرەوتی ئەو کەونە**
**کە هیچی لە پاکیدا ناگاتە گۆی مەمکێکی**
**ئەو ژنە.**

# هەوڵێک بۆ کوشتنی کات

## دوورتر له منداڵی

لەناو پەلکی گیا پاڵم داوەتەوە
چاوم بڕیووەتە کرمێکی زەرد
بەقەد گیا شیلەی مەراقێکەوە!
*
لە دوورەوە دەنگی شەڕ دێ
شاعیر ناتوانێ قەناعەت بکا
جەستەی شیعر و
جەستەی سروشت
یەک جەستە نین لە دوو دۆخدا
دوو سەری هێلێک و
بەیانی و ئێوارەی ڕۆژێک و
دووباڵی ئەندێشە
دووچاوی تەماشا
یەک ڕستەی سفت نین
بەو هەموو ئیحا و ئاماژە و سیحرەوە.
*
خەریکە پایز دێ
لە چاوی وردیلەی کرمێکی تووکندا
هەی لەبەر گیا و گیا مسک و
گیا خەوی پەرێز و گیا شەرمی ئەستێرە
لە وادەی پاڵکەوتنندا
خەریکە پایز دێ
بەو چەشنە بێ، بەشی ئێوارەیەک ناکا
بەشی تەماشاکردنێکی قووڵ ناکا
بەسەرشانی گۆمێکی شینەوە.
*
بورجی مێخەک دەخولێتەوە



مێخەک نێرە، شاعیر وتی
ژنەکان حەزیان لە خەونی
ژێر هەوری مێخەک و
حەزیان لە بۆنی سمێڵ و
بن باڵ و قژیەتی
ڕۆژێ ژنێک
نەچۆتە ماڵی پاتۆنیا
لەسەر فەرشی مێلاقەیەک ڕانەکشاوە
یا گوڵە حاجیلەیەکی
نەخستۆتە ژێر بالیفی
وەرزی مێخەک زەرد بووە نێرکی
زەرد بووە بۆن و بەرامەی
زەرد بووە ناوی.
*
بێ ئاگاییەکی قەوزەیی
کونجڕ کونجڕە منداڵی
لە بن پەلکی گیا
نادیارە و موعەمما
بەسەر پشتی هەسارەیەکی سۆر سۆری
مێبینەوە
دەخولێتەوە و دەخولێتەوە
حەرف و
وشە و
مۆسیقای
ئاڵۆزە ڕستە و پەرەگراف
لەچاوی کرمێکی تووکنی نێرینەدا.
*
ژیانم لەسەر ڕستەیەک هەڵخستووە
بەدەم کزەبای مەعناوە
دەلەرێتەوە ڕۆژگار و

هێڵی باریک و
لۆچی دەموچاو
هەوری عەدەمم گوشیووە
بۆ نەغمەی تەنیایی و بۆ گەرووی وتن و
ئاسمانم کردۆتە کتێب و
زەویم کردۆتە بەرگی.
خەریکە پاییز دێ
شاعیر ناتوانێ قەناعەت بکا
لەو دیووی منداڵی وەرزێکی تر نییە
بۆ ڕەنگی پیازیی تەماشا و
بۆ سۆزی قرمزی
عەشقێکی خودایی.

*

کرمێکی تووکن فێر بووە
دەنووسێ بە لکی مەراقی پاییزە و
شاعیر ناتوانێ قەناعەت بکا
دەریا زاکیرەی یەکەم دڵۆپی خۆی نییە
لەشەوێکی کشمیریدا.
من لەشی دەریا دەژەنم
لەش شمشاڵە، ئاوازی لەو شوێنانەوە سەردەکا
پەنجە بەریان دەکەوێ
فەلسەفەی چڵێک فریام دەکەوێ؛
کە کەسک و تەڕە ئەو کاتەی
گەڵا سەردەکەن بە قوڵیا.

*

بۆنی منداڵی دێ بۆنی منداڵی
کرمێکی تووکن و
قەدی مەراق و
گیای وەرزێکی شین
هەر سێکم بە بەندی دڵمەوە گرێدا.



کە هاتی مەچۆوە لێرەبە
ئەو زەردەیە بەشی هەردووکمان دەکا
پەلکی گیا،
جێگەی هەردووکمانی تێدا دەبێتەوە
گوڵێک بەشی هەردووکمان و
بە هەردووکمان بالیفی کرمێکی تووکنمان بەسە
دڵۆپێک،
نیوەی من دەیخۆمەوە
نیوەی تۆ
لێرەبە مەچۆوە تکایە
پێکەوە گلەیی لە با دەکەین
ئەو کاتەی لە ختوخۆڕایی، تۆپەڵە بەفری
منداڵی تواندەوە
بێ ئەوەی هیچ بیانوویەک لە ئارادا بێ
هەڵیکرد و هەڵیکرد و
هەڵیکرد
تا لەپشت گردەکانەوە
مردنمان لێ پەیدا بوو.

*

ئیتر..
لە باخچەیەکدا جێگەی هەردووکمان خاڵی بوو
شەوێک، گەردوون لەگەڵ خۆم دەنوێنم
سوێندی دەدەم:
تکایە لێرەبەو مەچۆوە
ئەو ماڵە خۆشترە لەهی تۆ
لەناو پەلکی گیا دەخەوین
بەو هەموو تەماشاو
بەو سۆزە زۆرەوە.

پاییزی ٢٠٠٢

## مالێک بەسەر پشتی ئەستێرەوە

هەموو شەوێ خەو بەماڵێکەوە دەبینم
لەناو سندووقی بۆراقدا
لەچوار لاوە ڕووناکی لێ دێتە دەرێ
هەر لە یەکەم سەرنجەوە،
هەرتک چاوم دەنیشێتە
بەر هەیوانێکی نارنجی و تاقێکی شووشە
دەرگایەکی پشت کۆماوەی
هەردوو دەست کراوەی
دەم بەستراو.
لەلای ڕاستیدا: سفرەیەکی نایلۆنی گوڵدار و
هەندێ قاپی پلاسکۆی شین
دوو سێ پەرداخی فافۆن و
لەگەنێکی چینکۆ لەناوەڕاستیاندا...
کەس لە دەوری سفرە نییە
ئەستێرە کەوتوون بەسەر دیوار و
شیشی پەنجەرە و دارمێوی عومرا
کونجی هەیوان پڕ بووە لە عەتریان
دۆشەک و بالیفی ئیسفەنج،
تەڕبوون بە ئەشکی شەوێکی ناخۆش
هەموو شەوێ خەو بەو حەوشەو
شپرزەیی و
سەفەرێکی ناکاو دەبینم لە خۆمدا.
لەو حەوشەیە،
بەلوعەیەک کراوەتەوە
چڵک و ئارەقەی مەراق و
خەونی حەرام



گەندەمووی خەمی ڕۆژانە و
تۆز و خۆڵی ناو ماڵ دەبا
لەو کونجەوە تا کەندە پیس
گیایەکی زڕو
بۆنی سیان
کونی لووت و ناوچاومان دەزووڕێنتەوە
ڕێگا پڕە لە حوشترالوک
ئەو کاتەی ڕادەکەین بە دوای
وەهمی ڕووناکی پشتقوونی ئەستێرۆک و
تا ئاوزینگ پێمان تەڕ دەبێ.
هەموو شەوێ ئەو دیمەنە گچکانە دەپەنمێن
ئەندێشە دەپەنمێ
بە توولەڕێی ئێجگار خزدا دەچێتە خوار
تووتڕکێک
فێربووە تیلماسکی ئومێد
بەخۆیەوە دەنووسێنێ
ئەوسا تێدەگەم
هەر دەگەم بەوەی دەمەوێ.

من زەوی کۆنە حەزێک دەکێڵم
شتێک دەچێنم لە شێوەی خەونە
زیندووەکان جارێک دەیبینن
مردووەکان، شتێکی ئەوتۆ دەربارەی نازانن
پێ دەچێ، لە یادیان چووبێ،
مندالی کەوتۆتە لای سەروو
هەرچەندی غلۆر بینەوە
گەڕانەوە گرانتر دەبێ.
لەو حەوشەیە،

کووپەیەک و
کولانەیەکی مریشک و
سەبەتەیەکی لە داری بەڵالووکم جێ هێشتووە
دوو فەرخەی قەتێ لەژێریا
لە ترسی پشیلە
ئەو دیمەنە دەسڕمەوە
منداڵیم دەمێنێ، وەک پاشماوەی خەونێکی خۆش.
هەندێ جار، لافاو گیایەک
لەبن و بۆتکەوە دەردێنێ؛
بەڵام هەنجن هەنجنی ناکا
هەر بەو مەنتیقە
دەرگای ماڵی منداڵی خۆم،
لەبێخەوە هەڵکێشا.
لە یەکەم دەرکەوتندا، چاوم کەوت
بە دزێک
دیواری ماڵی کانەبی کافرۆشی دەبڕی.
لە پشت درەختێکدا خۆم حەشاردا
ئەوسا کەمەرم هەر هێندەی قەدی دار توویەک بوو
دەفەی شانم،
هێندەی پنجی مێخەکێک و
سەرنجم بەقەد پەلکێ بوو
بەو نیگا باریکە تەماشای
ئەو دیمەنە وردانەم کرد لە شەودا
کێ ناڵێ ڕێگای سەفەرم،
ناچێتەوە سەر ئاقاری دیوار بڕە ناقۆڵاکان؟
لەخۆم پرسی.
شەو دوو شەو بوو
شەوی من و



شەوی دز و
شەو یەک شەو بوو
شەوی من و
شەوی کچەکەی کافرۆش،
لەپشت دیوارێکی قوڕدا.

لەو دەرگایە بەئاسانی هاتمە دەرێ
چەند زەحمەتە
چوونەوە بۆی
لەو شەوەوە هەموو شەوێ
گوێم لەدەنگی دیوار بڕە
لەپشت پشتێنی سنوور و
لەپشت شەوی وڵاتان دا
گوێم لە نووکی ترسێکی ئەستوورە
بێدەنگی کون دەکا
هەمان دەنگ و
هەمان پیاوی ناوشان پانە.

تنۆک تنۆک لە ڕابردووەوە دەڕژێمە ناو چاوی ئێستاوە
لەو کۆڵانەوە بۆ ئەوی تریان
لەو شارەوە بۆ ئەوی تر
باژێران دەگەڕێم
بۆ چەرخوفەلەکی سیحرێک
بمبا بۆ ئەو دیو گۆی زەوی
تا هێزی خۆم لەگەڵ خورافەی ڕووباران تاقیکەمەوە
هەوایەک، هەمیشە هەوایەک بۆتە مس
بۆتە قوڕقووشم لە گەرووی شەودا
هەوایەک هەمیشە هەوایەک
کڵاوی سەر بەڕووی مەراقم دەڕفێنێ

شمشێری ڕەخنە، نیشتۆتە سەر ملی ڕستە و
زەنگیانەی وشە دەپچڕێ
بەدوای قسەوە
من بەو شەرمە سوور هەڵگەڕاوم
شەرم لەگەڵ دەنکی هەنارە لەتوێکڵی خۆدا.
بەو شەرمەوە کە پێی ناسراوم
چۆکم داداوە
لەئاستی جوانی لەتێکی ئاسمان
هەر بەو شەرمە چوومەتە دۆخی شەونمێک
لە چاوی بەیاندا
چیم لێ دەکەی، ئەی خوا!
کەمن هەموو نهێنی بوونم
بەخۆڕایی بەدار خۆخێک وت
ئەوەی کەس پێی ڕەوا نەبوو
من بەگەڵای گیایەکم ڕەوا بینی.
لە بارێکدا، لەگەڵ هەورێکی سۆزانی
دوو بە دوو دانیشتین
لەگەڵ دوورترین ئەستێرەی قوربانی
دوو بە دوو دانیشتین
لەگەڵ یاخیترین ڕووبار
لەگەڵ سەرکێشی ڕەشەبا و
شیعرێکی لاسار و قژ لوول و
جگەرە بەدەستدا
دوو بە دوو دانیشتین
خواردمانەوە و
خواردمانەوە و
خواردمانەوە
هەتا بەیانی نەنووستین.



لەوساوە هەتا ئێستاکە
نە دەنکی هەنارم
نە دەنکی هیچ شتێک.
ئێستاکە، کە دەگەڕێمەوە؛
بەو چاو قایمییە
ڕەنگە دایکم، بپرسێ: کێ وای لێکردی،
کێ؟
گەواهی لەسەر کێ بدەم،
کێ بکەم بەشایەد لەسەر خۆم؟
کێ وای لێکردم، کێ؟
چل و شەش مەلی دەنگ خنکاو
هەریەکەو بەئاوازێک و
لە باخچەیەکدا
ڕاوچییەک کوشتوونی
(من چل و شەش مۆمی کوژاوە و
چل و شەش کوژراوم
لە چاوێکی چاوەڕوان دا)
چل و شەش کوڕی سەرکێش و
چل و شەش چرۆی پشکووتوو لەبەرد دا
هەروەها چل و شەش بابی حەکیم و لەسەرخۆ
چل و شەش چرای هەڵکراو لە شەودا
لە چل و شەش ڕێگاوە هاتوون؛
بچم بەپیر کامیانەوە؟
کامەیانە باوکی شەرعی
کوڕی شەرعی کامەیانە؟
(لەشەرعی نێوان کوڕ و باب
تخوبێکی بەزێندراوم).
چل و شەش ژن

بە چل و شەش دەستوور و تاراوە
هەریەکە و شتێکی لەلا داناوم
هەریەکە و شتێکم لایانە
ڕەنگی پرچم چۆتە ڕەنگی کامیانەوە؟
شەوقی تەماشا و سەرسامی و
دۆش دامانم لای کامیانە؟
پەنجە دەکرۆژم
هەر دەپەنجەم تامی وەڵامێک نابەخشێ
دوای ئەو هەموو بەربوونەوە و
تل دان و
بەزەحمەت هەستانەوەیە
کێ وای لێکردی، کێ؟
کێ وای لێکردم، کێ؟



## تکا

خەو بە ژنێکی مردووەوە دەبینم
بەیانی، گوڵێک لە باخچەکەمدا
لە بن و بۆتکەوە وشک دەبێ.
ئەو ژنە جارێک نەبۆتە میوانم
تا ئەو گوڵە،
پێشی کەوتبێ تا بەردەرگا و
فەرموو فەرمووی لێ کردبێ
بۆ ژوورەوە
ئەی ئەو گوڵە بۆ خۆی کوشت و
بۆ بووە قوربانی،
ژنێک کە پێشتر نەیناسیوە؟
ئەک لەبەر ئەو گوڵە!
خەو بە ژنێکی مردووەوە دەبینم
بەیانی، پەنجەرەی ژوورەکەم دەشکێ.
لە کتێبی خەونەکاندا، ئەو خەونە،
بەو چەشنە لێکدراوەتەوە: گۆیە،
لەش و شووشە دەستە خوشکن
هەموو شتیان هەموو شتیان وەکو یەکە
خامۆشی و وردوخاش بوونیان
ساف و لووسی
هەموو شتیان هەموو شتیان.
شینی شووشە هی ئاسمانە و
شینی لەش هی ئەستێرەیە لە ڕژاندا
بەو شێوەیە،
شووشەی من شکا
لە ئاستی ژنێکدا.

خەون بەژنێکی مردووەوە دەبینم
بەیانی چاوێکم کوێر دەبێ
ئەمە چ جۆرە دادپەروەرییێکە،
دووچاو بەشی دیتنی جوانی نەدەکرد
چی ببینم بەیەک چاوی وردیلانە و
دڵێکی شکاودا.
خەو بەژنێکەوە دەبینم
چۆتە لێواری مەرگەوە
خودایە سەرپشک بە!
ماڵم دەڕمێنی؟
خۆم و باخچەکەم دەکەیتە قوربانی؟
چیم لێ دەکەی سەرپشک بە
بەڵام نەکەی لە خەونیشدا
بۆ هەر بیانوو و مەبەستێک
مەرگی ئەو ژنەم نیشاندەی
کە خۆشم دەوێ.



## گەڕانەوەی ئۆدیسۆس

*مەچۆرە ژووری*
*گوناحە وا زوو دەرگا دابخەی*
*ئێوارە نەبینی،*
*چۆن ئەوشەوە بەسەردەبەی؟*
*"گۆرانی ئۆدیسۆس بۆ بینلۆب لەکاتی گەڕانەوەیدا"*

شەڕکەرێک بەسەرپشتی کەڵەکێکی شکاوەوە، لەشی لە درەختێک دەچێ ڕۆح
گەڵاکانی بێ. گۆزەی ڕووناکی قڵپ دەبنەوە ناو ئاوێ،
ئەوەی تێیاندایە دەڕژێ.
شەڕکەرێک دوای ڕووناکی ڕژاو کەوتووە.
سەرم سوڕماوە لە سیحری ئەو شەڕکەرە (با دەهاژوا و پرچی
شەوی پێ ڕەش دەکا). ڕووناکی دەدزێ و لە کونی دەرگایێکەوە
دەیباتە ژووری / دەیدا لە جلی نیوە ڕووت / دەیدا لە گوڵی
سەرخۆشی ناو ئینجانەی سوچەکان و ڕەنگی چیتێک
دەبریسکێتەوە و سەمایەک وا بە دیارتەوە.
مەست دەبی بەپیاڵەی لەشی باریک و شەوێک ئەو خەونە
باریکە دەبەیتە سەرجێگەی نووستن و گۆی ئەستێرەیێک
دەپشکوێ لەناو دەمتدا، مامزێک لە پووش و پەڵاشی
ئێوارەی مەراقێکدا دێتە دەرێ و دەکەوێتە ناو پەرداخی
ژنێکەوە و دەیخۆێتەوە و دەیخۆێتەوە و دەیخۆێتەوە.
دەپرسم: مانگ بە چ زمانێ تریفە دەهاوێ / من بەو زمانە
پێی دەڵێم، لەسەرخۆ خۆی بدا لە لەشی ئۆدیسۆس؛
ئەو قانە زەوییە ئەسمەرە پڕ بووە لەگوڵی بەهار و
هەر زارکی برینێک کولیکێک دەمی تێ ناوە / بەو مەنتیقەی
هەمیشە ماسی گەورە بچووک قووت دەدا؛ دەمی گەورە
خونچەی بچووک هەڵدەلووشێ.
شەوی یەکەم: ژنێک لە تەنیشت پەنجەرە هەر تەنیالایەکی دیارە، ئاسمان لە

جوانی بازنێکدا چۆتە ناو دەستی ڕاستییەوە،
ئەو دەستەی خستۆتە ناو دەستی ئۆدیسۆس ئەویش شەڕی
تەروادەی پێکردووە.
شەڕ پریاسکەی هەر یەکێکمانی پێچاوە بۆ شارێک،
شەوەکانمان لە حەشری مێرگێک دەچێ، لەناو بۆنی
گوڵەکانیدا / یا لەشەوی درەختێک دەچێ، بە دیار بارانەوە
خەوی لێ کەوتبێ.
تۆ لە شیعرێکتا نوسیووتە: لە شەوی دووەمدا: بەسەر
پشتی ئەندێشەیەکی ئەبەنووسییەوە / ئومێد ڕاودەنێی
تا تخوبی عەبەس / تا دەگەی بە عەشقێکی نامراد / دەکەوی
بەدەمدا لەسەر فەرشێکی لاکێشی شینی تاریکدا. تۆ نوسیووتە:
ئیتر من و عەبەس لووتمان تەقی بە لووتی یەکتریدا و پێکێکی کۆن
هەردووکمانی هەڵدا تا مەست بوون. ئەو کاتە خوێنی خۆم
بینی لەناو پەرداخێکدا، ڕژابووە سەر پێخەف و
سەری براوی خۆم دیت لەسەر سەربندا.
چیت کرد، پاشان چیت کرد؟
ئەو هەموو مۆرییە گرانبەها و ئەنتیکە و ئەو هەموو غەزەلە بەسەر
پشتی کوندێکەوە / ئەویش بەدەستی ئەشقیا و قاچاخچی و کەمتیاری ناو
ئاوەوە،
پاشان چیت کرد؟
لە شەوی دووەمدا: من و داری سنەوبەرێک، منداڵی خۆمان
بەراورد کرد لەگەڵ منداڵی دەریا، هەردووکمان لە پڕ گەورە بووین،
پاشان چیت کرد؟
زەنگێک لە چەشنەی قاسپە خوێندی، لەژێر بەفرێکی خەمگینی
واهیمەدا؛ کەس دەرگای بۆ نەکرایەوە.
یا بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ بڵێم، نە دەرگا لە ئارادا بوو،
نەکەس هاتبوو لە دەرگا بدا. لەو ناوەندەدا
ناوی خۆم دۆزیەوە لەسەر قەدێک / لەو قەدەوە چوومە



ژووریٚ، بەرێکی پڕ خەتی نارێک و دیمەنی نادیار / لە شێوەی
لاقێکی درێژ / پێشم کەوت / بردمی بۆ لای مۆمدانێک /
ئەو هەموو مۆمە، تەمەنیان پڕ کردبوو لە شەوق و تارمایی
من ساتمەم لە گرییەک کرد کە چلێکی سەرکێش
دابووی لە عومری درەخت و / لەسەر کورسییەک دانیشتم لەتەک
هەورێکی نارنجی / پاڵتۆکەم داکەند و ملپێچ و قەیتانی قۆندەرەم
کردەوە، شەرمم لەو کورسییە نەکرد تا ئەو ئاستەی شەرمم
لەئاو نەکردووە، ئەو کورسییە لە سیحربازێک دەچوو
لەناو دووکەڵێکی سووردا، یا لە پشیلەیەک
دەچوو؛ لەژێر زەمینێکدا / لەوەش زیاتر لە تارماییەک
دەچوو، چووبێتە ناو سووچی کابووسێکەوە / من لەوێدا
خەوم لێ کەوتبێ؛ باڵندەی ئەو کابووسە لەسەر لێفەم
هەڵنیشتبێ / دەنووک بدەن لە لووتی شیعرێکم و
من لووتم درێژ بووبێ و بەو لووتە بۆنی مردنی خۆم کردبێ.
ئەو شەوە لە شەوێکی کوژراوی ناو هەناوی جەنجاڵیەک دەچێ،
بەیانیشی
لەدیمەنی ژنێکی شیرازی لە لاجانگی شیعرێکی
حافزەوە کەوتبێتە سەر فەرشی جوانێکیەوە.
تەمێکی شەرابی لە دەستی خەیامەوە کەوتبێتە
خوارێ / ئەو تەمە بردمییە بەردەمی ئاوێنەیەکی لێڵەوە
هەر بەتەنیا قەراغێکی بەرسیلەیی بەس نەبوو تا دڵی
گوشراوم ببینم بەرامبەرم. ئەو وێنەیە شەوەهای شەو
لەناو بەلەمێکی بچووک / لەتەکمدا / بە دوو دەستی کافووری
تاریکی ڕاوناوە و بەژێلەمۆی سەرمای دەرکردووە.
لە خەونی فەرشێکدا بەنی ڕاستم چووە بەناو پەنجەکانی
بەنی چەپدا / بۆنی بخوور لەو نەخشە دێ، ئەوە منم هاتوومەتەوە
شیر و تیری تەروادە نەیپێکاوم تیری غەزەلێکی ڕووتی تۆ پێکامی.
گەڕاومەتەوە ناو ڕستەیەکی پڕ تەمومژی ناوی خۆم

جلەکانم لەسەر تەنافی بالکۆنی یادێکی سامالّی هەلّخستووە،
بۆنی سابوونێکی کۆن و مووی کۆن و قەوزە و خۆ شووشتنێکی
کۆن / دیواری گەرماوی مالّەکەمانی شین کردووە، بە هەمان
ئەو مانایەی کێلّگەیێک پاش باران بەگیاو گولّەکێوی و لاسکی
کافووری شین دەبێ. تەماشا پەشتەمالّی ئەرخەوانی
گولّ گولّی ئاچووخ و حەوزی خۆ شووشتن و شێوەی
لەشی بینلۆب لەشێوەی کوکوختییەکی نووستوودا
خۆیان دەنوێنن، بۆنێک دێ لەوناوە و ئەو بۆنە توند
دەمگرێ بەخۆیەوە. من لەکونی دەرگاوە (خەون دەیبردمە
ژووری) تەختی نووستن و کەنتۆری کراوە و جلەکان دەبینم؛
بێباکانە فڕێ دراون بەدەوری ئاگردا، پشتێکی تەواو ڕووت
لامل و گۆی مەمکێک تەسلیمی گەرمایی کراون / قافیەی
قژێکی ڕەشی تۆخ تێکچووە، بەدەست شیعرێکی ئازادی
ڕووت ڕووت دا. خشپەیەک دێتە ناوەوە / لەو خەوەوە
دەمبا بۆ خەوێکی گێلاسی ترەوە، شوێن پێی ڕۆخ ئاوێک
دێتەلام، تالّە موویێک لەسەر بەردێکی مەڕمەڕی بریسکەدار
خۆی دەردەخا، کەلّەکێوییەک لێی تێکچووە، هەر بەخەیالّ
قۆچی لە تەختی فەرهادێک گیر بووە، لەبەرئەوەی سەر و لمۆزی
لەئاسک چووە. تەماشا ناوم لەسەر قەدی دار قەزوانێکدا
ڕەش بۆتەوە، بۆنی ئەو ناوە کەوتۆتە سەر زەوی و
ئەو ناوە پڕ بووە لە پەرۆشی گەڕانەوەم.
خوابتگرێ دلّشاد! لەشەوی دووەمدا، کوا خەونی خەنەیی
لەو چەشنە هاتووە موویەکم ڕەنگ بکا بە ڕەنگی کابووسی؟
کە دەتزانی من ئەو ژنە نابینمەوە بۆ نووسیووتە:
کەسێک لەوێ چاوەڕێ دەکا.
واهیمەی ئاوو زمرووت و لەعل و بەدەخشانی.. من هەموو
ئەوانەم لێ بۆتە دوگمەی کراس و زنجیری قەمسەلّەو نێر و مێی
مەمکدان و بەردم لێ بۆتە مێ، ئاوم لێ بۆتە مێ و،



ماسییە نێرەکان خۆیانی پێدادەدەن.
کورسی و مۆمدان و دۆشەک و کتێب و کاغەزم لێ بۆتە
مێ، لەش لەشێوەی بایەک هەلّدەکا من شەرم
لەو بایە ناکەم.
ئەو بایە ناگیرێ و هەلّدەکا و هەلّدەکا و هەلّدەکا
ئەو بایە نەبووایە ئەو هەموو ئاوانەم چۆن دەبڕی
بەسەر پشتی کەلّەکێکی شکاوەوە
ئەو بایە نەبووایە؛
من لە کوێ دەبووم و نیشتمان لەکوێ دەبوو.

## گورگی زریانی قرمزی

خواوەندەکان بەو درەنگەی سالێ دێنەوە ناومان
هەرچی زوقم و بەستەلەکی سەربانی ئەستێران هەیە، هەمووی
ڕادەپێچنە سەرزەوی.
هەرچی فرمێسک و گوناهی
ئاسمانییەکان هەیە، هەمووی
بەسەر مالی ئێمەدا دەبارێ.
* کێیە...؟
خەلکی ئەو خاکەم و هاتووم، دەنکە خۆلێک پەڕیووەتە
ناو چاومەوە.
* کێیە.. کێ ئەو شارە دەهەژێنێ؟
شوێنەواری زریانێک جێماوە، ئەو زریانە لەبەردێکی ڕەشی
مەیلەو سۆردا هاتۆتە دەرێ، لەو شوێنە گورگێک پێی
داوە لەزەوی،
ئەو زەوییە سێبەری هەورێکی بەسەرەوەیە،
ئەو هەورە لەپەرداخی شەوێک دا مەست بووە،
چەند شیرین قسەدەکا،
دەنک دەنک حیکمەتی دەڕژێتە خوارێ.
دلّ چی بکاو دلّ چی بلێ؟
گالیسکەی میرێک بەڕێوەیە،
دوو ئەسپی شین ڕایدەکێشن
تەقەی نالیان لەگەلّ دەنگی کەلەشێرێک / پێکەوە دەگەنە
ڕۆخی ڕووبارێک، گیا تازە لە خەو هەلساوە، بەری بەیان
گوانی چێلێک نوێژ دەکا و زەوی سەرسامە بەوەی دێ
سەرسامی شیعرێکە، خۆر لە بەری بەیاندا دەینووسێ
دەم گۆناکا و من لە پەلوپۆ دەکەوم لە ئاستیدا.
سەری زریان چۆتە ناو دەمی گورگێک و



ئەو گورگە لە ئاوایی نزیک دەبێتەوە.
ئەوەی تاریکی فڕێی دا زەریاوە
شەو هەلیداو دواقومی خواردەوە
بەو سپێدەیە،
لە کەژاوەیەکی زەڕکەفتی کەشکەشی بریقەداردا، دێتەوە ناومان.
تێر نەبووم لەو ڕووناکییە دەمم ناوە بە نووری خواوە
ئەفسانە لە شێوەی برۆیەکدا، لە تەختی بێستوون دا دەرکەوت
ئەو برۆیە دەبوایە شاری هیندی بۆ چۆلکرابایە / ئەو لەسەر
تەختی پاشایان دانیشتبا و حوکمی ئینس و جانی کردبا،
لە هەوشار و عەجەمان ئەستێرەی قرمزی بۆ هەلهاتبا / بەو
ئەستێرانە چاوی پڕکل و دەرمان کردبا / هەر عاشقێک و کەوچێک
لەو نیعمەتەی بەرکەوتبا؛ گوناهی نەمابا تا ڕۆژی ئاخر زەمانێ.
بێستوون بنی چۆتەوە سەر ئاوێک و ڕووناکی لێ هەلدەقوولێ
کەچی تاریکی ڕژاوە بە بالآیدا.
ئەفسانە لە شێوەی کولمێکدا
سوور دەچێتەوە لە قەدیا، ئەو کولمانە دەتووت فانووسی
غەیبێک و هەتاوی مەملەکەتێکن کە خۆری لێ ئاوا نابێ،
جوانناس و غەیبدیت و سولتان و مەولەوی بەو شەوقی
ئیرۆسە دەدرەوشێنەوە،
من میرزام بەو هەموو مەیلەوە شووشەی سیحر دەکەمەوە،
شووشەم لێ دەڕژێ و سەرزەوی پڕ دەبێ
لە بۆنی مەیلێکی شێتانە، عەتر و سملّ لەو کولمانەوە دەڕژێن،
هەر بۆنێک و شیعرێک دەیخاتە باخەلّی.
مردن تەیرێکە و خوێندنی بیر چۆتەوە
من بوومەتە موستەعید و بێ مامۆستا ئایەتی عەشقێک دەخوێنم
لە کتێبێکی کراوەی نیوە شەودا
سەد بالندە بەسەر شانی ڕاستمەوە
سەد بالندە بەسەر شانی چەپمەوە

تەواو لە داری قەزوانێک دەچم بەو هەموو فەریکەوە
هەر گەڵایەک و هەر جوانییەکم لە مەملەکەتێک کڕیووە
لە دەزووی ڕووباردا گۆرەویم بۆ سەرمای زستانم چنیووە
لە گەنجینەی خۆڵدا تامی یاسەمینم هێناوەتە ناو حەوشەی
هێشووەکانمەوە
پەنجەم خستۆتە ناو ئاوێک، کە بەرزم کردۆتەوە
لە ئەلفێک چووە / ئەلفی ئاگری باڵایەک، ئەو باڵایە
ناچەمێتەوە بۆ گوڵی شۆڕان و ئافات.. ئافات / من خۆم
تەسلیمی تەماشەیەک کردووە؛ ئافات نەمبا، پرچی ئەوم تێ نەئاڵێ
ئافات... ئافات
من هەر هێندەی مێخەکێک بمێنمەوە، بۆنم بپژێنە ناو لووتی
خواوەندێک و ئەو بپژمێ،
باخچەیەک لەو هەناسەوە بێتە دەرێ
ئەو باخچەیە پڕ تەیربێ، ئەو تەیرانە بچنەوە هەر شوێنێک
هێلانەی منداڵیم لەوێیە
بەوشێوەیە منداڵیم لە بۆندا
دووبارە بێتەوە، من ئەوەم مەبەستە
بەردێکم لە تەورات و لە علم لە ئینجیل و پەڕم لە قورئان و
ئاگرم لە ئاوێستا،
گیایەک دێ بەپیرەمەوە پشتی لووسە و
ناو هەناوی شەقار شەقار. هەورێک دێ
بەکراسی ڕەنگاوڕەنگی ناو بیرێکەوە، گورگێک بۆنی دەکا.
ئەو جلانە هونەرمەندێک بۆی چنیووم
لە ڕەنگی سووتانی قەقنەس و
ئەفسانەم بەگیر هێناوە لە کونی قۆپچەی
کراسی شینمدا
جنۆکەیەک فێربووە هەر شەوە و وێنەیەکم
دەباتە باخەڵی خۆیەوە / سبەینێ نەوەیەک



بەو ڕەنگە پڕتەقاڵییەوە تەماشای ماڵی فیرعەون و موسا دەکەن
شار پڕ بووە لە سیحر و هەر ماڵێک و
پەنجەرەی سیحرێک دەکاتەوە
هەموو شەوێ شیعرێک لەو پەنجەرانەوە
تەماشای مانگ دەکا و مانگ لەبەر جوانی یوسف خەوی
لێ ناکەوێ.
ئاوی چاوم بەستوویەتی، چەند بەشەرمەوە ژنێک
دەمباتە سەر دینی خۆی
فێری خەوتن و خەودیتن و
ناڕەحەتی و شتی تر و شتی ترم دەکا، وام لێهاتووە
لە پێخەفێکی حەڵاڵ و بن ساپیتەی ماڵێکی شەرعیدا
خەوم لێ نەکەوێ.
* ئەو درەختە لەگەڵ شۆستەی خۆی هەڵناکا
ئەو ڕووبارە لەگەڵ ڕۆخی خۆی ناخەوێ.
من چی بکەم؟
شاخنشینێک چاوەڕێیە
بەیانییەکی بۆ ببەم، بیخەمە ناو سۆپاکەی و
چایەکی گەرم پێکەوە بخۆینەوە.
با لە چیا لە دایک بووە، با خووی چیای نەگرتووە لە نەفس بەرزیدا
من یەکەم جار کە بام بینی تەواو شاگەشکە بووم
بەسیحری
ئەو خۆی بەپانتۆڵ و ڕۆخی تەنوورە و کراسی
ژنەکان خەریک دەکرد، وا دەهاتە بەرچاو کوڕێکی شەرمنە و
تەواو ئێسک سووک، کەس نەیدەبووغزاند
کەس لە بنکەی پۆلیس شکایەتی لێ نەدەکرد، پاشان
کە باشتر ناسیم، هەتیمێکی بێ داک و باب و
لە قوتابخانە هاتبووە دەرێ و تەشقەڵەی بە هەوا دەکرد
کچەکانی گەڕەک دەیانناسی

با هەر هێندەی پەڕەسێلکەیەک گۆشتی پێوەیە،
ژنانی گەڕەک دەیانووت
ئەی با!
مشتێ لەو خۆڵە هەڵبگرە و گوێبگرە؛
ماڵەکەت بفرۆشە
لێرە شاعیرێک چاوەڕێ دەکا
ماڵەکەی خۆیت بداتێ.
تەماشا: گورگێک لموزی ناوە بە دەرگای ماڵێکەوە
ماڵ چۆتەوە ناو کونی دیوار و بن میچی پڕ بووە
لە تەیرو
ئەو تەیرانە خوێندنیان لەبیرچۆتەوە.



## بەردی شەو: ڕووت ڕووت

نهێنی شەو لەناو کۆنە جەرەیەکە و زارکی بەشەمێ گیراوە
سمۆرەی خەنەیی بەقەدیا هەڵدەگەڕێن، باز باڵیان
تا ئەوپەڕی خەیاڵ دەکەنەوە، تاوس دەگەڕێن،
بن باڵیان پڕ بووە لە ئارەقە.
لە پشت شووشەی پەنجەرەوە، چاوێک
ئەستێرەی جەدیە و لقێکی تەماشای
شۆڕکردۆتەوە.
لە پشت هەورێکی مۆرەوە، گوڵی ناوێک خۆی کردۆتەوە
مەلێک دەیگرێ و بایەک دەیگرێ و دەینووسێنێ بەخۆیەوە
باڵەکانی من هێنایان مەل وتی، کزەبای باکوور تەفرەی دا
دای بە کۆڵی چەمێکی کوێستانیی تووڕەوە.
"کە ناومان لە تۆ نا
یەکەم باران دای لە زەوی
پەلکێک تەڕبوو لە حەوشەکە
من ئیلهامم لەو پەلکە خواست."
ئەو ناوە لەگوێ ئاوێکدا وردەماسی کۆدەکردەوە،
لە دەماری شینی ڕووباردا.
کرم و مێشوولکە و جرۆجانەوەر دەوریان دا
چۆلەکەی گەردن زەرد بۆیان خوێند، ماسیگرێکی قەزوانی
کتومت ئەو بوو لە ڕەنگدا، تۆڕی هەڵداو ئەو ناوەی گرتەوە.
ئێوارەیەکی درەنگ سپاردی
بە هەورێکی بەرزەفڕ و ئەویش کردی
بە پوولەکەی پشتی باران.
بۆ کوێ بچم هەر بارانە و
ئەو ناوە هەر تەنیا ناوێکی ڕووت نییە لەبەردەم ئاوێنە و ناو ئاو و
پێخەفی نووستنی کوڕێکی ئەسمەر و قژ لوولدا. ئەو ئاوە بەزەحمەت دەبێتە لۆکە و

دەچێتە قۆزاخەی سووری وەحییەوە،
پەیامێک لەو ساکەگۆڕەدا دەیکاتە گوڵزار و تا بەرەبەیان نوێژی بۆ دەکا،
شالوورێک لە شێوەی غەزەل دێ عەشقی ئەو سوورە ئامالْ شینە دەبێ،
من ئەو غەزەلە دەڵێم و
ئەو غەزەلە دەڵێمەوە.
شەو چۆتە دۆخی مەراقی کچێکی دۆستەوە، ئەو دۆستە
هەر جارەی بەبیانوویەک تەماشای، ئەستێرەیەکی
ڕووت ڕووتم دەکا، لەفینجانی ئاقیقی ناسک و
پڕ نەزاکەتیدا جێیان دەکاتەوە.
تەماشا: ئەو نەخشانە نیوە ناچل لە بنی فینجاندا
هەڵدەکشێن تا پەنا گوێچکە و شل شل دەبن بەماچێکم.
ئەو نەخشانە بازێک لێرە بەجێی هێشتوون، ئەو بازە هەتا بەیانی
لە فڕینی خۆیدا گەوزی و تێر نەدەبوو،
تۆ خەونی خۆتیان تێ هاوێ دۆست وتی.
نێر و مێ بوون ئەو نەخشانە، ڕەنگی یەکتریان گرتبوو،
جووکە جووکیان بۆ جووت بوون و لە گوێ چۆماواندا زاریان کردبووەوە،
هەر هێندەی نزایەکی باریک مابوونەوە، لەزۆر شتی ئێجگار جوان و سەرسام
دەچوون.
مەبەستمە ئەو جوانییە بچووکانە خڕکەمەوە
ئێجگار پەرۆشم بۆ پەرستنیان.
شووشەی عەتری شەو کەوتووە بەدەمدا، بۆنی کراسی خوێنین و هەمان سوورەتی
یوسف و هەمان شەوی شەهرەیارە.
شتێکی ئەوتۆ نەماوە لە دوێنێ، شیتالْ شیتاڵیان کەوتۆتە قڵیشی بەردەوە،
بەرد شوێنی مار و مێروو لە کنەخۆی دەکاتەوە،
ناوێک زەردەپەڕ دەبیات و هەر بەو ناوە بانگتان دەکەم!
سیحرێکی ڕەش چۆتە بن حەرفەکانییەوە،
زمان خرۆشاوە بۆ وتنی،
کە جوانی دەرکەوتووە لەوێ،



شڵەژاوە ڕێزمان و ڕێسای وتن. فەرهەنگێک بزری کردووە،
بەو شێوەیە:
مەراق داویە بە مەراق و ڕستە بەرستەی دواتری سپاردووە
ناوێک.. تیلماسکی ئەندێشەی هەتا ئەزەل درێژبۆتەوە
سەرزاری پڕبووە لە پونگ،
جا ناوێک بەس نییە؟
ئەی شەو! تەلیسمی بۆنەکان بکەوە، قژیان پەخش کە بەسەرشان و مل،
بۆنی لەش دەڕوا بەناو بۆشایی وجوددا.
پرچی بۆنەکان بکەوە،
مردووەکان دەمێکە چاوەڕێی بۆنێکی وان.
بمکەرە تریفەی بانگدانێک لە بیابان دا
بمبە مەرقەدی حەللاج و بمنووسێنە بەداری هەقەوە
بمکەرە پەرێکی کریشنا بەباڵی زەرنەقووتەی خەیاڵەوە
بمبە باخەڵی ژنانی تاهیتی و شان دادانی
ڕەنگی سووری بەیانیباشێکی (گۆگان) لەبەر دەرگای کازیوەدا
بمکەرە خەونی ئازادی باڵندەییێک، دەنووک نەدا
لە دەنکە جۆبەک نەبادا بیبێتە کۆیلەی کێڵگەکان،
بمکەرە ناماقووڵی کامۆ لە کەناری جەزایردا، بمدە دەست شمشێرێک لە هاراکیریدا.
ئەی شەو... تکایە ڕووت وەرگێڕە
سوورهەڵگەڕاوە وادەی هاتنم
سۆربۆتەوە گەرووم هێندەی بانگت بکەم: ئەی ناو!
بە ناوێک دەست پێ دەکەم، هەر پەرێزێکی پۆلە مەلێکمی بەسەرەوەیە.
درەنگە بۆ فڕین
ئێوارە تیترواسکێک یا لەقلەقێک
لە گوێ ئاوان دا: لە دار گەز دەپرسێ
ئەنگۆ شتێکو نەدیوە
هەر هێندەی گوێزێک
لە شەودا هەڵتۆقێ؟

هەر هێندەی دەنکە قاوەییێک بەسەر تاڵی مووی عەزاب و
هەر هێندەی خرۆشانێک بەسەر تەلی تەماشاوە؟
چاوێ ئەستێرەی جەدییەو
لاسکی نەعناع بە بۆنی دەکەوێ، نهێنی شەو
لە بن گۆمە ئاوێکدایەو
ئەو گۆمە لە چاوێکی زەردی مەیلەو قاوەیی دا،
زارکی بایەکی سەرساری بەستۆتەوە، لە کونی ئەو چاوەدا
کۆترێک دەفڕێ
لافاوێک وا بەڕێوەیە.
من هەقی قسەکردنی ڕەهام داوە بە ئاو!
ئێستا مەلێک دێ و بایەک دێ و باڵ لێک دەدا
بە ناوێک هەر هێندەی دەنکە گەنمێک
بە دەنووکی کۆترێکەوە
بانگی شەو دەکەم، جەڕە پڕبووە لە سیحری ناوێک
ناوێک بە زەحمەت دەگیرێ ماسی حەرفی بزوێنی
بە زەحمەت لە فڕین دەکەوێ خاڵی سەر و خاڵی ژێری
تووکی پڕە لە مەراقی دەربڕین و لە پشت
هەوری زەعفەران دا
کلو کلو دێنە خوارێ حەرفەکان و لەبەینی مەعنادا
کامیانە:
ناوێک پڕاوپڕی شەوە
یا شەوە پڕاوپڕی ناوێک؟



## گێچەڵێک لەگەڵ خۆمدا

ئێوارە گوڵی مۆری وردی دەکردە بەرگی کتێبێک،
باڵندەی خورمایی بن باڵ زەرد
لاپەڕەکانیان هەڵدەدایەوە
لە یەکەمین لاپەڕەدا:
پاڵەوانێک
بەسەر پشتی بارگیرێکی لەڕ و بێکەڵکەوەیە
کۆشکێکی قاوەیی کەوتۆتە لاشانی گردێک و
چراکانی داگیرساون
کە دەتەوێ بچییە ژووری
ڕمەکان بۆت ڕاگیراون
مۆسیقا دەژەنرێ
تاریکی پێ بە پێ نزیک دەبێتەوە
کاهینێک
حیکمەتی ناو کتێب بەو گوڵە وردانە دەڵێ: های!
ئەو سەردەمە چ سەردەمێکە؛
وەرزێرێ دەچێ بەگژ چەقێندا
گەڕیدەیێ...
هەروەها دێوانەو
ئەنتیکەناس و گەوهەر ڕێژ
دەچن بەگژ پەروانەی حەقیقەتێکدا
هەر سەردەمەو دۆن کیخۆتێ
وەهمێک دەیکوژێ.
ئەوانە مەلی وردیلەی گەردن سپین
ئەمن گوێم لەدەنگیانە
لەناو وەردەکاندا دەجریوێن.
بایەک دێ بایەک

هێلانە لە کونی دیواران تێکدەدا
موو بە سەری پیاوانەوە ناهێڵێ
هێلکە لە سکی ژناندا پیس دەکا
تۆزی سوور هەڵدەدا.
کتێبێک
لە سەر مێزێکی فۆرمیکەی
باریک و درێژدا
شەڕ دەکا لەگەڵ شمشێرێک.
لە دۆسیەی کەنیسادا
پاڵەوانێک بە ڕۆما پێدەکەنێ
ئەو دەڵێ:
ئازادی لە دەریا جێی نابێتەوە
من لە ژێر دار زەیتونێک دا
دەیشارمەوە!
ڕۆژێ ئەو کووپە دەردێنم
موڵکی جیهانی پێ دەکڕم!
بەو شێوەیە
لە مەرقەدی حەللاجێکدا
چوارینەیەکی خەیام و
لە وەسیەتەکانی بوزا
مەولانایەک دەردەکەوێ.
لە لاپەڕەی دووەمدا:
باڵندە یەخەی جەنەڕاڵێک دەگرن
دوگمەی ئاڵتوونی سەر شانی
ڕادەپسکێنن
باڵندەی بچووکی هەر هێندەی
وەنەوزی ئەستێرەیەک لە شەودا
جۆرە شەڕێک بەرپا دەکەن



لە ڕۆمانێکی کۆندێرا تەماشای
سۆزێکی حەرام و
پاشماوەی زەردێکی تێر دەکەن
بە سەر بۆنیتی ئۆتۆمبیلی پۆلیسی نهێنییەوە.
ئەو باڵندە وردیلانە
شەرابێک لە بنی کووپەدا دەدۆزنەوە
ئەو شەرابە سۆربۆتەوە لە مەراقی پیاڵەیەکدا.
لە کتێبێکدا، کە ئێوارە گوڵی مۆری/
کردۆتە بەرگی
(ئەو کتێبە ناگۆڕمەوە بە کەشتی نوح، من وتم)
پاڵەوانێک بە پشت گاجووتی ناونیشانی وەهمێکەوەیە
زەوی نارنجی ناو تابلۆی/
ڕۆخ ئاوێک دەکێڵێ
ماسی خاڵ خاڵی کلک سۆر
لە ناو ئاوەکە دیارن
ئەو گیانلەبەرە زرنگ و دەنگ خۆشانە!
شەڕی من و واهیمە خۆش دەکەن لە ئاودا.
ماسیگرێک
بەسەر پشتی تەختەی شکاوی بەلەمێکەوە
چەند ساتێکی تر شەپۆل دەیخاتە بن خۆی و
دەیدا بە تاشە بەردێکدا.
لە کتێبێکدا؛
لە بەرگەوە بۆ بەرگی پڕە لە بۆنی پەرێزو
جوقە جوقی مەلی وردو
پەلکی گیا
لە دوا دێڕو دوا لاپەڕە و
دوا کتێبدا
گێچەڵێک دەمێنێتەوە

له بنی کوپەدا
شەرابێک سۆر دەچێتەوە.
بەو شێوەیە
هەر سەردەمەو
کتێبێک دەچێ بەگژ شمشێرێکدا.
ئەو کتێبە،
جارێکیان دۆن کیخۆتەو
جارێکی دی پەلکی گیا.



## جوانییەکان

چاو درۆتان لەگەڵ ناکا: شارێک لە عاجی سپییە
چنراوە بە دانەی یاقووت و بەردی چۆتە ناو خامۆشی
دیوارو دەرگای چۆتە ناو مت بوونی کلیل و پەنجەرەی
چۆتە پشت بێدەنگی پەردەوە.
یەکەم چرا کێ هەڵیکرد؟ یەکەم با
بە پشتی زستانێکی قەمبوورەوە
کێ هێنای؟
چاو درۆتان لەگەڵ ناکا: شارێک تەواو شین دەچێتەوە
لە چاوی ژنەکانیدا، دەستم برد بۆ گوڵی شیلانی
چکۆڵەی باخێکی؛ لەو ساوە بۆنی ژنێکم لێ دێ
ژنێک کە پێشتر بەتەنیا دەژیا.
چاو درۆتان لەگەڵ ناکا
لەش پڕە لە خێرو جوانی. گەڵایەک بە دەنگی باریک
بانگی کرد: لکە دارێک گرژ بۆتەوە، باخ تەواو
شڵەژاوە لە تەماشای میوەی خۆیدا، بەهەمان
شێوە ژنێک، لە ئاوێنەوە تەماشای خۆی دەکا.
پیاوێک قۆپچەی کراسەکەی بۆ داناخرێ
هەروەها بۆنی ئەم بەیانییە
لە بەیانییەکانی تر ناچێ.
دەمم تەڕبووە بە تامێک، ئەو تامە لە کوپەی
خەونێکدا ببۆوە شەراب، ئەو شەرابە،
ژنێک بە گووانی هەورێکدا ناردبووی.
ژنە تەنیاکە نووسیبووی:
تۆ ئەو شەرابەی
لەشی من
دەخۆێتەوە و خەو دەبینی

لەو خەوەدا: دەچێتە کڵێسایەک و من لەوێ
لە پەیکەرێکی مۆمدا، چارۆگەییێکی شینی تۆخم
بەسەرەوەیە، چاوەڕێی منداڵیت دەکەم
بیخەمە نووری خۆمەوە.
بەو خەونانەوە من ماوم
جلەکانم بەو خەونانەوە،
بەو خەونانە بالیف و دۆشەکم
پڕ دەبن لە بۆنی خۆشتر لە شەراب.
هەر هێندەی چرایەکم بەسەر لقی درەختەکانتانەوە
تەماشا: هەر هێندەی سۆفیلکەیەک و
دەچرپێنم بە نەرمەی گوێچکەتان دا:
ئەو مەمکانە سیس بوون هێندەی
سەری پووچ بیانکەن بە سەرین.
چرایماڵم کز کردووە هەر هێندەی دەستێکی بچووک
ژنە تەنیاکە ئامۆژگاریم دەکا:
لە لای باخچەوە وەرە ژووری
با پێت بە ئاوی گیا تەڕبێ
لە بیرت نەچێ کە هاتی، جلەکان لەلای کوکوختی
ژێر هەیوان دانێ
لە سەری سەرەوە، من لە پەیکەرێکی مۆمدا
عەشقێکی کێوی ئاڵاوە لە لەشما
چرا خۆیم لێبدا بە تیشکی ئاوس دەبم
لە بیرت نەچێ، دووچاوی ڕەشی تۆخ ماوە
بۆ دیتن و چاو درۆناکا،
من جوانم فرە جوانم
لە چاوەڕوانیتدا.



## هەوڵێک بۆ کوشتنی کات

کات دوو باڵی کراوەیە لە شێوەی قەفەسێکدا

*هاژە هاژی چرکەژمێر*
*ڕۆژە ڕێییەک دەڕۆی*
*بە گوێ چەمێکدا*
*دچووە خوارێ*
*کە دەگەیشتە سێبەری*
*ئەسپینداریکی ئەو چەمە*
*پەلکە بۆنخۆشەکان*
*تووکی نەرمیان*
*بە ئاستەم*
*بەر مل و لا ڕوومەت و*
*جێی ترمان دەکەوت*
*پەلکە تەنکەکان*
*باوەشێنیان دەکردین*
*لە ناو بەیانییەکی*
*شەرابیدا*
*دەلەرینەوە.*
*ئەو پەلکانە*
*کات هەڵدەخەڵەتێنن*
*کات دەگەوزێنن*
*لەناو کەسکێکی خاڵ*
*خاڵی پرتەقاڵیدا.*
*چرکە ژمێر لەلای ڕاست و*
*سەعاتژمێر*
*لەلای چەپم*

***وەرزێکی تازە چاوەڕێ دەکا***
***هەیهات، کات هەمووی***
***بەسەر تەنافێکەوە***
***ئەویش شل شل بەسەر لافاوێکەوە***
***نیوەی سنگی هەورەکانی بەدەرەوەیە***
***نیوەی قۆڵی شەوەکانی ڕووتە***
***نیوەی پشتی هەوا لێیدەدا.***
***وەرزێک تەنیا ماوەتەوە***
***سەرم دەخەمە ناو شەپۆلێکی***
***نازانم تەمەنی شەپۆل چۆن دەپێورێ،***
***من مەبەستمە سەرێکی لێرە و***
***سەری تری لە باخەڵی***
***ژنێکدا کات بکوژێ***
***بە تیری ژەهراوی.***
***دەڵێن کات لە ئاوێک دەچێ***
***شەپۆلی خۆی بخنکێنێ***
***یا لە دەستێک دەچێ***
***سێوی ناو لەپی بەتاڵ کا***
***ئاو لە کوێ و***
***دەست لە کوێ،***
***سەر و سەلیقە و گەوهەری کات***
***کوشتن لە کوێ،***
***نارەحەتی زەردی تۆخی نیوەڕۆیەکی***
***هاوین و***

دیقەتم دا بەو دوو سەوڵە باریکانە
ناگەمە ئەوسەری ئاوەکە
بەتایبەتی
باران، سەری ئاو و بنی ئاوی
هێنابوە یەک
بۆ هەڵڕشتنی
سۆزێکی دەریایی.
من تەواو دڵنیا نەبووم
سروشت تا کوێ
لەگەڵما دەبێ
تاکەی پشتم نادا
بە کێوی بەفرینی ئۆقیانوسێکدا.
دوانزە تیر و خاڵێکی
ڕەش و سێرەییێک
دوانزە چۆلەکەو چڵێک و
پەنجەرەیەک
دوانزە عەشق و کچێکی
پارچەلە
چۆن دەگونجێ
لە دوانزە ماڵی جیادا
من ماڵێک بکەم بە ماڵی
حەقیقی خۆم؟
دینگ دۆنگ
دۆنگ دینگ
لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ
ئەو کراسی بەفر دەکرێ
ئەو جانتای پڕ لە بروسکە
ئەو گۆرەوی خۆخی تووکن

**نا ئارامی مۆرووی سوور و**
**مردن لە کوێ؟**
**ڕۆژ دەپشکوێ**
**کە دەزانێ من بەرێوەم**
**نیوەم تاریک**
**ڕۆن بۆتەوە نیوەی ترم**
**نیوەم حەڵاڵ حەرام بووە**
**نیوەی ترم**
**تەماشا: بەریەککەوتنی**
**ژیان و مردنم لە شێوەی**
**دورگەیێکدا درێژ بۆتەوە**
**تا خەیاڵ پێی خۆشە**
**هەر بەردە و پێ بەپێ دەچێتە**
**ناو ئاوەوە.**
**ئەو مەنتیقە هوزار نایزانێ**
**لە ئاستی گوڵدا**
**هێشتا با فێری نەبووە**
**بۆ دیتنی دەریا**
**ئەگینا**
**گێژ ناخوا لە مەعنای گێژەڵوکەدا**
**شێتانە خۆی ناسووێ لە پەلک و**
**پەنجەرە و**
**جلوبەرگی هاتوچۆکەران.**
**بە چەپدا بڕوانی چاوێکی تۆخ**
**بەیانی دەپێوێ لە ڕۆخی ئاسماندا**
**دەنگێکی فەیروزەیی دەکەوێ**
**پۆڕی شیعرێک هەڵیدەگرێ**
**دەیباتە ناو پوش و پەڵاشی زمان و**



ئەوی تر پێڵاوی
هەور و بەوشێوەیە
میلی بچووک
دەنووک لە ئاوی
گەورە وەردەدا و
میلی درێژ
دەنکە پووشکە هەڵدەگرێ.
کە بەیانی دێ دەبینێ،
هێلانەیەک خۆی
هەڵخستووە بە دارەوە
زەڕنەقووتەی حەزێکی نوێ
مل دەردێنێ لەناو چیلکەی
هەڵچنراودا.
بەیانی پیاوێکی شەهوانی و
ئێجگار خورتە
بەژنێک و دووان و
پەنجەرەیەک و
باخچەیەک ناسەکنێ
لانی کەم وا دەردەکەوێ
کاتێ بەو هەموو گزنگە
شەبەقییەوە دێ
بەو هەموو ڕەنگەتاوسی و
ئەو لینجە نێرانەی
لێی دەڕژێ.
فرزەندەکانیشی کەوتوون
بە دیارییەوە
بەیانی باوکی ناشەرعی
هەموو کاتەکانە

**قافیە دەیەوێ ونیکا لەناو**
**مەنتیق و بەلاغەدا**
**کێش بە هەمان شێوە بیشکێنێ**
**لەناو برگە و تەفعیلە و**
**پەنجەی پڕ لە ئەنگوستیلەدا**
**کەچی ئەزەل لەو سەری سەرەوە**
**بێباکانە ئەو قسانە دەڵێتەوە**
**کە قەلەڕەشێک وتبووی**
**لای ئەدگار ئالان پۆ:**
**ئەوەی ڕۆی ناگەڕێتەوە**
**ئەوەی بزر بوو، بزر بوو...**
**بەیانی بەسەر دیواری حەوشەوە**
**دێتەوە ناومان**
**دەنگی بڵندی کۆنترباسێک دێ**
**چەند چەلۆیەک دوا دەکەون**
**بۆ ژەنینی وەرزێکی نوێ**
**دەستی سپی پڕ بازن و**
**لەشی تەواو لە کافوور**
**خەونی مێخۆش مێخۆشی تەواو**
**بە جلی تەنکی شەوەوە دێنە دەرێ**
**گوڵەکان ڕێک دەخەن لەناو باخچەدا**
**تا زەریف گوێیان لە دەنگی**
**چیا نشین و کەوەدەنیان نەبێ**
**کە بەهات و هاوار دەگەنە ناو شار.**
**گوێم لە دەنگی تەقە تەقی**
**عەرەبانەی خۆر گرتووە**
**لە دووریانی نیوەشەو و**
**نیوە هەور و نیوە بارانەوە دێ**

به هەمان شێوە و بۆ هەمان مەبەست
باوکی ناشەرعی
هەموو باڵندەکانە.
دینگ دینگ
دۆنگدۆنگ
له وەسفی کات و خوێندنەوەی
هێڵەکانی ناو لەپیدا
سیحرێک دەمار دەمار دەکشێ
له سادەیی گەڵا یەکدا
بۆنی ماستێکی سووتاو دێ
دیاره دەماری زەوی جوڵاوه؛
ئەو بۆنه حەزێکی کۆنه
له جێی خۆی دەجوڵێنێ
ئەو کاتەی بەسەر پشتی
گردێکەوه
تەماشای دەشتێکی ڕووتم
دەکرد:
ئەولای دەکەمه باخ
ئەملای دەدەمه دەم چۆم و
قامیشەڵان بۆ با و ئەشقیا و
ئاژەڵی کێوی.
هێندە باسی کاتی سپی و
کاتی ڕەش و
کاتی هەور و
سیحری پەمەیی کاتم کرد
لەتێکی سروشت دەوریدام
له شێوەی سەعاتێکدا
چرکە ژمێر به دەوری داری

***تا ئەو وەختەی دەنگێک***
***دەنگێکی تەواو نەبیسراو***
***لەبن سواندووی ئەرخەوانیدا***
***دەخەوێ و***
***چەشنی چلوورەی ڕووناکی***
***به سولاوکەی بەیانیدا دێته خوارێ***
***دەنگی ئاو چۆنه له ناو دەماری***
***گەڵادا***
***یا دەنگی با که دەخرێته ناو***
***کوندەیێکەوه***
***هەڵدەگیرێ بۆ وەرزێکی درەنگتر و***
***هەژانێکی بەگوڕتر***
***ئەو دەنگه وا خۆی دەنوێنێ***
***لەلای مندا.***
***ڕۆژگارم له کردنەوەی قۆزاخەی***
***ئومێدێکەوه دەست پێ دەکا***
***تا کەوتنه خوارەوەی کات و***
***دەرکەوتنی نائومێدی تەواو***
***له کۆڵانی هەورێکی***
***چڵکندا.***
***ماوەییێک دەمویست***
***کات به حەبێکی کەبسول بکوژم***
***ئەو حەبه پیری کردبوو به گۆچانێک***
***بۆ ڕۆیشتن بەسەر ئاوی منداڵیدا***
***یا خەوی دزیبوو له چاوی زریانێک و***
***کردبووی به چاوی مندا***
***یا پێکێک له عەشقی***
***ڕابردووی هێنابوو***



سێوێکدا دەخولێتەوه
سەعاتژمێر دوای دەکەوێ
بۆ باخەڵی حەرامێکی
لاسوری گەیوو که له شاخێکدا
کەڵه کێوییەک خۆی لێ دابێ و
هەڵیدابێته خوارەوه
ئەویش خۆی به چڵی
کاتێک گرتبێتەوه
هەر جارەو بەشێکی
ئەو مێوه گەییوه
مردن دەکوژێ بەتامی سێوێکی
تەماشا: ئەو سێوه
لەم شیعره شینەدا
کات دەکوژێ
دوو چاوی ڕەشێتی.

***خستبوویه سەر لێوی شەوێکی داهاتوو***
***ئەو شەوه نەدەچووه ناو ڕۆژگارەوه***
***لەو ناوه تەریبوو به دەستی***
***یاخی بوونێکەوه***
***ئەو حەبه کاتی دەکوشتم***
***له بێکاتی قەفەسێکی شکاودا***
***که له شێوەی باڵێکی کراوه***
***خۆی دەنواند***
***له سەر تخوبی خوێنێکی ڕژاودا***
***دڵۆپه خوێنێک دەبریسکێتەوه***
***من به دیار ئەو ڕەنگه سوورەوه***
***وەستاوم***
***داوای حەقێکی کۆن دەکەم***
***ئەو خوێنه نەڕوا من ناڕۆم***
***کات بەو خوێنەوه دەکوژم.***

## فەلسەفەی پووچی

بەلەمێک بەسەر پشتی ئاوێکەوە
شەڕ دەکا لەگەڵ شەپۆلی
ماسیگرێک لێی دەخوڕێ و
هەزار و یەک خەونی ورد و
خەونی گەورەی
دەنووک زل و
دەنووک باریک
بنباڵ سپی
سەرباڵ تاریک
لەسەر ئاوێ دێن ودەچن
مل دەدەن لە هەورو پاشان
لەسەر ڕۆخی بەلەمەکە دەنیشنەوە.
ماسیگر قولاب دەهاوێ
ئەو پەتە لە هەودا و
حەسرەت و
ئاهووە لە ناسیکیدا
لە بن ئاوێ عەینی مارە دەفیشکێنێ
یەکەم نێچیر کە دەیگرێ
قورس دادێ دەستی ڕاوچی و
ڕەوتی گەمیە و
خەونی فڕیو و
ماسیگرێک...
بەسەر پشتی بەلەمێکی گرانەوە
خاوخاو دەڕۆن بەدەوریدا
هەزار و یەک ماسی گەورە و
ماسی بچووک



یاری دەکەن لەگەڵ شەپۆل
نە فیشکەی قولاب قوڕگیان دەگرێ
نە ماسیگر سەرنج دەدا لە دیمەنیان.
ماسیگرێک... جوانی هەموو ماسییەکانی
بەپوولەکەی ماسییەکی گیراو نەدا
بەو مەنتیقەی، هەزار چۆلەکەی سەر دارێ
ناکەن یەک چۆلەکەی ناودەست
نەشئەی هەموو ماسییەکان لە فڕیندا
ناکەن بریقەی ماسییەک لە ناو تۆڕدا!
ماسیگرێک...
بەسەر پشتی خەوێکی کوژراوەوە
شانی داوەتە ڕۆخی بەلەم و
ماسییەکی گەورە هێندەی خەونی شاخێک
بە پشتییەوە،
تیشکی هەتاوی لێ دەدا
دەڵێی شارێکە دەبریسکێتەوە.
چی بکا ماسیگر چی بکا ؟
هەمیشە خەونێک،
بە تەنیا خەونێک تا بەیانی دەمێنێتەوە،
لە ناو هەزاران خەونی جودادا.
ئەو کاتەی مەلێک دەپێکرێ
دەیان مەلی دەوری دەفڕن بەحەوادا
ژیان هەمیشە ڕۆخێکی دیارە و
ئەوی تر بزرە لە ناو عەدەمدا.
ماسیگر چی بکا ؟
چارەنووس خەونی پووچ دەدا بە گوێچکەی
مێرووله و
ماسی بچووک و

مرۆی بەستەزمان.
خەونی نان تەواو جیاوازە لە خەونی ئاگر و
خەونی نەهەنگ و
هەڵۆ و
سوپەرمان تەواو جیاوازن
ماسیگر چی بکا ؟
خەونی ئەو چۆتە بن پێستی ماسییەک،
ڕایدەکێشێ بە دوای خۆیدا
لەو بەینەدا شتێک نەماوە بۆ موغامەرە
شەڕ لەگەڵ چی بکا ماسیگر؟



## لە شەوێکدا

لە شەوێکدا
قان قان باخچەی زووقم گرتوو
سەریان خستۆتە کۆشی ڕووبار و
کپ بووە کۆڵانی خەرخەشە و
جەستەی مەل و عاشقانی،

پەنجەرەیەک لە پشت پەردەوە
دیمەنێک دەشارێتەوە
ژنێک کە پێشتر بەتەنیا دەژیا
لە ژوورێکی چۆڵدا خۆی کوشت.
بەیانی پەلکێک سۆراخی
شەونمی ئەندێشەی شەوانی
خۆی دەکرد لە باخچەیەکدا
دەشت و دەر پرسیاری بۆنی
غەریبێکیان دەکرد
لەش پرسیاری بەفرێکی دەکرد لە ڕۆحی،
تا داپیۆشێ و
لە ژێریا تامێکی خۆش بگرێ
وەک هێشووی ترێیەک پرسیاری
لە کەلی زستاندا گیر بووبێ
ڕەز تەواو شڵەژا بەو چەشنە
لە تەماشای بەری خۆیدا،
ئەو ژنە لە سروشت دەچوو
لە گۆڕینی وەرزەکاندا،
لە شەوێکدا
وەکو تاریکی نەرم و لووس

کشا بۆ لای سپێدە لە سەرخۆ
ژنێک بەو هەموو قەناعەتەوە
پەرداخی پڕکرد لە ژەهری گوڵی زەرد
نەبادا مەست بێ بە سۆری تاریکی
شەوەکانی.
لە شەوێکدا
دڵم لێدەدا بۆ ژنێک
ئەوشەرابە بە یادی ئەو دەخۆمەوە
بە یادی ئەو
لە سەر دۆشەکی سیرە دەخەوم
دوا سەرنجم دەبڕمە کونی دەرگاکە و
ئێستاکە نا ئێستاکە دێ،
ئەم شەممەیە شتێک ڕوودەدا
هەسارەیەک لە مەداری خۆی دەردەچێ
گوڵێک بۆنی بزر دەکا
چاو ئەو دیوی بینینی خۆی
باڵ ئەوسەری فڕینی
هەموو شتێک دیوێکی خۆی بزر دەکا
شەو ڕۆژێکی
پشت پێشەوەی
پەلک بەری لای دەماری
دەست ناولەپی
هەموو شتێک هەموو شتێک...
ئەم شەممەیە شتێک ڕوودەدا
کەس دەسکاری سپێدەی ئەو ڕۆژە نەکا
کەس نارنجی ئێوارەی نەگووشێ
کەس شەوی نەباتە سەرجێگا،
لە شەوێکدا



بۆنی ژنێکی تەنیا پەرت دەبێ
لە دەشت و دەر و ناو شاخەکاندا
من دامێنی ئەو بۆنە دەگرم
لە بیرم نەچێ،
ئەم شەممەیە شتێک ڕوودەدا
ژنێک...
قۆپچەی کراسی شەو دەکاتەوە
بە دیار دەکەون ئەستێرەو،
لەوپەڕی ساردیدا دەبریسکێنەوە،
لە شەوێکدا
پەنجەرەیەک تا بەرەبەیان دەسووتێ
ژنێک، لە ژوورێکی چۆڵدا
دێتە دەرێ و لەگەڵ بایەکی سارد، ئێجگار ساردا
تێکەڵی بێدەنگی کۆڵان و
خەوی دار تووەکان دەبێ،
لە شەوێکدا
کە کەس بە دەرەوە نییە
ژنێک کە پێشتر بە تەنیا دەژیا
مردن دەکا بە کەسی خۆی.

# گەڵاکانی سەر شۆستە

لە دیوانی «شەوی دووەم»دا هەندێ هەناسەی شیعریم بڵاوکردبووەوە لەژێر هەمان ناونیشاندا، کە بریتین لە سکێچی ڕۆژانە و هەندێ وردە سێبەرن بۆ جوانییەکی خێرا و ئەم چەند گەڵایەش دەچنە پاڵ هەمان ئەزموونی شیعرییەوە و ئەنجام هەر هەموویان چڵێکی شیعرین لە درەختێکی بچکۆڵانەمدا.

### شەرم

هەنارێک خۆی شاردۆتەوە
لە پەنا ئەستێرەکاندا
سۆربۆتەوە هەردوو کوڵمی
لەژێر پەنجەی گەڵاکانی.

### مەراق

خۆرێکی مۆر
چۆتە بنمیچی خەیاڵ و
هەرچی دەکەم نایێتە خوارێ
خودایە! دڵی ئەو خۆرە نەرمکەی
ئەو لەوێ بمێنێ
خەو ناچێتە چاوانمەوە.

### بێلانە

تیشکی هەتاو بێزار نابێ
لەو شەقامەوە بۆ ئەوی تریان
لەو بانەوە بۆ ئەوی دی
لە سێبەری ئەو دارەوە بۆ سێبەری دارێکی تر
مەراق چۆتە ناو سووری خوێنییەوە



تا ئێوارە، بەو شێوەیە
سەر دەکا بە هەموو شوێنێکدا.
هەتاو لە هەتیووێک دەچێ
ماڵی نەبێ
هەر شەوە لە شوێنێک بنوێ.

### درەوشانەوە

هەر حوکمە و
ئەنگوستیلەیەک دەیسووڕێنێ
من گوڵی مێخەکی سوورم
خستۆتە نێوان پەنجەکانمەوە.
هەر حوکمە و
کورسییەک دەیگێڕێ
من لەسەر فەرشی گیا دانیشتووم
حوکمی ئەستێرەیەک دەکەم
لەوسەری دنیادا.

### سەرەتا و کۆتایی

بۆ شتێک دەگەڕێم نەژمێردرێ
هەرچی هەیە لە پەنجەی پێ تا تەوقی سەر
لە ئەرزەوە هەتا ئاسمان
هەر هەمووی دەژمێردرێ.
تەنیا شتێک کە نەژمێردرێ
ئەو شتەیە
کە جارێک دێ و نابێ بە دوان.

# بزربوونی ناوێک

## حوسێن

دەنگی دەرگایەک دێ دەنگی دەرگایەک
شەو لە پشتیەوە وەستاوە
دەنگی بایەک دێ دەنگی بایەک
کتێبێک لەسەر مێزەکەم
پەڕەکانی بەخێرایی هەڵدەداتەوە
بۆ شتێک دەگەڕێ.
مێژوو ئاگر دەکاتەوە دوای کوشتنی
ڕۆژەکانی.
شەویش پەنجەی ئەستێرەکانی
خۆی دەقرتێنێ.

ناخم لقی شۆڕەبییەکە
بەتووندی
سەری خۆی لەئاوی
چەمەکان دەدا
بۆ شووشتنەوەی برینێکی ئێجگار
کۆنی.

حوسێن کەوتۆتە لای چەپم
خۆر لەلای چەپەوە ئاوا دەبێ
هەوری سووری
دەشتی شینی
زەرد و ڕەشی ئێوارانی
بەلای چەپدا لار دەبنەوە.

حوسێن کەوتۆتە لای سەروو
جوانیی بەرەو ژوور دەبنەوە



سەرەتای گریان لەوسەرەوە
دەست پێدەکاو
بەو زووانە تەواو نابێ.
من کەوتوومەتە تەنیشتی دۆزەخ
هەر لەبەر ئەوەی تەمەنم
گەیشتۆتە سەرووی چل و
حوسێنم نەناسیووە.
ئەی ئاو!
چۆن توانیت بچیتە ناو گیانی نەسرەوتی
ڕووبار و
حوسێن تینووبێ؟
زمان چۆن پژا،
بێ فێربوونی ناوی حوسێن؟
چۆن دەستت شووشت و دەستنوێژت
هەڵگرت و شمشێر و تیر و ڕم
بەلاتدا تێپەڕین
فرمێسک و برین و ئازاریان
لات جێ هێشت؟

زەوی چل ڕۆژان گریا و تۆ ئاگات لێ نەبوو
خۆر چل ڕۆژ گیرا
باڵندە چل ڕۆژ دەنووکیان بەسترا
چل ڕۆژان ژنێک ئاوس نەبوو
منداڵێک نەهاتە دنیاوە
پیاوێک نەچووە سەر جێگەی ژنێک
چل ڕۆژان خوا بە تەنیا مایەوە.

دەرگای بەهەشت لە گۆڕێکەوە دەست پێدەکا
دەرگای برین بۆ ناوەوە دەکرێتەوە

ڕۆشناییەکی ئێجگار کز دێتە دەرێ
عاشقێک دەچێتە ژوورێ و
بەهەشت یەکجاری دادەخرێ.

ئاوی فورات بەسەر گۆڕی خۆشەویستێکدا
خوڕەی دێ
ئاوی فورات
لەکەربەلاوە پڕ دەبێ لە بۆنی
دەستەسڕی عاشقان و
پڕ دەبێ لە مەووال
پڕاوپڕ لە قوڵپەقوڵپی خوێنی تازە
تا دەگاتە دوا خاڵی سنوور
سەربازێک ئەو خوێنە دەپشکنێ
دڵی حوسێن لەناو لەپیدا لێدەدا
دەیناسێتەوە
سەربازێکی شیعە لێی تێکدەچێ
کێهەیان دڵی حوسێنە و
کێهەیان دڵێ خۆیەتی.

چەند پەڕێک لە گوڵی کاغەز
ماچێکی دەمی حوسێن و
غەدرێکی زەردی خەت خەت و
خاڵ خاڵی ڕەشی (کوفە)یان
لەسەر نیشتبوو،
گوڵێک لە باخچەکەماندا ڕەش دەچووەوە
دایکم ناوی نابوو: حوسێن!
ئەو گوڵە شەوان دەبووە خەون
دەچووە ناو چاوی تاریکی مێژووەوە
تا بەیانی بەسەر تەلی ئاوازێکی غەریبەوە



خولیاکانی بۆ دەژەنیم
پێمان دەوت: شینی حوسێن.

پاسەکان پڕن لە هەور
ڕێگا پڕە لە سێبەر و گوڵە کێوی
پایسکل سوارێک
نامەیەک دەخاتە سندووقی پۆستەوە
لەسەر زەرفەکەی نووسراوە:
بگاتە دەستی ح......
تکایە ڕامکێشە بۆ لای خۆت
بەبارانی غەریبی سەر شۆستەکان و
بەگەردی بەیانی خۆت تەڕم کە.

مێروولەیەک بەو پێیە گچکانەی
دەگاتە بەهەشت
ئەسپ سوارەکانی کوفە ناگەن
ئەوانە ویستیان نووری خوا
کڕنووش ببا.

(ڕوقیە) داوای کرد باوکی ببینێ
سەرێکی بڕاویان
لەسەر سینیەکی مس دانا و
پێشکەشیان کرد
تا بەیانی دڵێکی بچووک باوەشێنی کرد
کەس چاوی نەبڕییە چاوی
کەس زمانی نەگەڕا، بپرسێ:
ئەو شمشێرە کێهانە دڵڕەق وەشاندی
سەری چڵێکی کەسکی بڕییەوە
سەری ڕەشەبا لە کوێوە بڕا؟

سەری ئاو چۆن دەبڕێ،
لە کۆشی ڕووباردا؟

ڕوقیە داوای بووکەشووشەی لێکردبووم، حوسێن وتی
من مانگێکی چواردەم بۆ نارد
تا کەس پەنجەی بۆ درێژ نەکا.

پێش نوێژی بەیانی ڕۆژی دەی موحەڕەم
سەرم کرد بەژێر چادری بێوەژنێکدا
چادر باڵی خۆی کردەوە
منداڵێک دەمی تازە پشکووتووی
نابوو بەزامی کراوەی مانگێکەوە
پەنجەکانی سوور دەچوونەوە
لەبن گەڵای لەش و لار و
دڵۆپە خوێنێک بە هاستەم
بەلای چەپدا هاتبووە خوارێ،
خۆر چۆکی خستە سەر زەوی
لەو کانیلەیەی خواردەوە تا مەست بوون
هەر تامێکی هی مەملەکەتێک و
هەر قومێکی عاشوراێک بوو.

دەنکە خورمایەک کرابووە دوولەت
لەتێکی حوسێن بردبووی.
چادر باڵی لێک کردەوە
خەناوکەیەکی قرمزی تاریک پچڕا
بەیانی خۆری خۆی کوشت و
ئەو ناوە پڕ بوو لە مۆری و مەرجانی مەعنا
لەتێکی خورماکە مابووەوە
خوا خۆی خواردی و
زەوی بۆ ساتێک ئارام بووەوە.



## هەمەدان

لە یەکەم سەفەردا:
هەمەدان لە هێلکەیەک هاتە دەرێ.. من نەم کشاند
فاڵگرەوە لە بابل هاتن و وتیان:
باڵندەکە چی بەسەر هات؟
ئەندازیار لە یۆنان و
نەقار لە میسر و وەستا لە عەدەن
دارتاش لە چین و دێوانە لە نیشابوور
کەس سەری لەو هەموو
جوانییە دەرنەچوو
ئاو دەیوت لە شێوەی ڕووبارێکمە
هەور دەیوت کتومت بارانمە
خۆر هەمان قسەی دەوت و
قومری دەیووت و
سێسنەی خەت خەت دەیووت و
برووسکە و هێشووە ترێ و
نارنجێک دەیووت و
شەرابێک لەناو پیاڵەوە تەماشای کرد
بەرد بەدەستی خونچەیەکەوە
خۆڵ بەدەست تریفەی تەماشایەکەوە
دار لە ڕۆخ دەریای قەزوین دا
بەپشتی تیترواسک و پەپوویەکەوە
کزە بایەک دەیهێنان
لەژێر بەردێکی میدیا دایدەنان.

دڵ لەدڵ مەدە ئەی وەستای کەمەر بەند شینی
دانە دانە مرواری ڕیزکراو

ئەو هەموو بەردە نەبوونە شاهانە و
بۆ ماڵی عوریانێک چین چین سەرکەوتن،
بەپشتی دیواردا.
ئەو هەموو شەتڵە نەبوون بەمسک
لە دەشتی تەتار
ئەو هەموو گوڵە نەبوون بە نەسرین
لەچاوی کچانی کرمان دا
ئەو هێلکە زەڕکەفتە
نەبوو بەتەیری ئەفسانە و لە ڕۆحی حەسرەتەوە
خۆی شکاند
بۆ نەشئەی شیعرێک و
تەجەللا.

لەیەکەم سەفەردا:
پەپوولەی منداڵیم دیتەوە
ڕووناکی ئێوارەی کچێکی برادەرم
لە ڕۆخی شەقامێکدا ببووە دار باوی.
لەودیوی پەنجەرەی ماڵێکدا
پەردەیەکی مەخمەڵی سوور
چوارینەیەکی لێ دەشاردمەوە.
یەکەم جار
لەناو هەموو هەمەدان دا
ڕێم کەوتە ماڵی فاتمە
چوارینەیەک لەبەر دەرگا چووبووە ناو
ڕەنگی شینەوە
چوارینەیەک گەڵای مێو نوسیبووی
چوارینەیەک لە چواڵە و
چوارینەیەک لە وەنەوشە



چوارینەیەک و دەو هەزار
لەسەر کورسی و جلوبەرگ و
قاپ و پەرداخ و گۆرەوی و
تەختی نوستنی فاتمە و
ئاوێنەکەی هەڵکوڕمابوون.

لەشارێکدا:
نە پیاوێکم دۆست بوو نە باڵندەیەک
بابا منی بەخۆشەویستە کۆنەکان ناساند
ئەو منی کرد بە خزمی چنار و
پاتۆنیاو لالە عەباس
ئەو منی کرد بە لوڕ و
منداڵی دامەوە بەگوڵێک.
یەکەم جار
خوا هەمەدانی بۆ باباتاهیر دروست کرد
ئەویش کردی بەپەیڤ و
بەعەشق و
چل چرای چوارینە.

## دەقی ئاو لە ئاوێنە

کەسێک دەچێتە دوکانی توحفە فرۆش و
تاسێکی سوور و سوهاو
پەڵە بەفرێکی نەشکاو دەکڕێ.
کەسێک لەلای بەیانی دەپشکوێ و.
نامەیەک دەهێنێ
دڵ پڕ دەکا تا باخچە پڕ دەبێ
کەسێک کۆترەکان نافڕێنێ
لە گردی شیرین و نمەگین
یەعنی دامێنی گوڵ دەگرێ
کەسێک لە مەستوورە دەچێ
چەند دەنکە فەیروزەیی ئاسمان
بە عاستەم کەوتۆتە ناو چاوی
تەماشای لارکردۆتەوە
لای
کەسێک.
کەسێک دەستی خستۆتە ناو دەستی
وەرزێکی ئازاد و
گۆزەی گەنجینەی بن کراس
پڕ بووە لە خەون و
لایەکی کەوتۆتە سەر ئاو
گرفتارە لەسەدلاوە بەدەستی قافییە
کەسێک گەیشتۆتە دۆخی خۆر
بەتایبەتی
کە شیعر دەستی بۆ دەبا و
بەو هەموو لەعل و ئاقیق و جورئەت و
غەزەلەوە



لە بەحری هەزەلەوە
دەیباتە ناو شەوی مەعناو
پڕ لەخۆشی
باخچەکانی.
کەسێک
هەموو شتی لە مەستوورەیی ئاو دەچێ
شەبەهی شەوق و
بێئاگایی و
تامی مێخۆشی دەنکێکی و
چاوی شیعرێکی شاراوەی ناو عەشقی
نیشانەی پرسیاری
شەو نووستوو بێدار
مەستوورە چۆن توانی
دەریایەک بەکۆش هەڵبگرێ؟
یەعنی چۆن جێی ئەو هەموو ئافات و
ئامان و
سووتانەی
کردەوە؟
چ زوو ئەو هەموو شەپۆلەی خڕ کردەوە
کەسێک سەری لە شیعرێک تێکدا
ئەمما بەسیرڕێکی
سەد وەڵامی لە دەستی نا.

## دەرکەوتنی م...

ئەستێرەیەکی گەورەم دی لە شارەزوورەوە دەهات
دارستانێکی گەورەم دی
پیرۆزە ئەوەی دێ.
شار لە بناغەوە دەهەژێ
کتێب لە دەنگ و حەرفەوە
مانگ بەڕووتی دێتە خوارێ
دوازدە ئەستێرە
یەکیان لە ڕێبەندانەوە دێ
ئەوی تر لە ڕەشەمێ
سێیەمیان لە نەورۆز و
چوارەم و
پێنجەم و شەشەم و
حەوت و هەشت
تا دەگاتە پوشپەڕ و بەفرانبار
دوازدە پەنجەرەی ڕووناک و
دوازدە مۆمدان و
پەرداخێک شەراب لەمسەری
مێزەوە تا ئەوسەری مێز
هەریەکە و قومێکی لێ دەخواتەوە
لەتێک نان
هەر زارەو گازێکی لی دەجوێ
ژیان بەو گاز و لێو تەڕ بوونەوە
دەچرێ
ئەگینا
من لە کوێ و
ئەستێرەی ئۆرشەلیم لە کوێ.



منداڵەکان
کوپە پڕ دەکەن لە دەنکە گێلاس و
گوڵە عەتر
کۆترێک لەسەر ناوچەوانم دەنوێ
قەترەیەک خوێن
زەڕنەقووتە هەڵیدەداتە ناو شیعر و
شیرین دەبێ قسەکان و
گمەگم و
گەرم دادێ دوا ئێوارەی
سەر سێدارەم.
من تەواو لەباوکم دەچم تیترواسکێک وتی
تەواو وەکو ئەستێرەیەک لە دوورەوە دێم
بەدار هەنجیرێک دەڵێم:
بەڕووتی بەلاتدا تێپەڕ دەبم
تکایە چاوان دابگرە!
بەگوێم دەکا.
بەبایەک دەڵێم
لەسەرخۆ تێپەڕە
نەبادا لقێکم بڕووشێ
پێستم کەمێک تاریکە و ئەسمەر
چاڵی چەناگەم دیار نییە
من تەواو لە باوکم دەچم
شینم کوتومت وەک ئەو
جۆری گریان و لێوکرۆژتنم
کوتومت لەدایکم دەچێ.

لەپشت دەرگاوە وەستاوم
شەو لەلای غەریبێک نووستووم

قسەیەکم پێیەو بۆتانی دەگێڕمەوە
من لەناو پەنجەکان دا
نەخشێکم چنیووە،
کۆترێک دەیەوێ بفڕێ.
دڵی ژنێک پەلەپەل لێ دەدا
ئەو گەورەترە لەلای من
لە کەنیسا
لە سێدارە دێمە خوارێ
لە سێزدەمین پنجەرەوە
تیرێک دێ
مانگی ڕووت
لەسەر جێگەکەم دەکوژێ.
ئەستێرەیەک دێ شیعرێکی بەدەستە
مەولانایەک دێ...
ئەو لەکوێ
ئۆرشەلیم لەکوێ...



## جلەکانی سەرتەناف

جلەکان لاسایی هەور دەکەنەوە
کزەبا دەیانگرییێنێ،
جلەکانی سەرتەناف دەلەرێنەوە.
ژنەکان پرتەو بۆڵەیانە
لە دەست ئەو هەموو باڵندە
چەقاوەسووانەی
بەناو کۆڵانی هەوادا
بێباک دەفڕن،
بەبێ مەبەست و،
بەبیانووی گۆڤەند و شتی ترەوە
خۆیان گیڤ دەکەنەوە
سەر جلەکان.
کلووی گیان دەبارێ
جلەکان ڕستەی ڕەنگینن
لەناو کتێبێکی شیندا
ئەو دیمەنە بەو سادەییە
گیان هەڵناکۆڵێ
لە ناوقەدی باریکی لەشدا
یا لانی کەم ئالۆزییەک نانوێنێ
بەتایبەتی
شتێک پێش ئەوانی تر پێدەگا
لەناو گەرمایی جلەکان
شتێک لە کونی قۆپچەوە دەبریسکێتەوە
شەڕ لەگەڵ هەرمێ دەکان لە زەردبوونیدا
لە لووسیدا
تەواو دەچێتەوە سەر توێکڵی سێو

لەتام و بۆندا تەواو جیاوازە
جوانی بەو چەشنە زوو دێ و درەنگ دەڕوا
ئەو کاتەی پەلکەکان
دوگمەی شەو دەکەنەوە
چڵی بەیانییەکی ماندوو دێتە دەرێ
ئیتر با تێکەڵی تیشکەکان دەبێ
لەماڵی گوڵدا
سەرتەناف پڕ دەبێت لە بۆن و هەوەس و
گوڵ هەمیشە سەرنج بۆ خۆی ڕادەکێشێت.
بەهەمان شێوە
بۆ هەمان مەبەست
جلە تاووسییەکان گیڤ دەبنەوە
پەلک ڕۆدەچێ بەناو دەماری کەسکییدا.
جلەکان پێویستیان بەو هەموو قسانە نییە
دیتنیان بەسە
بۆ ئەوەی نائارامییەک بێتە ناوەوە
زیووی لەشە سپێدەییەکان ببریسکێتەوە
ببریسکێتەوە پۆشتە و پەرداخی
لەشە تەواو ڕەشە ئەبەنووسییەکان.
جلەکان... ئای جلەکان!
دەلەرێنەوە جلەکانی سەرتەناف
هەر بۆ ئەوەی بەبیانووی سەماوە
شەفەق بداو پارچە ئەڵماسی ڕووت
دیار بکەوێ
بەهەمان شێوەی،
دەرکەوتنی لایەکی لەشی شەو
لە کۆشی ئەستێرەدا.
جلەکان..



هەمیشە جلەکان تەماشایەکی حەرامن
تەشقەڵەیەکی نێرانە
تەسلیم بوونێکی مێیانە و
شتی ترن.
جلەکان دەلەرێنەوە
کزە بای گیانێکی ماندوویان تێچووە
هەوا دەلەرزێ و
نا ئارامییەک دێتە ناوەوە.
٢٠٠١

## ورینگە ورینگ

دڵم پێم دەڵێ شتێک ڕوودەدا
من بەگوێی دڵی خۆم دەکەم
ئەگەر دەست ببەم بۆ بەردێک
لەسەرخۆ دەنوشتێمەوە؛
ڕەنگە حەزێک چووبێتە ناو دڵۆپێک
یا مەراقێک ڕژابێتە ناو هێلکەیەک
لەژێر ئەو بەردە نووستبێ.
ڕۆح جەوهەرێکی ماندووە
لەگچکەوە گەورە دەبێ.
ئەگەر دەست ببەی بۆ پەلکێک
بەزەحمەت لێدەکرێتەوە
ئەو بەهەزار داوی قایم.
گرێ دراوە بەچڵەوە.

دڵم پێم دەڵێ شتێک ڕوودەدا
لەگچکەوە تا گەورە دەگرێتەوە.
من بە گوێی دڵی خۆم دەکەم
دەست بۆ هەر شتێک هەڵبرم
شتێکی تری لە پشتە و
ئاسمان پڕە لە ئەستێرە.

لەژێر باڵی کوکوختی یەکدا جێم دەبێتەوە
کۆترێک دەتوانێ بەدەنووک هەڵمبگرێ
چاوێک هەر هێندەی گوڵ نازنازێک بکرێتەوە
مەلەی خۆمی تێدا دەکەم؛
گچکە و گەورەیی بیناووە بۆ کپبوون.
دڵم دادەڕژێ و شتێک ڕوودەدا



جوانوویەک سەرپێ دەکەوێ
من بەگوێی دڵی خۆم دەکەم
سڵاو لە درەختی حەوشە و سندووقی پۆستەو
تۆزی سەر ڕێگا!
ڕەنگە مەلێک لەوێوە تەماشام بکا
یا نامەیەک دەست بێنێ بۆ تەوقە
من هەمیشە دەست بۆ تۆزی سەر شتەکان درێژ دەکەم
دەزانم جوانییەک لەوێدا خەوتووە
دڵم ڕاست دەکا و شتێک ڕوودەدا.

## بەسەر پشتی پاپۆڕەوە

لەشەوێکدا:
تەیرێک دەخوێنێ و مانگ لەسەرخۆ دێتە خوارێ
غەزەلێک دەلەنگێ و
شان و ملی بالکۆنەکەم دائەپۆشێ
پەردەی مەخمەڵ و دۆشەک و بالیفی ئیسفەنج و
جلەکان تەڕدەکا.

تەیرێک دەخوێنێ و غەزەلێک
بەپشتی تەمەندا سەردەکەوێ
تا درەنگی شەو دەمینێ بەدیار ئاوی خەیاڵەوە
خەوی ناو چاوی مانگ دەدزێ
وڕێنە دەکا و وڕێنە دەکا و
وڕێنە دەکا.
تەیرێک دەخوێنێ و گوڵە هەنارێک تەڕ دەبێ!
بێ ئەوەی کەس پەی پێ ببا
یا شتێکی ئەوتۆ لە بارەیەوە بزانێ
شیعرێک ئاسمان دەکاتەوە و
زێڕۆ دەمرێ.
وەرچەرخانی چرایەک:
شەو سەرێکی لێرە و
هەزار سەری لەکوێ و لەکوێ
باڵێکی لێرە و
قۆچێکی لێرە و
هەزار باڵ و هەزار قۆچی لە کوێ و لە کوێ
گایەک دەپژمێ و دەنگ دەداتەوە
چرایەک وەردەچەرخێ



لەناو پووشەکانەوە بۆنێک دێ
بۆنی منداڵی و بۆنی تەقینەوەی شەو و
بۆنی ماسی و تیتراوسک و کرمە سوورکە
بۆنی باڵ و پەڕی قاز و چۆڵەوانی
ئای لەو بۆنە خۆشانەیان!
شەو تەواو دەچێتە ناو چراوە
هەر هۆزە و دەچێتەوە ناو توخمی فڕندە و ئاژەڵێک
هەر ئاهێک و دەچێتەوە ناو بەردی ئەستێرەیەک
جادوگەری چاوتیژ و برۆ گەورە
بەختی باڵندەی گەورە و بچووک دەخوێننەوە
بەختی ئاژەڵی موو ڕەش و موو سپی و مەرەزبی
بەختی زەرد و زیوبی خاک و مار و مێروو
بەختی شینی تۆخی ئاسمان
لەناو فینجانێک.
ئەو بەسەزمانە تووک نەرم و لووسانە
چی لە بەخت و مەخت دەزانن
بەختی چییان دەخوێننەوە
چۆن دەچنە بنی فینجانێک.
ژیان لەو کونجە تاریک و نووتەکانە
بەچاو نابینرێ و
بەزەحمەت لە مردن دەکرێتەوە.
ئێمە لە توخمی کێروشک و فەتێ و مامزین
زەلیلین بەدەستی توخمی ڕاوچییەوە؛
قەترەیەکی شەو پێی وتم.
ئەو ئازیزە تووک نەرمانە
بێباک لەوەی ڕوودەدا
دەکەونە خواردنی کراس و بۆینباخ و میلی سەعات و
وێنەکانی ناو ئەلبوم و قاپ و قاچاغی پلاسکۆ و

ڕەشنووسی شیعرەکان و پەنجەکانی
زێڕۆی شەمسی و چاویلکەکەی.
لە هەر توخمێک و شێوەیەک
لە هەر هۆزێک و ڕەگەزێک
دەستێک هاتبوو
پێیەک و گوێیەک و
چاوێک و کونە لووتێک و
باڵێک و لایەکی پراسوو
لایەکی زمان و لایەکی چەناگە هاتبوو
پەلک ڕاست و چەپی نییە
چاو نییەتی، زمان نەیبووە
نەیبووە باڵ.
هوزارێک دەتوانێ
هەروەها مامزێک دەتوانێ
پەڵە پەڵەی سەرپشتی پڵنگێک بژمێرێ.
تەیرێک دەخوێنێ ڕەش ڕەشە و سپییەسپی
ئەویان خێرە و ئەمیان شەڕە و
پێچەوانەی ئەوەش دەشێ.
پەپوولە خێری خۆی لە ئاگردا دیتەوە و
خۆی کرد بەماڵێدا. مانگ لەسەرخۆ سەری کرد بەکۆشی ئاودا.
پەپوولە لە تۆفان دا دەچێ بۆ کوێ؟
لە عانی ڕامووسان دا چی بەسەر دێ؟
پەپوولە دەمرێ؟
گومان هەڵدەکشێ بەرەو ژوور
تەیرێک دەخوێنێ و هەموو جار پەپوولە دەسووتێ
دیوار پڕە لەدەنگی پێی بچووک
پێی پەپوولە و پێی مشکەکان و پێی..
دڵ کە لێرەدا پێش هاتنی هەر جوانییەک.



بەو چەشنە زێڕ و دڵۆپێک مەعنای دۆزییەوە
لەناو تووتڕکی پەنا هەورەکان
شەپۆلی پەپوولە و مەراقی بچووکی
بردی و بردی.
پەیڤی یەکەم:
یەکەم جار بازێک هاتە قسە
ئەسپێک باڵی جولاندەوە
کەڵێک قۆچی دا لە بەردێک
هەورێکی نارنجی بەبێ هۆ
لەژێر کراسی خواوە هاتە دەرێ
گۆمی خوێنی پڕ کرد لە گوڵە زەمبەقە و
باڵندەیەک خۆی لەو هەورە بۆنخۆشەدا
هەور بردی بۆ ئاوەڵێ و باز بازۆکێ
هەور بردی و لەگەڵیا نووست
هەور ڕژایە ناو عەشقی وشەوە
تا دوا دڵۆپ دڵی باڵندەی پڕ کرد لە بۆنی.
یەکەم جار بازێک ناسیمی
(ئەو زێڕۆی ناسیبوو
لە پەنجەرەی خەونێکەوە چووبووە
ناو بینایی زێڕۆی شەمسی
لەو خەوە هێلکەیەک شکابوو
پەڕی بازێک بەئەنقەست لە ناو جێگا بەجێمابوو!)
بۆنی باز و بۆنی بێ لەبەیبوون و بەهێ
بۆنی زێ لە قامیشەڵان و بۆنی ئەلف
لە قەدی کاژ و بۆنی ئاو لە پەیڤێکی شین دەهات
غەزەلێک گوڵی دەردەکرد
جادوو لەقەدەوە دەشکا
کوکوختییەک فێربوو تا بەری بەیان

کتێبێکی ڕۆخ پەنجەرەی ژووری زیرۆی دەخوێندەوە.

پەیڤی مەنفا:
چلێک هەور ڕادەدا بەرەو ژوور
خێلێک دەچنەوە لای باکوور
چاویان مێوژیی و پێیان گوڵە هەنارە بە ئاسمانەوە
زولێخا لەوانە و ڕەگێکی چۆتەوە
سەر داری هەرمێ لە ناسکیدا
چلێکی کەوتۆتە سێبەری خەیاڵ و
دەنک دەنک تامی خۆی داوەتە
زێرۆی شەمسی.
چلێک هەور ڕاو دەنێ و گایەکی گەوج
ناتوانێ پەلک ماچ بکا پێش خواردنی
یا چاو لە ئاوێک دابگرێ بەر لە خواردنەوەی
کە یاخی دەبێ لەپەتێک
مل دەخاتە ناو خەونی پەتێکی ترەوە
کە هەڵدەشاخێ بەڕووی چەقۆدا
دەچێتە جەنگەڵی چەقۆوە
بەو چەشنە کاتچووە ناو بوولێکی ڕەنگێکەوە
قوربانی لووتی تەقی بەلووتی جەللادو
هەناسەی ئاسمان ڕاوەستا.

لەڕەگدا:
زێرۆ بازێکی سوورەی بێ داک و باب بووە
زولێخا گرتوویەتییەوە
کاسە شیری خۆی داوەتێ و گەورەی کردووە
کۆشێک نەوەی سەرکە و بنکە و
زەڕنەقووتەی سپی و سوور و
قاوەییان لێ کەوتۆتەوە



لەمەنفادا:
کەس ئەوی دیکەیان نەناسێ
نازی نەوەکان هەڵناگرێ!
لەڤیدادا: زەوی مانگایە دەدۆشرێ
گۆی مەمکیەتی کانی و گیا و گۆڵ دەمژن
باڵندە و ئاژەڵ و مار و مێروو
جوان و ناشیرین دەیخۆنەوە
خۆش بەحاڵیان!
زەوی دەدۆشرێ:
تۆوی گەورە و بچووک
لووس و دڕکاوی
لێوی تەنک و ئەستوور
لاسکی باریک و قەبە
سەلکە پیاز و پەتاتە و ڕەگ دەیدۆشن
لەڤیدادا: ئاسمان گایە و گرمەی دێ و دەبارێ
دەبارێ و دەبارێ و دەبارێ.

یەکترناسین (دوو ئەستێرە یادوو باڵ لە فڕینێکدا):
کە ملڤێل گەیشت زێرۆ مردبوو
شەو و ڕۆژ بەو چەشنە بەیەک گەیشتن
ئاو وتی: مۆبی دیک نووستووە و
هەفتەیەکە چۆتەوە دۆخی جارانی
سەر ئاو دەگەڕێ بن ئاو دەگەڕێ
غەزەلێک دەخوێنێ و هەنگێک چۆتە
سەر پشتی ماسییەک (لەخەوێکدا)
کابووسێک لە دەریاوە ئاوی سوێری تێ خزاوە
هەر لایەکی هێندەی بەرمیلێک ئاوساوە
ماڵی ئاخاب لەکوێیە، ماڵی ئاخاب؟

ئەو دەنگە دەناسمەوە کە بانگی هوزار دەکا
بەزمانی هوزار و بانگی جوانوو دەکا بەزمانی جوانوو
بانگی زیکزیکە دەکا بەزمانی زیکزیکە و... هتد.
قافیەم کردووە بەگژ قافیەدا
کێشم داوە لەکێش
تا کەڵەشێر بخوێنێ و ماڵی ئاخابم لێ دیاربێ!

یەکتر ناسین (دوو تارمایی):
ئێوارەیەک زێڕۆ دوو تەیری دیتبوو بەحەواوە
پێش مردنی
(ئەو تەیرانە خۆشترین خوێندنیان کاتی مردنیانە)
ئەو هەموو فڕندە نارنجی و ترنجی و دەنگ خۆشانە!
مل باریک و سووک دەفڕن
جوانترین فڕینیان کاتی ڕۆیشتنیانە.
قاز خۆی بە باڵندەی خوا دادەنێ
گوایە کوڕی خوا دوو قازی دیتووە بەحەواوە
پێش مردنی تێر تەماشای کردوون
ئەوانیش دوا قسەی ئەویان بەخوا گووتوە.
فڕین نائومێدی بە با دەدا
دەشێ تووکێک، پەڕێک بلەرێتەوە و
بلەرێتەوە و بلەرێتەوە
باڵێک لە هەوادا بنوێ
هەندێ جار تەمەن لێرەوارێکی چڕ و ترسناک
هەندێ جار ئێسکێکە بەدەم وەرسیبیەوە.
لە فڕیندا باڵندە بەهرەی خۆی دیار دەخا
خراپە گێژ دەخوا و نافڕێ
چەشنی جورجێک دەچێتە ناو کەپووی مەراقێکەوە
تا بەیانی دەمژێ ئەوجا دەمرێ.



باڵندە کە دەفڕن بۆنیان خۆش دەبێ
کوندەبەبۆ لەسەر بەردی حیکمەت دەنیشێ و
هەتا ئێوارە تەماشای مردن دەکا
دەنگی لە دڵدا دەترشێ.

تەماشاکردن (لەپەناوە):
تەیرێک دەخوێنێ و مامزێک مسک دەڕێژێ
کەروێشک فێربووە تەماشای مانگ دەکا
دوو قومری بەرامبەر پەنجەرەی
ژوورەکەی زێڕۆی شەمسی
تا بەیانی دەست دەکەن بە ملی یەکتردا.
گۆڕستانی ئەوبەر پڕە لە کوپە شەراب و
ئاوێنەی لێڵ و بەردی دانسقە و خەیاڵی قژ درێژ!
مەسیح دێ تەماشا تەماشا
سمۆرە بەگوێزێکی گووت
هەنگێک بەگوڵێکی پڕ زەردی تاریکی گووت
مەسیح دێ تەماشا تەماشا
دار گێلاسێک شەرم دایگرت نەبادا
تریفەیەک ببینێ و بزانێ ئاوسە
بەعەشقی هەورێکەوە
گوڵە هێرۆیەک دیارکەوت بە جلی بووکێنییەوە
هەروەها کۆترێک هەردوو پێی سوور
دەچووەوە!
مەسیح لەو ڕەنگە سوورەوە دێتەوە ناومان
مەسیح دێ تەماشا تەماشا
کوێر بم.. دەترسم شتێک روویدابێ.

بزربوونی ناوێک:
تەیرێک دەخوێنێ و ناوی گوڵێکی لەبیر چۆتەوە

نازانێ ئاسمان ئەو هەموو ڕەنگە شینەی
چۆن هێناوە. یا ڕەشەبا
چۆن لە کونی دەرگادا خۆی باریک کردۆتەوە
مانگ چۆن چۆتە سەر ماڵی فیرعەون و
شوێن نووستنمان چۆن پڕ بووە لە گوڵە حاجیلە؟
ئەو ژنە دڵ بەکەس نادا
ئەگینا جۆگەیەک دەبیا و نایداتەوە
ئەو ژنە لە غەزەلێک تۆراوە
گوڵ دەردەکا و گوڵێکی ناداتێ.
فلووتێک بانگ دەدا بۆ فڕین
لەسەر پشتی پاپۆڕەکە
هەموو جووت جووت دێنە خوارێ
زولێخا تەنیایە
زێڕۆ چۆتەوە ماڵی ئاخاب و
پەڕی بازێک بەجێماوە.



## مۆمیا

بازێک لەناو بۆفیە دایە
بانگی دەکەمە دەرێ
لەسەر بەرزایی شیعرێک هەڵنیشێ.
بازێک هێندەی چنگێک دەبێ
لەسەر بەردێکی بۆیەکراو
ڕەق بۆتەوە
تەیرێکی چکۆڵەی گرتووە
بەئاسمان و زەمان بەری نادا.
بازێک سەیری یەک شوێن دەکا
تەلێک لەشی ڕاگرتووە
با ناچێتە ناو باڵییەوە
فڕینی لەبیر چۆتەوە.
دایکم حەزی لە بازێک بوو
لەگەڵ خۆی بیباتە بازاڕ
وەختی چێشت لێنان بەدیارییەوە بێ
ئاوی بن کوپە بخواتەوە
خواردن لە قاپی نایلۆندا بخوا
کە دژوون بوو خۆی بیشوا
کە خەوی هات بیخەوێنێ.
بازێک لەناو بۆفیە دایە
باوکم بەدیاری هێنابووی
لەسەفەرێکی بەغدادا.
نە بایەک چووە ناو باڵی
نە تیشکی هەتاوێک لێیدا
نە دایکمی ناسی.

بازێک بانگ دەکەمە ناو شیعرێکەوە
لە تەنیایی دەیهێنمە دەرێ و
فێری دەکەم
چۆن خۆی بکوژێ.



## شەڕی براکان

دوو کەس هەمان زار هەڵدەدەن
یەکیان گرەو لەسەر پوولی سپی دەکا
ئەوی تریان
گرەو لەسەر بەختی کارمامزێک دەکا.
تیشکی هەتاو
بەناو گەڵای دارتوویێک و
شتی تر و شتی تردا دێتە خوارێ
کورسی و مێز و
شان و ملی یاریکەر و
تاوڵەی گوێز و سەرنجەکان،
خەت خەت دەکا
خەتێکی ڕەش یەکی سپی
سێبەرێک بۆ ڕەش و
هەتاوێک بۆ سپی
سێبەرێک و هەتاوێک بۆ ڕەش و
سێبەر و هەتاوێک بۆ سپی
جارێک سپی دەباتەوە
دوو جار سپی
جارێک ڕەش و
دوو جاران ڕەش.
هەوا تەواو گەرم دادێ
دەستێک هەتاو دەیباتەوە
دەستێک سێبەر،
تا ئێوارە و بەو شێوەیە
کەس ئەوی تر تەواو ناکا.
کەس ناتوانێ
یارییەکە بباتەوە و
بە دیار تاوڵەی داخراودا
هەر بەتەنیا خۆی بمێنێ.

## میوان

له ئاوێنەی ژوورەکەمدا
یەکێک تەماشای خۆی دەکا!
کەسی وا لەسەر خۆم نەدیووە
سوور و سپی
کەڵەگەت و هەنیە بڵند
پیاوێکی کۆک
له ئاوێنەی ژوورەکەمدا
دەموچاوی کەسێک دیارە
چاوی ئەوها پڕ بەزەیی و
لێوی وا تەنکم نەدیووە.
وازەندەکەم یەکەم جارە بێتە ئێرە
ڕەنگە پێشتر هەر لە شووشەی پەنجەرەوە
سەیری ژوورەوەی کردبێ.
له ئاوێنەی ژوورەکەمدا
کەسێکی نامۆ تەماشای خۆی دەکا!
دۆستێک بە تی چاو دەڕوانێ!
کەس بەو هەموو شەرمەوە
تەماشای نەکردووم
یەکەم جارە ئەو دۆستە سەرم لێ دەدا
ئەو کە بێ
جارێک دێ و
هەموو شتێک تەواو دەبێ.



## بەیانییەکی ئاسایی لە شەقامێکدا

هەی بادەیەکی کۆن و لێواو لێو لە سەرخۆشی
پەنجەرە بکەوە با گوێ بگرین لە با
شیعر دەخوێنێتەوە، تەماشا:
کوژاڵک لەکن هەور جێ خۆش دەکا
زیکرێکە گوڵە هەرمێیەک بانگ دەکا بۆ پەنا گەڵایەک
دەست دەبا بۆ هەوای هەوەسی.
سەرخۆشێک بەلادا دەچێ
دەرگای ماڵێکی یەک نهۆمی بانگ دەکا بۆ پشکوتن.
شوێن بەو هەموو جوانییە
لە دەنکە باوییەک ڕادەمێنێ
ئەوە ئەندێشەی منە تەماشا:
کۆترە شینکە سووڕەتی سۆسەن دەخوێنێ.

پاش نوێژی بەیانی
خەون دەخەمە ناو ئینجانە و
دوعا بۆ موغامەرەیەک دەکەم
کە تازە بەتەمایە هەڵبێ.
هەقم چییە بەڕاستی و ناڕاستی
قسەی گوڵەباخێک
کە باسی باخێک
کە باسی وەهم و سێکس دەکا.
کارمامز و ئەستێرەیەک کە پیر بووە لە تەماشام
یەک جۆر گیا دەخۆن
لەساردترین وەرزی ساڵ دا.

سوچێک بگرە بۆ دەنکی قاوەیی حەزێک
ئەی کۆنترین بادە!

پێش ئەوەی بچینە ناو دەماری بەرد
سوچێک بگرە بۆ دانیشتن بەدیار پرتەقاڵێکەوە
تا دەرکەوتنی تەواوی خۆر
سوچێک لە بادەیەکی خەیام بۆ فێربوونی
زمانی ئاو لەدوای تۆفان دا.

ئیشم چییە بەقازانجی
چوون و نەچوونی جۆگە بۆ لای ڕووبار و
سەرمایەی بەفر لای کانی
خۆشنوودی و شکۆداری جوانی بەسە.
هەی مۆری خەت خەتی
چین چین قەد کراوی
ناو عەشق و جەفا، هەی پەشیمانی!
پەنجەرە بکەوە تا ئەو تۆزە لە بەهار دەڕوا و
دەچینە ناو قەدی دارێک
تاق تاق کەوە بەدیارییەوە.
تاڵێک لە گەوهەری بەهرەو بوهیمی
دار مەرجانێک و دوو سێ ماسی لە حەوزێک و
کەمێک تەنیایی
ئیتر ئەو شوێنە بەهەشتە و پڕبووە لە مەعنا.
فریا ناکەوم دڵ بدەم بە کەسێ و
شەقامەکە لای دارچنارێک تەواو بێ،
نەگاتە چنارێکی تر.
نایەک هات چرپاندی بەگوێما:
هەی ماخولیای شەوی بێ قەراری
ناو دژوارترین وەختی ساڵ!
من باوەڕم بە زیوی تەماشای ئاوێنە نەهێنا
تا خواری خوارەوەی بەدگومانی



ڕژام
لە باڕی مەیلەو تاریکی گوڵە هێرۆیەک
لامداو خواردمەوە
تا گەیشتم بە دۆخی بۆن لە بێ بۆنی داو
کەوتم بەلادا.

تەیرێک دڵی بۆ من لێی دەدا بەحیسابێ
خوا دەزانێ چی کردووە لە بن دیواری هەورەکان!
چیم کردووە کە بەرێکەوت لووتم بتەقێ بە لووتی
دار گێلاسێک لەکاتی گوڵکردن دا؟
خەوم دیتووە و خۆر تەواو مەست دەبێ لە
تەماشام
بادەیەکی کۆنم دیتووە بۆتە پەروانە!

دەبێ جوانی بەفیڕۆ نەچێ
بەر لە کرانەوەی پەڕەکانی.
دەبێ ئەو هەموو دەمارگیری و گومانە
قۆزاخە بکاتەوە.
مێخۆشی دوای مەست بوون
کاڵ نەبێتەوە لە ناو درێژترین ڕستەدا.
بیکەرەوە.. ئاو کوا خەوی لێدەکەوێ،
کە گوێی لە هەڵتۆقانی ناوکی شەو دەبێ
ئەو کاتەی سپێتی دەچێتە ناو قەدی بەفرەوە
منداڵیم خڕ دەکاتەوە
ناو شووشەی حەزێک و
کوا بۆنی دارچین و چای سیلان
کوا گوڵە حاجیلەی گۆڕستانی شێخۆمەر و
پیاڵەی سیمداری بەیانی؟
بۆنی دوا ئێوارەی سەرخاچ

لەسەرخۆ دەنیشێتە سەر خاک.

تەماشا:
بۆینباخێکی
لە گوڵی جهەنەمی سەر دیواری
ماڵەکانی ڕووناکیم بەستووە
خەمگینە کراسی بخووریم
لە جیکۆرەوە ناسیاوێ بۆی ناردووم
بیکەمە سەروای شیعرێکم
کە بەئەلف دەست پێدەکا و
بەدوا پیتی وشەی خودا کۆتای دێ.
شیک و پەرداخ و ئیرۆسی
مەبەستمە لە دەرگایەکی تەواو جیاوازدا
تێر تەماشای مەلێک بکەم لەناو تەمێکی قرمزی
بەسەر گەڕەکی خانەقا و خوار قەڵاوە.
ماڵم هەشت نۆ چرکە دوورە لە مەنتیق و
هاوسێی فلووت ژەنێکی ڕەشتاڵەم
شەڕ ناهێڵێ بچێتەوە
لای منداڵی بەردەکانی.
بەرانبەرم چیرۆکێکی سەروقژ لوول
دوگمەکانی تا ئاست مەمکی کردۆتەوە
پانتۆڵێکی گینزی تاریکی لەبەرە
شەو درەنگانێ دێتەوە
قاوەیەک بۆ خۆی لێ دەنێ
قاوە بۆ خۆی دەگرێتەوە، دەڵێ: دڵشاد!
چارەنووسم وانووسراوە
دڵۆپە خوێنێکم لێرە و دڵۆپێکم لەوێ
فرمێسکێکم لێرە و یەکێکم لەوێ



نیوەی هەستم لێرە
نیوەی مەرگم لێرە
نیوەم لەوێ.

ماڵم تەواو پاڵی داوەتە لاشانی
گوڵە گەنمێکی شیرازی
ئەگەر ئێوارەیەک بێمە دەرێ و
خەیاڵم لای وردە بەردە سپییەکانی تەسەوف بێ
لەگەڵ کەوتنی ئێوارە بەلای ڕەنگی پرتەقاڵی
دەگەمە کۆڵانی عەشق و
یەکەم دەرگای ماڵە بەرزەکانی هەور و
حافز دەبینم دێتەدەر لەناو پەڕەی
مۆری خوایی و
مۆر دەبێ ڕەنگی کۆڵان
مۆر پەنجەرە دەکاتەوە
مۆر دەبێتە ئێوارەم و
مۆر پرچی کچان دادێنێ
مۆر دەبێتە وشەی سەنگین و ڕەزم و هەوای
شیعر وتن
مۆر دەبێ ناو لەپ و بیلبیلەو زمانم
کاتێ تەوقەی لەگەڵ دەکەم.

ئەو لەناو خەونی خۆرەوە دێتە دەرێ
ئاوایی پڕ دەکا لە بۆنی جورئەت و پەڕینەوە
پڕاوپڕ لە منداڵی باڵق نەبوو
باڵ سپی و فەریک، کە شیری گوڵیان لێ دەرژێ
باڵ لە یەک دەدەن بۆ سەروو
پڕاوپڕ لە بەزم و چاوبازی
قەڵەمڕەوی تاجی گوڵ و کەمەری ساف و لووس

هەوەسی کچی پارچەلەی ڕۆخ زەریا
پڕاوپڕ لە بێوەژنی نارنجی و چڵە ڕێواس
پڕ مەتەڵی ترش و شیرین.
ئەو مەملەکەتە تەواو ڕەنگی شیعری لێ دەنیشێ

ئیتر خەفەت ناخۆم چاوم لێڵ بێ و
نەتوانێ دێڕێک بەبێ گرێ بخوێنێتەوە
یا دەرفەتی بیستنی دەنگی کچەکانم نەبێ
لەباخی گشتی دا.
ماوەیەکی زۆر بەخەیاڵی گورگ زریانم هەڵکرد
لەنێو گروپی گورگ دا
دار قەزوانێکم خستە سەر قەڵاندۆشکان
بۆ ئەوەی دارێکی ڕەسەن بخەمە نێو دۆخێکی سوریالیەوە
یا شیعرێکی هەجوو بەزمانی باڵندەیەکی کێوی بنووسم
لاقم بەقەد ڕوسیا لەژێر ساپیتەی خوادا ڕاکێشم.
من کە گۆچانم نەگرتۆتە دەست
چاویلکەم نەکردۆتە چاو
پێڵاوی یاریکەری ئەکرۆپاتم لە پا نەبووە
تاوەکوو فەیلەسوفێک لە پردی سیرات بپەڕمەوە
منداڵێک بووم و لەناو قەرسیلی عێدزبوون
غارم داوە... غارم دا
بەیادی ڕەنگێکی بزربوو کە باوکم بۆی جێ نەهێشتبووم
سەرم نا بەسنگی بەلەمێکی کاغەزەوە
تامی ئاشتییەکی سەرتاسەری پڕ سۆز
سێبەری کردبووە سەر حەوشەی ڕەوانبێژی
خەونێکم لەوێ دیتەوە لە ناو بەردەقاوەییەکان و
لەبەر ماڵێکی یەک نهۆمی دا
بەدیار گوڵە هەرمێیەکەوە دامنا کە بەزمانی زیکزیکە



شیعری دەخوێندەوە
هەور چووبووە ناو تاڵی کوژاڵک و
تاڵ ببووە بەیانی بەردەرگا
تەماشا :
من و جوانی
چەشنی دوو شەڕکەری ماندوو
لە بەرانبەر یەکتری وەستاوین
بەهێز و گوڕێک کە لە هەناوی شەپۆڵ دایە و
خۆی لە کەنار دەدا و مەترسی بەرپا دەکا
ئاشت دەبینەوە من و بادەی لێواولێو لە جوانی
کە هەر هێندەی دەنکە گێلاسێکی لێ ماوەتەوە.

## سوکرات

سەبەتەی نیوە شەو پڕ بووە
پڕ حەرف و وێرگوڵە و
هێما و کەوانەی گەورە و چکۆڵە
تەنیا گوڵێک
ئەو گوڵە لەناو دەستمدا هەڵدەلەرزێ
لای شاژنی ئێوارەکان
لە ڕۆخی ئاسمان دایدەنێم.
من لە پرسیارێکەوە
ڕژاومەتە ناو شانەی هەزاران پرسیار.

هەندێ جار، ئەنجام پێشی بەرایی خۆی دەکەوێ
من دەستم داوە لە سیرێکی
پڕ مەترسی:
پێش خواناسین؛
سەرم بەسەر سینگی خۆمدا لارکردۆتەوە
خۆم ناسیووە.

ڕووناکیم ڕژاوە و بەئاسانی خڕ ناکرێتەوە
بەختەوەریم لە هەودایە و
بەو هەودایە دەچمە خوارێ
دەچمە لای سیزیف و ئۆرفیۆس و
هۆمیرۆس و
چاوێکیشم هەر لەلای پلاتۆنە.

ژیانم بەپشتی بادا دەگوازمەوە
بێزارم لە سووڕی خوێنم
کە بەو سستییە، دوام دەکەوێ



دڵۆپە ئاوێکم سەر و ژێرم لێ تێک چووە
بەو کۆتایی پایزە
لەش لە جوانترین میوەدا
بۆتە هەنارێک و سوور هەڵگەڕاوە.

تەمەن تەواو ڕووت بۆتەوە
هەورەکان پڕ بوون لە سیحرم
من سوێند بەو پەرداخە دەخۆم
سوێند بەو زەردە تاریکەی ناوی،
ڕەنگی وا تەنیا مردن دەیبینێ
مردن و بەس.
ئەو ژەهرە نامەی کچێک بوو
درەنگانێ گەیشتە دەستم
زوو نەمناسی تا بیکەمە بەر سیمرخێک و
بۆ خۆی بمبا
ئەو ژەهرە، ئای ئەو ژەهرەم
درەنگ ناسی.

دەچمە بەر خوڕەی بارانێک
کاتی لەیەک دابڕان نزیک بۆتەوە
من هەر خۆم
دەچمە ناو گەرمەی مردن و
ئەنگۆ بۆ ناو زوقم و شەختە و
بەستەڵەک و
بەڵام، نازانم.. کامەمان..؟
ئا.. کامەمان؟

وا زوو ناخەوم تا یۆنان نەخەوێ
من بەسەر ئاوێک دادەڕۆم

بنی دەچێتەوە ناو کۆشکی ژنێک
گوێم لە دەنگی ئەو ژنەیە
برادەرەکانم دەلاوێنێتەوە
لەو دیوی تخویدا دەنگیان دێ.
دەچمەوە لایان
ئەو شارە خۆی نەیویست
پاڵەوانەکان بێنەوە
ئەگینا شەوێک هەموو دەهاتنەوە
چرا هەتا بەری بەیان
حیکمەتی دەدا بەگوێچکەی تاریکیدا.

لەوپەڕی بەختەوەریدا
بەپێپلیکانەی قوڕدا دەچمە خوارێ
باران لێم دەدا و
پێ بەپێ نزیک دەکەومەوە
مامۆستاکانم هەموویان لەوێن
برادەرەکانم لەوێ دا چاوەڕێن.

شار هەر شارە
چ ئێرە و چ ئەوێ.
گومان دەکەم
دادگا پەشیمان بێتەوە و
ئەم دەرفەتەم لەکیس بدا.

زایەڵەی ژەهر پێشم کەوتووە
بشنەوە..
شەوی بەهاری جوانی
لەبن پێڵوودا دەبریسکێنەوە.
سوێند بەو پیاڵە مل باریکە و



بەو زەردە تاریکە دەخۆم
لە گچکەییەوە خوا لەگەڵمدا بووە
ئەو هەموو شتێک لەبارەی منەوە دەزانێ
دەزانێ بەڕاستمە و
ملم لەناو هەوادا درێژ کردووە
پۆلێک گەنجی ئەسینا لە پشتمەوە
مل درێژ باڵی خۆیان کردۆتەوە
دەمی خونچەی وەرزی تازەیان بەدەنووک هەڵگرتووە
بەهەرلایەکدا بڕۆن، وا زوو ناگەڕێنەوە.

شار پڕ بووە لە پاشماوەی کۆنە قسە و
پیس بووە بەکاغەزی تەزویر و
نایلۆنی بابردووی هەوەس و
پڕ بووە لە پیسی
ئەی من نەمووت: قوڕ و لیتاوی سەفسەتە
هاتۆتە ژووری ژوورەوە
زەوی تەواو نەزۆک بووە
تۆوەکانی خۆی دەکوژێ.
جوتیارێک لە ڕۆخ ڕووباری (ئەخیلیۆس)دا
ئەو ڕاستییەی نەدەزانی
من بەئەسەفەوە پێم وت.
بێباکانە زەوی دەکێڵا
پێم نە وتن وەیشوومە گەرا دادەنێ
لەناو سکی ژنەکان دا
هەر جیرە جیرِی دەرگا دەبیستێ
دەروویەکی باریک هەر هێندەی سیراتۆزیشتان
لێ ناکرێتەوە.
پێم نە وتن پاشاکانتان

پشتی قەمبوورتان دەخورێن
وەک چۆن پشتی سەگەکانیان دەخورێن.
غەڵە خڕکە و
قسە بەرد و
حوشترئالوک ڕێتان دەگرێ.
شەو لەژێر زەمین و
گۆڕەپان و
بن سێدارە دەمێننەوە
کەڵەشێرێک لەگوندێکتاندا ناخوێنێ
تەنیا ئەستێرەی بەسەزمان
لەو دوورەوە تەماشاتان دەکا ئەویش بەترس و لەرزەوە.
پێم نە وتن مەرگ یاری دەباتەوە
ئەنگۆ بەرەو پەراوێزە ساردەکان و
ئەمن بەرەو گەرمەی مردن.



## چەند سەرنجێک

١- لە هۆنراوەی "حوسێن"دا:

- (زەوی چل ڕۆژان گریا) لەقسەیەکی پێغەمبەر محەمەد وەرگیراوە کە دەفەرمووێ "ان الارض لتبكي على المؤمن أربعين صباحا بالسواد".
- (روقیە) کچی ئیمام حوسێنە.

٢- لە هۆنراوەی دەقی ئاو لە ئاوێنە:
هەندێ دەستەواژە لە شیعری "مەستوورە"ی نالی وەرگیراون.

٣- لە هۆنراوەی "دەرکەوتنی م..."دا:
"شار لە بناغەوە دەهەژێ" بەراوردی بکە لەگەڵ هاتنی مەسیح لە ئینجیل دا "بناغەی شارەکان دەجوڵێنەوە".

٤- لە هۆنراوەی بەسەر پشتی پاپۆڕەوە:
زێڕۆی شەمسی و میلڤێل و ئاخاب: هەر سێکیان ناون: یەکەمیان منم چوومەتەوە توخمی باڵندەیەک، دووەمیان برادەرێکی دێرینمە چۆتەوە توخمی نەهەنگی مۆبی دیک (لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی هێرمن ملڤێل دا)، سێیەمیان وڵداشی هەموومانە لەژیانی ڕاستەقینەدا.

٥- لە هۆنراوەی سوکرات دا:
دەربارەی (کلیۆن) کە بازرگانێکی پێستە بووە لە ئەسینا دەڵێن: پشتی میللەتی وەکو پشتی سەگەکەی دەخوراند.
"شەوی بەهاری جوانی" نیو دێڕە شیعری نالییە.

٦- هەندێ لە شیعرەکانی ناو ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە پێشتر بڵاوبوونەتەوە، بەڵام ئەوە دوا دارشتنیانە. ئەم شیعرانە ساڵی ٢٠٠١ نووسراون.

# شەوی دووەم

## خاچ

نائومێدی جوانترە لە ئومێدی ساختە
بەختەوەریش لە هەردووکیان
ئەو هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و بێهوودەیی و
لە نائارامییەوە دێ.
زەوی ناتوانێ بیهێنێ
ئاسمان ناتوانێ بیهێنێ
ئەوان بە کۆش ئارامی دەبەخشن
بە کۆش جوانی و سەلیقە دەبەخشن
کەچی بەختەوەری
تەنیا سەرێکی لە دەرەوەیە
ئەوەی تری لە خوێندا قوڵپ دەدا
کەسێ، جیاوازی نێوان ساتەکان نەبینێ
جیاوازی نێوان شوێنەکان
جیاوازی نێوان بەردێک و بەردێکی دی نەبینێ
ناخی پەنگ نەخوا و پرشنگ نەهاوێ.
سیمایەک بۆ بەیان پڕ شەونم نەبێ
چاوێک نەبووبێ بە گۆمی سۆراخ
کەسێک هەمیشە ئامادە نەبێ بۆ قوربانی
کەسێک لە مەسیح نەچێ، بەختەوەر نییە!

***

چی ڕایگرتووم و ناهێڵی بکەوم بە پشتدا؟
ئێوارەیەکیان زرێبار پێی وتم:
تۆ... وەک من وای!
موچرکی هەست و ساتی لەزەت و،
بەیەک گەیشتن و،
لێک جیابوونەوەت لە ژمار نایێ؛



منیش کانیلەی ورد و درشتم.
ئێوارەیەکیان زرێبار وتی:
نائومێدیمان لەیەکدی دەچێ
بەختەوەریشمان
ئێوارەیەکیان....

***

کە وەکو ئاو بم جا چۆن دەکەوم؟
ئاو چۆن دەکەوێ؟!
هەش بەسەر دڵشاد، چۆن بەختەوەری؟!
ئەوان کە کوڕی خوا بدەن لە دار
چی لەگەڵ کوڕی خەڵکیدا دەکەن؟

## خۆرگیران

**1**

کچی گەورە!
پرچی زەردی فڕێ داوەتە سەرپشتی
بەو جوانییە،
گەردووونناس و کیمیاگەر و جوانناسی
شێت کردووە
لە بەیانییەوە تا ئێوارە درەنگان
کچی گەورە!
بە جلێکی تەنکی لە ئاوی لیمۆ
تاڵ تاڵ سیمی بریقەدار
بەلای ڕاست وبەلای چەپیدا
شەبەنگی هەڵداوە
تاوسێکە باڵی تا سەر کردۆتەوە
بەدەم ئەندێشەی شەوەکانی شەهرەیارەوە
یاری بە ڕەنگەکان دەکا
بەسەر کەناری ئێوارەیەکا دەفڕێ
بەسەر ڕەزی مەست بوونێکی شین
بەسەر بانی هەور و کۆڵانەکانی نیوەڕۆ
لەناو پووش و پەڵاش و گیا تل دەخوا
تا دەگاتە بەردی حیکمەتی گالیلۆ
لەوێوە،
بە تووڵەڕێی نادیاردا کە پێشتر نەیدیووە
سەردەکەوێتە سەرەوە
بەسەر سەرمانەوە واقی وڕ دەمێنێ
کچی گەورە!



بەسواری عارەبانەیەک بەرەو ماڵ دەبێتەوە
کە هەمووی لە عاج و ئەبەنووسە
دەنک دەنک مرواری لە ڕۆخەکانی دەبریسکێنەوە
هەندێ دەڵێن،
ماڵی لە بنی زەریایە
هەشە دەڵێ،
لە کوخی ماسیگرێکدا
شەو بەقاوە خواردنەوە و نوکتەی خۆش
بەسەر دەبا
کە دەنوێ، خەتیکی تەنکی چاوانی دیارە
وەک تارمایی کەنارێکی دووریش
دەلەرێتەوە چڵەکانی
ئەفسانە دەڵێ:
دوو باڵندە
یەکیان لە باکوور و ئەوی تریان لە باشوور
بەرزبوونەوە
کە گەیشتنە بەر پەنجەرەی کچی گەورە
شەقەی باڵی پڕ سیحریان خەوی زڕاند
بەپەلە پەل خۆر پەنجەرەی کردەوە
یەکیان خێرا چووە ژوورێ
لەوساوە ئەو کچە و باڵندە پێکەوەن.

لەو بەرزاییە سەرامەدە
لەش تەڕ دەبێ بە جریووە
فێنک دادێ بەلەرینەوەی پەڕ و باڵ

**2**

نیوەڕۆیەک درەنگی ١٩٩٩/٨/١١
پۆلە ڕەشۆڵەیەک هێندەی گۆلێک لە شەودا

ڕەوە قەلەڕەشکەیەک زۆرتر لە گەڵای دارێکی زەبەلاح
ڕووناکیان بە دەنووک گرت.
بەردێکی گەورەتر لە بەردەکەی سیزیف
لە بەردەم عارەبانەی کچی گەورەی ئاسمان وەستا
چەند چرکەیەک کات لە شیوێنی خۆی پەکی کەوت
باڵندە پەڕەوازە بوون
ئاو بە لقی دار سەرنەکەوت
خوێن لەناو دەماردا ترس گرتی
بینین بەقەد سەرسامی شێڵوو بوو
دڵ خێراتر لێی دەدا
گوڵ ترسی هەبوو
چاو ترسی هەبوو
جوانی ترسی هەبوو
کچی گەورە چی بەسەردێ؟
ماڵی گەورە چی بەسەردێ؟
یەکەم جار بوو چارەنووسمان
بەو ڕوونییە بێتە بەرچاو
چارەنووسی هەر هەموومان گرێ درابوو
بە تەماشای کچی گەورە
دیمەنەکە بەم چەشنە بوو:
داڵێک چڕنووکی لە سنگی هەرقەل گیرکرد
دەیوویست هەناوی هەڵکۆڵێ.

(3)

پاشماوەی شەڕ و تووندو تیژی
پاشماوەی لووت بەرزی و چڵێسی و ڕق و قین
پاشماوەی بێباکی و خیانەت
پاشماوەی شکست و خلیسکان



پاشماوە...
پاشماوە...
ئاسمان ڕەش بوو بەمەراق و پاشماوەکان
جوانی پووکاوە و خۆرگیرا بەتەڵەی گوناهەکان.
دیمەنەکە دووبارە نابێتەوە
کچی گەورە دەخرێتە ناو قەفەسەوە
زیندان جوانیەکەی بۆ خۆی دەبا
کەمێکی دەمێنێ و پیر دەبێ بۆ ئێمە

تاران ١٩٩٩/٨/١١
ڕۆژی خۆر گیرانەکە

## رزگار بوون

له ناوەڕاستی قسەدا، هێشتا سەرسامی بەری نەدابووم
له ناوەڕاستی باخچەدا،
دوا گەڵا خواحافیزی کرد
نازانم بۆ؟
بڕیارم دا، خۆم بەلقی درەختێک هەڵواسم
پەشیمان نەبمەوە، لەوەی گیرۆدەی گەڵام
گیرۆدەی پەنجەرەی کەسێک
بەزەحمەت دەمناسێتەوە
ئەو هەموو نامۆییە ژیانی پڕ کردووم لە مانای پڕوپووچ!
کێ دەڵێ رزگار بوون،
گەمەی دەربازبوونی
نێچیرە لە داوی ڕاوچیدا؟
(پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە)
یا دەتەوێ لە ناوەڕاستی زەریادا
پێم بسەلمێنی رزگار بوون
سەر شەپۆل کەوتنە
دەرباز کردنی گەمێیە لە گەرداو
هاواری کەشتیەوانە، کە دەڵێ: سەوڵ لێدەن
کەنار چەند باڵێکی ماوە!
کەسێک لە کەنارەوە بە باسکە مەلە دێ
هاوار دەکا..
ئەو چی دەڵێ؟
لە ناوەڕاستی زەریادا، کام کەنار دوورترە؟
لای ڕاست یا چەپ؟
هەڵکشان و داکشانی ناو شووشەیەکی بەتاڵ
رزگار بوون نییە



سێ بەشی رزگاری بریتییە لە:
شکاندنی تەوق
و
بەزاندنی تخوب
کۆت فڕێ دان
و
فڕێ دان
ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆت
ئەوساتەی (با) تاوەدەدەی
پاشان لە سوچێکدا خڕی دەکەیتەوە
تێکەڵی جوانییەکی ڕەهای دەکەی
تەواو هەراش دەبی
خەتێکی سپی و خاڵێکی ڕەش
تەواو لەیەک جیا دەکەیتەوە
لەناو لەش و
لەناو شەودا دەمێنیتەوە.
ئەو ساتە ترس نامێنێ لە نێوان
من و گوڵێک
من و کۆترێک
من و ماسییەک
بۆنی بەیانی و سەری کوڵمێک
بۆنی خاک و سەری پەنجەیەک
قسەی بن زار و سەر زار
وەک یەکیان لێ دێ
ئەو ساتە
یەکسانی هەوا پڕ دەکا پڕاوپڕ لە نوور
سەوزەڵانی نێوان بوون و نەبوون
پڕ دەبێ

پڕاوپڕ لە:
ئەوەی
مەحاڵە
بمرێ
هەر هێندەم بە خەیاڵدا دێ
(هەم یا نیم؟)
بەهاملێتم وت، با خۆمان لە وەڵامی
ئەو پرسیارە بدزینەوە
ئەگینا
من کە لەودیو چوارچێوەکاندا فرچکم گرتووە
بێ کۆت و زنجیر زمانم پژاوە
ڕزگار بوونم بۆ چییە؟
هاملێت قسەکەی پێ بڕیم،
دڵنیای کردمەوە
ڕزگاربوون بە تەنها بەس نییە.



## شەترەنج

بەو چوار گۆشەسپییانە هەڵنەخەڵەتێی
کەس تا سەر لەناو سپیدا نامینێ
کەسیش تا سەر لەناو چوار گۆشەی،
قەترانی قەتیس ناخوا
شەو دەڕوا و ڕۆژی بەدواوە دێ
بەهەمان شێوەش وەرزەکان
کەسێ بەناو پەڵەی ڕەش و سپیدا بازدەدا
بەسەر لاشەی سەرباز و وەزیردا
بەناو چوارگۆشەی بەتاڵ و پڕدا
کەسێکی جەربەزە باز دەدا
ئەو کەسە ئەسپی ڕەش دەیبا
ئەسپی سپی پێشی پێ دەگرێ
کەسێکی ئەفسانەیی...
لەپێش لەشکردا ڕەمبازی دەکا
فیل لەم سوچەوە بۆ ئەو سوچ
لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا
چەشنی با پەلە پەل دێ و دەچێ
فیل تەنیا لە شەترەنجدا وا خێرا دەڕوا
شەترەنج لە کۆمیدیا دەچێ!
سەرباز دەخورێ
فیل دەخورێ
ئەسپ و وەزیریش
هەر پاشا نەبێ
کە کشی لێدەکرێ
خۆی دەمرێ.

سەرەتای ١٩٩٩

## نیشتەجێی ناوی خۆمم*

ئەرخەوانێک تەماشای گردەکە دەکا
گردێک کەوتۆتە دوای مێژوو
گردێک تەمەن دەخەوێنێ لای دارێکی،
کە زەوی فێنک دەکاتەوە
ئارامی چۆتە دۆخی سێبەر و
ناو چۆتە دۆخی بەردەوە.
لەبیرم نەچێ، ناوی خۆم و،
ناونیشان و هەندێ ڕاسپاردەی بچووک
لەلای دار ئەرخەوانەکە بەجێ بێڵم.
ناوم: ئەستێرەیەکی کۆمیدیای سەردەمی
یۆنان و
چاوێکم، بەدیار ئاسمانەوە.
دەڵێن، دایکم
حەزی کردووە بەناوی مەرقەدێکم بکا
لە خەوێکدا، کلچو کێکیان لە داری گێلاس داوەتێ
وەری نەگرتووە
خەنجەرێکی زیوینیان لەبەر پشتێنی سیحرێکەوە
دەرهێناوە و لە دەلاقەی
ژووری نووستنیان داناوە
ترساون دەستی بۆ ببەن
من هاتووم، یەکەمجار دەستم بردووە بۆ دەسکی
ماڵ پڕ بووە لە دووکەڵی شینی تۆخ
پڕ بووە لە بۆنی پیازو لیمۆندوزی
لەوساوە ترسێک کەوتۆتە دڵم
دەست درێژ دەکەم بۆ درزی هەر مەبەستێک
دەترسم



کەچی هەمیشە ناو دەستم
پڕ دەبێ لە بۆنی ڕەحان
دەست درێژ دەکەم بۆ هێشووی هەر ئاسمانێک
دەنکەکانی سفت و مزرن
لە سوچێکدا ناوێک خەرمانەی بەستووە
لە دەوری ئینجانەی گەوهەرێک
ناوێک، غەزەلێکم بۆ دەنووسێ
لە غەزەلە زیوینیەکانی حافزی شیرازی
دەماودەم دەیلێینەوە
لۆچ ناگرێ وشەکانی
ناچەمێتەوە قافیەی
نافڕێ کێشی سەنگینی
سپی چەشنی کولوە بەفری فێنکە ماناکانی
دەشێ ئەو ناوە لە بەردێکەوە بۆ من هاتبێ
دەشێ لە مسکی ئاسکێکەوە بۆ من هاتبێ
دەشێ کێوێک سێبەری خۆی پێ دابم
یاهەندێ جار، مەزەندە دەکەم باخچەیەک
ناوی خۆی بۆ کردبم بە پێخەف
ناوێک خۆی هاتە سەر زار و،
خۆی کەوتە بەر گوێچکە.

ئەندێشە چۆلەکەیەکە زوو هەڵدەفڕێ
دەنوک دەدا لە گوێی ئاسمان
هەندێ جار دەنکە جۆیەک نابینێ
جاری واش هەیە ئەفسانەی بەهارێک هەڵدەگرێ
لەم گوڵزار دەیباتە ئەو گوڵزار
ئەندێشە خاڵێکە لە شێوەی دەنکە خۆڵ
سەرەتا و کۆتایی

له ئەندێشەوە دەست پێدەکا
بە ئەندێشە کۆتایی دێ.

دەنکە گەنمێک چۆن دەخرێتە ناو شیعرەوە
دایکم دەڵێ، ناوی تۆش وا
وا مەزەندە دەکەم، ناو لە شێوەی دەستێکە
خۆی خۆی دەنووسێ
عەیب و عاری خۆی دادەپۆشێ
داوێکە دەمبەستێتەوە بە گوڵ و زەین ڕوونی
گەنم ئەزەلە لە قەوارەی دەنکێکدا
ناو قەدەرە لە حەرفی هەورێکدا

لەنێوان دوو ئاوی جیاوازدا
ئەرخەوانێک ناوی منی توند گرتووە بە قەدیەوە
ئاوێک دەڕوا بەرەو خوار
ئاوێ دێ بەرەو ژوور
ماڵئاوا.
لەبیرم نەچێ، خەنجەرێکی زیوین
لە دەلاقەی ماڵەکە دانراوە
دەست دەبەم بۆ دەسکی
دەستم دەبێتە شەماڵی ناو شیعرێک
دەستم دەبێتە سەوسەنی تابلۆیەک
دەستم ناچێتە ناو گیرفان
بشێ پەرێشانی دەموچاوی کەژێک بەو دەردەی بردبم
یا حەسرەتی منداڵێک
بشێ تەپ و تۆزی ڕمانی پردێک
بێهۆشی و بەئاگابوونی تێکەڵ کردبم
یا ئەسەواری ڕۆیشتنی هەورێک لە نێو تەمەندا
یا بێ عادەتی گوڵزارێک لە ئاست بولبولدا



چیم بیستووە لە نایەک لە ناوقەدەوە شکابێ؟
چیم خواستبووە لە شەوی ناوێک
پێنج ئەستێرەی بە فرمێسکێک لێ ڕژابێ؟
هەر ئەستێرەی نسارێک بێ بەچنگی داڵێکەوە
یا ئەڵقەیەکی زیوین بێ بەپەنجەی ڕەشەبای شەوێکەوە
چیم بینیووە:
ئەرخەوانێک لەتێک ئاسمان بۆ خۆی دەبا
بە تەنافی لقێکیدا دێنە خوارێ ئەستێرەکانی.
ئەندێشە وا زوو لێ ناکاتەوە
ناوم تێکەڵی شەونمی تەماشا بووە
ناوم چۆتە ناو دۆخەکان
تا ئەوپەڕی ساکاری سەرما و گەرما
ساکاری شەو و ڕۆژ
ساکارە ناوی لێکدراوم
لەگەڵ کۆترێک لێم تێک دەچێ!
ناوم بە پەیڤێک دەست پێدەکا
بۆ هەمان مەبەست و بەهەمان شێوە
سەرەتا بە پەیڤێکی ناوم دەست پێدەکا.

سلێمانی/ ٢٠٠٠

* ناونیشانی شیعرەکەم لە ناونیشانێکی سان جۆن پێرس وەرگرتووە

## پۆرتریت

(1)

چاوێک کتومت ئاسمان بوو
لە بەردەم دوکانی گوڵفرۆشێکدا
گوڵێکی نیشاندام،
لە ئینجانەیەکی سەدەفی مەیلەو نارنجیدا.
گوڵفرۆش وتی،
لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا
لە باکوورەوە بۆ باشوور
هەموو ئەو گوڵەی لێ بزر بووە.
باخچە بە باخچە گەڕاوم
ئەو گوڵە تاقانەم لە زریان سەندووە.
ئەو گوڵە!
لەناو ڕەنگەکاندا، ڕەنگی شەرابی
ئێوارەیەکی هەڵبژارد
تەنیا بۆنێکی نەگرت
ئەو بۆنە،
لەناو هەموو بۆنەکاندا
بۆنی مردن بوو.
چاوێک کتومت ئێوارە
کاتێ برۆنزی دادێ، برۆنزییەکی مەیلەو ڕەش.
ئەو گوڵە!
سەردەمێکی زووتر
لای بەفر و لای ژنێکی سیحرباز
ڕەنگ و خەسڵەتی سیحری گرتووە
زریان ئەو گوڵەی ناسیووە
پێش ئەوەی لەسەر پێستی



سپی و لووسی بەفر
بنیشێ
عومرێک لای ئەو ماوەتەوە.
هەموو ئەوەڵی بەهارێ
سیحرەکەی دزیووە،
پاشان،
دەنک دەنک
مورووی شینی سیحرەکەی
پێ داوەتەوە.
گوڵفرۆش پێی وتم،
ئەو گوڵە ببە لەگەڵ خۆت
ببیە لەگەڵ خۆت ئەو شیعرە
ئەو شەوە تەنیایە بۆ خۆت ببە.

(2)

نەبادا گوڵێک لەو گوڵانەی گوڵفرۆش
لا لووت بێ،
نەبادا گوڵێک لە گوڵەکان
شەڕم لەگەڵ بەرپا بکا.
وتم، گوڵفرۆش!
کەی لە شیعرێکدا بەو چەشنە
ناوی گوڵێکم بردووە
حەقیقی بێ؟
نایشارمەوە، دڵم بۆ گوڵی زریان
توند لێ دەدا.
وتم، گوڵفرۆش!
چونکە مانگ (گوڵێکی زەردە لە تاقی ئاسمانێ)
هەر تەنیا زمانێک دەزانێ

هەر تەنیا ڕێگایەک دەناسێ
من پەنام بۆ نەبردووە
گەر گوڵفرۆش دڵگیر نەبێ
هەموو گوڵی دوکانەکەی
ناگۆڕمەوە بە سیحرێکی گوڵی زریان

(3)

کەسێک کتومت ئاسمان بوو
لە بەردەم دوکانی گوڵ فرۆشێکدا
تیلماسکی حەزێکی تێگرتم
حەزێکی پاییزیی
لە پاییزە جوانەکانی
دەوری ماڵەکەمان
لەسەر چنار.
ڕەنگی کاڵتر بوو لە ئاوێک
گزنگ لێی بدا
لەسەر لەوحی بەیانییەک.
تەنیا یەک دوو دەنکە سەدەف
ئاوەکەیان بەلای سپیدا بردبێ.
لە بەردەم دوکانی گوڵفرۆشێکدا
ئاسمان ڕاستەوخۆ پەنجەرەی
لێکردمەوە
منیش ڕاستەوخۆ دەستم برد
بۆ دەستی.
گوێم لە قسەی گوڵفرۆش گرت
مەجازێکی دۆزیەوە
نیشانی ئاوم دا
ئاو وتی، گێل مەبە



ڕازی دڵ ناترووکێ
دڵگیر بووی لە گوڵ، دڵگیربووی
دڵگیربووی دڵگیر
ئاو وتی.

(4)

نەبادا گوڵێک دڵگیر بێ
من قسەی خۆم بە ئاو نە وت.
شەرم لە جوانی گوڵ دەکەم
گەر گوڵفرۆش دڵگیر نەبێ
لەناو هەموو گوڵەکانی،
دەست بۆ گوڵی زریان دەبەم.

## زمرۆتی پشت هەور

جێ نشینی کۆڵانەکانی ڕووناکییم
مەیل و هەوەسم لە چاوگی خۆرەوە هەڵدەقووڵێ
لە هەستێکی نا دیار و،
سەلیقەیەکی لە چەشنی سێبەری
ڕۆیشتنی مانگ بەلای هەورا
لە هاشە هاشی مزربوونی هەڵووژەییێکەوە
لە فڕینی خەیاڵێکەوە بە ڕێکەوت
لە نەرمە شەپۆلی سەرخۆشییەوە
تا تەمەنی دەریایەک پڕاوپڕ لێی برژێ؛
بۆ دیتنی جوانی دەڕۆم.
پێویست ناکا شەو ماندوو بێ
بە کۆکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ئەستێرە
لە کاتی ڕژاندا
یا گەڕان و سوڕان بەدوای، شوێن پێی با
لە ڕۆیشتنی پایزدا.
ڕووناکی لە قووڵایی غافڵبوونەوە دێ
لە هەڵتلۆقانی هێزی درەوشانەوە
لەناو دەنکە تۆوێکی ڕەقدا
لە ترازانی بە ئاستەمی بەردێکی نێو دیواری بووندا.
حەوجە ناکا
تخوبێکم لەسەر ئاکاری فەلسەفە و،
تخوبێکم بچێتەوە سەر دەریاچەی ڕەوانبێژی
من لە سادەیی گەڵای گیایەک
سیحری وشەی تەڕبوون فێربووم
لە پێگەییینی شەراب
لەناو کوپەیەکی پڕ ئەفسوون دا



فێری باڵق بوونی شیعر و
مت بوونی خەیاڵ و
خوێندنەوەی تەنیایی بووم.
لە تەڵخبوونی ئاوێنەیەکی دراوسێ
دیمەنی دڵڕفێنی تەجەللام دیت
لەناو هەزار
لەتەدیمەنی نارێکدا
جیناسێکی ناسک و تەبام داڕشت
لەناو هەزار
ڕستەی قەبە و ناتەبادا.
ئەفسانەکەم بوو بە هەزار پارچەی بچووک،
من ئەو کاتە،
لە دەرگایەک هاتمە دەرێ و،
گوێم گرت لە هەناسەی ئاو
کە دڵی بەردی کون دەکرد.

هەسارەیەک لێم نزیک بووەوە
کتومت کەشتی بوو
لەو کەشتیانەی خەیاڵ هەڵیاندەدا
بۆ ئاسمانی منداڵی
سەرکەوتم بۆ سەری
خاڵێکم دیت لەناو سینیەکی مس دا
گاڵتەجاڕییەکم بیست لەکن ماڵی پێغەمبەرێکدا
توورەگەێکم دۆزییەوە پڕ لە ئەنتیکەی عەشق
باڵێکی یاقووتی دەیبردم
بۆ ناو پیرۆزەیی سۆز و
بۆ ناو شینێکی تەنیایی.
من شیعری خۆم ناسییەوە

لەناو دڵێکدا پەلکەزێڕینەی هەڵدابوو
لەوپەڕی وەڕسیدا ئاسۆیەکی ڕادەماڵی
لە حەرفێکەوە تا کۆتایی مەنتیقی باڵندەکان
لە چرۆی هەستێکەوە تا دارستانی ناسووت
شەوقێکە لەو دیوی مەعناوە
سووتانێکە بارتەقای قەقنەس و
بۆشاییێکە پڕاوپڕ لە عەدەم

تازە چ خەوێک خۆشترە
لە بێ ئاگایی گوڵەگەنم کاتی زەردبوونی
یا شەو کە بەسەر پشتی چەند جوتیارێکەوە
دێتەوە ماڵ
پشتێنی دەکاتەوە و لینگ رادەکێشێ

ڕستەکانم بە لقی دارەبەنێک گرێ داو،
وردە وردە هاتمە خوارێ
کەسێکم نەدی لە شمشێر بچێ!
کەسێک سەودا لەگەڵ خۆربکا
کەسێ بچێتە بەر لێزمەی عەشق.
بەڕارەوی لێکدانەوەیەکی چەوت و
مەیلەو تاریک
ڕێیەکەم دۆزیەوە هیچ بایەک پێیدا تێنەپەڕیبوو
گۆزە و لەگەن و سوراحی دەستی کەیبانوو
هێشتا لە ماڵ نەچووبوونە دەرێ
کە من پڕاوپڕ بووم لە ئاژاوە.
بەیان و بەیبوون لە گەرووی خنکاودا
هەڵبەستی ژاکاویان هەڵدەدا
گەڵا خیانەتی لەگەڵ گەڵا دەکرد
شەڕی براکوژی ئەوسا



دەستی ڕاست و دەستی چەپی تێکەڵ کرد
پێمان بڵێن، برا و دوژمن!
کامەیانە لەو دیو دەرگا، بانگ دەکا کەسێ بچێتە ژوورەوە؟
پێمان بڵێن، بۆ پێغەمبەرێک
لە (داڵاهۆ) شۆڕ نەبووە ناو ئاوایی
وانەیەکی مەنتیق و
وانەیەکی بەفر و
وانەیەکی گوڵەمێخەکمان پێ بڵێ.
گێژم خوارد
تا ساتی تەقینەوەی کانی
لەنێو بەردەڵانی زمان دا
تا ساتی هەورە تریشقە و تاوی باران
لە وەرزی ڕستەی خامۆش و کڕکەوتووی
بێ پێز و بەسەزمان دا.
کاتێ ئاو، تارمایی مردنی ڕاو نا
بەرەو زنجیرە شاخەکانی مەراق
من دڵم کوتە کوت لێی دەدا
بۆ کچێک سێ بەشی لە ئاو و بەشێکی ئاسمان بوو!
هەمیشە ئاو بێ یاسایی دەکا
مل دەنێ و پەنگ دەخوا
گوێ ناگرێ.
خنکاوێک دوو دەستی هەڵبڕی
ئاو پڕبوو لە ترس و سام گرتی
سام گرتی ئاوی ناو دەماری شیعرێکم
سام گرتی قافیە و ئەندێشە
کرمی ناوقەدی دار سام گرتی
سام گرتی دەرگای ماڵەکەم
سام گرتی میلی سەعات و ڕەنگی تابلۆکەی سەر دیوار

سام گرتی ئێوارەی ناو کێڵگە و،
سێبەری درەختی سەر ڕێگا.

لەمنارەی سەرێکەوە
کۆترێکی بەرخانەقا
حەرف حەرفی کتێبێکی کۆنی دەدزی
مەعنایەک چووبووە ناو ئێوارەی پەڕەکانییەوە
ئەو مەعنایەی پێ نەدزرا
کۆترێکی ناو خانەقا
حەرف حەرفی کتێبێکی دەخوێندەوە
چڵی تیژی دارەبەنێک
نێوان دوو مەمکی سمیبوو
تریفەی حەزێک کەوتبووە نێو کەلێنی زام
دارمێوێک لەو بەینە تولەی خۆی هەڵدابووە سەرەوە
ئەو دارە فێربووە، دەست دەبا بۆ ئاوی
زمزمی ژێر کەپری خواوەندێک
ناو لەپی پڕ دەکا و دەیخاتە ناو تامی هێشوویەکی

نێرگزێک ئیمانم پێ دێنێ
دەشێ باران زووتر دابکا
مەولانا پێم دەڵێ: دەشێ مەی
بەدەستی هەموو بولبولێک بخۆینەوە و،
پەیتا پەیتا ئاسمان داچۆڕێ
بۆ ناو دەفری موعجیزەیەک
من لەو دەفرە شەرابی ڕۆحێکی سووری
ڕۆژهەلاتی هەڵدەدەم تا دوا دلۆپی
مەولانا پێم دەڵێ، حەزی مەلێک
چۆتە ناو ئاوێنەی شەوێک
جاجمێکی خەت خەتی



تاریک و ڕوونی چنیووە تا بەیان
ناو لەپی پڕبووە لە زمڕوت.
ئەو دەڵێ:
مردن هیچ شتێکی نەبرد
بەو نیازەی زوو دێتەوە.

ماڵەکەم بە سەرپشتی کەشتییەکی بچوکەوە
خۆر لێی دەدا
لە ئاوێکەوە بۆ ئاوێکی گەورەترە؛
ماڵەکەم گەورە دەبێ
لە باریکە ئاوێکەوە بۆ ڕووبارێک
کەشتییەکەم تیژتر دەڕوا
ماڵەکەمان لەوێ ماوە؟
کۆترێک بنێرم دەیناسێتەوە
چڵە هەنارێک ڕاسپێرم
سەر دەخاتە سەر دیواری حەوشەکەمان؟
مانگ بەو چەشنە سۆراخی تریفەیەکی خۆی دەکرد
(من تۆم بە سێبەری دارتوویەک سپاردبوو
بۆ لەوێ نەماوە؟)
قەڵسم لە دەست ئەغیار و گوێگرتنی
درزی دیوار لە کاتی تێپەڕینی بادا
قەڵسم بەدەست گەمژەیی گیا
کە شوێن پێ و جێگەی دانیشتن و
هاتوچوونم دەسڕێتەوە.
جێ نیشی پەپوولەی جوانیم لە باخچەی ماڵەکاندا
بە گوڵە هێرۆی سەر پەنجەم دەمناسنەوە
کاتێ لە دەرگای جوانترین ماڵ دەدەم لەناو هەورا.

ئەیلوولی/ ٢٠٠٠

## سکێچی ئاو

تەواو بەگیریان هێنابوو
تروسکەی ئەستێرەیەکیان بەگیرهێنابوو
کە خۆی بەنامۆ دەزانی،
لەناو تاریکایی شەودا
هەندێ جار.
جوانی خۆی دەشارێتەوە
وەکو چۆن بەهار لە چرۆیەکدا
بەقەد دەنکە هەنارێکی لێ دێ
یا فڕین خۆی لەناو باڵێکی قورسدا
لە خاک دەخشێنێ
یا خەو، لەژێر پێڵوویەکی خاودا
لەهیچەوە، لێواو لێوی شەو دەبێ.
بەو چەشنە دەچمە ناو خانەکانی ڕۆژەمە
لە ڕەنگی مۆر و گوڵ گوڵی فانتازیاوە
تا سڕینەوەی تەواو،
یا کپی ڕەنگێکی لیمۆیی.
لە شیلەی تامێکەوە
تا بۆنی زەریا
هەمووی هەر منم.

تەواو بەگیریان هێنابوو
دوو وەرزی دژ،
شەماڵێکیان بەگیرهێنابوو
کە ڕووناکی بەیانییەک،
لە گوڵە باخی سەندەوە و دای بە کچێک
نەیدەناسی.



هەرهێندەی دەربارە دەزانی
کە کچەکە ئاو هێنابووی
لەناو سەبەتەی نارنجی
هەورێکدا
کچە بێباک
لەئەدگاری تەنکی مەیلەو ساردی
شەماڵ ڕادەما.
کچە دەیووت،
بەردێکم لەسەر ڕێی کاکێشان
بەو چەشنە بەدوامدا بگەڕێ:
بەردەکە سوور بوو
من خۆمت نیشان دەدەم.
ڕەش بوو، یەکتری نابینین.
ئاو هەڵدەستێ لە ڕەشدا.
هەندێ جار،
پەنجەرەیەکی کراوە
کەسێکم نیشان دەدا،تەنیایی دەیکوژێ.
پیاڵەیەکم نیشان دەدا
پڕ لە شەراب،
ڕەزێک دەیخواتەوە.
دڵ لە دڵ نادەم
دڵنیام کەسێک
ڕۆژی شەممەیەک
لەو دوورەوە دێ
بە ئەسپایی دەرگاکە دەکاتەوە
لەبن دار گێلاسەکەوە تا کۆتایی
شەقامەکانی هەور
پیاسەم لەگەڵ دەکا.

له کۆڵانێکی تەسکەوە تا ئێوارەیەکی شین
گەڵا گەڵا پڕ دەبم لە ڕەنگی بەهاری
پێست پەمەیی، لە خوار ناوکەوە
کەمێک سوور
ڕەنگی لیمۆیەکی کاڵ
توند و تۆڵ.
ئەو کەسە باسی دارێکم لۆ دەکا
بەژنی خۆی داوەتە ژنێک
بۆ ئەوەی بتوانێ،
هەر شەوە و ئەستێرەی بەختێک
لە ئاسمان بدزێ.
لە هەیوانێکدا، ڕۆژەکانی هەفتە بەسەر دەبەم
تەنیا دارێکی تاقانەی تێدایە
سوێند بەو دارە دەخۆم
ئەوەی بن پێست و بن زارم
بەبێ هۆشی ئاو بسپێرم
کە دەڕوا و ناگەڕێتەوە.

لای ئاو باسی منداڵیم کرد
باسی هەوری هەرزەکاری،
هەڵکشام تا سەرووتر.
لە پیرەمێردێکی چاچانەوە
تا پەیکەرتاشێکی گریگ
تا شەڕکەرێکی کابوول.
لە دەنکە گەنمێکەوە
تا ماسی گرێکی مەکسیکی
تا حاجی لەقلەقێک
هەموو ئاو دەخۆینەوە



هەریەکە و ئاوێک.
ئاو شوێنی من دەناسێ
هەندێ جار،
گومان دەکەم، نازانم؛
چیم ماوە ئاو نەیبا ؟
ئەو باسی ماسییەکانی خۆی دەکا
ئاو دەڵێ،
ماسییەک پێی وتم،
من پێشبینی ماسیگرێکی پیر و
شەبەیخوونی ماسییەکی گەورەترم!
ئاو دەڵێ، مرواریيەک،
ترووسکایی سەد ئەستێرەی هەڵوژەیی
بەگیر دێنێ.
پەری زەریا!
ئەفسانەیەکم لێ دەدرێ
دەیباتە دوورگەیەکی دوور
مەلی خەیاڵ دوای دەکەوێ
ئاو هەرگیز بێ خەیاڵ ناژی!
هەندێ جار،
گێژدەبم لە ئاست ئاوێکدا
گێژ دەخوا بە دەوری نا هەقی
بایەکدا
کە شووشە و پیاڵەی گوڵێکی
شکاندووم.
گێژ دەخۆم،
هەندێ جار
بەدەست ئاو
کە خەیاڵ ون دەکا.

هەندێ جار،
کە جوانی خۆی دووبارە دەکاتەوە
وەکو دەنکی هەنار،
دەشێ ئاو
لە مندا دووبارە بێتەوە
منیش دووبارە ببمەوە
لە ئاودا.



## ناو لەپی پڕ خۆخ

هێشتا لە خەونی کافوریی وادەی منداڵی
دەرباز نەببوو
کە لە پەنجەرەی پاکژییەوە
تریفەی لەخۆبایی چریکاندنێک هەڵفڕی.
نیوەی وەرزی یاسەمین بەدەرەوە بوو
گەرما کەمێکی کەوتبووە سەر زەوی
زیوی بەیانییەک
لە بەیانییە تەنیاکان
هەڵوەدابوو لەناو شەونمی بریسکانەوە.
چریکاندن دوور کەوتەوە و،
بۆنی ئاسمانی دڵتەنگی داکشا بەرەو ژوور
ئەو بۆنە،
وەکو ڕستەی کاشوکوشی بێ ئومێدی
پڕشنگی جوانی توند گرتبوو بە بەرۆکییەوە
هێندەی نەمابوو بخنکێ
بەو چەشنە شەماڵێک چووە ناو جەنگەڵ
ئەستێرەیەکی زەنبەقی،
کەوتە ناو کۆشی نیوەڕۆ.

باڵێکم لە دەستی خۆرەتاو ڕاپسکاند
لە پردی ئێسک و پلووسکی خافڵبوون
بە ئەسپایی پەڕیمەوە
بۆ دەشتی شەرابی گوڵەکان؛
ئەنگێزی نامرادیی لە شێوەی دژە خەونێکی ناخۆش
بە چاوێکی کزی بێ فەزاوە، دەرکەوت
(دیدالۆس) لە شەڕی دێرینی نێوان فڕین و نە فڕیندا

لە مەودای نێوان کەوتن و نەکەوتندا
قورقوشمی ماچێکی دزراو بوو
زمانی تەتەڵەی دەکرد و ئارەقەی شینی دەردەدا.
پاکیزەیەک بووە میوان
شکۆفەی هەوای دەلەراندەوە، پاکیزە!
بۆنی ساردی ڕۆژەکان و ئاسمانێکی کاس بوو بەسەرمانەوە
ئەو بۆنە فرە بێزاری کردین.
ئەشێ هیچ ڕێیەک لەو بزنە ڕێیانە
نەچنەوە ژێر هەورەکانی ڕزگاربوون
ئەشێ پێستی پاسارییەک،
تەنک چەشنی پەڕێکی نەیلۆفەر
بەرگەی دژە فڕین نەگرێ، نەگاتە کەنار.
خۆم بە خۆم وت، فڕین مەحاڵە!
باڵێکم بە مۆری و مەرجان نەخشابوو
بە زەحمەت لە خۆمم کردەوە
فڕین مەرجێکی مسۆگەر نییە بۆ دەربازبوون!
لە زەوییە ڕەقێنەکانی غەریزەوە
تەنک تەنک هەڵمێکی سوور هەڵدەکشا بەرەو ڕووم
لەو بۆشاییە نەگریسەوە
لە نێوانی بوون و نەبووندا غلۆربوومەوە خوارێ
هێشتا مەیلەو تاریک بوو
کە چاوی وەنەوشەیەک لەناو بەردەلاندا
چرکەیەک لەو دیوی کاتدا جورئەتی پێ بەخشیم
گەیشتمە تیلماسکی ئاوێکی کۆن
لە ڕۆخی ئەو ئاوە، پڕ ئیلهام بووم لە تەماشای
گیا بەرزبووەوە، ئازادی تا ئاوزینگ هاتبوو
خاچی پێغەمبەرێکی کوژراو لە بەهاردا خۆی دەنواند.
لە ناکاو،



پێچەوانەی موگناتیسی سەرکوتکردن
دەرگای حەوشەیەک کراوە
ملم نا، تا توانیم ملم نا.
باق و بریقی ناو هەورێکی دوور
کۆڵانەکانی پڕ کردبوو لە نوور
خەونی تەڕ و ناسک، ملی باریکیان لە خاک دەردەهێنا
ماسیگرێکی خۆرنشین!
ماسییەکی ئاورشمینی ناو تۆڕی شەوێکی نارد
بیخەمە ناو حەوزی
خەیاڵێکمەوە
من لە سەر ڕۆخی حەوزەکە
لە باخچەی حەوشەکە
چەشنی خۆخێک بەسەر دارەوە
خەوم لێکەوتبوو.
ماسی تەماشای خەیاڵی دەکرد
حەوشی پاکیزە پان و ڕەنگین
سەد باڵ بەلای ڕاستیدا گوڵزاربوو
ناوەڕاستی، ئاوێک بوو بۆ مەلە و پێکەنین
لەشی پاکیزە شیرێکی پاکژبوو
لە جوانیدا خەست ببووەوە
کەفوکوڵی خەونێکی ناکام
کەمێکی لالێوی بە خەتێکی سپی جیا کردبووەوە.
بینیمان، پاشان لەناکاو بزربوو ئەو دیمەنە
خەیاڵ ناو لەپی ڕۆژەکانی پڕ کرد لە خۆخ
ماسی خۆخ ڕەنگ!
خۆخی لووس وەکو پشتی ماسی!
ماسی خەیاڵ، یەک و دووان نەبوون
خۆخی خەیاڵ، دارێک و دووان نەبوون

بەو مەنتیقە، هەرزەکاریم لە ڕۆخی ڕسکانی حەوزێکەوە
لەوەڕاند تا گەیشتمە چارەنووس
پاکیزەم بۆ دواجار بینیەوە
لەچکێکی قەیسی ڕەنگی تەنک
نیوەی پرچی داپۆشیبوو
لەچکێکی هاتبووە خوارێ.
هەورێکی شەرمن پەنجەرەی بینینی کردەوە
لەناو سەبەتەی باخەوانێکدا حەجمانی نەبوو
خۆخی پاکیزە!
(باخەوان وتی،
ئەو خۆخەی ناو سەبەتە هی منە
ئەوەی سەر دارێ، هی هەزار)

بێ مەنتیقی تل خواردنەوەی بەردێکی زەبەللاح
لەوسەری سەرەوە
تا خواری خوارەوە
لە خەونی بەردی نزیک خستمەوە
لە ڕەنگە ماتەکانی
لە دەنگی خرۆشی
دێتە گوێم دەنگی کەوتنی
دێتە گوێم دەنگی وردبوونی
دێتە گوێم دەنگی بەرد
بەرد یاری لەگەڵ با دەکا
بەرد مەلە لەناو ئاو دەکا.

بێ مەنتیقی هەڵگرتنی خاچێک
لە یەکەم ساتەوە تا دوا سات
مەرگی کرد بە گۆرانییەکی شین
بەسەبایەک هەناسە پڕ بکات لە بۆنی مێخەک،



بێ مەنتیقی دارستانێک
ناوقەدی دارەکانی کون کون کرد
لە سەر گەڵا پانەکانەوە تا گەڵای باریک
لە چڵێکەوە بۆ چڵێکی دوورتر
باڵندە بەو بێ مەنتیقییە دەگەڕان
باڵیان بەر یەکتری دەکەوت
دەکەوتنە خوارێ.
بەرژەوەندی تیر پێش بەرژەوەندی نێچیر بوو
کەسێک تیر ئەنداز بووا، پێیان دەووت: باش دەپێکێ!
لە نێوان تیرو نێچیردا
گەردەلوول گێژی خوارد
گێژمان خوارد، تا مەنتیقی گەردەلوول
سەری لە تیرەکان شێواند
تیر چەماوە ناو بۆشایی
تیر لە سەر لەوحی سپێتی سڕاوە.
ئەوسا تەمەنی چوونە ناو دۆخی ماسی
گێژی خوارد
خولاوە تا بووە خۆخ!
دوو خۆخم بەدەستێک هەڵگرت
هیچیان لەو دی سووکتر نەبوون
تەنیا ئەوە نەبێ،
مانگ کەمتر پەنجەکانی دەسووتاند!
ئاسمان تەواو بێ جریووە وەک خۆر نەبوو.
پەلکەزێڕینە وشک هەڵاتوو
تریفە کەوتە ناو کۆشم
خۆخ مەنتیقی خۆی دامێ
بەو شێوەیە ژیان لە کونی دەرزی مەسیحێکەوە
چووە ناو باخچە

بەپێی پەتی سەرکەوتم
چەند باڵێک دوور کەوتمەوە
خەونێکی گەنم ڕەنگ بانگی کرد:
دەوڵەمەندی بە ئاوی گچکە و گەورە نییە
گوڵ دەوڵەمەندترە لە زێڕی ناو قاسەی پاشایەک
بولبول دەوڵەمەندترە لە مقاولێکی پلە یەک.
چاوێک کە هەر بە قەد دەنکە ترێیەک دەبێ،
دەشێ جیهان بە هەموو بڵندی و نەویەکانیەوە
بە هەموو دۆخەکانیەوە ببینێ
لە تەقە تەقی دەنووکی چۆلەکەیەکەوە
کە دان دەخوات لە سینی بەردێکدا
تا گرمە گرمی هەورێک لەناو سینگی ئاسماندا
هەموو لە سووچی گوێچکەیەکدا جێگەی دەبێتەوە
کە بەقەد گەڵای هەرمێ بچوکە.
تروسکە خۆی بە هەموو تاریکی نادات!
بەردێک کە بە زەحمەت دەجوڵێ
تا
بۆنی گەنمێک لەناو دەنووکدا.
ئێوارەی لەترخواردووی سەرخۆشێک
تا پاڕانەوەی سۆفیەک لەتەک ئەستێرەی شەودا
ئەوانە،
بچووکترینیان لە کێوێک گەورەترن
کورتترینیان درێژترن لەڕێی کاکێشان.
بستێکم کردووە بە میلێک
جێی پێیەکم کردووە بە ئاقارێک
بەر پەنجەرەی شیعرم پڕ بووە لە خۆخ
خۆخ تا ڕۆخی ئاوەکانم دەبا
خۆخ قومری باڵ نەخشینە



خۆخ ئامرازێکە تەسلیم بە ڕەهایی مردنم دەکا.
چاوی ماسییەکان دەبریسکێنەوە
بەزمانی خۆخ قسەم کرد لەناو باخچەدا
ئاو کە گوێی لێ بوو
وەڵامی دامەوە.
خۆخ شەڕەکانی براندەوە
لە خۆخدا براکان ئاشت بوونەوە
لە خۆخدا...
کێویترین ئاژەڵ ماڵی بوو
توندترین ڕەشەبا کپ بووەوە
لە خۆخدا خۆم کرد بە تامێک لەناو دەمدا تەواو نەبێ.

## شەوی دووەم

لەناکاو،
کەنارێک بەدەر کەوت هەر هەمووی
زمڕوت و لەعل و ئاقیق بوو.
هێشتا چەند باڵێکی مابوو
لوتمان بتەقێ بە لووتی نائومێدییەکی تەواو
لەناکاو،
ریزە چرایەک ڕووناکیان فڕێ دا ناو ئاوێ
باق و بریق دەتووت گەردانەی هەڵڕژراون
پێکەنین و حیلکەحیلکی،
پۆلە ژنێکن لە ئاهەنگێکدا
لەناکاو،
کەشتیەوان بانگی کرد،
ئەوانە بەردی زەبەللاحن، نەهەنگن
بۆ لای ئێمە دێن.
سێلاوی ترسێکی ئەستوور ڕژایە ناو کەشتی
لای من پەنگی خواردەوە
لەسەر گازی پشت ڕاکشا
ئاو وتی:
تۆفان لە هێلکەی (کاوس)دا هاتەدەرێ
هەموو تەکان و ڕاچەنینێک لەوێوە هاتن.
وتم، ئاو وڕێنە ئەکا!
ئەو هەموو هەنارە بە ئاسمانەوە
ئەو ریزە چرایە، شەویان سورمەڕێژ کردبوو
ئەو ریزە جوانییە، هەر هێندەی ئێوارەیەک دووربوون
هەر هێندەی تەماشا کردنێک،
هەر هێندەی چاو بەچاو بکەوێ



چاوێکی ڕەش هێندەی دەنکە مێوژێک
لەناو بێهودەییدا دەبریسکایەوە
وتم ئاو وڕێنە دەکا
ئەگینا ئەو هەموو جوانیە بۆ پێشوازی لێرەن
لێرەوە تا بەر دەرگایەکی کۆن
ئیتر لەوێ گەشتەکە تەواو دەبێ.
لەوێ کەسێک چاوەڕێ دەکا
لەگەڵ یەکەم گەیشتنندا
دەست بە قژم دادەهێنێ
یەخەی کراسم چاک دەکا
وازەن دەکەم
کەسێک دەمێکە چاوەڕێم دەکا.

باران لێی نەدەکردەوە
چەشنی جحێڵێکی خورت
زەوی لە تافی لاویدا دەگەوزاند
بە زەبر دەنووشتایەوە سەر لەشی لووسی
لەناو ئەو لەشە هەڵاتووم
لە دەست ئەو لەشە نەفرەت لێکراوە
هەڵاتووم و ڕووم لە خۆرئاوا کردووە.
ئەو هەموو لاسک و قەدو قامیشە
ئەو هەموو ڕسکان و گەورە بوونە
ڕۆژگاریان قانگ داوە
قانە زەوییەک نەماوە بۆ مردن.

جەژنێکی بەهاری ڕووبەڕووم هات
سیحر و ئەفسانە تا تخوبی عەبەس
بە مێگەل غاریان دەدا
لە دەشتێکی پان و بەرینەوە، بە پشتی ئاوێکی ماندوودا

لەناکاو خۆیان بە سنگی زەریادا دا
بەهار ترسێکی گەورەی خستە دڵ
ئەمشەو لە شەوێکی دی ناچێ
خۆرئاوا کەشتیەکە پڕاوپڕ لە تۆفان
چیت لە ئاو دیتووە؟ ئەستێرەیەک پێی وتم.
من ئەو قسانەم وتەوە
کە ئاو بەدار گێلاسێکی وتبوو
شەوێک و دووان لای مابووەوە
سکی پڕببوو لە جوانی و مزرێتی
پڕببوو لە شەراب.
ئاسمان شۆخی لەگەڵ دەکردم
لە شەرمان سەری خۆی دادەخست
بەو لێوە تەنکانەی کە دەتووت زەردە پەڕن
مەی ئومێد و نائومێدی لە یەکدی جیادەکردەوە
مەی شەو و بەیان
مەی بەفر و شینایی...
خواردمەوە تا کەوتم بە پشتدا
خۆشترینیان ئەو پێکە بوو کەلای ئێوارە خواردمەوە.
ئاو دڵی تەنیایی دەسمی
لەناو قوڵترین دەماردا شوێنێکی ڕەیحانەیی
بۆ مردن چۆڵ دەکرد
شوێنێک هەر بەقەدەر گوڵە مێخەکێک سوور دەچووەوە
گەمە هەر عەیامێک خۆشە، خۆم بە خۆم وت.
پاشان لەو بەرزاییەوە،
ئەو دەفرە فڕ دەکەین،
کە بۆنی ڕێی کاکێشان و پێرووی گرتووە.
من پەیمانم بە ئاوێکی تیژ داوە، تا ماوم پەنگ نەخۆم!
دەنگێک لە شەوی دووەمدا، بانگی کرد:
شازادەی میدیا!



تازە وا زوو مەڕۆ.
باران شازادەی لە تەپڵی سەر سەریەوە تا بنی پێ تەڕ کردبوو
خۆرئاوا پڕبوو لە مۆمیا و پەیکەری شازادەی دۆڕاو
پڕ بوو لە جەنگی بێهوودە
پڕ بوو لە بۆنی کاس بوون و هیلاکی
ئەو شەوە چۆن بەسەر ببەم؟

دڵۆپێک جوانی بەسەری پەنجەوە نووسابوو
شتێک لەبن بەردە سوورەکان دەبریسکایەوە
دەتووت هێشووە ترێیە لەبن بەفرێ دا
دەستم شکا، ئەو بریسکانەم هەڵنەگرتەوە
کە لە خوێندنەوەی (ئەناباز) بوومەوە
بە ئەسکەندەری مەکدۆنیم وت:
هێز جوانی لێ بزر کردم
هێز جوانی لە کیس دام
خوێنی کوژرانم بەقەد ناو لەپی ڕۆژ مابووەوە
ڕۆژ بۆن مسک و بەختەوەری لێ دەهات.
شەڕی کەسم نەکردبوو
هەر بۆ ئەوەی جوانی بەدەستی شەڕ کەرێ نەپێکرێ
ئەگینا من نەوەی ڕۆژ بووم
ماڵم لە فانۆسێکەوە دەستی پێکرد
تا شەیپووری پڕشنگ بەتاو لە زەوی دا
چنگم لە ڕەگی دار بەڵالوکێک گیر کرد
لە گوڵە هێرۆیەکەوە تا بەهار سروشتی خستە کۆشم
نەسرەوتم و نزیک بوومەوە.
عەیامێک لە چنگ وەڵامی بێهوودە و پرسیاری بێهوودە
ڕزگارم بوو.
لە حەزێکی وێڵەوە تا شیعرگەلێکی سەرگەردان
لەو ناوە بە سواری ئەسپێکی خورافی مامەوە
شەڕم لەگەڵ هەوا بوو بەس.

خەوەکەم دەگێڕایەوە:
باوەشم پڕ بوو لە بەفر و بەناو دارستانی گڕدا غارم دەدا
ئاو وڕێنەی دەکرد
شازادەی میدیا گەیشتە خۆرئاوا!
شەو لێواو لێو لێی دەڕژا
باران لێی نەدەکردەوە
دەرگایەکی خەنەیی لە چەشنی بەیانی کەوتە سەرپشت
ماڵەکە تازە چۆڵ ببوو
پاشماوەی بۆن و چاوەڕوانی پەنگیان خواردبوو
شوێن پێی ژنێک لەسەر فەرشەکە دیاربوو
بە پەلە پەل جانتاکەی پێچابووەوە
چەند پارچە جوانیەک جێمابوو
خوێنی کوژرانم لەناو پێخەفدا
سوور دەچووە.

شەڕکەری ماندوو هاتەوە
کەس لەوێ چاوەڕێی نەبوو
پەڵە خوێنێک لەسەر برینێکی کۆن قەتماغەی بەستبوو.
میدیا!
ئەی میدیا!
دەڵێی نامناسیتەوە؟
من شەڕکەرێکی ماندووم
لە بەردەم هەر دەرگایەکدا، وەستابم
بانگم کردەوە، میدیا، بیکەرەوە!
ئاو وڕێنە دەکا
شازادە وڕێنە دەکا
چی وەکو خۆی ماوەتەوە؟
چی نەگۆڕاوە؟

ئەیلوولی- ١٩٩٩



## گەڵاکانی سەر شۆستە

### چاویلکە

چاویلکەکەی داناکەنێ.
کچێک لەناو باخچەیەکدا
چاوی دەکاتە گوڵێک و
پەنجەی دەکاتە گوڵێک و
پێکەنینی دەکاتە حەوزی باخچەکە.
هەرچەند دەکەم
چاویلکەکەی داناکەنێ
کاتێ ئاوڕ دەدەمەوە
گوڵ چاویلکەی کردۆتە چاو
گیا چاویلکەی کردۆتە چاو
چۆلەکەی ناو سێبەری دار
چاویلکەیان کردۆتە چاو
باخچەیەکی چاویلکە لەچاو دەبینم
لەناو گەردی بەیانیدا.

### ماف

پێم خۆشە
سەگ بم، مەیمون بم قرژاڵ
نەک مرۆی ئیفلیجی ناو قەفەس.

### بێزاری

کلۆ کلۆ ژن دەبارن
کلۆ کلۆ دەبارن

کلۆن. تەزرەن
تەجالن.

## بێژینگ

ژنی برۆنزی پشت مینا بەمن چی
مەمکی لاستیک، گوڵدانی کریستاڵ و قافیە
ئاوی ناو ئاوێنە، مشت و مڕی بانقەکان
ڕێزمانی بازاڕ، بەمن چی
من کەودەنیم
چیم داوە لە شەڕ و  گونجانی چینەکان
قەیتان و ڕەخنە
پۆلیس و فۆلکلۆر
من لەو ساتەوە ئازادم؛
کە یاسا و سروشتم بەجارێ تورهەڵدا
من دەژیم
هەر ئەوەم مەبەستە و چی تر نا.

## ڕامان

لەو قەڵایە
دوو کەس دەبینم
یەکیان، مێژووی قەڵاکەیە دێتە خوارێ
ئەوی تریان: منالیمە
بەقەڵاکە هەڵدەگەڕێ.

## جیاوازی

ئەو گوڵەی لەبن بەردێکی ڕەقدا دەڕوێ
هەمان گوڵی ناو باخچەکەی مالان نییە.



ئەو بایەی لە باکوورەوە دێ
هەمان بای باشوور نییە.
ڕووبارێکی باڵ بەستراویش
هەمان ڕووباری بەهاژە هاژ نییە
کە شەو و ڕۆژ حەجمانی نییە و
بەقەراغ دێ تێپەڕ دەبێ
زەڵێ

## ئادەمیزاد

لەناو ڕەشەبا پرچی خۆم شانە دەکەم
لەبەر ئاو
جلەکانم ڕێک دەخەم.
دەچمە ژووانی ئاگر.
من دەمەوێ
چوارگۆشەی فەلسەفە دابخەم لەسەر خۆم
با و ئاو و ئاگر
خۆلیش... خۆم.

## جودایی

مردووەکان ئێواران کە دێنەوە
گۆرانییەک دەڵێن،
بۆنی پایزی لێ دێ.
مردووەکان بەگۆرانی دێنەوە
ئەوانەی بەبێدەنگی ڕۆیشتن
بەغەریبی دێنەوە سەر زەوی.

### لەش

لەش بۆنی نێرگزی لێ دێ
لەش بەشێکە لە ئاسمان
شین و ڕوون و دیارە بەڕۆژ
ڕەش و تاریک و بەنهانە شەوان.

### نائومێدی

وەڕسی ڕۆژەکانی دووبارە کردەوە
مەراق بردمی لەگەڵ خۆی
گێژم خوارد بەدەست پرسیار و،
هەراسان بووم بەدیار وەڵام.
چەند ڕێگا لەسەر زەوییە
دە هێندەش لەبن زەویدا.
چاو شوێنی هەموو بینینی تێدا نابێتەوە
گوێ شوێنی هەموو دەنگەکانی پێ نابیسترێ
زاریش هەموو قسەکانی پێ ناوترێ.

### خولانەوە

شەو و ڕۆژ دوو خوشکن
سەرگوزشتە و نهێنی خۆیان
بۆ یەکتر دەگێڕنەوە.
بەهەردووکیان
حەزیان لە کوڕە کازیووە کردووە
کەسیان ناوێرێ قسەی دڵ
بدرکێنێ
کە دەگەنە لای کازیووە



بەبێدەنگی تەماشای یەکتری دەکەن
کازیووەش لەو نێوانەدا
نازانێ کامیان بکاتە دلارامی

### نهێنی

دوو شت من بەتۆ دەبەستێتەوە
یەکیانم پێ وتی.
دووەمیانم هێشتا لا ئاشکرا نەبووە
بەڵام
بەدڵنیایی دەزانم شتێک ماوە.

### ڕەش

بۆ مەدحەت کاکەیی

ڕەنگ هەیە باران هێناویە
ڕەنگ هەیە مەراق هێناویە
ڕەنگ هەیە بەشەرم و ویقار.
ڕەنگ هەیە ئاوی
ڕەنگ هەیە خەیاڵی
ڕەنگ هەیە با بردەڵە و سووک
ڕەنگ هەیە گران و سەنگین.
ڕەش گرافیکی شەوە
ڕەش دایکی هەموو ڕەنگێکە
ڕەش بە ویقارترین ڕەنگە
ڕەش یەکەمین ڕەنگی دوای تۆفانە
ڕەش خاڵی کۆتایی هەموو قسەکانە.

ناوزەنگ

### بەفر

لەنێوان لەشی هەردووکماندا
ڕەشاتیەک دەردەکەوێ
لەنێوان ماچێک و ماچێکدا
تامی دەنکە هەڵووژەیەک دەردەکەوێ.
سەرەتای ڕەشەمێ،
کە بەفر بەحاڵ دەتوێتەوە
ڕەشاتییەک دەردەکەوێ
زەوی لەوێ گەرم بووە.
لەنێوان لەشی هەردووکماندا
گەرماییەک هەست پێ دەکرێ
کە بەفریش تەواو سڕاوە
شەرم هەردووکمان دادەگرێ.
بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ
هەردووک بەڕووتی نوستبووین
لەژێر بەفری زستانێ.

### بومەلەرزە

چەند ساتێکی دی زەوی دەلەرزێ
جا چۆن نەلەرزێ ئەوتۆپە،
کە هەمووان شەقی تێ هەڵدەدەن؟!

### گوڵدان

گوڵدانێک لە چەشنی کازیووە
گوڵی شەوی تێدا دەردەکەوێ
دەستێک لە شێوەی ئاسمانە



ئەستێرەی شیعری لێ هەڵدێ
دڵێک هەر هێندەی سێوێکە
گۆی زەوی تێدا دەنوێ.

### دژایەتی

من و شەڕ دژی یەکترین
ئەو ماڵەکان تێک دەدا
من چاکیان دەکەمەوە
ئەو دارستان دەسووتێنێ
من نەمامی لێ دەنێژم
من و شەڕ تەواو دژی یەکترین
ئەوەی من دەیکەم
تەواو دژی شەڕە.

### هەتیوو

نزایەک هێند تیژ هەڵکشا بۆ سەرێ
لەو ساوە،
زامێک کەوتۆتە جەستەی ئاسمان و
قەد ساڕێژ نابێ.

### برادەرایەتی

مانگ دەچێتە ناو پێخەفی منداڵێک
منداڵەکەش،
فێربووە هەموو شەوێک
سەری مانگ دەخورێنێ
تا دەنوێ.

## مانگ

چیم دەست نەکەوت
لەتێک مانگم لێ کردەوە و
دامە منداڵە برسییەکە.
لەو سەحرایە،
جگە لە ئاسمان چیتر شک دەبەین
دڵی خۆمانی پێ بدەینەوە.
یا کە برسی بووین بیخۆین و
کە تینوو بووین بیخۆینەوە.

## سێبووری

دەنگێک دێ
لەو دیوی دەرگا
دەنگێک دێ لەناو باخچە.
کەس لە خەوێ ڕانەبووە
ئەی ئەو دەنگە دەنگی کێیە؟
دەبینم، گەڵایەک
ڕەش دەچێتەوە
بەدەستی بچوکی
لە دەرگا دەدا،
دیارە خەوی لێ زڕاوە
دەڵێ: لەگەڵ خۆت بمبە ژوورەوە
لێرە خەوم لێ ناکەوێ.



## شار

شار بە تەنیا ماڵی زیندووەکان نییە
مردووەکانیش
لەگەڵ گەورەبوونی شار زۆر دەبن
ئەوان
هەمیشە یادەوەرین
یادەوەریش کەم نابێتەوە.

## تاریکی

مەترسە لە تاریکی
لە تاریکی مەترسە
مەرج نییە،
ئەوەی نەیبینی
وەکو مار پێتەوە بدا.

## ئیمزا

گەورەیی لە شەو دەستێنم
بڵندی و بەخشندەیی لە خۆر
دەتوانم لە زۆر شتدا
سروشت بدوێنم
کەچی ناتوانم وەکو با
پەلە پەل بم.
لە ڕۆیشتندا
لاسایی مانگ دەکەمەوە
جارجارەش
وەکو ئاو ڕادەکشێم.

## میوان

لەپڕ خۆت بکە بەژووردا
ئەو هەموو گوڵە نایلۆنە لادە
کە تۆزی بێ ئیرادەیی
لەسەر نیشتووە.
دەشێ گوڵە نێرگزێک
بۆنی ماڵەکە بگۆڕێ
ئەوەی زیندوو بەچرکەیەک دەیکا
مردوو بەساڵان پێی ناکرێ.
لەپڕ خۆت بکە بەژووردا
پەردەی ئەستووری پەنجەرە لادە
هەتاوێک چاوەڕێیە بێتە ژوور.

## باران

باران بەویقار هاتە بەر پەنجەرە
کەس نەیتوانی لاسایی بکاتەوە.

## سەما

جوانترین سەما دار کاژێک دەیکا
کە با و باران دەیخرۆشێنێ
ڕووناکی مەستی دەکا
ئەویش
تا بەیانی
لەسەر شەقام سەما دەکا.



## بەیانییەک

کێیە و بەو بەیانییە زووە
باخچەی ماڵەکە ئاو دەدا؟
کێ پێش من گوڵەباخی بۆن کردووە؟
پێش من کێ هاتۆتە ئێرە،
کێ ماڵەکەی پڕ کردووم لە غەریبی؟

شەو تا درەنگێ لێرە بوون.
کە ئەستێرە تەواو شەکەت بوو بەئاسمانەوە
کە بای شەو لەناو گەڵاکاندا نووست
چرا تەسلیم بەتاریکی،
نا ئومێدی سەری خستە ناو کۆشی خەو.
ئیتر دەنگ لەناو بێدەنگیدا خنکا
بینین لەناو کوێریدا.
من ئەوانم تا بەردەرگا بەڕێ کرد
سێڵاوی نامرادی هەر یەکەی بەرەو لایەک برد،
کە نەیدەویست بۆی بچێ.

ئێمە سێ بووین، سێ کەسی ماندوو
یەکمان پاڵی دابووە مانگ
بەزەیی بەو کەسانە دەهاتەوە
کە سوکایەتیان بەتریفەی شەو کردبوو.
ئەو دەیووت:
(سوکایەتی بەشکۆ و پاکی ناکرێ)
لەو سەرەوە تا گۆی زەوی دیار بوو؛
تەماشای دەکرد.
ئەوەی دی، لەسەر کورسییەکی جاو
لەناو بۆنی ڕابردوودا کەوتبوو بەپشتدا

جوڵەی لەناو بێ جوڵەییدا دەبینی
هەموو شوێنێکی پاک کردبووەوە
بەو نیازەی ئیتر کۆتایی دنیایە؛
خۆی بۆ مردن ئامادە کردبوو.
کەسمان لەوی دی نەدەچووین
شەو تا درەنگێ سێ کەس بووین.
ڕەشایی چاوم کەوتبووە ناو لەپم
ئەوەی دەمنووسی هیچ نەبوو،
لەئاست خەمناکی و بێ تەقدیری دا.
ئەوەی لای ڕاستم دەینووسی:
(خراپی کرد، تەسلیم نەبوو)
من وەڵامم نەدەداوە.
ئەوەی لای چەپم دەینووسی:
(باشی کرد، نهێنی هەڵداوە)
هەرسێکمان تەواو ماندوو بووین
بەدەست ئەندێشەی بێ مانا و
ململانێ و چاکە و خراپە و ترس و لەرز
(سەرەتا هەمیشە ئاڵۆزە و نادیار)
خۆم بەخۆم وت.
ئەو هەموو ڕۆژگارە بۆ کوێ چوون؛
کە هێشتا هەر لە سەرەتا بین؟
ئەو هەموو ڕستە ئاڵۆز و قافیە لەرزۆکەم لەکوێ هێنا؟
برادەرەکانم لە زیندان نووسیویانە:
(کەسێک لەبەردەم مەرگدا نەلەرزێ
دانامێنێ لەبەردەمی حەق وتندا.)
ئەوەی دەینووسم،
لەو بەرزاییەوە هەر هێندەی گەلاوێژ دیارە و
تەماشای گۆی زەوی دەکا.



شیعرە جوانەکان لە دەریا جێگەیان نابێتەوە!
شاعیرێک تکا دەکا، لێی ببورن...
کوکوختییەک لەبەر پەنجەرەی مردووە،
ناتوانێ بێتە دەرەوە.

شاعیرێک دەنووسێ.
ئاو پەی پێنەبردووم
ئەو زیندەخەوە حەوانەوەی نەهێشتووم.
کاسی قسەی ڕاست و ئیرادە و
ئەندێشەی ڕزگاربوونم.
هەناسەی سواری قوربانی
ناگۆڕمەوە بەخەونی قازانج و
سەرمایەی پاڵەوان و سەرکەوتی پووچی.
قسەی دڵی خۆم بەئاسمان وت،
کاتێ ساماڵی داهێنا.
(هاوار، شکۆمەندی پاکی شەرمەزارم)
کەسێک لەلای ڕاستمەوە دەنووسێ
کەسێک لەلای چەپمەوە دەنووسێ
من لەنێوان هەردووکیاندا
خێر و شەڕی خۆم دەنووسم
جا، ئەو دوانەم بۆ چییە؟

کێیە بەو بەیانییە زووە
ملی بایەکی سەرکێش بادەدا.
با دەخاتە ناو جۆڕکێک و گرێی دەدا
فڕێی دەداتە دەریاوە
با تەسلیمی ئاو دەکا؟
(شیعرە جوانەکان ئەو بایە دەینووسی)
لەسەر خۆ وەرە ژوورەوە ئەی تیشکی زێڕین

شاعیر دەنووسێ!
(شەو کەسیان نەمابوونەوە
ئەوەی لێرە مابووەوە، پاشماوەی ڕەنگێک بوو
کاڵتر لە ئاوی لیمۆ
بۆنی غەریبی نەیدەهێشت
ئەو ڕەنگە بەجوانی ببینم)
کێیە لێرە ماوەتەوە و ناهێڵێ
شاعیر بنووسێ؟
کەس وەڵام ناداتەوە
(کێ وەڵام بداتەوە؟)
شاعیر دەنووسێ

**ئەیلوولی ١٩٩٩**



## زەریا فسفۆرییەکان
## دنیا بەکونی دەرزیدا تێ دەپەڕێ

چ گۆڕاوە؟ هیچ.
گوێ لە هاواری ئەو زەریایە بگرە،
زەینی خۆشت بدە سێبەر و تارمایی ناو ئاوەکە:
... وابوو
دڵی شێرپەنجەداری خۆم
لەسەر کۆنە کورسی
شیعرێکی کلاسی
چەقۆ باران کرد و وتم: سۆز نامرێ
خەونی زۆر لە سەرما تێکەڵی یەک دەبن
ئەی مێروولەی ئەفسانەیی، ئەی زەریای ماندوو!
وەرە لەناو لەپی دەستما پشیە خەوێک بکە!
تۆز و خۆڵی سەدەی بەردینم بتکێنە
دەشێ،
هەر کانی بنارم خۆش بوێ؟
ئایە زەریا ماڵی کێیە؟
ئادەمیزاد لە بەنداو ناپەنگێتەوە
چ دەبێ ئەگەر: بیست و چوار سەعات شریقەی پێکەنینم بێ
بیست و چوار سەعات شڵپ و هۆڕی گریان
بیست و چوار سەعات سەما کەم
بیست و چوار سەعاتیش بمرم!
شاری ئابڵۆوقەدراو
ئاوی ئابڵۆوقەدراو
بیر لە یاسا ناکاتەوە
گوایە تارمایی ڕێگەی تر ناناسێ
نیازمە:

١- ڕووی خۆم لە ڕەنگی با بسووم
٢- لەگەڵ ڕۆحی بەردەکان بپەیڤم
٣- ببمە چەتری شەستەباران
٤- بەپێ خاوسی، بەجلی دڕاو، بەزگی برسی هەڵێم.
ئەو ڕێیە لاستیکە و بایەکی توند دەمبا!
بەچەپۆک
پەنجەرەی شارەکان ئەشکێنم!
نیازم پیرۆزە:
سەر لەو زەریا شێتە دەدەم!
لە مرۆیەکیان پرسی:
ماڵت؟
هۆڵی ئاژەڵان
لە مرۆیەکی تریان پرسی:
ماڵت؟
ئەو زەریا دوورانە!

لە مێرگی بنار چیایەکی ئەفسانەیی
لەبن ئاسمانەکی ڕەشتاڵە
زەویم دایە بەر قامچی
هەوریشم پچڕ پچڕ کرد
درەختم نەدواند
گوڵم نەدواند
ختوکەی مانگم دا
ئەو هەموو خەونە ئاڵۆزە.
بەچ بەلوعەیەکا دەڕوا؟
ئەو ئاسمانە ئاگرە،
چ خاکێک دەیگرێتە خۆی؟
ئەستێرەکانم گرتووە ناهێڵم بکەون



بڕیارمە:
هەور بکەمە دەستەسڕ/ دەرپێی ژنان
گوڵیش بکەمە فلچەی ڕیش
من
کەودەرییەکی برسیم، فرە برسی!

تەنیام تەنیا تەنیا
شیعریش چڵەی داری تەڕە و بەپانایی ڕۆح دەسووتێ
چ تەنیایەکی بەتاڵە:
لەنێوان شەمو و یەکشەمدا
لە نێوان دووشەم و سێ شەمدا
لەنێوان چوارشەم و پێنج شەم و هەینیدا:
جۆگەیەکی وشک، بەبیابانەکی وشکا تێدەپەڕێ
درەختێکی وشک، شیعرێکی وشک دەخوێنێتەوە!
چ دەبێ ئەگەر:
(بۆنی لەش + ئاوی زەریا
خانوو- بناغە
تۆفان / زەوی) کەم
ئەو شارە بەرزە لەسەر ئاوی ڕۆح هەڵچووە
ئەو مارە ڕەشە لەبن بەردی لەش
ئەو دەوڵکە
بەناخما شۆڕ دەبێتەوە
چ لەو ئەستێرە ڕەشە بکەم
چ لەوبەفرە سوورە
بەپەشتەماڵی هەتاو دەیان سڕمەوە
ڕیشیان بەمووسی ئازار دەتاشم
دەڵێم: تاریکی قووڵە ،پووچیشە
یا ئەڵێم: هەڵم ==== ئاو

ئەو ئاوە پیرۆزە دەخۆینەوە
تینووین تینوو تینوو!
بەمووسی ماچ
تفەنگی نیگا
کارەبای لەش
نامرم ــــ
لە یەکتری فێری مەمک هەڵگلۆڤێن
فێری شەهوەت هەڵمژین بوون
کانییەکان ===== ژنەکان
لەگەڵ شەو مامەوە!
لە ڕۆخی گۆمی ئارەقەی، ناوپێخەفی خۆما هەڵچووم
لێم گەڕێن با شوانکارەی زەریا بم!
با لەناو ئەشکەفتی پڕ تارمایی ژنێکی ڕەش
بۆن و بەرامەی هەنگوین هەڵمژم!
لە چ پرشنگێ ڕامێنم؟
ئەو بەرازانە لەو کەنارە چ بۆن دەکەن
لەشی خۆیان یا لەشی ئاو؟
گومانم هەیە:
لافاو لەو خاکە نالەوەڕێ
ئاسمان بەفیکەفیکی هەرزەکارانە شێن نابێ
ئەو هەموو ئەشکەفت و جنگەڵە گەورانە
بەفانووس،
ڕووناک نابنەوە!
بێزاریان کردم بێزار:
١- کرمی خەم و ئەندێشەی ڕووت
٢- چوارچێوەی هەست
٣- گۆماوی سۆز
٤- حوجرەی بیر



بەو سەرمایە دوگمەکانی کراسم دەکەمەوە
با زریان لەو سنگە ڕووتە بلەوەڕێ
من وام:
جوانی و ئاژاوە
لە چ لایەکەوە بێ
بۆ وێ ڕادەکەم.
کەودەری چی داوە:
لە ماری زوڵف، خەت و خاڵ
پەڕەی گوڵ، کوڵمی ئاڵ
چیم داوە لە باسی گوارە و خەزێمان
بەیەک هێڵنج
هەموو قوتابخانە ئەدەبییەکان
دەهێنمەوە!
خۆشەویستی خۆم دەبەم
فێری ژیانێکی تری دەکەم!
بەدرێژایی ئەو ڕاڕەوە تاریکانە
تاڵی ڕووناکی نابینم
ڕەنگە بڵێن:
حەز لە ڕووناکی زۆر ناکەین.
نا
دەرگای ژوورە داخراوەکان دەکەمەوە
ئەو ژوورانە فسفۆرین و ڕووناکییان لێ نابڕێ
چ تاوانێکی گەورەیە:
ڕووناکی لە ژووران بەند بکرێ،تاریکیش لە دەشت و دەران
بەهەوەسی خۆی بسوڕێتەوە
مێژوو ژوور بەژوور تێک دەشکێ
دڵی ماندوو،
لەشی لاواز،

سەری مات،
لە خەونی ئاوی دەخنکێن
حەو حەو
حەو حەو حەو حەو
حەو حەو
(سەوەرێکی ترسناک، لە هەموو لای دنیاوە دێ)
ئەو بورکانە بەکاغەز دانامرکێ
ئەو بایە بەچڵە دارێ ناگیرێ
شەوتان باش!
دوور لە کۆشکی فرەنهۆمی بانقەکان
دوور لە نەخۆشخانەی دڵ
دوور لە گوفەکی هەست
دوور لەو زۆنگاوانە دەمرم!
ئەی بورکانی پیرۆز!
تۆش ڕێ و بانی گەڕانەوەم وێران کە!
دوورگەکە دژوار و ترسناک
بەنشێوی ئازارە هەمیشەییەکاندا شۆڕ بوومەوە
کانییەکان نوێژییان بۆ بەستم
باڵندە بەسەر سەرمەوە
ئەسپەکان ئەو لاو ئەم لایان گرتم
ڕەوە گورگ خۆیان هەڵدایە سەرسنگم
گیرفانم، دەمانچە و کلیلێکی تێدابوو
سنگیشم
زەریای مەرەکەب!
کلیلەکەم فڕێ دا، بەهەورازەکان سەرکەوتم
ئەی مەرەکەب!
ئەی نەهەنگی سیحربازی زیندەگی بەخش!
دواجار دەبێ خۆم بکوژم



ئەوەی هەموو:
(گەڵای ژنە
لەشی بایە
گوڵی ڕەژوو
سنگی دارە)
سۆزی هەیە، هەتا بیریش دەکاتەوە!
پێکەنین و ئازاری خۆم بەخشییە ئاو
ئاو فێری هاژە و سەرکێشی بوو
من وام!
ئەوەی لەسەر بورکان بژی
هەموو لەشی فسفۆرە!

١٩٧٨

سەرنجێک: لە کۆتایی حەفتاکاندا لەگەڵ عەباس عەبدوڵڵا یوسف و جەلال بەرزنجی بەنیازبووین بڵاوکراوەیەکی هاوبەش بەناوی (٣) دەربکەین، ڕەقابەی عێراق ڕێگای نەداین... ئەم قەسیدەیە بۆ یەکەم ژمارەی (٣) ئامادەکرابوو، ئەگەر ئەوسا ڕێگای بڵاوکردنەوە درابا دڵنیام شتی تری بەدوادا دەهات، چونکە سەرەتایەکی تازە بۆ شیعری نوێ لەو ساڵانەوە دەستی پێکرد بەدرێژایی هەشتاکان هەڵکشا.

# بەفرنووس

## سیاحەتنامە

... ئیتر، ئەوە دوا ئێوارەی ئاوە
ئێوارەی گەلای زەیتوونی.
کەس تەماشای لای ڕاست ناکا
کەس تەماشا ناکا.
لەناکاو،
ئەوانەی ناو کەشتی، بەو جلوبەرگانەی
هەندێکی لە ڕەنگی خۆخ و ئەوانی دی لە گژوگیان
هاواریان لێ هەستا،
تیلماسکی بەردێکی زەبەللاح، تاریک و لووت بەرز
لموزی کەشتیەکەی ڕاگرتین.

ئەوە سەردەمێکی زوو بوو
پەیکەرێک دەتووت هەنگوینە
لەناو شانەکانی ڕۆژدا دەبریسکاوە.
ڕیش سپیەکی باریکەلە، بەئاستەم بۆ خاک چەماوە،
بانگی کرد، حەزرەتی کەشتیەوان!
لەنگەری زێڕ و زیو، بەلەم و قاپی فەخفووری
شەمدان و سندووقی سەدەفی گەورە و بچووک و ناوەنجی
گۆزە و کوپە و گۆی زەوی پڕاوپڕ لێی دەڕژێ.
لێی دەڕژێ ئارەق و خوناو و سەندەلووس
لێی دەڕژێ زەمزەمە و قافیە
لێی دەڕژێ یاقووت و چەهچەهە و کەمەندبازی
لێی دەڕژێ سپی پات
لێی دەڕژێ پیازی.

ئەو خۆڵە بناسە ئەوجا بیلاوێنەوە
بەو ئاوە بلێ چەند باڵێک بکشێتەوە



جا ئاو بەقسەی کێ دەکا؟
دەپرسێ: ئەو بارەگرانە چۆن هەڵدەگیرێ؟
ڕۆژێ سێ جاران بەقسەی خۆش و حەنەک
ئەو هەموو کەروێشک و باز و باشووکە، قەل و قومری
سیسارکە کەچەڵ و هەوێردە
کەشتیان پڕ دەکرد لە هەرا و هەوەس و دەسبازی.
من بەندەیەکی بچووک و بێ نرخ
بەنیازی گەشت و دڵدانەوەی با
دەستم بۆ بنی هەمبانە و بنی ئاو درێژ کرد.
ڕۆژی یەکەمی دوای تۆفان،
لە شەنگارێ کەوتمە خوارێ
ڕووم کردە ئەیالەتی ڕۆژ
لەپم پڕ لە ڕۆنی گەنە گەرچەک
هاتووم...
سەفەرێک فریا نەکەوتم، سەفەرێکی دی
سەفەرێک بۆ گوڵ و... یەکێک بۆ باران
سەفەرێک بۆ یەکجاری بەفر
سەفەرێک بۆ پەشیمانی
سەفەرێک و دوا سەفەریش بۆ منداڵی.

لە سوچێکدا: دوو سەد و شەست بەیاز
بەخەتی لم و ئەنفال و تەعلیق
بەبرژانگی نائومێدی دەنووسرانەوە.
تۆماری وایان تێدا بوو،
کە گومبەزێکی پڕ دوڕ و مەرجانی دەهێنا.
هەر تاقە لاپەڕەیەکی،
بەفرێکی تازەباریو بوو
لە جوانیدا شەڕی لەگەڵ شیعر دەکرد.

ئەسپێک و فیلێکی جادوویی بۆ تەیمور
کەچی تەیمورلەنگ سواریان دەبوو.

لە سوچێکدا: دەفری ئاو و دەفری شەراب هەراج دەکرا
یەک تریفە بە پوولێک و
دەتریفە بە پوولێک و
هەزار تریفە بە پوولێک
لە سوچێکدا: کتێبخانەی کۆن و نوێ هەراج دەکرا
هەزار لاپەڕە بە پوولێک.

ئەو هەموو ئەنتیکە و گەنجینە بۆ چییە؟
شیری جەوهەردار و گرانبەها، کە هەموویان لە پۆڵای ئەسفەهانین
سندووقی نقیم دار و مەتاڵی حەڵەبی
ئەو هەموو تیر و خەدەنگ و سەرەرمبە بۆ چییە؟
کە هەریەکەیان یادگاری وڵاتێک و سەردەمێک و
پاشایەکی دۆڕاوی لەسەر نەخشاوە.
تیردانەکانیان بە پەڕی تاوس و شاباڵی هوما ڕازاوە
کلکی تیرەکان پەڕی کۆتری سەردەمی تۆفان و
جقەی شەهێنی هەورامانیان لێ بەستراوە.
بۆچی بوو، ئەو هەموو پێستی بەور و پڵنگە؟
سەڵتەی حەریر و سوخمەی گەوهەر و
دوگمەی ئینجونی حەبەشی و زمڕوتی ئەسوانی و
پلپڵەی تاج و بازی بەند بۆچی بوو؟
بەتایبەتی ئەو کاتانەی،
فنجانی پیرۆزە و زمڕوت، دانە دانە لەعلی بەدەخشان و ئەڵماس
لەبن سوخمە و کراسان دەبریسکانەوە
تیشکیان لە کاسەی یاقیقی دەدا
ئەویش چەند دڵۆپ ئاوی تۆفانی تێدا قەتیس مابوو
بەقونەخشکێ دەچووینە لای
ئەو ئێوارەمان لەوێ بەسەر دەبرد.



چەند قسەیەکم لەسەر پێستی نەهەنگ و بەرچاوی ئاسمانەوە
لە ئاوێ جێ هێشت.
کەس لەو قسەیەی نەپرسییەوە.
بەو شێوەیە وازم لە سروشت هێنا
سەردەم و هەوایەکی تازە هەڵیکرد.
کام قسە بوو؟ کام نەهەنگ؟

لکی پشکووتووی دار هەنجیرێک، لار ببووەوە
بۆ دڵدانەوە بانگی کردمە لای خۆی
بۆنی گوڵە هێرۆ ناو لووتی دەبرژاندەوە
سروشت تیرهاوێژێک دوور بوو
مراوی زەرکەفت لە چەشنی گزنگ
هەندێکیان باڵی بازیان لە پشت بەستبوو
بەری ئەیالەتی ڕۆژیان دەگرت.
بەو حاڵە پێش مردن یەک ڕەنگ دەما
یەک ڕەنگ و بەس.
دار هەنجیرێک بانگی دەکرد: سەفەرێک بۆ لەش و...
ئیتر بۆ بگەڕێینەوە؟
مەرج نییە جوانی دووبارە بێتەوە
گوڵە مێخەک زمانی تەتەڵەی دەکرد؛
پەلکەزێڕینەی پەراسوو دەچەمێتەوە لای پشت و
لەوێ کێ تەماشای دەکا؟

لە نێوان تۆفان و تۆفاندا
ئەستێرەکان سەرسامن لەبەر پەنجەرە

ئیتر ئەوە دوا ئێوارەی ئاوە و،
دوا سەردەمی تۆفان بەسەرچوو.

ئەیلوولی ١٩٩٨

## ناڵپاریز

زەوی ئەو ئێوارەی ماوە بشنێ
بێ واز،
بەسەنتەیی گزگزدەشنێ
جوانیش تەمێکی خەستە و ناماقوول
هەموو شتەکانی پێکرا و بەئەسپایی داپۆشیووە.
بارانی گزوگوم
دەستی لەرزۆکی
دوو چاوی قاوەیی، گۆرانی مەست بوونی
گوێچکەی قیت و بڵندی سەرسامی
مۆسیقای بەرزایی
مۆسیقای نشێوی
ئاوی هاتوی، ئاوی ڕۆیشتوی
پاشا و گەدای
زاناوگێلی
وەستا و گۆڕهەڵکەن و دزی
گوێندە و قەواڵی زەوی ناس
شەڕکەر و دین و شابەزی
تاشە بەردی هەتا زیخی
سێوی بەسەر شان و مل داکەوتووی،
ڕەنگەکانی
دەنگی نزمی تا بڵندی
وەرزی سارد و وەرزی گەرمی، ژنەکانی
پیاڵەی شەرابی، ئاسمانی پێکەوە ماخولیان.
ئای زەوی!
زەوی کۆک!
لای ڕاستم: ئاو بووە،



ئەو ئاوە ڕۆشنایی ڕژاوی ڤاڵ نەبوو،
چەند گوێچکە ماسێی، دوو سێ قرژاڵ قۆخە قۆخ
ئەستێرەیێ، دووان، سێیان
دڵیان گوشراوە و ڕژاون،
لەو ئاوە بوینەتە مرواری.
لای چەپم:
ئەو تارە و ئەو ئاوازە زێد و زێدە خۆشانەیە
ئەوانەی لەبن پێست و لەکەلێنی خوێنما
دەڵێی گوڵن لە ئاوێ کەوتوون
ئارەزووی منداڵین،
بەڕۆژێ بڵندن
بەشەوێ ئارام و فراوان.
ئەی هاوین هاوینم
زستانم پایزم
نیوەڕۆ و ئێوارە و بەیانم
ئەی ساتم ساتی کورت، چرکەیەک دووان و زیاتر نا
پاشان...
من زیرۆی ناشادم.
زەوی دەشنێ و ڕۆژ تاجە
نائارام خەوتووە.
بەو گەمێ شکاوە و بەو تیشکە گەرمانەی هاوینە ڕاهاتوم.
پەرستگای بەجێماو
شاری پڕ ئاپۆرە و پاشان چۆڵ
ماچ و فرمێسکی چڵ و چێو
نارێکی و تەبایی وەرزەکان
دڵنیا و نائومێد؛
بەو حاڵە ڕاهاتووم.
پێش بینین

پێش بیستن
پێش من هۆزێکی دی هەبووە
دوو باڵی لەو بەفرە شکاوە.
زیرۆیان بینیووە؛ هەرتک چاوی
ڕەنگی ڕەندی مانی بووە لە تاوان ڕژاوە.

گەڵا گەڵا نیشانی ئاسمانم دەدا
بەو هەموو برینەوە
پاشان
دەنک دەنک لەناو هەناری مێخۆشی
مەست و ماخولیا دەمشارێتەوە، ناڵپارێز.
سەبایەک دێتە گوێم
سەبایەک.

ئێوارە بەگرانی دێ و دەچێتە سەربانی ناڵپارێز
ئەوەی هەیە بەسەر پشت و بەباوەشی خەڵکەوەیە
هەڵڵا!
لەبەر سێبەری پرچی لوول، خاو، ڕنراو
سێبەری پێی ماندوو، پەنماو، نەوەستاو
سێبەری مەنجەڵ و مەسینە و تراکتۆر
سێبەری بێ مراد، روشاو، خاکەسار
سێبەری گریانی گرێ و گۆڵ
گمەگمی دەرباز نەبوون و یەخسیری
سێبەریان.
چاو چووبووە سەر شووشەی چاویلکەم
ددانم بارێکی قورس بوو خرابووە سەر شانم
سێبەر بوو؛
بەتەنیا سێبەر و ساواق بوو ژیانم.
ئەی باران... باران!



ئەی ئاسکی تەتار ئەو تاوە ڕاوەستە؛
مۆسیقای سێبەرم تەڕ بووە
مۆسیقای سێبەرم
سێبەرم.
بۆن و ئاهەنگی شکانم
تەنگوچەڵەمەی کۆیلەییم
زەوی گچکە،
گچکە کردۆتەوە بەقەد نانێکی هەورامی.
ناڕەحەت و پەرش و بڵاوی ناو چیام
هەر ئەوەم پێ دەکرێ
ئەوەم پێ دەوترێ؛ کەوتم
نە کۆنم نە تازە پشکوتوو
نانی کۆن،
باران و ئاواز و خەمی کۆن
لاوک و چەکی کۆن
توتن و شەرواڵی توندوتۆڵ
ئەشکەوتی سارد و سڕ، سەراوەرد
سروشتی گوشراوم
ناڵپارێزم.
ئەو ئێوارەیە ئێوارەی منە
ئەو هەموو ساڵانە ساڵێکیان
ئەو هەموو مانگانە بێ تریفە و ئەو هەموو
ڕۆژانە ئێوارەیەکیان، ئێوارەی منە.
ئەو کۆچە کتێبی بینینە
هەر پەڕەو دێڕەکانی خۆی
هەر دێڕەو وشەکانی خۆی
هەر وشەو پیتەکانی خۆی بەباڵ دەبا
ئەی چیا!

ئەی چیا!
دڵشادم: دالەکانی دالن
لامی خورپەم، دڵم نایێ
لە باوەشی خۆمی نەگرم.
شین چەمبەرەی تێکشکانە
سێ فرمێسک، سێ ئەستێرە
سێ باڵندی ئەفسوناوی
دێن و ناگەنە شینەکە و لەو ئاسمانە
ڕەق دەبنەوە
ئەلفی بالاّم هەڵیان دەگرێ
کە خڕیشیان دەکەمەوە؛
من زیرۆی ناشادم دڵشاد نیم.
ئەو کۆچە، کارامە و گوڵمەز و زۆزانە لایەکی
لای دیکەی چڵکن و لەکەدار
کەمێکی دیار و زۆریشی نادیار.
بەو حاڵە و بەو باڵە تیژانەی کە دەڵێی سەرقەڵن.
تیلماسکی بەد مەستین
لە سەرووی وەرزەکانەوە
لەودیوی تاریکی
لە بەردەم ئیکسیری مناڵی و ڕێی گەڕانەوەی خەونەکان
لەو زنە و لەو دەرەتانە،
لە تریانی مێوەکاندا،
پاڵەوانم نامراد نوستووم.
ئاگری ساڵەکان! شەوتان باش
بەفری ساڵەکان! شەوتان باش.
دەنگەکان ئاشنان.
ئەو دەنگانەی پەڕوباڵ و هەوای
مەڵبەندی ئازادن



بەرز و نزم
مەست و دڵنیا دێن... دەچن
گوڵە زەنبەقە و بەهار و ڕەزمی ئاون
ئەو دەنگانە
ئەو سەر و ئەم سەری ڕۆژگارن.
کوێریش بم
بەو هەرتک چاوانەم
قەلاّ دەبینم
پشتی من و زێڕۆی شەمسی و
ناڵپارێزیان توند گرتووە
هەولێریشم مەستی من و ئێوارەیە
پیر و کەنەفت و ئوفتادە
بە سەنتەیی،
بێ واز دەشنێ.

قروە... گولاّنی ١٩٩١

## شەمووەکانی ناڵپارێز

ئەو هەموو گەشتەوەرە لەو گوندە بەهارییە
دەتووت شکۆمەندی بەفرن، ئیلهامیان بە باکان دەبەخشی
لە ئاو ڕادەمان، مشتومڕی وەرزەکانیان گەرم دەکرد
بۆنی گوڵە ساکارەکان، بۆنی بەیانیان پشتاوپشت دەبرد.
باڵندەی بەرەو ئایندە هەڵدەفڕاند
دار هەڵووژە رچەی ڕێیان بەزۆری دەچەماندەوە
مەستی نائومێدی و خەوبوون، ئەو هەموو گەشتەوەرە
بۆنی بەفر بڵاوی دەکردنەوە
پاشان...
خڕی دەکردنەوە پاڵ یەکتری
دوای نوێژی بەفر سڵاومان دەکرد، سڵاویان دەسەندەوە.
لەو مانگە دەترسان کە تریفەی نەیدەهێشت
پەرداخە شیرێک، یا بادەیەک مەی بەئارامی بخۆینەوە!
کە باڵندەش باڵیان لە بەفرێ دەچەقی
گوڵە مەستەکانی ئەو شەوە بانگیان دەکرد:
پەرییەکان... هۆ پەرییەکان!
هێشووە ترێیەک کەوتووە و لەو بەفرە نایدۆزینەوە.
هێشووە ترێ و باڵندە و من پێکەوە دەگەڕاین
هەریەکەمان لەوی تر دەگەڕا
لەو بەفرە دەماینەوە.

ماسیەکان دەهاتنەوە لای ئاو
ئاو بەهەڵەداوان دەهات و تارەکانی دەژەند
شێتانە یاری بەشەپۆلەکانی خۆی دەکرد
ئەوانە هەموو یادگارین،
دوو چاو، چەشنی دەنووک گرتوویانە و ناهێڵن بکەوێ!



ئەوەتا چەند دانەی دانسقە، بەهانکە هانک
تەماشام دەکەن، گۆیندەن
ناڵپارێزم دەلاوێننەوە.

بەردە تەڵخەکانی، کە چەشنی هەورێکی چڵکن پشتی یەکیان گرتووە
بارانە مس ڕەنگەکانی
قەندی لێوە ئەستوورەکانی ناڵپارێز
لە قەراغ ئەو ئاوە تەنکانە دەتوێننەوە
دەبێ بەگیا
دەبێ بەگوڵ و ڕەیحانە.

ناڵپارێز! ئەی برادەرە کوێستانییەکەم!
ئەو وردە ئەستێرانەم بۆ بشارەوە
تا دەگەینە کازێوە.
زەڕنەقووتەن، بەدرۆ هەڵنافڕن

لەو گۆڕستانەی بناری بەهار چاوەڕێم دەکەن
لەوێ مردووەکان نهێنییەک دەزانن، پێمانی دەڵێن
دەبێ ماسییەکان ئەو نهێنییەیان پێ خۆش بێ؟
دەبێ هوزار چ بکا، کە زانی نهێنی گوڵزارمان زانیووە؟!
ئەوە قسەیەکی ڕەقە من دەیکەم
ئەوە چەماندنەوەی ئومێدە بەرەو نائومێدی تەواو.
بەڵام تا باران تەواو تەڕم نەکا
ناڵێم، باران باریووە.

پەلکەزێڕینەم لێ کەوتە، ناو ئاوی ئەو شەوە و لە ترسان،
لە ترسی جەنگەڵ و مۆسیقای
تا بەیانی بەدیار ئاوەکە مامەوە!

بازم دا، زرینگامەوە

به شەلەشەل کۆتاییم بەو گەشتە هێنا.
ئایا ئەوە تەواو بوونە،
ئەو واوەیلایە ماسییەکان دەترسێنێ.
ئەوە دەڵێی لە نشێوێکدا ڕێ نابینم
نشێوێکی کەمێک تەختە و چونکە من؛
باسی نشێوم کردووە
دەبێ بەرەو خوار ببمەوە!
چونکە هەر باسی شکستی و نشێووم کردووە
چونکە...
خوایە! وەک گوڵەگەنمێک ئارامم
گوناھ و شەڕانگێزی
قسەی ڕەق و ورتە ورتی بێ مانا و بێ ئومێدیم بابەس بێ!
ناڵپارێز دەبینم، دەڵێی خۆم دەبینم
وێرانم
وێرانم
وێران...
ئەو شیرەی لە بەرد دەڕژێ، تا ئێوارە بباریێ
جێی باران ناگرێتەوە
بارانێک کە شەمووان دەباریێ
شەمووەکانی ناڵپارێزی پڕ دەکا لە گۆم
ناڵێم باران باریوە
بەو حاڵە نە گەشتم گەشتە و نە ناڵپارێز بەشەمووان دەبینرێ.

ئابی **١٩٩٣**



## زستانی ناڵپارێز

گومانم لە زستانێ دەکرد، ئەویش
بەچلەی کانونێ لێم بەژوور کەوت.

باران هێندە نەبوو، تا زەوی گەرم بکا
بەتەنیا گوڵەکانی دەم پیاسەی شەوی گرمۆڵە دەکرد،
بۆ یاری و دەسبازی
لەو بستۆکە هەر هێندە دەکرا
هەر هێندەشمان بەس بوو.
چڵەکان لەبەر لووتی زستانێدا دەپشکووتن
ناچار و بێ دەسەڵات
سەبەتەی باخچەیان پڕ لەو گوڵە کێویانە دەکرد، کە جارێک دەپشکووێن
ئیتر بەو حاڵە، لەناو ڕۆژگارە تووشەکان دەمێننەوە.

سەرەتاتکێ لەگەڵ ئەو وەرزە بەهەڵڵایە دەکەم
ئەو وەرزەی لە ژنێکی سیحرباز پڕ جادوو ترە!
لەو بستۆکە
چەشنی ئاو، ئاوێکی بەستوو
خۆم بەشکاو و بەدۆڕاو نەدەزانی
دەمووت، ئەوە شەڕە و مەرج نییە هەموو جارێ هەر دۆڕاو بم.
گومانم لە هەوا دەکرد،
هەوا هەموو نهێنییەکانی منی لابوو.
کە بەرەو دۆزەخ شۆڕ دەبووینەوە
ئەو باڵەکانی دەجولاندەوە؛
لە ناکاو بەرز دەبووینەوە و هەوایەکی سارد
یاری بە تووکە نەرمەکانمان دەکرد
هاوارمان لێ هەڵدەستا: ئەوە هەوای بەهەشتە!

تاوێ لەوێ دەمێنینەوە، تاوێک باڵەکانمان لە جوڵە دەکەون
تاوێک و بەس.

گومانم لە هەوا دەکرد،
ئەو شوێنی ماچەکانی سەرمای لەسەر کوڵمی بەیان دیبوو
بۆیە دەهات و دەچووە لای باخچەکان،
سۆراخی گوڵە پەشۆکاوەکان نائومێدی دەکرد
جار جار لە زستان و لەمنی دەپرسی
ئەو باڵی مێشەکانی لەسەر مینای ژووره گەرمەکان دەجولاندەوە
بەو دەنگە دەمێکی خۆش هەراسان دەبووین!
من لەبەر گەڵا نەخۆشەکانی ناڵپارێز
ئەو هەموو گومانەم لە هەوا نەبوو!
تاوێکی تر، بێ جوله، لەو بستۆکە دەمامەوە،
تا پەیامەکە تەواو شین دەبوو، ئەوجا
دەمووت، براکەم!
سێبەری ئەو داری گەنمە فێنکە، بەهەوەسی خۆت ڕاکشێ
برنە، بە لقەکانی سەرکەوە
ئەوە خۆشترین وازییە، وا زوو واز لەو وازییە مەهێنە!
تا هەموو جوانییەکان نەبینی، وازم لێ مەهێنە.
ئەوە یەکەمین دژە دیمەن بوو
دژە پەیام، چەواشە بوون
یەکەمین خەونم بوو زڕا.

کە هاتم، سەرما پەنجەکانی ناڵپارێزی بەستبوو
لە پەنجەرەوە، گەشتوەرە ماندووەکانی بەر باران
دار چوالەکان و ئومێدم دەبینی، ماڵئاواییان لێک دەکرد
بەرەزالەت لە تەمە سپییەکان دەرباز دەبوون
سڵاو لە ماڵە چۆڵکراوەکانی بەر باران!



سڵاو لە کوکوختییە نارنجییەکانی نائومێدی!

پەلەپەل نەبووام، لەوێ دەبووم،
تروکانی هێلکەی بەهارم دەبینی
لەوێ گوێم لە پاڕانەوەی قامیشەڵان دەبوو،
کە بە نەی ناڵینی دەووت،
هەتا خیانەت لە باخچەکاندا مابێ،
خۆم بەشەرمەزاری تۆ دەزانم
گوێ لە لاربوونەوەی زەوی
گوێ لە ژنەماسییەکان مەگرە! ئەی نەی!
گوێ لە درۆ و دەلەسەی ساڵەکان مەگرە
کە ساتەکانمان دەلاوێننەوە،
گوێ لە گوڵە عفریتەکان مەگرە،
کە ناپاکی لەگەڵ شەماڵ دەکەن
خیانەت
تا هەلاکەت چەشنی کوندەبەبو
لەسەر جومگەکانی نائومێدییەوە، چاوەکانی تێ بڕیووین.
من شەرمەزاری تۆم، ئەی نەی!
بەئاوازی نەوی،
چەشنی لەیەک ترازانی شەو و ڕۆژێکی پاییزی
چەشنی کزەبا، کە بەسەر وێرانەدا دەڕوا
لەسەرخۆ بمان لاوێنەوە
لەسەرخۆ، توخواکەی لەسەرخۆ.

بەشەلەشەل، بەناو گوندە چڵکنەکانی پێش زانین
پێش شارەزابوون
لە هەورازەکانی یەقینەوە، پلە پلە غلۆر بوومەوە.
ئەو چرۆیانەم بەچاوی خۆم بینی،
کە سەرەتاتکێیان لەگەڵ ڕەشەمەی دەکرد

نەموتووە، گومانم لە هێز و توانای چرۆکان هەیە
من هەرگیز گومانم نییە.
نەموتووە، گومانم لە ماچی بێ ئەمەکی لاوی هەیە
کە وەکو نامەی گەچراوی ناو گیرفان، وەکو شیعری شەرمن
مەست و ماخولیان
من هەرگیز گومانم نییە.

پیاوەکان کە تازە لە شەڕێ هاتبوونەوە
لەباتی سەلام لە ژنەکان بەردەبوون
گومانیان لە تۆزی سەر جێگاکان هەبوو
گومانیان لە هەموو بۆنێک و لە هەموو خشپەیەک هەبوو.
پیاوەکان کە تازە لە شەڕێ هاتبوونەوە
زۆر هەولّیان دا، شتێک بدرکێنم
کەچی من شتێکی ئەوتۆم پێ نەبوو
شتێکی ئەوتۆ، کە شەرم لە بسکی ژنە بەساڵاچووەکان بتکێنێ،
یا کچە پارچەڵەکان ناڕەحەت و نیگەران بکا.

وەکو هاتووچوونی گێژەلووکە، لە حەژمەتان دەهاتم و دەچووم
هەر هێندەشم دەوت، کە دەمزانی.
دەمزانی پیاوەکان، متمانەیان نییە
ئیتر گۆرانی چڕین بۆ ساماڵ و بۆ بەیان
بەیانییێک کە وەکو لەوحێکی ساف، وەکو ئەلفێکی چناری
سێبەرێکی تەنکی بەهەشتی پێ هەڵگەڕێ؛ مەحاڵە.
بەڵام ئەوەیان ڕاستییە، ئەوە هەموو ڕاستییەکانە.

جوانی مەحاڵ نییە، جوانی چەشنی ئاو دەڕژێ
شەپۆل دەدا، دەنیشێتەوە و هەمیشە بەخشندەیە
حەمد و سەنا بۆ ئەو هەموو میهر و خۆشییە!
بازیم لەگەڵ زستانێ پێ ناکرێ



پێیەکم لەناو ڕەشەمێ، ئەوی ترم لەو جوانییە وا عاسێیە
ناگەمە دەرەوە، بانگی بەهار بکەم
کە لەودیو ژوورەکەم،
خۆی بەدار هەنارێک خەریک کردووە
پێی بڵێم، بەهار!
بەهاری شەرمەزار!
عومرێکە من بەتەمای تۆم
گومان بەلێومدا دێتە خوارێ
تا بەتەواوی لێم دەڕژێ
کەچی لای چرۆ خێر لەخۆنەدیووەکان
خۆم کۆک نیشان دا.
تەمایەکی زۆرم بەگرموهۆڕی تۆ بوو
تۆ، کە ئێستا بەو چەشنە خەریکی
لەکەس ناپرسیتەوە.

ماچەکان و ساڵانی شەرمەزاری دوای هەرەسم
بەدەستی بایەکی کاڵفام ناردە ئەودیوی ئێرانێ
لەوێ لەناو ئەو بەفرانەی ساڵ دوازدەی مانگ، لەسەری
قەندیل سپی دەچوونەوە، عەیامێک مابوونەوە
لەو چۆڵەوانییە لەگەڵ بەفرا جێیان بۆ خۆیان خۆش کردبوو
مەدەد ئەی ساتی تەنیایی!
مەدەد ئەی بەفری جودایی!
ئەو پەیکە خائین و تا ڕادەیەک ترسنۆک بوو
پەیامی بردبووە (چوارچرا)
لەوێ وەکو کەسێکی نابەڵەد
ئەو هەموو ئاوازەی لەبن گوڵە باغێک دانابوو
بێباک لەوەی دێ
بێباک لەوەی دەڕوا

سوکە تەماشایەکی بیرەوەریەکانی نەکردبوو
بیرەوەریەکان چەشنی کوکوختی
لەو باخچە بچووکە دەیانخوێند
ئەو هەموو ئاوازە غەریبەیان پێ هەڵنەدەگیرا
کەچی پەیکی خائن!
ئەو هەموو کوکوختیەی نەبینیبوو
ئەو ئاوازانەش، بێکەس لەبن گوڵەباغەکە مانەوە!
عەیامێک لەو ملە و لەم ملە مامەوە
بەفرم وەکو قافیە و بزنەکێویەک لێ عاسێ بوو!
لەناکاو، گەیشتمە (هەکاری)
لەوێ لەسەر بەردێکی قاوەیی چڵکن، بەردێکی زەبەللاح
چەند قسەیەکی نەستەقم سەبارەت بەسەرەتای ئەنفال بەرچاو کەوت
خەتێکی شاش، کاڵ و نارێک، ڕەش داگەڕاو
ئەو چەند قسەیە
لە قسەی کەسێکی ماندوو دەچوو،
کەچی سەرەڕای ئەو پەشێویە
هەموو مەبەستەکانی بەچرپە پێ وتم.
لە خۆشیاندا هاوارم دەکرد،
من بۆ گەشت و بۆ پشوودان لەو شاخانە مابوومەوە،
کەچی ئەو قسە نەستەقە بانگی لای خۆی کردم
بۆ لای خۆی بردم.
چەند ساتێک لەلای پیتەکان دۆش دامام
پیتەکان، چەند چاڵێکی بچووک بوون
ئاوی سەرەتای زستانیان تێدا مابووەوە.
بەدرۆیەک خۆم لە گێلی دا و وتم:
من لەو ڕێیە دوورەوە بۆ ئەو قسە نەستەقانە هاتووم.
بەختم لە بنی فنجانە قاوەیەکی تاڵدا،
تاڵ تاڵ لە ئەستێرەکان دەبوونەوە



بانگی پۆلە مەلێکی مل باریک مل باریکم دەکرد
کە تیلماسکی باڵەکانیان، بەرەو ئێوارە دەکشا.
مەدەد ئەی مەلی مل باریک!
مەدەد ئەی ئاسمانی مەیلەو تاریک!
مەدەد ئەی بەردی زەبەللاح!.
ئەو هۆزە بێکەسە لچکە چاکەتێکی بۆری بەلای ڕاستیدا درابوو
کەچی لای چەپی، قاچ و قولی لەو گۆڕە مابووەوە
ئەوە یەکەم دڵڕەقی زستان بوو.
پاش هەرەس، هەکاری قسەیەکی نەستەقی پێ وتم.
ئیتر لەو ساوە، گومان لە ئاوەکان دەکەم
گومان لە سایەقە و بەفر و باران دەکەم
گومان لە پژانی زمان و گومان لە پشکووتن دەکەم.

هەر بەتەنیا من نەبووم، پاش هەرەس گەڕابوومەوە عێراق
لە ناوچەوانیشم نەنووسرابوو، کە ساڵێک کولیەم جێهێشت و
پاشان لەلای فریشتەی دەروازە
پێکەوە شەڕابێکی شاهانەیان لەپێش دانام
بەئیشارەت پێیان وتم: ئاغا، فڕی کە
کەچی بستە زەویەک نەمابوو، نەمامی تێدا بنێژم!
لەوێ ورتە ورتێکم لێوە هات، هیچم نەووت،
جگە لەوەی بەو ورتە ورتە دڵی خۆم داوە
گوایە هێشتا هەموو شتێکم لە دەست نەداوە
دەستم بۆ هێلانەکانی (سەکران) و (مامەندە) برد
کە بێچووە باڵندەی باڵ تیژ لەوێ مابوونەوە
من شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو باڵندانە نازانم
پاش هەرەس ماوەیەکی دوور و درێژ بەباڵی شکاو
لەو ناوە پەڕەوازە بوون
دەفڕین و دەنیشتنەوە

عارەبانەی تراکتۆرێ، گێسوانەی ماڵی جوتیارێک نەبوو
تاوێکی لێ بمێننەوە.
کەچی کە گەیشتمەوە لای باخچەکان
کە منداڵەکانم بینیەوە،
لەبەردم ئاسۆدا یاریان دەکرد
من تورەگەیەکی پڕاوپڕ لە گەوهەرم پێبوو
لەسەرخۆ گەوهەرم لەناو یاری هەڵڕشت
بووە زیقە زیق، باخچەکان ئارامیان تێدا نەما
بەهاریش کە تازە دارهەنارەکانی ترش و شیرین کردبوو
ئارامی نەما.
ناڵپارێز، بە نابەدڵی زستانی بەڕێ کرد

باران هێندە نەبوو، باران دەتووت، نزایە و
باخچەکان بەو بارانە تێر ئاو نەدەبوون
گومانم هەبوو بەو حاڵە تاسەر کەسک بین
یا، تا بەهار بەیەکجاری دێ و
فرمێسکی ورد و درشتی گوڵەکان دەسڕێتەوە
ئەو هەموو یادگارە لە سەرخۆ و
بەو شەنگییە بمێننەوە
پەیامەکەش تەواو شین بێ و،
ئیتر من نە شەرمەزاری زستان بم و نە ناڵپارێز.
کۆتایی ١٩٩٤ و سەرەتای ١٩٩٥



## برادەرەکانم

شین دەچنەوە لەو دوورەوە برادەرەکانم
شین دەچنەوە کۆترەکان و قوبەی شووشەیی منداڵی
شین دەبن لەناو تی چاودا،
ئەو هەموو لێوە شەکربار و نەغمە خۆشانە.
شین هەڵدەگەڕێن پەنجەکان،
هێندەی ناوی برادەرەکانم بنووسن.
ئەوان لەناو ڕەشەبادا پرچی خۆیان، بەلای چەپدا
جارجارەش بۆ دواوە، دادەهێنا.
تەمەن دوو دەنگی جیایە،
ئەوەی لەو هەزار بەهەزارە دەبیسترێ
بەتاو غلۆر دەبێتەوە
هەمان دەنگی بەچرنووک هەڵشاخان نییە.
ئاوێک، بەتاو دێ سەرەو ژوور
چەند باڵێک پێشم دەکەوێ
لەسەر بەردێک ڕادەوەستێ
لەبن ئەو بەردەدا، ترسێک
چەشنی هێشووە ترێ ڕەش دەچێتەوە،
ترسێک و زیاتریش.
وریابە، بەخۆمم وت: دەست نەبەی بۆ دەنگێ
دەست نەبەی بۆ هەزار.

برادەرەکانم، مشتومڕیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا
باران تەواو تەڕیان دەکا
لە مێرگەکاندا، کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن
ئەوان و
فەریکە گوێز و مەمکە هەڵوژییەکان.

پیاوە ئازاکان دەستیان لە باخەڵی پڕ سێو دەگێڕا
بەدەنگ و ئاوازی نەوی
بەدەم کۆکە کۆک و بەورتە ورت
قسەکانیان دەوتەوە
گۆرانییەک لەسەر زاری مردووەکان بەجێ مابوو
ئێوارەیەکی تازەبوو
هەر هێندە بووین؛
ئەی ئەو هەموو بەزمە لە کوێ دروست بوو ؟
من سەرم خستبووە سەر پەڕەی گوڵێک
گوڵێک، دەتووت: باخچەیەکە.
گایەک لەو سەری سەرەوە دیاربوو
گیای بۆن دەکرد
دەرگا و دیوار
پەردە و چەرچەف و گۆرەوی و ژێرکراس
جارجارەش لموزی لە ئاسمانێ دەکرد.
برادەرەکانم، دەیانووت: گەلاویژ بۆنێکی هەیە
جیاوازە لە بۆنی سیوەیل و تەرازوو
ئەوانیش، تەواو جیاوازن لەبۆنی
کاروان کوژە
هەفتەیەک لەسەر یەک، مانگێک بێ پشوو
دەنگم نووسا ، هێندەی بانگتان بکەم: برادەرەکانم!

تۆ لە خەڵکی فلۆرەنسا دەچی، تۆ فلۆرەنسایی!.
مانگ بازنەیەکە، دەمەو ئێوارە دادەخرێ
ئەوە دەنکە نیسکێک بووایە،
مایەی گاڵتەجاڕی دەبوو.
ئەوە لێکچوونێکی پووچە،
پشت و پێشی مانگ تەواو جیاوازە



بەری خۆم تێ کە ،
جوانییەک لە هەرتک چاوتدا دەڕژێ
بەکەس خڕ ناکرێتەوە
جوانی وام لە خواردنی دەنکە هەناری مێخۆش، لاخۆشترە.
لەودیوی دەرگاوە، ئەستێرەکان بەرەڵڵا بکە و بڵێ:
بیاتریس... ئەو گوڵانە بانگ کەوە بۆ لای خۆت
چەشنی شەڕکەرێکی ماندوو
شمشێرەکە لە زەویدا بچەقێنە
ئەو سەردەمە بەتەنیا هی تۆیە.

شەڕکەرێک هاتەوە، ئەوە جوانترین دیمەن بوو ، من بینیم
نە سەر و ریشی تۆزاوی
نە پروشکە خوێنێ بەجلییەوە بوو
شەڕکەرێک... باق و بریقی سەرکەوتن لە چاوانیدا
لە شمشێرەکەی دەستیدا دەبریسکاوە
کەچی شەڕی نەکردبوو.
ئەوە جوانترین کۆتر بوو لەناو لەپی برادەرەکانمدا، خەوتبوو.
پێش بەری بەیان، ئەو کاتەی،
کچە شەرمنە پارچەڵەکان نووستبوون،
قەیرە روومەت قۆپاوەکان بەنێکی مۆریان دەچنی
برادەرەکانم لەوێ وێرانە خاکیان دەخوێندەوە
شەونمی سەر گەڵای گیایان ماچ دەکرد.

ئەو مارە فێڵی لێ کردم
لەگەڵ با هاتە ژوورەوە
ئاگری فریوودا.
کە گەرم بووەوە، شیعرێکی تەفرەدا
باڵندەی بن میچی ئەو شەوەی تەراندم
مار ئەو هەموو کەتنەی کرد

هەموومانی لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا گینگڵ دا
دواتر بەعیشووە لاسایی تریفەی کردەوە
لەسەر نەزمی باران گەمەی کرد
سەماکەر زۆر بوون، باران تەنیا
کە سەما تەواو بوو،
باران، هەموومانی گەیاندەوە بەر دەرگای ماڵ.
هەفتەیەکە... ئەو مارە فێڵبازە
وێنەی برادەرەکانمی ون کردووە
هەفتەیەک... هەفتەیەکی تەواو
نایەک دێ لە شێوەی ژنێکی قەفقاسی
ناو لەپم دەخوێنێتەوە
دێرە ورد و درشتەکانی ناو خوێن و
پێستی چرچ و بزربووی ناو ئێسکی دەموچاو
هەموو شتێک دەخوێنێتەوە
ژنێکی نەغمە خۆش
تاریک و ڕوونی بەیانم لەناو گلێنەدا بۆ دەگرێتەوە.
گوڵێکی دانسقەم دەداتێ
پەڕێکی: ئێوارەی (سکتان)ە و دەینێرم بۆ جەلال
پەڕێکی: ناڵپارێز...
ئەو بادییە ئاوە سازگارە
پەنجەی سڕبووی حەیدەر کەریمن
مەفرەزەیەکی بچووکن بۆ ڕاوشکار
دەینێرمە بناری قەرەچوغ.

سۆردیللۆ دەزانێ سەعات چەند بەئاگام
لەبەر دەرگای قوتابخانەی (خالدیە) پلووسکە بەردم تێ دەگرێ.
لە دەرسی سێیەمدا ئیشارەتم بۆ دەکا
پێکەوە پۆل بەجێ دێڵین.



تا نیوەڕۆیەکی درەنگ لە دەوری قەڵا دەسووڕێینەوە
هەر لە بنی پێوە تا تەپڵێ سەر شێتی سۆردیللۆم.
پێشتر منت لە شەقامەکانی دبلن بینیووە؟
چاویلکەیەکی قەترانیم لەچاو دەکرد و
عەیب و عارەکانی خۆم
دەدایە پاڵ (بلوم).
سێکس و نووسین و دەربەدەری
سێ گیرفانی کون بوون
هەرچەندی خڕم دەکردەوە بێ هوودە بوو.

قسەکانم قووت دایەوە
ئەو ئاوە هەموو بەختەوەری بوو
شیرین و سازگار، لەوسەری دنیاوە
دەمهێنا ناو قەڵا.
سۆردیللۆ سەری سوڕمابوو، کە قەڵا
لە یەکەم ساتەوە بەناوی خۆم بانگی کردم:
سەنحاریب!
دەستم لەسەر شمشێرەکەی کەمەری ڕەق بووەوە
سوێندم خوارد، عومرێک نوێژ بۆ ئەو قەڵایە بکەم
جا عومرێک بەس نییە؟!
قەترە قەترە ئاو و حەرف سەردەکەون
لەناو ڕستەیەکی کورت و قسەیەکی نەستەقدا
پەرداخێک پڕ دەکەن.
برادەرەکانم، لە تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورماوە
تا قەسری عەتاولاغا
بەپەنجەی قرتاو، دەفیان دەژەند
ئەو بەفرەیان بۆن دەکرد
کە بەکەروبار دەهاتە شاری.

ئاویان لە پێستی تەنکدا دەخواردەوە
لە هەموو درەخت و دەرگایەک ڕادەمان
بێ هێز دەهاتنە بەرچاو
ئەوە ئەوپەڕی بێ ئومێدی بوو.
ماڵێک پەڕۆیەکی هەڵکردبوو
ژنێک مرازی دەشەکایەوە
گەڵایەک بەو وەرزە درەنگە لەناو لەپمدا خەوتبوو.
کەسێک دەستی ڕاشەقاند بۆم
شێوەی لە یۆحنا دەچوو.
کۆترێک لەسەر ئەو شانی
کۆترێک لەسەر ئەم شانی
کۆترێک لە نێوان دوو ئەبرۆی
کۆترێک لەسەر لێوانی
بێ دوودڵی سڵاوم سەندەوە.
هەر هێندە لە خڵتی ناو فنجان دیارە
ئەو وێنەیە سەردەمێکی کۆنترم دێنێتەوە یاد
من سڵاو لە ژنی ئەو ماڵە دەکەم
گەڵاکەی ناو لەپی خۆشمی دەدەمێ.
وا مەزەندە دەکەم ئیتر،
عەشتار بەو گەڵایە دەژی.
گوڵێک شک دەبەم، دەڵێم:
عەشتار ئەو گوڵە بۆن دەکا.
ئاوێک شک دەبەم
وا مەزەندە دەکەم، ئەو ئاوە دەخواتەوە.
جوانیەکان لە برژانگ تیژترن
کنێر و کولیک، گۆڕەکان بەلای جوانیدا لار دەکەنەوە
دوو گۆڕ لە (شێخ ئۆمەر) و یەکیان لە (چراغ).
هەموو بەیانییەکی زووی جەژن



دایکم دەیبردم بۆ ئەوێ.
مردن دەتووت ماستە بەلێومەوە دیارە
مردن
مردن
ئەو هەموو مردنە بەس نەبوو.

سێبەری درەختێک لەوێ بەجێ مابوو
سێبەری شەپۆلێک بەتەنیا دەچووەوە جێی جاران
لە وێستگەکەی لای (ست ئیمام)
شەمەنەفەرێک مابووەوە
سەربازەکان پەلە پەل دەهاتنە خوارێ
فارگۆنەکان چۆڵ نەدەبوون
سەربازەکان سەردەکەوتن.
ئەو هەموو سەربازە دەتوانن باخچەیەک تێک بدەن...
ئەز بیر لەوە دەکەمەوە،
شەڕ براکانمان بۆ کوێ دەبا؟
شەڕ باخچەکانی بۆ خۆی برد.
گوڵەباخمان بۆ پەنجەرەی فارگۆنەکان هەڵ دەدا
هەڵدە... ئەو پێکە بۆ جەنگە و
ئەو هەموو گوڵەش بۆ ماڵئاوایی.

چەند پێکەوە، خەومان بەبەغداوە بینی
من و برادەرەکانم
بە ژنە قۆڵ ئەستوورەکانی
بەکراسە کورتەکانی سەر ئەژنۆ
کە ڕەنگەکانیانمان لەبیر نەمابوو
بەمنداڵیش
لە ڕەنگەکانی (لگاو)دا
ڕەنگێکی کاڵمان بزر کرد لەناو ڕەنگە تۆخەکاندا

لەو ساوە ئیتر شتێکی ئەوتۆمان نەبردۆتەوە
دڵمانی پێ خۆش بێ.
ڕەنگێک و هەزار وەک یەکن
دەست بۆ کامە ڕەنگ درێژ کەم، ئەو هی منە
دەشێ ڕەنگێک تا شەو درەنگان بمێنێتەوە
ڕەنگێک بۆ خواردنی هەرمێ
ڕەنگێک بۆ خەوی بەیانی
ڕەنگێک بۆ مەغزای قسەکان.
دەشێ ڕەنگەکان یەک ڕەنگ بن
سوورێک... شینێک... قاوەیی تۆخ
ڕەشی خاڵدار
ڕەنگێک لە سەرووی ڕەنگەکان قەتیس ما،
نایێتە خوارێ ئەو ڕەنگە.
برادەرەکانم، هەریەکەو ڕەنگێکیان هەیە
هەریەکەو لەبن پێستێکدان
وەک ئاو، هەریەکەو بۆنی ژێر بەردێکیان لێ دێ.
تۆ دەتووت: کە لە چیاوە هاتینە خوارێ
باوکم بەتەنیا دروێنەی دەزانی
پشتی چەماوە هێندەی شنەبای بکا
دەتووت: کە هیچ نەدەما بیجوێ
قسەکانی دەجوییەوە
تۆ دەتووت و دەتووتەوە.
وتم: تەماشا، ئەو گوڵەگەنمە
لەبەر دەرگای ماڵتاندا پرشنگ دەهاوێ
تۆ ئەو گوڵە پرشنگدارەت نەبینیبوو.
باڵندەی کێوی چرنووکیان لە جلوبەرگمان گیر ببوو
خاسەکان هەراش بوون
خاسە تۆپڵییە چەورەکان!



عارەق خۆرەکان بۆ مەزە و جاجیک دەیانکڕی
لای ئاوی (مفتاح) تا درەنگان دەمانەوە
بۆ کەیف و سەفا.

(جەرگۆ) بۆنی عارەق و چەورایی لێ دەهات
ئەو بۆنە لەبەر هەتاوێ دەمایەوە
هاوینێکی تەواو دەڕژایە سەر زەوی
ئەوانەی دەچنە دەرەوە
ڕیشۆڵەکانی سەلیم قاقان! هەر دەبێ بێنەوە
ئەڵماس وای بەجەرگۆ گوتبوو.
دوو خوشک (سەڵماس و ئەڵماس)
سەربووردە و حیکمەتەکانیان
لەناو کوپە و قۆزاخەی پەمۆدا دەشاردەوە
(جەرگۆ) دڵی بەوە خۆش بوو
چێشتەنگاوان پارچە گۆشتێکی بەئێسکەوە
لە قەنارە دەکردەوە
دەیخستە زەمبیلی، بێوەژنێکی گەڕەکی جولەکان
دەیووت: لە دوو خوشکان خوشکێک بۆ من.
برادەرەکانم
ئەو ڕۆژەیان لەیاد نەچۆتەوە
کە ڕەشۆی سابیر ئاغا
دوو کەسی بێ خەتای لەناوی شاریدا کوشت.
ئەو ڕۆژە (دارا) یاخی بوو
وتیان: کوڕە هەراشەکەی (جەرگۆ)
دایە شاخ.
پەیامە و من دەیبەم
لە داوێنی (سەفین)ەوە تا بەردەرکی قەڵا
گوڵە هەڵووژە... بەلالووک... هەنار

بەلاجانگی کچانەوە سوور دەچوونەوە
سپی... پەمەیی
کەمێک شین.
ئەفسوونی وەرزەکان ڕسکا بوون بۆ دارا
با بیبا بۆ خۆی ببیا
برادەرەکانم
دۆن کیخۆتە و حەللاجیان دەخوێندەوە
قلە هەنجیرێکیان دەخوارد و دوو قلیان لە یەکتری دەگرت
لە بەرامبەر ئاسیاوەکاندا ئەبلەق وەستابوون
کەیفیان بەقسەی شارەزووییەک دەهات
کە باسی گوێزی دەکرد و دەیووت:
ئەو سەماکەرە چەند جوان خول دەخوا!
لایەکی تەمەنمان بەو وڕێنەیە بردە سەر
لە ڕەهایی و دەربازبوون دەترساین
کە تەواو بێهوودە دەبووین، دەمانووت:
سەرکێشی ڕەزمی باخچەکە دەگۆڕێ
پاشان...
کە بۆشاییەکە گەورە بوو،
بەچی پڕی بکەینەوە؟

یەک جار بێرە تێ پەڕیوم، یەک جار و بەس.
(بەو شێوەیە دنیا کۆتایی دێ)

شەپۆلی دوژمن لە قەلای دەدا
کات نەبوو بۆ فڕین
جەنگاوەر چەشنی شێر دوو باڵی لێک دەدا
دەنگی کەڵەشێر تێکەڵ بەشەپۆلان دەبوو
ڕۆژێک کە تازە لە هێلکە هاتبووە دەرێ
لە سەرووی هەموومانەوە



باش و خراپی جیا دەکردەوە.
لە ناوەڕاستی گەلاوێژەوە
لەناکاو ئەسپێک لە چۆڵەوانییەوە بەرەو ڕوومان هات
هاوارمان لێ بەرز بووەوە: ئەو هەموو یارییە بەس نەبوو؟
ئەو هەموو نائومێدییە بەس نەبوو.
برادەرەکانم
سێ بەشی مردنیان لێ دیاربوو
لەسەر کەشتییەکی بچووک
لە ئاوەکەوە بەرەو لای دۆزەخ سەوڵی لێ دەدا
لەناو هۆزە دوورەکاندا
گوڵە مێخەکیان بۆ فڕێ دەدا
ئەو بەزمە تەواو نەبڕابووەوە
کە من جوانییەکانم لە سەبەتەی ژنێکی (تەعجیل)دا بزر کرد
وتم: ئەوە یەکەم چرا بوو هەڵکرا
لەشێک کە دەتووت شەرابە
ئەو هەموو گەوهەرەی نیشان دام.
برادەرە هەناسە سوارەکان!
سیلدار و فێدار!
لە هاوینەکانی (تەیراوە)دا (کامۆ)یان ناسی
لەناو لمەکانی کەڵەکدا
مۆدێلەکانی (مۆدلیانی)یان دۆزیەوە.

سپێدەیەکی... لە دەرگا درا
لەشەرمان دەرگام نەکردەوە؛
(بیاتریس) بەڕووتی ڕاکشابوو
ئەو گۆرانییەی بۆ دەوتم، کە سالآنێکە سۆزی لەو چەشنە و ئاوازی وام نەبیستووە.
ئەستێرەی سیلدار هەڵنایێ!

گوڵی سیلدار بۆنی نایێ!
وەرزی سیلداران بۆ نایێ؟!
بەو دەنگە لاسایی هوزاری دەکردەوە
بەوپەڕی سەڵتەنەتەوە
جوانی لە پەرداخێکی تەنکدا دەخواردەوە
زەردە دەچووە پەنجەکانیەوە
زەردە دەچووە دانیشتنی بەر پەنجەرەی ئێوارانی.

برادەرەکانم
هەندێکیان خۆیان بەنەوەی ئەسکەندەری مەکدۆنی دەزانی
دەیانووت: قۆشەنی داریوش
لە پەنا دیواران تلیاکیان دەکێشا
بن باخەڵیان پڕ بوو
لە گۆڤاری مۆد و سێکس و
جادوو.
سەرمان بەو قسانە ئەستوور دەبوو
ئەوانی دی...
کەیفیان بەچارەی هەردووکیان نەدەهات
ئەو هەمووە مشتومڕە گەشتەکەی لێ تێک داین.
چروت و قاوەی بەرازیل
وێسکی سکۆتلەندا
شیعری ئینگلیزی و هەندێ ڕۆنی گەنەگەرچەک
مابووەوە بۆ عومرێکی دواتر و
سەفەرێکی دواترمان.

سلێمانی سەرەتای ١٩٩٨



## باوباڵەکان

با سیحر نییە، ئێوارەی
سێوی نەگەییوە، نەدرەوشاوە
ئەوەی دەیبیا گەڵا گەڵا بەمردوویی
دێنەوە بەر ئەو ماڵانەی هێشتا بەیان لە دەرگای نەداون
دێنەوە کەنار و گەشتمان دوا دەخەن،
پێم وایە ژن و پیاون
شەو و ڕۆژ
ژیان و مردنیان تێکەڵی یەک بووە
لەو لاشەوە، تەپڵەکان نووساون
ڕم ماندوو
پیاوان دردۆنگ و سەرگەردان، سەرگەرداو کەوتوو
بەپەلە و بەهەڵەداوان ئەو ڕێگایانە هەڵدەبژێرن کە ڕێ نییە
زراف و بێ پەیمان
لە پەنجەرانڕا هەڵدەکشێن، گێژ و بێ ئاکام.
ژنان دێن تەونیان توندە
شمشاڵن لە دۆزەخێوە دەژەنرێن
خۆڵە پۆکیان نزایە، کۆک و ئامادە
گونجان و نەگونجانیان نییە، ئەنجام و بێ ئەنجام
فرمێسکیان بەدەنووک و بەکەسکی ژیانی وا هەڵگرتووە
با نەیخا
هەواش ماندوو
پەنجە ناچنەوە پاڵ یەکدی، پەرش و بڵاو
ئەوەی هەبوو ڕژا و ئەو مامزە دەڵێی پاییزە
لەو ئاڵۆزییە و بەو وەختە درەنگە
گەشتەکەم بەتاڵە
من نییم... بەو باڵە دزراوانەوە

کاتەکانم هەروا بەخۆڕایی نارۆن
سووکن، بەو حاڵەش هەر ڕانابوورن.
دوای ئەو مشتومڕ و گرفتە و لەگەڵ ئەوەی مردن
پۆپینەیەکی سووری گەورەیە
کەچی کات هەر ماوە.
ئەو دەنگانە دەنگ نین
باغن بەو پایزە مەستن، کۆترە شینکەن
لەو دیوارانەوە دەڵێی ترسن دەفڕن
ئەو دیوارانە بەیانن
لەسەرخۆ و لە بنەوەڕا دەڕووخێن، شەرمەزارن.
پاشماوەی داوەتە و برۆ لەیەکتری گیرن،
ماڵ چۆلکراو، لە نزیکیاندا نابینرێن
شەو بەجوانی لە ڕەگەوە دەنگی دەهات
چاو گەرم و داخراو، ڕۆژن نە هەڵدێن نە ئاوادەبن
عارەبانەی، شاژنی مەست و خۆمار تێدا نووستوو،
لەبن ئاسمانێ دێ و دەچێ
قەشە نوستوون
منداڵان گاز لەو سێوە پایزییە دەگرن
کە لەبن ددانماندا دەڵێی سیحرە
نە دەخورێ و نە دەچێتەوە ناو سروشت.
لەودیوی ئاوەکانەوە
زێڕۆی شەمسی هەڵۆبە و بەهەوەس با پەڕەکانی تێک دەدا
ئایا من خواوەندم؟ ئەو دەڵێ.

لێوارەکان لێرە زەڕنەقووتەن، کاسیان کردووم
لەو لاشەوە گورگن برسی و ئەو ئاوەیان بەسام ڕاگرتووە.
مۆسیقا لەو ڕۆژە تەڕەی پایزێ دەنیشێ
دەکرێ ئەو ساتەی لە دەرەوەی ساتەکان دەدرەوشێتەوە



ساتێ کە باڵ دەجووڵێتەوە، ئاوگ سەردەکەوێ
ڕۆژ لە هەناوان بێ پایان دەڕژێ
ساتێکی تێکڕاو بەردەوامی وا؛ بەو پێیە زیوینە و نزیکی با
بوەستم و
لە جێی خۆمدا بمێنمەوە؟!
ئەو گۆرانییەی لە مناڵییەوە بزرە و نائومێد
شەپۆڵیان لەو بڵندییەوە بوەستێ
من لەوێ نەبم؟
دەکرێ؟
ئەی با پێم چۆن دەکرێ؟
ماڵەکان ناڕێکن، هەڵۆ بفڕە
ئەو ئاوازە وەختە باڵی لە ئاوێ بدا
گەشتوەر زۆرن
ئەوەی هەیانە دەیدەنە گەڵا
گەڵاش ڕەگ ڕەگ ونیان دەکا
بۆنیان با دەیبا، جەڕەیان بەتاڵ، موویان وەریو
هات و هاواری دەریاوان، ناگەهانی ئاوە و زاڵە
ژن پێکەوە
پیاو پێکەوە
وەرزەکان پێکەوە دەژەنرێن
ئایا من خواوەندم؟

گەمێ لە ئاوێ و بەو قەوزە دڵتەنگەوە
لەبن ئاسمانێ دەبریسکێنەوە
زێڕۆی شەمسی باڵ دزراوە، ڕۆخانەی جێماو
سەرخۆش و بەرز و فراوان
با لێی دەدا
لەودیوی ئاوەکانەوە هۆز ماندووە

قوربانی لە بەردەکاندا گوڵاڵەی شەرمۆکن
ڕەنگەکان دەڕژێنە ناو یەکدی
ئەوەی هەیە داپۆشراوە، شین و داماو
تەون خامۆشی کردوون، زەنگیان دەنگی نەما
لەش بەتەواوی گرفتار
دەست کورتە و ئەو عەیبەم پێ دانەپۆشرێ.
کەڵەشێر دەبینێ
ڕۆژ گوڵە گوناحێکی زەردە و
خاڵ لەسەر ڕوومەتان گزنگیان دەمگاتێ
ڕەنگن لە گەرمیان دەمرن.
ئاو دەڕوا، هەر ماسیە و ئەستێرەی خەمێکە ڕژاوە
منداڵ هەر لەبەر ئەو ئاوە
دەڵێی سێون لە سەبەتان
دەڵێی خۆشین.

بەفر، ڕێکەوتە مۆسیقای لەگەڵما
بڵندە و نابینا، شەپقەی لارە لە جوانیان
لێو تەنک، بەکوێری دەبینێ
هەناری ژنان دەنکن، لە گەردەنان دەڵێی خۆرن ئاوا دەبن.
ئاو هەڵدەستێ،
جوانی لە خوا دەبێتەوە بەخۆڕایی بە ژنەکان وەدەنووسێ
ئەو لەشە ئاوێکە نەمدیوە، ماسیەکان وایان وت
ئەو ڕەنگە کەمێکە و بێ ئاواز ڕژاوە
ماسی نییم
ئەو ئاوە ئاواییەکە سەرسام
نەواخۆش، ناوترێ ئەو بەزمە.
چوار فریشتە بەو بایە دێن، بەو ئاوە
نانێ لە چەشنی گوڵێکی مێخەک



لە پێشم دادەنرێ! بیخۆم
ئەویش تەواو دەبێ، نەیخۆم
جوانی جارانی نامینێ.
لە سیحر و نوکتەی با ترساوم
گوڵەکان لە بنی بەلوعان لەناو حەوزەکاندا خنکاو
نە بەرزم نە نزم
بەو شێوە و بەزمە؛
ئایا من خواوەندم؟

زێڕۆی شەمسی ئەو ساتە کورتەی ماوە
پیاڵەی شەراب و ژەهرە تێکەڵاو، بەترس و تاسەوە دەڕژێ

باڵەکان ئاسمانیان بڵندە
باڵەکان تواوە
خڕیان کەمەوە فرمێسکن
برژێن، پەیکەری گریاون
خەونە و؛ ددانم: دارێکی کلۆرە
گوێزی پووچن غلۆر دەبنەوە
سمۆرەش پیتێکە نیگەران
بکەوێ ددانە
هەڵقۆزێتەوە میمێکی سامناکە و بەمردن وەدەنووسێ.

کوێر نیم زەرد و گەییون میوەکان
میوانم نزیکە
هەناسەمان کەفی لێ نیشتووە ئاڵۆزی یەکترین
مۆمیام و ماخولیا
ئەو ئاوانەی دەگەنە ڕۆژئاوا
گەشتیان بەشەوێ گرانە و کەس نادوێ
ئەوانەی مردوون، لەسەر پشتی با

بەو ترس و ناهەموارییەش ئامادەن
ڕێکەون لەگەڵ با، ناڕێکین پێکەوە و ناکرێ
مل بنێم، نافڕن ئەو باڵە قورسانە!
چی بکەم؟!
باڵەکان کە لێم دەبنەوە بەلەسەن
کافووری منداڵین لە سەرمان جێماون
گوڵن لەو سەرەوە سەروەر و نائومێد
هەڵدەوەرنە ناو ئاسمانێ
بۆنیان دەمار دەمار دەڕوا
سەرگوزشتەن
گەشتەکەم دوا دەخەن
هەرچەندی بووترێم مانام ئاڵۆزە و بزرم
هەڵۆ نیم
زێڕۆی شەمسی بەو ڕۆژە نابینرێ
نە ناشیرینم نە دەکرێ جوان بم.
چوار فریشتە پردەکان دەگوازنەوە
دەبینم
دەنگەکان دەبیسم -کە دەنگ نین-
ورتە ورتێکی بێ مانا و باڵ دزراو
تاریک و ڕوونم تێکەڵاو
ئەنجام و بێ ئەنجام
کەچی ئەوە بەتۆ دەڵێم: ئایا بەو حاڵە خواوەندم؟

١٩٨٧ - هەولێر



## وەرزی سۆردێللۆ

I

ئاو سەردەمێکی کۆنی مەست بوون و، گۆرانی دەریاوانێکم دێنێتەوە یاد؛
کە پێشتر سۆزی ئەو ئای ئایەم لە کەس نەبیستووە.
باسی زەویم لای ئێوارەی بێ واز کردبوو، سیحری بام لە سێوێکی نەگەیوودا شاردبووەوە،
چاوی بەیبوونی بارانم پڕ لە ئەندێشە کردبوو.
جوانیەکانم، لەژێر بەفرە نووستووەکان شاردبووەوە، کردبوو من بەهەڵە کۆک و گوڵە کێوی سەردەم و چاوی بەفرنووس.
پیاسەم لەگەڵ پەپوولەکاندا کردبوو.
کەچی گۆرانی ئەو دەریاوانە، ئەو سەوڵ لێدانە، مۆسیقای سەردەمێکی پێشووتر و مشتومڕی ئەو ماسکانەی بەبیردا هێنامەوە، کە من تێ ناگەم چ دەڵێن؟
بۆنی بەردەکان دەپرژێن، ئەو بەردانە پایز بەڕووتی لە سەریان پاڵ کەوتبوو. بەئاوازێکیش دڵی خۆی دەدایەوە، کە ناکرێ لە یادی بکەم و لە بیر خۆمی ببەمەوە.
ئەو ئاوازە، لەودیوی هەستەکاندا، لەو سەری ساتەکانی جوانی، لای باخچەکانی منداڵی، پەڵکەزێڕینەی وەرزەکانی هەڵکردووە
ئەی خەیاڵ!
ئەی ساتەکانی جووت بوون و ماسکەکانی جیابوونەوە
ئەو ئاوێنەیە مەکشێنە، من تاجی منداڵیم لەوێندەر داناوە.
ترسم هەیە پایز هەڵبکا و ئەو ئاوە بەرزتر بێتەوە
ئیتر من نەچمەوە لای گوڵەکان و منداڵیش لەوێ بژاکێ.
ئەو دۆڵە دەشتێکە بۆ هەڵاتن و پەنجەرەیەکە بۆ بینین
لەوێوە بەیان دەنوکی لە پێڵوی پایزێ دەدا، دەمووت، باڵندەکان
لەو بەرزاییەوە تریفە دەهاوێن، ئەو هەموو تریفەیە لەسەر
بەردەکان دەنیشن، ئەو هەموو بەردانە غلۆر ببنەوە، ئیتر دەرگاکە دادەخرێ.
دەمووت ئەم دۆڵە ئیتر هەراسانم دەکا، ماسکەکان وڕێنە دەکەن و بەردەوام دەڕژێنەوە.

بەیانییەکی لەو چەشنە بوو، کە نوح لە ترسی ئاوەکان، سەرمەست و پڕ نەشئە، باڵندەی تەریووی نارده لای دارستان، دەمووت، بەیانییەکەی شین بوو، شینی تۆخ، کە دەنگی عوودێک سەر ئاو کەوت و کۆترێک سروشتی بەدەنووک هەڵگرت.

دڵنیابووم، ئیتر زەوی لای ئێوارە پاڵ کەوتووە
وتم: پێکێک و دووان و پاشان، هەموومان لای
نێرگزەکانی (جوودیێ) میوانین.

II

من گۆڕاوم؟ تۆگۆڕاوی؟ یان هەموومان.
لەو سەری دۆڵەکە، پیرەژنێک نیوەی لە
تەلیسم و، نیوەکەی دی قەلەڕەشکە.
دەیووت سۆردێللۆ! ئەستێرەی بەختت کەوتۆتە ئاوەکە و،
ئەو ئاوەش ناسرەوێ!

بەو دەنگە کەرخە ڕستەیەکی دەوت و دووبارەی دەکردەوە، من شتێکی ئەوتۆ لەو قسانە نەدەگەیشتم، جگە لەوەی ئیتر جوانی شەوقی جارانی نەماوە، وەرزەکان یەکتریان قووت دا، فریای هەڵوەرین نەکەوتم؛ وەک چۆن فریای پشکووتنیان نەکەوتبووم

ژنەکان لەبەر سۆزی لای ئێوارە و لای ئاوەکە، تا درەنگانێ مانەوە.
قەلەڕەش دەیان خوێند،
سۆردێللۆ لەسەر گازی پشت ڕاشکابوو.
دەیووت ژنەکانی فلۆرەنسا سیحریان لێ کردووم،
زوو هاتن و زووش لە جوانی خۆیان کەوتن.
من وتم، دەنکە ترێیەک لەو ناوە گیربووە
مەبەستم ئەو چاوە ڕەشانەن
کە بەیەک نیگا لە سۆردێللۆ و لە نیشتیمانیان
دەڕوانی و پێکەوە لێڵ دەبوون.
دەنکە هەنارێک لەسەرخۆ دێتە خوارێ،
لە گەردنەوە تریفەیەک دەڕژێتە سەر لێوان
ئەو نەزمە ماسکەکان نایژەنن



ئەو نەزمە، لەتێکە لە خۆر و، سەبەتەیەکە پڕ لە ئەستێرە
ئاوێکە و شەپۆل دەدا.
سۆردێللۆ لەسەر گازی پشت کەوتووە،
ئەو دۆڵە کراسێکی نایلۆنی قاوەیی، بۆینباخێکی گەچراوە
من نابمە شازادەی کۆدۆر و گلامس.
من نابمە شازادە، من نابمە ماکبیس!
دارێکی سەر و قژ ڕووتاوە لەسەری دۆڵەکە
دەتووت مامۆستای واهیمە و تووتی ئاسا،
وانەیەکی مێژوو دەڵێتەوە،
کەچی باسی ئەو سەرنجانە ناکا، کە من بەبەهارێ بۆی دەنێرم
بەزستان و هاوینێ دیمەنی ئەوم لەبەر چاوە
باس ناکا، چۆن، خەو خەوشەکانی داپۆشی.
من وتم، خەو یاقوتی دۆزراوەی دوای مەست بوون و،
شتێکە لە جێ پێی خواوەند دەچێ
ئەو گەمژەیە نەیدەزانی من باسی گەڵاکانی ئەو دەکەم،
بێ باک خۆی لەبەر کزەبا دەهەژاندەوە،
پەیوەستی قسەکانی منیش نەبوو.
هەوەسی بەو هەموو ماسکانە دەهات کە لەو ناوە بێ باک کەوتبوون.

قسەکەم دووبارە دەوتەوە؛ دەستەکان لەگەڵ یەکتری دەخەون، چاو لەتەک چاو، دەم لە لای دەم، مەمکەکان پێکەوە، خەو دەیان باتەوە لای خۆی.

ئەو سیحربازە، دەبێ چۆن ئەو لێوە تەنکانە ماچ بکا؛ کە ماچیان بەکەس نەداوە؟ چۆن دەستەکان بگوشێ؛

کە دەڵێی باڵی پەپوولەن؟ چۆن یاری بەو مەمکانە بکا، لە کوێیان بشارێتەوە؟ خەو یارییەک دەزانێ کە هەموومان لای منداڵی جێمان هێشتووە!

من نابمە شازادە!

ئەوەی کەس لێی ناسڵەمێتەوە، من بەپارێز دەچمە لای. دەستم لەسەر شمشێر و، پێیەکم لەودیوی دەرگایە، لە شەڕەکاندا، خۆم تەنیا ماومەتەوە. کە شتێک لای ژنەکان بەجێ دەمێنێ ناچمەوە بۆی.

ئەوە بەعەیبێکی گەورە دەزانم، کەچی من لە کەوتنی ماسکەکان دەترسم!

ئاوڕ بدەوە، بەهەشت نزیکە لێمان، من چاوەڕێتم، بیاتریس!
لەوێ لە نزیک تەمە تەنکەکانی تەنیایی،
خۆم چەشنی خاڵێک گرمۆڵە کردووە
بەردێکی دلڕەق و گردێکی چاوزەقم جیرانە
چادرێکی زەیتونی پڕ غەڵبەغەڵب و، یادگاری سەراسیمە و
تیلماسکی بیرەوەری جەنگاوەرێکی بەیانم جیرانە.
پێش جریوەکانی سپێدە، پێش گەمەی گەلا، پێش سیرەسیرەی یادگاری، پێش تل بوونەوەی بەردەکان، پێش گردەکە
بەیانیان، بیاتریس، لوتی لە لوتم دەخشێنێ و پەپوولەکانی بەرەڵڵای ناو باخچەکانم دەکا: بەیانیت باش!
بەیانیت باش، بیاتریس گیان!
دڵی خۆم بەو قسانە دەدایەوە،
ئەو خەونەم زیاتر لە جارێک بینیوە،
ئەو گەمێیە بۆ کوێت دەبا؟ هاوارم کرد.
ئەو شەپۆلانە، چ خەونێکی دانسقەیان کردۆتە مرواری پەنجەیان؟
ئەو چەرخ و فەلەکە، کەی دەوەستێ و تاوێک پشوو دەدەین؟
لەو قسانە نەبوومەوە، هەرتک چاوم کەوتنە ئاوەکە و،
تا ئێوارە درەنگ وەختیش،
ئەو دوو زەمبەقەم نەدۆزییەوە.
ئاوەکە دەڕۆی، گۆرانی دەچڕی: هەی نابێ نابێ...
ئای ئای وانابێ. گەمەی ناو ئاوان زوو تەواو نابێ!





هیچ شتێکی ئەوتۆم لە بارەی گردەکە نەخوێندۆتەوە، حیلکە حیلکی ژنەکانم لەوێ بیستبوو، دەنگێک دەتوت سیحرە و لەناو گوێ شەیتانۆکە و قەوزەکانەوە، لە خشەخشی ڕووت بوونەوە و مەست بوون دەچوو، لێواولێو لە گردەکەوە، چەشنی کەفێکی سپی دەڕژا و دەنووکی لە ئاوێ دەدا، ئاوەکە لەبن پردەکانەوە بەتاو دەهات، بۆنی سروشت بەرز دەبووەوە، نووزەیەک گوڵە کێویەکانی بەئاگا دەهێنا، کەفەکە دەنیشتەوە، قاچ و قول دیار دەکەوتن، لەعلی لێو، پرچی لەبا، و سینگی چواردە!
زاق و زیق دەکەوتە ئاسمانێ.
سۆردێللۆ لەو باڵندانە ڕادەما، کە گەمەیان لەگەڵ با دەکرد.
دەمووت: ئەو گردە لە پشتی پڕ زیپکەی ژنێک پڕ نەشئەترە!
ئەو ئاوە گەرای ترس لەناو جلەکانی دادەنێ
سۆردێللۆ دەیووت: ترس چەشنی ڕۆندکێک،
لە نێوان ڕۆژەکانماندا قەتیس ماوە!
من پەنجەم بۆ بەردەکان هەڵبڕی،
وتم؛ ئەوێ پڕە لە چاڵی چەناگە و لە خەت و خاڵی ئەو کچانەی خۆشمان ویستوون، لە حەسرەتی ئەو گەشتوەرانەی گەیشتنە ترۆپکی ئومێد و لەوێ گیریان خوارد.
سۆردێللۆ، تۆ لەو بەرزاییە چۆن دێیتە خوارەوە؟!
بەردەکان پڕن لە سیمای خیانەت، لە ئاوازی دەست بازی و نوقرچ و
لە دەست هەڵتەکاندنی ژنەکان، کاتێ پیاوەکانیان دەچوونە شەڕێ.
ئەوێ شێوەی هەموو برادەرەکانمی لێیە!
ئەو هەموو هێڵە باریک و درشتە لە پەلکەزێڕینە و لە خەون دەچن،
لەوێ هەریەکە و خاچێک هەڵدەگرێ.
یەکیان دەرگا لە بەخت دەکاتەوە،
ئەویتریان دایدەخا.
ئەو برادەرانە لە دەفتەری بەر باخەڵ و لە فنجانی قاوە دەچن،
ژیانیان پڕە لە گەمە و نائومێدی.
لە چل ساڵیدا، بەزەحمەت مۆمێکی پایزانەم کوژاندەوە
لەناو ڕەنگەکاندا، حەزم لەو پێستە تەنکانەیە کە ناهێڵن مەمکی بیاتریس بگەن بەیەک!

له تل بوونەوە و لاربوونەوەی ناو باکاندا
له چەپکە ڕووناکیەکی کز دەچم.
بۆنی من و بۆنی کازیوە له یەک دەچێ!
زۆر سیحرم بەتاڵ کرد، زۆر کیفک و قاڵبم فڕێ دا
له تەسکایی دەربەندەکاندا دوودڵ نەبووم، تاوم دا
ئەی ئاو! ئەی سەرامەدی نەوەکان!
مردنێک لەودیوی جوانیەکان سەرە تاتکێ دەکا
ژنێک له توخمی منداڵییە و لەناو هەورەکاندا پیاسە دەکا
چاوێک لەناو لیمۆی ئێوارەیەکدا، پڕ بەزەیی دێتە دەرێ،
له هەموو ژنەکان زیاتر دەمێنێتەوە
داری لیمۆکان ئاو دەدا.
له جەنتای سەفەرێکی قاوەیی تۆخدا هەڵمدەگرێ،
پەنجە بۆ کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە هەڵدەبڕێ.
ئیتر من و شەڕ پێکەوە هەڵناکەین!
وردە ماچی له چەشنی ماسی هەڵدایە ناو ئاوە تەنکەکانی ڕووم، ئەو ژنە.
ئەی ماسییە شەرمنەکانی ماچ!
ئێوە و جوانی ئێوارە، ئێوە و ئاوە شەرابییەکانی بەهەشت!
ئێوە و مەست بوون تا ئەوپەڕی جوانی!
تاوێکی دی بمێننەوە.

## V

شەڕ سێوێکی گەنیووە تۆش برسی
نانێکە کەڕووی گرتووە، ئاوێکە و بۆت ناخورێتەوە!
وامەزندە دەکەی ئیتر باخچەیەک نامێنێ تۆ پیاسەی تێدا بکەی،
سازێک نامێنێ بۆ ڕۆح و بەیانییەک نامێنێ بۆ بەهار!
بۆ تاوێک دەچمە کەڵکەڵەی شیعرێکی هەڵکرد و،
سۆردێللۆ چراکەی بەدەستە، پێشم کەوە ئەی پەیامبەری گوڵەکان!
سەبایەک بێژە سەبایەک له چاڵی چەناگەی شەڕ دەرم بێنێ،



له پەلکەزێڕینەی ڕووی یارم بدا.
بۆ ساتی پشکووتن، بۆ کاتی گوڵگرتن لەگەڵمابە
بۆ ڕاوی وشەی سرک بۆ کاتی گەیشتن بەحەوزی ناو باخچەکە، لەوێبە.
ترساوم نەبادا، هەناسەی خائینێک
نەبادا شمشێری زاڵمێک مۆسیقای بارینم تێک بدا.
یا چاوی قافیەی لێک نەچووی دێڕێکم شۆڕ بکا.
ترساوم نەبادا، گەلایەک نەمێنێ بۆ ئاشتی
کۆترێک نەمێنێ هەڵکوڕمێ بۆ فلچەی پیکاسۆ،
نەبادا، چریکەیەک نەبیسمەوە لەوانەی محەمەد عارف جزیری.
کەڵەشێرێک نەقووقێنێ لەوانەی نامیق عەلی پەڕ و باڵیانی له بەیان وەردەدا و دەنووکیان له بەفرە ڕەش بووەکانی مەدحەت کاکەیی گیر دەبوو!
ماسییەک له ماسییەکانی ئیسماعیل خەیات لەناکاو خۆی نەکاتە ناو گلێنەی خەونەکانی هاشم سەڕاج.
نەبادا، سێبەری ژاڵەیەک نەمێنێ بۆ پیاسەی پەپوولەکانی شێرکۆ بێکەس و کەمانچەکەی ئەنوەر قەرەداغی.
دڵشاد نیم. له چڵ ساڵیدا، سێبەرم چەند باڵێک دوای ناوم کەوتووە، باڵابەرز و ڕەشتاڵە، هەردوو دەستم لەبن میچی گۆی زەوی گیر کردووە.
لەو دوورەوە چەشنی خاچێک و واهیمەی سەردەمێک چوومەتە سەر گردی بەرامبەر دۆڵەکە.
ئاوڕ بدەرەوە بیاتریس.
بۆنی چڵک و ئاوارەیی و گوڵە کێوی، له ڕاستەوە بۆ لای چەپ و،
له خوارەوە بۆ باکوور پەرت دەبێ
سۆردێللۆ شتێکی پیرۆزی لا جێ هێشتووم
دەربارەی نیشتمان!
کە گەڕامەوە له بیرم نەچێ؛ دەیدەمە بیاتریس
ئەویش بەسەر دەرگای ماڵەکەیانی وەبکا.
کۆتایی ١٩٩٦ سەرەتای ١٩٩٧

## پیاسە و ئاڵۆزی

ئا ئەوەتا چل ساڵی تەمەن و پەیکەری برۆنزی
ژنێکی باڵابەرز
خەونی لەبەر باران نوستوو
هێندە مەست نیم چەند ساتێکی ترم ماوە
ئا... من دەمرم!
لەژێر بەفرا چەند نهێنییەکی منداڵی دەشارمەوە
خاک ژنێکی قژئاڵۆزە، ئەو جوانترە یان ژنی من؟
تریفەی لە بەفرێ دەخشا
لکەدارێکی پشکووتوو، خۆخێکی گەییوو
شووشە بەفراوی کوێستانی
ئاوی جوانی سەر گەڵای گیا بوو ژنەکەم.
ئەوەتا چڵ ساڵی تەمەن و پەیکەری برۆنزی لە جێی ژن
ئەوەتا کتێبی ڕاوشکار
گریان و پێکەنین، پێکەوە خەونی تار
دەرگای لەبەر ڕەشەبا داخراو
سندووقی پڕ سیحر
مردن نزیکە و منداڵی زۆر دوورە.
هێندە مەست نیم
تەپ و تۆزی شەڕەکان ئاڵۆزیان کردووم
(پاش تۆ
دڵۆپە ئاوێکی لێڵ بووم
دەترسام
دەنکە خۆڵێک هەڵمبمژێ
کە دەچوومە بەر ئاوێنە
باکان هێمن دەبوونەوە
بەفر سەری ڕێوبانی لێ ون دەکردم



زەنگی پیری،
وەکو کوخی ڕاوچییەکان مات و خامۆشی دەکردم)
ئەو شەقامە هەر بەتەنیا بۆ من نییە
من پیاسەی خۆمم تەواو کرد!
شیلەی هەنجیرم هەڵنەمژی
تێر لەبەر بارانان نەڕوام
لە مشتومڕی وەرزەکان، بەژاکاوی لەگەڵ خاک مامەوە
خاک چەند ساتێک بووە ژن و پاشان بووە گۆڕستانی.
ئا ئەوەتا چەند بستێک دوور لە من،
ژنەکەم نوستووە و هەورێکی قاوەیی بەسەر ڕووی داداوە.
(من بەزەییم بەلەشی تۆ دەهاتەوە
ئاونگی تەمەن چۆڕابووە ناو پرچت
پارچە قوماشێکی سپی
چەند گەڵایەکی پاییزی
کزەبایەک چراکەی تۆی کوژاندەوە.
خاک و خۆڵ مەستی باران بوون
من بێجامەیەکی خوریم لەبەردا بوو
سەرم بەسەر خەمێکی گەورە شۆڕ کردبووەوە
زەوی قەڵشت،
گوڵەکان، خەون بوون، چوونەوە کەنار و بزر بوون
من هەر لە جێی جاران و لە هەموو شوێنێکدا
کە تۆی لێ نییە چاوەڕێم
بێ شوێن و، بێ کات و لە هەموو کاتەکاندا چاوەڕێم)
ئەوەتا چل ساڵی تەمەن و دوو لێوی گوشراو
سیما زەرد، دوو دەستی باریک
دوو لایتی کزیش.
پەیکەری برۆنزیش لەگەڵما ناخەوێ.
هێندە مەست نیم

تۆیکڵی مۆزێکی خوراوم
چەند لکەدارێکی سووتاو
ئا... من دەمرم
لەژێر بەفرا چەند نهێنییەکی مناڵی دەشارمەوە.

**١٩٧٩ - هەولێر**



## سووتانی ڕەنگەکان
## یان
## سروودی بەفرنووس

پاشان بەفر ئاڵۆزی زەوی داپۆشی
پیاوان پەڕەمووچەی سپی لەسەر گوێچکان
خەون تووکیان،
ژنان لەشو لاریان شلە، تاجیان سپی
بەفر نووسیش،
دنیا لەژێر ئەو بەفرە دەشارێتەوە،
کە ماندووە و نائارام دەبارێ.
بابباریّ،
من لە بەفرا سەربەستی خۆم دەکوژێنمەوە
نە ئەفسوونی ناو تەمومژی بەیانم
نە باڵندەی پەڕ و باڵ پەلکەزێڕینە.
من هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ،
سەرم گاجووتە هەوجاڕی قاچەکانم ڕادەکێشێ
ئەو بستە خاکە وڵاتی من نییە.
بابباریّ،
نە ژیان وەکو جارانە و نە مردنیش.

دوو ڕۆژە بەفرنووس مردووە
بەفر ڕێ نادا گۆڕ هەڵکەن بێنەدەرێ؛
لە ئاسمانێ باڵێی سپی
لەسەر ئاوانیش کەنیسا
چ وەستایەکی زانایە ئەو بەفرە
چ دانایەکە.
بینەخشێنە، سەر و ڕیشی درەختەکان

بیرەوەری منداڵیمە و داتاشراوە.
ئەی کەوڵی مامز دڕتربە؛ هەڵنەخلیسکێم.
من ژیانی بەفرنووسێ دەنووسمەوە
بەزستانان لە بەفرێدا
هاوینان تا چۆکان لە ئاوێ
پاییزانیش –هۆزەردایی مەمژاکێنە–
کە من بمرم،
با هەر ئاڵا شەکاوەبێ
با هەر دەغڵەکان هەڵایسێن.
هەگبەی باکان بەکراوەیی جێماون
ئاو دەلەرزێ و کەنار دوورە
زەریا دەڵێی ئاوزینگ دەدا.

دوو ڕۆژە بەفرنووس مردووە
باڵندە گۆرانی تەڕی مەرگی دەچڕن
نە ئەستێرە نە ڕۆژ هەڵدێ
نە مرۆیەک دێ و سەلامێکی لێ دەکا.
ئەی ئەو هەموو پەیکەرانەی
هێشتا فووتان تێ نەکرابوو پەیکەرتاش مرد
باران هات و تەڕی کردن
لە سەرمای زستانێ وەردران
لە گەرمای هاوینێ...
ڕاوەستن، تاوێکی دی
توورەگەی ئێسک و پلووسکی خۆم دێنم پەڕەمووچە
لەسەر گوێچکان، تاجی سپی
خاوەر بەفرنووس برامە و دەڵێی چرای
لە بەفرا ڕووت دەبینەوە
بەڕووتی، بەسواری ئەسپەکان



لە بنارێکی بەهارییەوە بەرەو گۆڕ
ڕێ خۆڵ و تۆزاوی،
پێکەوە گۆزەی خاک پڕ دەکەین.
بەڕووتی،
دەمان دەخەینە ناو دەمی کەڵەشێری زەردی بەیان
دەقووقێنین.
پاشان...
بەفر هەڵدەدەینە ناو ماستی پیرۆز، فڕی کە.
خاوەر بەڕووتی کۆترەکەی خستە ژێر مەمکی:
بیخۆرەوە با نەمری.
ئاوگ لە زامی داران هاتە خوار
کۆترە کێوی لە کۆنە بیران هەڵفڕین
شەوە یان ڕۆژ؟ ئاڵۆزە.
با ئەو دوو سێ گەڵا زەردە نەمپۆشێ
نیازمە بەفرەکان هەڵکوڵم
بەشەوێ ڕابردوو ڕاماڵم
بەڕۆژیش.
سروودێکی سەرازاد بووم
هێندە وترامەوە، ئێستا
چەند چڵ و چێوێکی شێدار
ئێسقانم کۆر، نە دوژمنم دەبڕنەوە
نە سەری خۆم.

بەفر دڵمی پڕ کردووە
خەون لە بەفرێ گیراون
گۆرانیش لەوێ باڵ دەگرن.
بەفر پارچە زەوی نییە
سروشت نییە،

لەوێ سروشت تەواو دەبێ.
خەونی ڕژاوی منداڵی
ڕۆشنایی لیچی ناو ژیان
هەر بەتەنیا ژنەسۆزانیەک نییە، خرۆشاو
ڕابردووری بلاوێنێتەوە
بەفر ئەوانە و پەیکەری بەفرنووسە.
جاران خەونەکان بزنە کێوی بوون
سروشت ئاموتیا.
ژن تاجی سەری پیاوان بوون
پیاویش پاشای سەر زەویان.
ئەوەی هەم بوو نەمهێشت جاران بیبا و بڕوا
ئەو تۆزەم هێشتەوە.
با سەری من پارچە زەوییەکی هێمن بێ
قەڵای عاسێ، گوڵەگەنمی شۆخی بەر تریفەی مانگ بێ
گوناهدار زۆرن:
پیاوی خورت
ژنی سۆزانی، ڕووت بەرەڵڵا،
دوو کەس هەر دەبن گوڵەگەنم بشکێننەوە.
بەس ناوەوەم ڕاوەشێنە ئەی گوڵی سارد!
ئەی بای سەوزبووی ناو خاکی مردووان!
من و دنیا
هەریەکە لە کفنی خۆیدا
ژیان کاوێژ دەکەینەوە
من و دنیا
لە دانسی مەرگا پێکەوە
هەناسەی دژوار هەڵدەمژین.

بەکراسی خوێناوی، سەرم دلۆپە ئاوێکە



لە سەرخۆ دەتکێتە سەر خاک
کتێبەکان پێڕەو کران
ڕێوبان نەما
دەرگا یەک یەک کرانەوە
شانشینی گوڵنەخشینی خەوندیدە و
سیحربازەکانیش، کوا؟
دنیا نەبووە پەمۆی سپی.
هۆ مرۆ!
لەناو ئەو لم و ئێسقانە سووتاوە
گۆرانیەک بچریکێنە
ئەو دەولکە شۆڕکەرەوە ناو ئەفریقیا!
قەڵەڕەشکە با بخوێنن
قەشەبێن
ئەو دەنکە خۆڵە خەمبارە بخوێننەوە.

سەر بەرەو خوار هەڵدەخلیسکێین
بەدەستی براو، بێ پێ، تۆپی شووشەین
تۆپەڵە قورێکی بێ پێز.
ڕەنگە بارانێکی زۆر و بروسکە و ئاسۆی نەخشینمان
لەباربچێ
کە دەشمرین
لەگەڵ کەسەر و بەرازی ڕازەکان بنێژرێین.
کێ دێ... دڵنیابێ... بڵێ:
ئەو گۆڕەسارده سندووقی بووکێنیە و دەکرێتەوە.
من نامرم، ئاکۆ وای وت.
تا چاوم وەرزەکانی دیت
بەخۆم لەشم لە ئاونگی گیا دەسووی
لە بەفرم دەسووی

بەخۆم دەچوومە بەر زەریا
دەنووشتامەوە بۆ جوانی سەرەو ئاسمان هەڵکشاوی ژنەکان
پاشان
ئەوە نیگاری من نییە
لەسەر دیواری مەڕمەڕی مۆزەخانەکان گەییوە
لەسەر میدالیا ، پول، دراو
من هەر لەوێم،
لە گەڵای گیا ، لە کولووە بەفری ورد و درشت دام
لە جوانی داخراوی لەشدا
نوستووم.

ئاکۆ سێبەری تاریکی کۆمەڵە دارێکی دوور بوو
ئاکۆ لمی بەر هەتاوی هاوینان بوو
تاراوگە لوولی دا و بردی.
چەند ساتێک ئارام و پاشان،
وەک ڕنوە بەفرێ مایەوە چی دی نا .
ئەو خاکەسارەم خۆش نەویستووە
لەبەر پەنجەرەی ئەو کچانەش نەماومەتەوە،
ئەوانەی بۆنی قورسی خاکیان لێ دێ.
زەنگم بۆ لێدەن،
زەنگ
زەنگی زەنگەکان.
نا ، ئاکۆ، نا
کێ بەفر بنووسێتەوە.
ئاکۆ ڕۆیشت و بەفر باری و من گەورە بووم.
ئەی خوای بەخشندە!
داڵدەمان لە داڵدەی چۆلەکە سووکترە
دەتوانی بڵێی: داڵدەمان هەر نییە.



ئاینمان: بەئاواندا ئاو ئاو ڕۆیشتین
سەروومان تۆی، سەروەکان لە کەسکی خۆیان ناکەون
ژێریشمان:
پێت بەچ خاکێکەوە نووساوە؟
با کۆترەکان بێنەوە ماڵ
با ئاوی لەش
پڕ بەبۆڕیە کریستالیەکان بخرۆشێ.
بەناو ئەو کۆلکە دارانە با هەڵێین
یادگاری منداڵی لە چیایان، لەناو فەریکە هەناران،
هێشووە ترێ، دوو مەمکی کاڵ، تۆزی هەڵاڵان
لە گووانی چێڵێکی پیرۆزدا بشارینەوە و لێخوڕین
لە نەویان لەبۆ بڵندان.
سیحر نییە
وشەی بەرەڵڵا
دەخەمە قەفەسی کۆنکریتییەوە
لەش کاڵ و کرچە و زەردنابێ بێ ئاگر، ژنەکان وایان وت.
بێ ئاگر، خەون نارژێنە ناو کووپان
ئاو لەسەر پەلکان نالەرزن
سک خڕ نابن، مەمک وشک و شۆڕ نابنەوە
سەر بەتاڵ و سپی نابن مووەکانی، ژنەکان وایان وت.
ئەی ئاگر!
ئەی یاریکەری ئەکرۆپات!
بولبولی سووری شەهوەتدار بخروشێ.
خاوەر بەکراسی تەڕەوە گۆرانی باکانی بۆ وتین
پاشان چووە بەر پەنجەرە
من وتم خاوەر چ دەکەی؟
خۆر دێنمە ژوورەوە
کراسم،

به شیری مەمکان و بۆن لەشی ئاکۆ و شتی تر تەڕ بووە

لەناو دەرگاکان وەستا بووین
خەیاڵ لەشی تەڕ دەکردین
من و ئاکۆ و خەرامان بووین
ئاکۆ قەڵشت و ئێمە لەوێ دەچووینە ژوورەوە.

ئەو ژوورانە جاران لانەی کەودەنیان بوون
مۆم و بەخوور و سەوزە گیا
ئاوی وەنەوشە، پەیکەری پیرۆز
ڕۆحی ڕۆشەن هاتن، ڕۆشەنیان کردەوە.
لەشکرێکی تێک شکاویش
هات لەبن تاق و پەنجەران ڕاکشا
ئەوەی مرد مرد
ئەوەی ما، ئاگری لە دار و دیواران بەردا.
کەمانی کون بوو
مامزن و زامدارن ژوورەکان
بەکورسی شکاو، پێخەفی مردوو، گوڵدانی ئاسن
بەو هاتووچووە ئاوەدان نابنەوە
بچمە ژوورەوە
تۆز و گەردی مردووانم لێ دەنیشێ
نەچم
ئەو ئاوە کەمە لێڵاوە
ناتوانم دەستی تێ هاوێم
با ئەو ژەهرە نەخۆینەوە
هەر لەو پردە سام گرتووە پەڕینەوە
لەناو دوژمن
ئەو دارە زڕانەمان جێ هێشت
دەگەینە جووتە کانیەک



ئەو کانیانە مەمکی گەیبووی ژنێ بوون
نەچۆڕانە ناو گەرووی شەڕ بڕانەوە.
ڕێی دەربازبوونمان لەوێوە ئاوە و ئاو دەڕوا.
چەند باڵێکی دیکە و ئیتر
هێلکە دەترووکێ
ژاوەژاوی سروشت میوەکان زەرد دەکا.
لەناو بەفرێ بزریکێنە
ئەو خەونە جارێک دەبینرێ و چی دیکەنا.
ئەی جەڕەسی ماڵی مردوو!
دەنگت خۆشە، خۆشە خۆش
لاواندنەوەی ئەو پێیانەی لە تەڵەی بەفرێدا گیر بوون.
سووتانی ڕەنگ، مۆسیقایان، خۆشە خۆش
ڕەنگەکان قاقای منداڵێن
لەناو بەردەکان ون دەبن
دەچنەوە ناو خاک
خوێنی گەلاوێژ گەرمیان دەکاتەوە.

ئاوی ژیان لێکی جیا کردینەوە
من بوومە کەناری ڕاست و خاوەر بووە کەناری چەپ
ئەی رووبار ئەی رووبار!
لە قەراغ ئەو شارە مۆمیایە ڕاوەستە
ئەو شارە شایەدی من و تۆیە
ئەو شارە تەمەنێکە سەرسامە بەمەرگی نەوەکانی
خاک و خۆڵی لەگەڵما لە ڤالسا سەرخۆشە.

دار خۆشیان دەویستم، ئاو، باڵندە و ئاسمانی ئەو شارە
پەمۆ، مار، شەعادەی سپی
خۆشیان دەوێم ئێستا.
من ئاکۆمە

ڕۆژی سێ جار پرچم شانە دەکەم، دەڵێم:
چەند ساتێکی دی دێ، هەموو شتێ تەواو دەبێ،
نایێ، تێکی دەدەمەوە
پرچی خۆمە با ئاڵۆز و پەشێوتر بێ
ئاینی لەش بەدمەستیە
هۆز و تیرەی با دەناسم
ژنی نەزۆک و ئەشق فرۆش
مەهناز بەخۆ بەدوو مەمکی بەڕەڵلاوە
لەناو زستانێ وەستاوە
با تارەکانی دەژەنێ
ئەو دوو سەگە بۆن خاوەنی خۆیان دەکەن
یا دوژمنیان؟
خەزاڵ لەبەر ئاوێنەیەکی مێینە
ئەوەی لێی دەڕژێ
هەنگوینی کونەشاخ و شیلەی دارە
ئەوەی پێشی وەدەنووسێ
تۆوی هەلاڵان، تریفەی مانگ و ڕەنگی بەهارە
گوڵەکان، ئەوانەی بەردەوام پشکوتوون بۆنم دەکەن.
گوریسی لە ژوورما هەڵواسراو
ئەو گوریسەی جاران ئەسپ و ئارەزووم پێ دەبەستەوە
ئێستا مارە و لەبن میچی ژوورەکەمەوە کیفەی دێ
سبەیش کێ ناڵێ، نایخەمە ملم.
ئەوە لەشی بریندار و ئەوەش گیانی بریندارم
گریمان
لەش بەکۆکتێلی ڕەنگەکان داپۆشرا
ئەی کە زستان هات؟
خۆم دەشکێنم، دنیا
ئەو قەڵەمەی لە دەستمایە و دەڵێی



تەیری بەر بارانە و هەڵدەلەرزێ
قۆچی گا بووایە
دنیام سەرەنگووم دەکرد و ڕزگار دەبووین
گوڵە مێخەکی زۆرترم دەویست، ئەی خاک
ئەی خاک!
بەرلەوەی ببیە گۆڕ، سپی بووی هێمن
ڕۆڵەی تۆ بووین
سۆزمان گەرم و نەژادمان جاویدە و هێزمان مەزن
بەجلی دڕا و، سکی برسی و بەپێخاوسی
توانامان هەبوو لە چرکەیەکدا،
لە کۆمارێکی پیرۆزدا کۆببینەوە، کەچی
ئەو ئاوە ڕۆی
دوو ڕۆژە بەفرنووس مردووە
با لە سروشت،
ئاگر لە کورە و کوانووان
گیا لە دەشت و دەران کزە
میوە گەییوو
گۆرانییەکان تفت و تاڵن،
بەو حاڵەش هەر بەردەوامن
ژیانن لەناو بەفرێدا،
نە بەئاگا نە بەیەکجاری نوستوون.

١٩٧٩ - ١٩٨٢

## بەیانییەکی سارد

دوای خوێندنەوەی باسترناک

ڕەوە مەلێکی پەڕ و باڵ سپی
باڵیان لە ئاوی بەیانی دەدا
تاریک و ڕوونیان لە یەکدی دەشاردەوە
دەنووکیان لەسەر مینایەک، پەنهانی دەدۆزیەوە
ئەو مینایە و پەنهانیەکە باسترناک بوو
من بەجوانی ئەو نەخشەم نەدەبینی
وشکایی و ئاوێک بوون یەکتریان دەخواردەوە
دەست و قاچێک بوون یەکتریان هەڵدەگرت
کۆچێک بوو،
دەتووت گێژەنە خۆی دەخوا
دەتووت، کۆچ نییە!
ئەو نەخشە سەرسامی کردبووم
نەک هەر من،
ئەو کۆچە پایزی هێنابووە سروشتیش.
ئەی بەیان! بەیانی گۆرانی مۆسکۆی جوان!
کوان ئەو هەورانەی فرمێسکیان
سەدەف و مرواری ئاوی بوو؟
چۆن لە تەنیایی دارستانێکدا
سوخمە و کراسی خۆیان دادڕاند؟
گەوهەری باخەڵیان
بێ نەوا و بەخۆڕایی ڕژاند؟
زەریەکان چەند دانەیەکیان شاردەوە
لە نێوان من و باسترناک دا
کردیان بەمانگ و ئەستێرە و هەڵیانڕشت
هەر ئەستێرەیەک لای ئەو هەڵدەکشا



لای من دەبوو بەچاوی پایزێ
هەر پایزێکیش لە من دادەهات
ئەو بەهاری شیعرێکی دەنارد و
بەیەک قافیە
ئاسمان پڕ دەبوو لە گوڵی سوور و
دەشتایی هەمووی کەسک دەچووەوە.
جارجارەش کچێ، لەبەر شینایی ئەو ئاسمانەدا
قژی زێڕینی شانە دەکرد و
بەچۆکدا دەهات.
کەلێ دەبووەوە، ئاسمان و شانە پێکرا دەسووتان.
ئەو ئاوێنەیە ئێستا دەیبینی لیخن لیخنە
دووکەڵی ئاسۆ و کۆچی باسترناک کەوتۆتە سەری
کەمێکی دیار و زۆریشی ونە.

– گران گران بەو دنیایە تێدەپەڕی؟
خەونم ئاڵۆزە و پەرێشان
لە خەوێکما: دوو دەستی لارا دوو چڵ بوون
بەفری سپی چاوەڕوانی، ئەوەندە بەسەریاندا باری
هەتا لە چاواندا ون بوون
لە خەوێکی تردا: ساشنکا
بەرگی شینی دەریاوانی کردبووە بەر
لە ژوورێکی شووشەبەندا،
هەنسکە بڕکێ و زریکەی تێکەڵ شڵپ و هۆڕی ئاوی،
قەڵبەزێکی بڵند دەبوو
بانگی دەکرد: بابە، بابە...
ئەوە چەند ساڵە چاوەڕێی هاتنەوەی تۆین
تۆش... زریانی ئەو زستانەی
هەر سیبیریا دەناسیت و لا نادەیتە قەراغ مۆسکۆ!

ڕۆڵە جاران بەهەشتێکی سپی هەبوو
جۆگە و ڕووباری هەنگوین بوو
حەزم دەکرد، بەزستانان بتبەم لەوێ
بەدیار ئاگری بەخشندەی خودای گەورەوە هەڵتوتێی!
هاوینانیش، لەژێر سێبەری ڕەنگینی
درەختەکانیا ڕاکشێی
ڕۆڵە... جاران
دڵم کوختی ناو دارستانێکی کپ بوو
شوێن تۆی بێچوەپەری و،
تۆنیای دایکت و شیعری هێمن بوو
کە لافاوی شەڕ هەڵگیرسا سەرنگوون بوو!
لە خەوێکی تردا خۆم دی
بەپاڵتۆیەکی ڕەشەوە، گۆچانێکم هەڵگرتبوو
گوند گوند، شار شار
بەکۆڵانی ماتی ماڵە هەژارەکان تێ دەپەڕیم.
دەرگاکانیان داخرابوون
پەنجەرەکانیشیان تۆزی غەریبیان لەسەر نیشتبوو
دەتووت چەند ساڵە نەکراونەتەوە.
درەختەکانیش ڕووتاوە
جۆگەلەکانیش وشک و برینگ بوون
دەتووت، چەند ساڵە ئاو لەو ناوەدا نەخوراوەتەوە
ئاخ... کە خەمبار بووم
دەمووت، کێ ناڵێ: هەموو نەمردوون.

من و باسترناک هەریەکە و لە وڵاتی خۆی
لەو مەلە سپییانە دەڕوانین
ئەو مەلەکان لە سیبیریا بزر دەکا منیش لەچیا

بەغدا - ١٩٧٨



## پیاسەی پەپوولەکان

ئەو هەموو قسە و ئەو مشتومڕە بۆ جوانییە
کەچی سروشت ئەو نهێنییە نادرکێنێ
ئایا؟
شەپۆلی مانا لاسار و بەدمەستە
یا،
ئەو گوڵانە چاویان لەبەر ڕۆژ هەڵنایێ
ماخولیان
یاری بەشەپۆڵ دەکەن
لە ئاوداشتن و لە لەشە ئاوییەکاندا،
ڕووناکییەک دەدۆزنەوە
پێشتر...
چراکان
ڕووناکی وایان نیشانی هیچ چاوێک نەداوە.
سەرەتا
مۆسیقا شەڕی بەردەرگا دەماڵێ
سازژەن دەپرسێ:
ئەوە چ مۆسیقایەکە
پەڕ و باڵەکان هەڵدەوەرێنێ؟
سازژەن دەپرسێ و
تریفەی ماچەکانی شەو،
ئەو خەمە خۆخ ئاسا تووکنەم دەشارێتەوە،
کە نازانم لە چ باخێکم ڕنیووە.
پێشتر
ئەو مۆسیقایە دەتووت، بەفرە
زستان لە چاڵی چەناگەی نسارێکدا،
جێی هێشتووە.

من هەرگیز پیاسەی وا،
ئێوارەی وا ساردم نەبینیووە
کە سازژەن بانگی کردین:
گوڵزاری دۆستان!
پەپوولە بەفرەکان
ئەو مەیە، مەی هەموومانە!
ئەو واهیمە کەڵەکەبووە
ئەو سروودە نەفرەتییە هی هەموومان.
قسەکانم دووبارە دەکەمەوە،
مەمنوونی ئەو ژنەم
کە بەسواری شەپۆڵەکان
ئەو گوڵە بۆن خۆشەی بۆ هێنام
بۆ مەست بوون.
لە زەریا و لە دڵڕەقی ئاو نەترسام
ئاو بێهوودە ڕۆخی خۆی نیشان دەدام
کەچی من
ئارەزووی فڕینێکی وا خێرا و لەناکاوم نەبوو.
با بەیان شەنگتر بێتە بەر دەرگا
لەو هێشووە ترێیانە بپرسێتەوە
کە خەون لەسەر سفرەی دانا بوو
(کەشتیەوان
بە خاوەن ڕەزەکەی دەوت:
ئەو کەشتییە پڕ ترێ کە
شەوان زەریا
کوپێکی گەورەیە
لەو کوپەیە،
شەرابەکە دەگرینەوە.)
من لەو شەرابە عومرێکم خواردۆتەوە!



ئەو ژنە زستانی دەکوشتم
وەکو پیاسەیەکی هاوین
وەکو خەوێکی کورتی ئێوارە
ئاسمانی
لە کۆشی خۆی خڕ دەکردەوە
پاشان...
ئەو کۆمەڵە پەپوولەی
بەرەڵڵا دەکرد.
ئەو ژنە شەرمی لە نەشئەی ئاو نەبوو!
دڵی پیاوەکانی بەئاوێنەیەکی شکاو دەشوبهاند
ڕۆخی خۆی لەو ئاوێنە شکاوانەدا دەبینییەوە
کەچی خۆی ڕۆخی دیار نەبوو.
دەنکە هەنارەکان تامی ئەو ژنەیان لێ دەهات.
زەویش وەکو مێینەیەکی خەوخۆش
بەدڵخۆشیەوە،
لە دۆڵەکاندا هەناسەی هەڵدەمژی
دەمەوێ،
چەشنێکی تر بنوشتێمەوە سەر کانی
ئەو دۆڵە و
ئەو ئاوە بخۆمەوە
هانام بۆ تۆ هێناوە ئەی مەست بوون
ئەی مەی کپ بوونەوەی وەنەوشەیی!
ئاو ئەو هەموو پردەی برد و
بڵندترین پردی دەربازبوونی ڕماندین!
پیاوە خائینەکان
دەستیان لەو سێوە لاسوورە هەڵنەگرت
تا باران
لە خوێندنەوەی

بەختی شەو بووە و بانگم کرد:
باران!
باران!
باران مووژدەیەکی کاڵی لار دەکردەوە
کە ژنە هەرمێییەکان دەستیان بۆی دەبرد
شەو ناڵەی ئاوەکانی چەشنی لوورە
درێژ دەکردەوە
من لەسەر ئەو لایەم ڕاکشابووم کە سوێندی پێ دەخۆم
مانگی ژنە فریادڕەسەکە
تریفەی دەنارد تا سەرکەوم (جوانیم نەڕژێتە سەر زەوی)
ئەو تریفەیە ترسی کوێربوونی لا ڕەواندمەوە
ئەو تریفەیە پێی وتم:
تۆ بەناو دەشتی ڕووناکیەکاندا
دەڕۆی
تۆ لەناو ڕووناکییەکاندا
دەمێنیتەوە.
من بەئاوازی تریفە بێ دەنگ بووم
خونچەش بەو دەمە بچووکە بەیانی بانگ کرد:
بەیان!
بەیان!
کەچی پەنجەی بۆ لای شەو هەڵبڕی
ئەو شەو شەوی نامرادی!
تۆ نهێنییەک دەزانی و پێم ناڵێی
نهێنییەکی وا کەژیان لە چرکەیەکدا کۆ دەکاتەوە
پێش بەیان بەشەونمێکی ساردی دەڵێی؟
ئەویش لەسەر پەلکێک بەجێی دێڵێ.
هێزم بای هەڵدەکا و شەکری لێوەکان
دەکرۆژێ (کات ماوە ئەو قەندانە بکرۆژم)



ئەوە کورتترین ڕستەیە و لە جوانترین حیکمەتدا
چەرخ و فەلەک بۆ خۆی دەسوڕێتەوە
(بەهەوەس دەسوڕێتەوە)
لێرە،
لەو خوارە کە ڕێی سەرکەوتنی تێدا نییە
پاڵەوانەکانی یۆنان لە بڵندی ئۆلیمپۆس دەپرسن!
ئەی ئەستێرەکان!
ئەی گوڵە زەنبەقەکانی ئاسمان!
لەو خوارە،
ئەگەر ژیان
بەتەنیا
بینین بووا
دەمانووت:
ئەوە بینیمان
ئەی ئەستێرە بۆن خۆشەکان!
هەموومان شتێکمان لەو بەرزاییە جێ هێشتووە
(ئێوە لەو خوارە لێتان جێماوە)
هەموومان لەو شتە ون بووە دەگەڕێین
لە ئەستێرک و
ناو پاپۆڕە شکاوەکە و
گوێ شەیتانۆکە و
لەناو بەستەکاندا،
لەبن گەڵا و بن سیحری ئێوارە دەگەڕێین.
خەو میوەیەکی فێڵبازە،
بەلقە پشکووتووەکاندا
شۆڕ بۆتەوە
ئەفسوونی وەرزەکان بەچەشنێ ڕسکاوە
ناتوانم لێیان دەربازبم

زەریا کە وەڕس بوو، پێی وتم:
من تەمەن بەسەوڵی دەریاوانە پیرەکان دەپێوم
قسەکانیم،
بەفینجانی زیوینی سیحرەکان فڕ کرد
ئەنگوستیلە قاش شینەکەم بادا.
ئەو هەرا و ترسەی ناوێ
من بەزمانی پاش ئەنفال
بەختی گوڵی هەڵووژەم
خوێندەوە
لای پەپوولە سۆراخی گوڵزاری دۆستان شیرینە!
ئەی ئاوێنە!
چەند خەریکی ئەو ژیانە بووم
کە گومڕای ناو مووە سپییەکانە و
پێم نەگیرا.
تۆ ئەو شایەدیەم بۆ بدە؛
نوێژم بۆ کام ئاگر دەبەست؟ (ئاگری پاک).
ئەو پیاسەیە بۆ جوانییە
کەچی مردن، چەند بستێک نزیکە و
دەست درێژ ناکەم،
ئەو گوڵە هەڵووژەییە لێ کەمەوە
بەهەڵەداوان بێم، بڵێم:
بەتەنیا ئەو گوڵەم مەبەست بوو!
شتێکی ئەوتۆ لە چارەنووسی ئەو گوڵە نازانم
(ئەوە شکستە، عەیبێکی گەورەیە)
ڕۆژەکان بەتەواوی لە یەکتری دەچن
ڕۆژەکان دەمارم گرژ دەکەنەوە.
(بزەیان گەڵا و فرمێسکیان ئەستێرە)
ئەوە وەسفێکی کۆنە و بیستوومە



کتێبە هەنارییەکان!
کتێبەکانی خەون و بێئاگایی!
کتێبی شەڕەکان!
ئەو وەسفانەیان لەبیر بردمەوە.
چ دڵخۆشیەکی سەیر بوو،
تاڵ تاڵ خاوی دەکردمەوە
گەڵا گەڵا لە درەختی دەکردمەوە.
من ئەو ڕۆژانەم پێشتریش بینیووە
ئەوە گرفتێکی کۆنە من دەیلێم
(لەش و لاری لاوازی بەربارانی
هەڵەبجە خۆم!
زەرنەقووتەی بەر ڕەشەبای شەڕ و ئاشتی
پەشیمان خۆم!)
شەو نەبوو
میمی ماچێکی ئەو ژنە نەدزم
سواری پشتی خۆمی نەکەم
بەو حەرفە من دڵشاد نەبم.
لە قۆزاخەی پەمۆکانەوە دەنگێ دێ،
چەشنی با
چراکان دەخاتەوە جوولە و پێم دەڵێ:
مەلەکان
پێ دەچێ مەهابادی بن!
بەیەکجاری بچنەوە
لە خەونی دار هەڵووژەیەکی ئەوێ دابنیشنەوە!
ئەو مەلانە تاڵ و شیرینی منیان بینیووە
ئەو تامەشیان لێ چێشتووم
(کە مردن بۆ خۆی برد و لە منی سەندەوە)
ئەو مۆسیقا بەئاکام نەگەیشتووەم

بەو چەشنە نە ژەنیووە، سازەکە پێی وتم
ئەوە گەورەترین هەڵە بوو من کردم
بەهرەیەکی کاڵ و بێ مانا لاری کردمەوە
پیاسەی پەپوولەم لە یاد چووبووەوە
پەپوولە بەفرەکان و ماخولیای ساز ژەنم،
لە یاد چووبووەوە
مەهابادم بەغەریب دەهاتە بەرچاو
(ئەوانە بربڕەی پشتم بوون)
پیاسەکەیان لەگەڵ کردم، پاشان
سازەکە بەرەو ماڵی بردمەوە
شەڕی بەر دەرگای ڕاماڵی و
پێی وتم:
پاش تۆزێکی تر دێمەوە.
بەیەکجاری دەچینەوە ناو خەونەکانی مەهاباد و
شەڕەکان تەواو دەبن.

١٩٩٤ - هەولێر



## شکایەت

دەچمەوە لای با و ئاهو ئاهەنگم دەگێڕم
با ئەنگێوم،
باوانمە ئەو بایە ناوازە و وا زوو لە جووڵە ناکەوێ
نا بەڵەد و نابینایە و کەمێکیش مەست
بەو مەستیە و بەو ڕەنگە گەرمانەی سەرەتا،
شکایەتم لێ دەکا
فریووم دەدا؛ پاشان
هێواش هێواش ئەوەی هەمە بەخۆڕایی دەیبەخشێ
وەرزەکان، وەرزی سارد و نامرادم دەمێننەوە
ئەو وەرزانەی لچیان بەیەکدی داداوە
لەبەر ئاوێنە و لە سەرمان، بێ مانا
بەپرچی کراوە و بەڕووتی، ئایندەیان جێ هێشتووە.
ئەو وەرزانە،
موویەکیان بەینە و ئەو مووە، تاڵێکی پرچمە و بەبێ هۆ کەوتووە.
با دەست لە ئاونگی ئەڤین دەگێڕێ
لە کونی شمشاڵ و بەو باڵە ڕەنگینەی
گەڵاکانی دەمەو بەیان ڕادەماڵێ،
با بەبرژانگ ئەو کانیەم بۆ دەژەنێ
ئەو کانییە پەندێکی پێست تەنک و زوڵاڵە
لە خۆبایی و کەمێکیش شەڕانگێز
من با و ئاوی وام نەدیووە!
لەو مشتومڕ و بگرە و بەردەیە
ئەوەی جوان بوو بەخۆڕایی ڕژا
ئەو بایە پاکیزە و دەسبازە
ئەو دۆستە، ئێوارەم لە دەفرێ دەکا
ئەو مەیە بەتەنیا بۆ هەوەس دەخواتەوە

نازانێ من بەری بەزەحمەت ڕنراوم
شەوم... کە شووشەی ئەنجن ئەنجنی لەشێکی ناسکە
ئاوازێکە، لە چەمی بەیانییەوە
خوڕ خوڕ دەڕژێ و گوێچکە ماسی و وردە بەرد و گوڵی ژاڵەم
بەو تاڵییەوە بۆ دێنێ
لە چەمی منداڵییەوە، تاو تاو سێبەرێک دیارە
تاوسی دڵتەنگی بەهارە و بەو جەژنە دەسووڕێ
پرشنگی دەهاوێ
شەو گەرمە بای ئەجەل!
شەودێز و بایەکی سەرسەرە
جارجارەش سوزانی و گوڵ گوڵی
ساڵانی تەمەنم جووت ئەکا، کۆیان دەکاتەوە،
من تاک تاک و موو بەمووم سپی کردووە!
بەو وردییە و بەو سەلیقەیە و بەو حاڵە پاراستوومە
ئاشتی و شەڕانگێزیم پێکرا
ماندووبوون و پشوودانم، ساتێک بووە
ساتێک و بەس
من دەف و شەبابی ئەو ساتەم
من و با
لەو ساتە وەستاوین
هەنووکە دۆست و حەیرانی یەکتر و دوژمنی جارانین!
نهێنییەکە و دەمێکە بەیەکمان وتووە
کەچی کەسمان لە یادمان نەماوە
ئەی با، بای ئەجەل!
بای ئەجەل ئارام بە!
پەرییەکان بەو شەوە خەریکی ئەستێرە ڕنینن
هەرجارە سەبەتێک لەو گوڵە و گەڵای گۆرانی پایزم
لە ئاوێ دەکەن



ئەو ئاوە دەخروشێ
ئەو ئاوە نە دەڕژێ و نە وا زوو دەخورێتەوە.
پەریەکان بەو شەوە دارێکی کۆمن
ئەو دارە لە خەوێ کۆتر بوو
بەدوو باڵی گەورە دەفڕی و نەدەهاتەوە سەر زەوی
من حەسوودی تەنیا بەو دوو باڵە دەبەم!
جەژنی بایە و بایە و با
ئەوەی هی من نییە، بێ پێز و بێ پەروا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە
ئەوەی هی منە، من بەخۆڕایی نایبەخشم
بەخۆڕایی بەیان ژەکی نەڕژاندووم
لە زەردەی ئێوارە و مۆسیقای وەرزەکان و لە پەندەکان؛
پەندێکی ڕەوان و متمانەی ئاسمانم
بەخۆڕایی نەڕژاوم
ئەو بایە تۆڕێکی پڕ ماسی ڕەنگاوڕەنگ
درزێکی قووڵ و نادیار، وشکاییەک بووە،
ئەوی بیستوومە بەشێکی لێ بیستووم
ئەوی بینیومە کەمێکە، ئەو کەمەش نا وترێ.
بەو دەنگە بڵندە
بەو بەهارە بەسەرچووە بانگم دەکەی
من لە تاوان و لە حەژمەت گەڵاکان ناتبینم
ژیانم بچووک بۆتەوە، هۆن هۆن دەڕژێ
ڕەزمم خۆشە و فەریادم لە بەرزاییەوە ئاسمانی کۆ کردۆتەوە
ڕۆژی بە با سپاردووم
شەوی بە با سپاردووم
ئەویش بەلەنجە و بەباڵی پەپوولە
ئەو هەموو شوێنەم پێ دەکا،
پەلکەزێڕینەی ئومێد و شەپۆلی ئەڤین و جوانی
شەوی کەیل و پڕ مەیلم تاساوە

شەوەکانم... شەوەکان
ئەو شەوانەی نە ئەفسانە باسی کردوون
نە من خڕم کردوونەوە و هەروا بەو کاڵیە شینن
چەند بستێک دوور لە من،
بای ئەجەل بەشەرم کەوتووە؛
مەپرسە، شکایەتی من چییە؟
ئەوەی دەیڵێم: شکایەت نییە و تەشقەڵەم پێ مەکە؛
پەرییەکام نە گوێزی خڕن... نە سیحرن لەناو گوێچکە ماسیدا.
بایەک وای وت.
بایەک، کە نەیتوانی لە باخچەکاندا بمێنێتەوە
بەناو لقەکاندا تێپەڕی
بەسەر زەوییە گردۆلکەیی و،
بەناو بەردەکاندا ڕابوورد.
لەبن پەنجەراندا خشپەی هات.
وتیان: نشوستی بای ئەجەلە
نشوستی یەکجاری بای ئەجەل!
باشە، من چۆن شکایەت لە (با) بکەم
شکایەت لە کێ بکەم؟
باشە، من چۆن شکایەت بکەم؟



## بەیان و مرواری

ئەو بەیانییە تا کەنار ئاوەکان بەڕێ دەکەم
تێر بەزەوی پێ دەکەنم
ئەو شەوانەی دێنمەوە یاد
کە پێکەوە
وردە شەپۆڵمان بەڕووی یەک دادەدا
زەریامان لە پەرداخێکی ئەبەنووسیدا دەخواردەوە.
تا کەناری ئاوەکان
بەهار بەو هەموو گوڵە حاجیلەوە بەڕێ دەکەم
لە سندوقێکدا...
کە دەڵێی ئاسمانە لەناو شەپۆڵی ورد و درشتدا
وەکو بەفرێکی تەنک دەبینرێ
لەو سندوقەدا، نهێنییەکان دەشارمەوە
سەرووەکان بەو هەموو سەوزە تۆخەوە
بەیانی وا نزیک و وا جوانیان نەبینیوە.
بەو چەشنەش
جوانی
نەڕژاوەتە سەر پێستەیان
لە نزیکی ئاوەکاندا پیاسە دەکەم
سنوور لە سەری خواکورکەوە
لە پێی مامزە خەنەییەکانم،
لە پێی پیاسەی بێ سەروبەرم
لە پێی کەوەکانی محۆ زێندین و
ئای ئای، شاپوری چاوش ئاڵاوە!
بەئەنقەست
دەرگای ڕەوشەن خانی گرتووم
لە دەوری چراکانی،

دڵۆپ
دڵۆپ
چەشنی مرواری مەییوە
ئەوە دوا بەیانییە
دوا بەهارە و بەرەو ڕێژگە
شۆڕ دەبینەوە
ژنە تاوسیەکان سرکن، بەسووکی دێن و دەزانن،
من فرمێسکی سەر گەڵای بەیانم چۆن بینی؟
کورتیلە بووم، یا
دەستم گەیشتە سێوەکان؟
لەو سنوورە مازوو دەهات
با دەهات
شێت و گرفتار
ئاو و تولەڕێی باریک دەهاتن
گوڵە سپیەکانی شەویان بۆ هەڵ دەدام
لەناو گوڵەکاندا
مردن گوڵە جوانەکانی ژێر ئاسمان بوو!
بەیان دەستی گوڵەکانی توند دەگرتم
کە لە ئاوەکانیش نزیک دەبوومەوە
گوڵەکان بزر دەبوون
گوڵەکانم
گوڵەکانم دەچوونە کوێ؟
لەودیوی ئاوەکانەوە،
چەند پەپوولەیەکی شەرابی
بەلەنجە و بەعیشووە،
بەرەو مەستبوون
مەستبوونێکی هەمیشەیی
پەلکێشیان دەکردم.



لەو سنوورەوە، ئیتر خواکورک و هەکاری
بەلوورە لوور هەڵدەکشێن:
کەشک و ژاژی
ترس و ئەفسانە و خیانەت
تا کەنار ئاوەکان، بەشەلەشەل
دوام دەکەون
دوای من و بەیان و گوڵەکان دەکەون!
ژنەکان لەسەری ئەو سەری دنیاوە وەستاون
لە ئەسپەکانیان دەپرسنەوە،
چوونە کوێ
من پەنجە بۆ ئاسمان درێژ دەکەم،
کۆترەکان لە ڕۆخی ئاوەکاندا
مەست و تاساون
دەڕواننە ژنەکان
کە لە بنی خواکورکەوە
وەک پۆلێک قومری، باوەشێنی برینە سارێژ نەبووەکانی بەهار دەکەن
هەوا لە دەوری ڕەوشەن خان لە سەرخۆ
دەجوولێتەوە
سەگەکانی محۆ زێندین دەسوڕێنەوە لەدەوری ئاشەکەی مام بریندار و
کۆخە کۆخی حیکۆشێت ڕاویان دەنێ
شەڕی ڕەوشەن و شاپووری چاوش
سامیان خستۆتە ئاوەکان
سروشت لەو خوارە توندبووە
سنووری نەعلەتی بوار نادا...
بپەڕمەوە
ئەو بەیانییەم بەو حاڵە
لە گەرووی، کەڵەشێرەکەی ڕەوشەن خان دا دەرهێنا
بەیان!

هۆ بەیان!
شاپوور بەو دەنگە کەرخەی خۆی
یاری بەو وردە شەپۆڵە زیوینە دەکرد و
ڕەوشەن خانی بەئاگا دەهێنا
من لە نزیکی هەردووکیان
نایەکی غەریب بووم.
ئێستاش
ئەو غەریبییە لەسەرخۆ دەنوشتێتەوە
چەشنی باڵایەکی زراڤ و بێ هێز دەنوشتێتەوە.
لەو شوێنە،
کە نە ڕەنگی هەیە
نە دەنگی هەیە نە بۆ
لە پەلوپۆ دەکەوم
شوێنەکانی ترم لە یاد دەچێتەوە.
ئیتر ژیان بەچەشنێکی تر و
بەئاوازێکی تر دەژەنرێ.
ئەوە نشوستی من نییە،
خیانەتی گوڵەکانە
گوڵەکان...
کە تاوێک پاش وەرزەکان نەمانەوە!
بەیانیش ناو لەپی خوێندمەوە
گەشتێکە و لە پێشتە.
ناولەپم قورس بوو
ڕۆژ لەسەرخۆ لە شان و ملەکانی دەدا
لە خوارەوە تا ترۆپکە بەرزەکان
لێواولێو دەبوو لەجوانی.
پێشتر من پەنجەم بۆ ئەوێ ڕاکێشا،
کە ژنەکان لە ئەسپەکانیان دەپرسییەوە



بۆ ئەوێ، کە هەمیشە گوڵەکانی وەڕسن
لەوێ کە گەڕانەوە و ململانێی نامێنێ
تۆران و ئاشتبوونەوە
شەو و ڕۆژ
بەڵێن و پەشیمانبوونەوە
بەیەکجاری زەرەر و قازانجم لە کیس دەچێ.
لەوێ
هەینی هەموو ڕۆژەکانم عەزابە
مانگی هەموو شەوەکانم عەزابە
کە گاز لە سێوە لاسوورەکان دەگرم
سەرووە تاریکەکان دەمشارنەوە
سەرووە تاریکەکان
شەوانە دەمی مانگە زراڤەکەی کۆڵانیان دادەخست
نەیاندەهێشت، بێ پێم بڵێ:
بەیانی پێکەوە، لەوێ
لەو شوێنە ڕووناکە
یەکترمان خۆش دەوێ!
مردن ڕێک بوونە و کۆک بوونە
کۆک بوونێکی تەواو
سەرەتا لە گاڵتەجاڕییەکی خۆماڵی
لە دڵۆپە ئاوێکەوە دەست پێ دەکا
بە شەلەشەل
تا دەگاتە ئەو ئاکامە ناوەستێ.
ئەوە قسەیەکە دڵی خۆمی پێ دەدەمەوە
ئەو هەموو جوانییەم لەکیس چوو
ئەو هەموو جوانییە.
پاشاکان هێندە پشیلەی سپی خرپن و
توتکە سەگی توکنیان لەکیس نەچووبوو،

که شەڕیان هەڵگیرساند
ئەو چەند فرمێسکە بەئاسانی خڕ نابێتەوە
ئەو چەند دەنکە مرواریییەم پێ ماوە
ئەو چەند دەنکە مرواریییە و بەس
بەنائومێدی (لەوێ)
لە ئاوی خوار ئاشەکەی مام بریندارییان دەهاریم.

**١٩٩٤**

-----------

(*) مام بریندار و ئاشەکەی ئیشارەتە بۆ ڕۆمانی (ڕێگا)ی ڕۆماننووس محەممەد مەولوود مەم.



## جوانییەکان

ئاشنباخ مردووە
گۆستاف ئاشنباخ بەئەنقەست مردووە
ئەوانەی هاتنە تەماشای،
هێندەی پەنجەی دەستی چەپی تا دزێو بوون.
ئەوانەی هاتنە پێش،
مەست و دڵنیا
بەچاوی خۆیان بینیان
ئەو ئاوە بەیانیان چەند جوانە
نیوەڕۆ و ئێواران.
جوانییەکە و نابێتە دوو
ئەو جوانییەش هەموومان نایبینین.
ئەو ئاوە،
ئەوەی هەیبوو لەگەڵ خۆی هێنابووی
من هاتووم
لە پێشی پێشەوە و ئەو تەرمە دەبینم
لایەکی لە ئاوێ و لای دیکەی
زەوی بەجۆرێ نەخشاندووە
من مەستی ئەو جوانییە و شەیدام
لە بەردەرگا
نامەم پێیە و کەسیش دەرگا ناکاتەوە!
گۆستاف ئاشنباخ مردووە.
لەو ئاوە جوانییەک هەڵدەستێ
هەڕەنگ و ئاسمانی
بەڵەد و شارەزا
یەک جوانییە و چی دی نا
باڵندەی تووک سپی، میدۆزە و شینایی

شیعرێکی ڤرجیل و بەیانی ڤینسیا
ڕێک و تەبایی تا دزێو
بەری شەو و ڕۆژیان گرتووم
من لە بەردەرگا وەستاوم
گۆستاف خەوی لێ سەندووم
جوانی
جوانی
جوانی
ئەو جوانییە شمشاڵییە
ئەو لەشە پرتەقاڵییە
شەپۆڵەکانم سەر دەخا
ئەو جوانییە کوێرم دەکا
ئەو جوانییە.

١٩٨٣



## جوانییەکان و ئاشتبوونەوە

بەفر باڵندەی تەریووی سەر مانگە،
مۆسیقای ئەو لە هیچ چریکەیەک ناچێ.
ئەو سیحری لە جوانی کردووە
دوای تاریکی و تەمتومان
دەرگای ئاسمانی بەعیشووە داخستووە، ئەو بەفرە.
چەشنی بوێژێکی بوێر
عینادی لەگەڵ با دەکا،
ئەویش بەگاڵتەجاڕی،
کۆڕی زیکر و نائومێدی گەرم دەکا.
بەتایبەتی ئەو کاتانەی،
کە وەرزەکان بۆنی خۆیان دەنێرن و
جوانی خۆشیان لەکیس نادەن!
ئەو جوانییە گرفتێکە بۆ خۆی
ئەو جوانییە، نهێنی ئەو وەرزەم پێ دەڵێ
کە تریفە بەئاسانی ناچێتەوە ناو قۆزاخەی
مانگەکان
وەرزێک، کە هەموومان پەرۆشی هاتنین
نوێژی بۆ دەکەین، قوربانی بۆ سەر دەبڕین
پاش بێنە و بەردەیەکی زۆر
کەچی ئێواران چەشنی پەلکەزێڕینە بەرەڵڵای دەکەین.
ئەو وەرزە هەمیشە دیارە و لێمان بزر
پێدەکەنێ
دەگری
تاریک دادێ
پەنگ دەخوا
سپی دەبێتەوە.

ژنەکان دەپرسن: ئەو جوانییە لە کوێوە تێکەڵمان بوو؟
کەی سپێدەی دا لەناو گڵێنەی تاریکدا؟
چ زوو وا لێشمان جودا بووەوە؟
ئەوان لە جوانی ڕژاوی خۆیان دەترسن
ئەو جوانییە، چەشنی دوو مەمکی بەرەڵڵا
ڕووت و ڕەها
ڕوو دەکاتە ئاسمان و گۆرانی دەڵێ
ئەو وەرزە پیرۆزە لەناکاو دێ
ئەو جوانییە، مێرگێکە بۆ خۆی
شەپۆل شەپۆل بەرەو ژووان سەردەکەوتین
کە دەگەیشتینە ئەوێ،
مۆسیقامان لە سیرەی بەفر جیا دەکردەوە
ماوەیەکی باش خۆمان، بەو بێهوودەییە خەریک دەکرد.
تاک تاک و بەکۆمەڵ
مەستی ئاوی لەشەکان دەبووین.
پیاوەکان دەیانووت:
سێومان لە باخەڵی ژنێک،
ژنێکی نەگریس لێ بزر بووە
ئەو ژنەش ناناسینەوە.
ژنەکان ماخولیان!
خوویەکی کۆنن، ڕەزمێکی پڕ نەشئە
وا نییە ئۆفیلیا!
جوانییەکان بەرەو ڕووخان دەهاتن
بەغار، بەسواری ئەسپەکان دەهاتن
بەسواری شەپۆل و
بەسواری تریفە دەهاتن
ئەو پێستە تەنکەیان بەئاستەم مۆر دەبوو
دەیانووت؛ ئەو ئاوە تا سەر بەلەپ و،



بەو دەستە لەرزۆکانە هەڵناگیرێ
مەبەستیشیان لەئاو نەبوو
وەنەوشەیان پێ جوانتر بوو لەسەر ئاوێ
ئەو هەموو مشتومڕە بەنەی بەستەزمان ناژەنرێ.
بایەکی تەنک، دڵنیایی بەفری تێک دەدا
دەنگێ لە جوانییەکانەوە،
لە گەمەی هەورەکانەوە دەهات
دەیووت: ئەو هەموو شەڕ و ئاشبوونەوەیە،
خوویەکی کۆنە.
دەکرێ لە تازەبوونەوەی بەیانییەکدا، لەبیر خۆمانی بەینەوە.
ئاشت ببینەوە؛ هەمیشە پێش شەڕەکان
بیر لە ئاشتبوونەوە بکەینەوە.

کە نائومێدی، بەحەپەحەپ بەرەو ڕوومان هات
چاوانی پڕ بەفر کردین.
کردمانە هەرا، من وتم، ئەوە کەی بوو؟
کە حاجیلە و گوڵە نیسانمان لە گۆڕستانی
شێخۆمەرەوە دەهێنا
لەوەش زیاتر بەهارمان دەهێنا
لەناو پەرداخێکی بچووک، بەئەنقەست
لەبەر هەتاوێدا سیسمان دەکرد.
بێ ئەوەی باکمان بەرژانی ئەستێرەبێ
یا لە خامۆشی چراکان بترسین
وەکو سەعات چک چک دەنووکمان لەو شوێنە دەدا،
کە مەرگ لەوێوە سەرەتاتکێی بوو.
باشە ئەوە کەی بوو؟
کە بەفر هات و هەموو شتێکی لەبیر بردمەوە
لەناو هەموو شتەکاندا، شتێکی هێشتەوە

لەناو هەموو قسەکاندا، قسەیەکی پێ وتم؛
کە ناتوانم لەبیر خۆمی ببەمەوە.
ئەوە قسەیەکی پووچە، من دەیلێم؛
ناشتوانم تاسەر بەو خێراییە بەرەو ژووان بچم
ئەو هەنارە گەیبووەش نەترنجێ!
هێندە پەرۆشم بۆ گەمەی گوڵەکان
کە لەوپەڕی موعاناتەوە، بەقاقا دێن،
پیاسەکەمان لێ تێک دەدەن.
بە نابینا و تا ڕادەیەکیش بەکاڵفام وەسف دەکرێن
من ئەو قسەیەم لە بەفریش بیستووە،
کە هەرەس دێنێ.

شەوبوو، گەیشتینە نزیکی هەرەس و
کچێکی پارچەڵە، دەتووت شەماڵە
پێشم کەوتووە.
پەنجەی بۆ باشوور ڕاکێشا
هەر هێندەم پێ کرا،
لەگەڵ جۆگەڵەیەکی شەیدا غلۆر ببمەوە
بۆ دڵنیابوون، ورتە ورتێکم لێوە هات:
هۆ شەماڵ!
هۆ شەماڵی نامرادی!
قسەکانمان تێکەڵ و پێکەڵ بوون،
نە شەماڵ تێگەیشت، نە نامرادی فریاکەوت.
دڵی خۆم بەوە دایەوە،
کە ئەستێرەکان لەو بەرزاییەوە بچووکن
بەدەست هەڵبڕینێک دەشاردرێنەوە.
جێ ژووان، کەمێک لە زەوی دوورتر بوو
کاتێ ماسیگرێکی قۆشمەچی، پێی وتم:



هێندە شڵەژاوی دەڵێی، دەچیتە ڕاوی نەهەنگان!
شەرحی من بەقسەیەک و دووان ناکرێ!
شەماڵ، تۆ کەمێک زووتر وەرە
کەمێک زووتر.
لێرەوە تا ڕۆخی بەهەشت،
زەوی خێرا سەردەکەوێ و تیژ بەرەو خوار دەبێتەوە.
لەسەرخۆ شێوەکانمان لەسەر بەفرێ
دەسرێتەوە.
تووندوتیژی پەنگ دەخوا
ڕق و تۆڵە سەندنەوە.
بەفریش، بەئاوازێکی شکست خواردوو
گۆرانییەک دەڵێ و ئەوەمان لا جێگیر دەکا؛
کەلەش شەکەتە و ناسرەوێ!
ژیان کە دەمێکی خۆش، خرۆشا
چەشنی شۆخێکی پەککەوتە،
ڕابردوو دەلاوێنێتەوە، بێ ئەوەی
ڕابردوو، گەمەی بەفرەکان خۆش بکا
ئاکام، ئەو هەموو دڵڕەقی و بوغزەی وەرزەکان
بەچریکەی بەفرنووسە گەڕۆکەکەی منداڵی
لەبیر بەفر دەچێتەوە و
ئێمەش تۆزێ، لەو سپێتییە ڕادەکشێین.

کۆتایی ١٩٩٥

## ترس

شەڕ دەڵێی بایەکی تووندە
بانگم دەکا
نە خەون دەبینم نە ژنەکەم دێ.
تۆز بەری ژیانی گرتووم
قۆشەنی دوژمن گەورەیە و منیش
ڕیشم لە زینداناندا سپی بوو.
سەرم
گوڵەبەڕۆژەی نوشتاوەی بەر ڕۆژە
کەس نییە
دەنگم لەناو بای دەزرنگێتەوە
سندوقی پڕ سیحرم؛
دێر بووم لەسەری سروشت و بەخۆڕایی
ڕووخام
تارمایی لەهەر چوارلاوە دزن
دزی ناقۆڵا
تەمەن قەڵەمی دەستم و گوڵەگەنمی
ناو دوکەڵی جەرگەی شەڕە.
پردم ڕووخا
ژنەکان پرچیان ڕژا سەر زەوی
تۆز دار سنەوبەری ئارامگەکانی داپۆشی
بەمووسی ماچ
تفەنگی نیگا
کارەبای لەش
نەکوژرام.
لێرە گەرمای تەتارم
هەیڤی سێبیریا



گەڵا وەریوو
شەڕیش هاواری توندە بام دەدا
هەر ئەو جلە کۆنەم هەیە
قیڕ و سیا
ئەو برینە سەختە نەبووا
دەمووت: کاترینا
کاترینا
ئەوە چەند ڕۆبڵێ
تکیتی مۆسکۆم بۆ ببڕە.
بەو جلە دڕاوە و بەو پرچە ئاڵۆز و شێواوە
بەو هەموو تۆزەوە
بەدرێژایی ئەو هەفتەیە
کۆترە کێوی نووستووی ناو باوەشی گەرمی تۆنیا دەبووم
دەمووت: ساشنکا بچینە سینەما
ساشنکا
ساشنکا بچینە کەنێسا
پێدەکەنیم
دەگەڕام و شیرینیم دەخوارد
لارام دەدیتەوە
گوڵە وەنەوشەی سەر گۆڕی دایکیشم بۆن دەکرد.
تۆنیا ، ساشنکا ، لارا -کچی با-
بەو برینەوە سەمام پێ ناکرێ.

لەو دوورەوە شەڕ دەنگی دێ
سۆنیا نوستووە
کەس دیار نییە
ژیان ئەو پەرداخە ژەهرەی ماوە و چی تر نا
ساشنکا وریا بە گا نەتخوا.

کۆتایی ١٩٨٠

## ژەهر و قەڵا

باران بەکوێری دەلەنگێ، پرچی ئاڵۆزی، چاوی بەیبوونی
تۆز و گەردی بڵندی مۆسیقای
ئاوێنە خرۆشاو
ئێوارە خرۆشاو
جێ نەما، سروشت تەژی، شەو و ڕۆژ
ژەهرە هزر و خەون و شەهووەت، ژەهرەباران
ئەی ماسیگری نوستووی سەر لافاو
ددان مرواری، پێست تاریکی، بەئاوی کوێر
دەمووت، زستانێ لە ڕاوێ دەکوژم
لە چیای،
باز لە ئاسمانێ تاژی لە زەویان
بەجلی تووکن پێڵاوی چەرم
خۆم لەبەر بای ساردی ژیان ڕادەوەشێنم
دەمووت، دەبینی
دەبیسی
بۆنی لەش و لار و گوناح لەولا و مردنیش لەم لا
ترس زاڵە
ڕۆشناییەکان، ئەوانەی نەفرەتیان لێ کرا و نائومێد
دەماریان خاو، لانکۆڵەن لەبەر بای
گرفتارن نامپارێزن.
کوا بارانم؟
زەوی تەزیو و نائاشنا
ڕۆژ لە ئاوێدا بەلێڵی
ئاگر لە مەستیان دەگری
تاریکی فراوان، بەهارە لە خەڵکی و لە من
ماست لە گوانان دا



دەترشێ
بەیان لە گەرووی فێنکی کەڵەشێرێ
خڕنووک شین بوون بەئێواران
گوڵە هەڵوورژە، خەونی خەنەیی و گەڵاکان
موو هەڵوەرین؛ مووە سپییەکان کڵافەن
فلووتن... ئای لەو هەوەسەی.
ئاو بانگە، شینکێ شەرمەزار
تاژی لە کوڵێتێ، دار لە سۆپان دەفیشکێن
ئاگر نییە، هاوار و پرووشکی بڵندە
من نە چیاییم بێباک لە سروشت
نە ئازاد نە دیل
هزرم بەخۆڕایی دەڕژێ
دار هەنجیرم، شەوان خڕی دەکەمەوە
بەڕۆژێ دەیبەخشم
مردنم بۆ ساغ بوویتەوە، منداڵی نا، ئەو ماسیەم بۆ ناگیرێ
جۆڵندێش لیمۆی گوشراوە
وەستا وەستاون، ئۆرگۆن لەبەر بارانێدا مەستن
منیش لە ناوکی فەریکە خۆخێکدا
نە دەژیم نە دەمرم.
ئەی ماسی پاسەوان، مەیتەری بێژن
بێ قەڵا، دین و سەرگەردان
ڕابووردوو لەبەر هەتاوێدا نەما، لە ئاوێدا
سیحر بوو گەڵایان،
ژەهریش لە پەنجەکان دەتکێ
لە بەلوعەی شەوێ، لە دارتەل و بەژنی ژنان
لە ئاسمانێ بەناز بەئاوازەوە دەڕژێ!
شەڕ تەواو نەبووە.
ئەو ئاوە بڵندە، نەخۆشی سروشت لەگەڵ خۆی دەبا

ئارەزووی دێرینە و فیڵبازە
ئەو ڕۆژانەمان بەجارێ لەبیر دەباتەوە
ڕۆژانێ، کە دیلی وەرزەکان بووین
ئەو ئاوە وەرزێکی سەرمەستە
وەرزێکە یاخی بووەکان دەیپارێزن.
ڕاوچی هەراسان
شەپۆلەکان کاتیان نییە شوێنیان بڵند
سەرکەون ئەی ماسی بریندار!
با چەرخ و فەلەک بادەدا و ناسرەوێ
تەمی نوستووی ناو ڕدێن و لۆچی سپیش
چ قەڵایەکی ڕەنگینە!
چ ماسیەکی دژوارە!
چ ئاوەکە (بارانی من نییە).
ژەهر بالیفە و دەخەوم
دووکەڵ لەسەری جۆڵندێ دەڵێی زەنگە
دەڵێی سەبایە لە گەرووم، بایە و نەفەسی تەنگ بووە
دەڵێی مەرگە دەگاتە من.
کۆتر نەبوو، قەلەڕەشکەنا
ماربوو زەوی دیت سەرسام بوو
ئاوبانگە، شەیتانۆکە گوێیان لوولە
گەمێ لە قوڕ و لیتاندا
ڕوو لەناو بارانێ و لەناو پرچی ئاڵۆزمدا
قۆشەن بوو کشابووەوە ناوخۆی.
گەشت بوو،
چ مەبەستێکی واش نەبوو گەشتەکەم دوابخەم
گیا لە پشتی کیسەڵاندا گیا نییە
ئاو بەرز، شەو لێی دەدام
ڕێوی بەناز تەونی دەچنی



گۆڕ بوو، کەوتم
ژن بەبڕکەوە دەسووتان (جلیان پڕ هەرمێ)
پیاو لە شەڕێ، ئاوازیان پەرتەواز، ڕەزمیان ماندوو
ئەو هەموو جوانیەش دەڵێی نەبووە.
پەند لەو ئاوە مەستەدایە، شل و خاو.
پردەکان،
ئەوانەی لەوسەری ئاوەکانەوە تا دۆزەخ دەلەرزن
ئەوانەی مشتومڕیان لەسەر دەکرێ
باریک و خومارن، ناگەنە جۆڵندێ.
سکاڵای ئەو سەولانەی ماندوون
گۆرانی و تاسەی ئەوانەی پێش ئەوەی بمرن
پاش مردنیان لە ئاوێ دەدرەوشانەوە
مانگ بوون خڕ دەبوون
چاویان لە پایزان زەردتر
پێستیان لە ژەک و شیرێ
فەریکە گووزبوون، ئەو فەریکانە نەگەن سەرما دەیانکوژێ بگەن ورچ.
ڕاو خۆشە، گەمەگەرم
سمێڵ و بسک تێکەڵاو
وشکایی و ئاو
لە کوێ پنجەگیایەک هەبێ، دەم پڕ لیکە و ژیان لەوێ
بای ناونایە و دەزریکێنێ
ئەی ئاوی سەمای بن ئاسمان، ئاوی کۆک!
بەلەمی پیری پشتیوان
ئەفسوس، ئێوارە نارێکە
چریکەم لەو چاوانە قەتیس ماوە
ئەو چاوانەی لە تەنیشت ئاوەکانەوە سەرسامن
بێهوودە و لە ئاڵۆزیاندا بەردەوامن.
چ گرفتێکی وام نییە

شەرمی بەسەردا شۆڕ بکەمەوە
گرفتەکان، کە چارەیان نەکرا وەک گرفت نامێننەوە
قەلاّش نەما
ئەوانەی ئاو دەنگی نوساندوون
بێ پێ، سێوی گەییون، دەکەونە خوارێ.
ئەی ئاو لەسەرخۆ تێپەڕە!
ئەو ژەهرە ڕۆشنە ڕۆژە!
ئەو تۆپەڵە بەفرانە گێژەن دەیانخوا
کەنار دوور، باڵندە بێ باڵ، پیر
پەمۆن ناچنەوە قۆزاخان
لەش شەرمەزار
ئەو تارە بەسووکی ناژەنرێ
ماخولیای ماسی ماخولیام
قەقنەس لەناو پەرداخێ دەڵێی یاقووتە
دەستم نەخشین، باڵی بازە
هەوا دەجووڵێ و شەیتان قایم گرێی داوم
ئەو زیندووە من تینوومە
ئەی ئاوی فێڵباز نووکتەباز!
زۆر شتم لەبیر چۆتەوە کەم ماوە
ئەو کەمەش پەرتەواز
شیرن لەبن ئاسمانێدا دەبریسکێنەوە
دیلن، ئەفسوونن
بارانی دواییە و ماڵ ئاواییە
جۆڵندێش ناووکە و تاریکە
من سۆردێللۆم سۆردێللۆ
شەو دەلەرزی و لەبەینی من و سروشتدا
هۆز نەما
لەو بەرزانییەوەش ملوانکەی ئەو دارمێوانە دەدرەوشێنەوە



بەرسیلەن تفت و ترشۆکە.
ئاو لێڵە بارانی من نییە
ئاوێنە ڤاڵ... بەو هات و چووە خرۆشا
دز لەسەر گەوهەرێ
ڕەگەکان بێ ئەندازە، ڕووت
ئاڵۆز و زراڤ
وشک و گرفتار، بێ یادگار
مۆسیقا سارد، دەنگ دەشکێنەوە
پیرێژن چاویان لە کلی زستانیان نەما
نامە خنکا
وەرزێکە دەڵێی ئەستێرکە پڕ بووە
ژەهر خاو
ئەو گەمێیانەش شکاون
ئەوانەی سەوڵیان دەجووڵێ، جیرەی گوریسیان
خەونیان توند،
لە سپێدەوە تا پایز بەتەواوی دەڕژێ
دژوار و بێ چارەن
مردنیان بێ سوودە، ژیانیان.
بەو حاڵە جۆڵندی دەژی
منداڵیش هەرگیز

١٩٨٦

## قسەیەک کە شەیتان پێی وتم

بەرد باسی جەنگم بۆ دەکا
ئەو زۆربلێ و نەزان نییە، لە هەموو قسان
هەڵناداتێ
کە قسەیەکیش دەکا، وەک بەرزەکی بانان
بۆی دەرناچێ،
ئەو گەمەیە نە سوودی هەیە نە زیان، ماندووبوونێکە بێ ئاکام.
سەرکەوتنە؛ نە جارێ، نە دووان، نە هەزار
تل بوونەوەیە بەرەو خوار.
لەودیوی جوانیدا نابینرێ،
لە سێوێکی حەرام دەچێ، ئەو بەردە.
ئەو سێوە تاکەی بەسەر لقەکانەو دەمێنێ؟
کەس دەستی بۆ درێژ ناکا
ئەو گەشتوەرانە برسی نین، ئەگینا
ئەو کوڵمە سوورانە لەو بەرزاییە چۆن دەمێننەوە؟!
بەرد دەگێڕتەوە:
لە سەردەمی شەڕەکاندا، بۆنی کۆلۆنیا لووت
دەبرژێنێتەوە
جوانییەکان دێنێتەوە یاد
پیاوانی بەر سمێڵ پڕ هەنگوین
ژنانی لێو تەنک، چاو تۆخ و نازەنین
شتێک دەشارنەوە، مەبەستیان
لە تیلماسکی ئەو مانگانەیە، کە کەوتە ناو ئاوی
بیرێک و
دواتر بەدەنووک، لەو قوڵاییە بەزەحمەت
هاتە دەرێ.
زەوی بەو حاڵەش بەمانگ ڕازییە!



بەرد ترسی سەفەری لێ نیشتووە،
تریفە ژەکی خۆی داوەتێ
ئەو هەموو جوانییە نەمێنێ، چی بکەم؟
بایەک دێ بەمانگ دەوەڕێ
بایەک، پڕە لە ڕەنگەکانی کاندینسکی و خوان میرۆ
پڕ لە بۆنی گۆی مەمک و پووز و گەندە موو
کراسی نەیلۆفەری وەرزێکی کوشندە دەلەرێنێتەوە
وەرزی وا خەنەییم نەدیووە،
لە ئاوی لەو چەشنەش مەلەم نەکردووە.
باوەشێنی ڕەشی سیمداری شازادەکانی (جولێندێ)
دەجووڵێنەوە
بەو تاوە هەوا ناجووڵێتەوە
لەو ساتی مەستبوونە،
دەنگم کەمێک بەلای چەپدا لاربووەوە.
لەو خوارەوە، لەش بەهەشتێکە بۆ خۆی
بۆنی
سەرخۆشی
خرۆشان و لەرینەوەی.
بەرد دووبارە دەبێتەوە
لەسەر چەرچەفێکی زەردی بەئارمووشین چنراو،
هەزاران تیرم تێ دەگرێ.
لە بەهارێ سەر دەخەمە سەر سەری
شەوێکی مەلوول کە دەمی لە گۆچووی، ناگاتە بەیانی
بەچرپە پێی وتم: ئەو ترشەلۆکە چۆن هەڵدەچێ،
چۆن کەف و کوڵی، لە هێشوویەکدا دەنیشێتەوە.
بەرد وتی: پێشتر قسەی لەو جۆرەم بیستووە.
دەستم بۆ بەرسیلەکان هەڵبڕی کە تازە پێدەگەیشتن
هێشوویەک، دووان سێیان

ئەو کووپانە پڕاوپڕن
ئەو هەموو شەرابە بەلەپی دەست و، بەو پەلەپەلە
چۆن دەخورێتەوە؟
سەردەمی شەڕەکان بەپەلە بەسەر ناچێ.
لەبن باڵی سیمرخێکەوە، بۆ بن باڵی سیمرخێک
لە وێستگەیەکەوە بۆ وێستگەیەک،
مردم هێندە بێم و بچم!
ئەسپەکان کە بەرەو شەڕگە تاو دران
لە ڕێ و باناندا، ساتمەیان لە ئەسرینی ژنەکان دەکرد،
ئەو هەموو ئەسرینە، لە جانتایەک و دووان جێیان نابێتەوە.
من خەریکی ئەو قسانە بووم،
کە بادەی شەرابێک پێی وتم:
بەخت بەڕۆژ و شەو نییە
بەباڵای کورت و پەنجەی شمشاڵی،
بەڕەنگی پێست و چاوی تۆخ نییە
قژت بەکام لادا شۆڕ دەکەیتەوە؟
ڕۆژێ چەند جار شانەی دەکەی؟
چۆن و لە کوێ پیاسە دەکەی؟
ئەوانە گشتی لە بنی بنەوەی فنجانەکەدا دیارن
بەباسکەمەلە بەرەو قەراغەکە دێن
ئاوەکەش تا دێ تەنک دەبێتەوە.
بەرد دەگێڕتەوە:
تەورێکم تیژ دەکردەوە
لە نزیکمەوە ژنێکی قەترانی سەمای دەکرد
ئەو ژنەم پێشتر بینیبوو،
لە گەشتەکاندا، ئیتر ئەو بەلای ڕاستدا ڕۆی
من هەر لە چەپدا مابووم و گۆرانییەکانم
نەدەهاتەوە یاد،



بەپەیژەکەدا دەهاتمە خواری خوارەوە
بەردەکە لەو ترۆپکەوە تل دەبووەوە
کە پەنجەرەم بەباڵ شکاند
براکان لە ژوورەوە بوون
براکان لەوێ بوون، یەکتریان دەکوشت!
زەنگی تەلەفۆنێ لێی دا
کەس بەرسڤی نەدایەوە
کەس نەما قسەیەک بکا
کەس قسەکانی لە یاد نەمابوو.
ئەسپەکان ساتمەیان لە گوڵزار دەکرد
ئەو ناوە بێ جوانی سارد هەڵگەڕابوو
قسەیەک کە دوای جەنگەکان بەجێما
قسەیەک کە تەواو لە یاد نەچووبووەوە،
ئەوەبوو، شەیتان چی وت؟

١٩٩٧

## کۆتایی

شەڕ دەستی پێ کرد
ماڵم دەخەمە ناو جانتایەک و سبەینەکی زوو
قفڵێکی گەورە لە دەرگام دەدەم
بەپاڵتۆیەکی ڕەش ڕەشی تاریک
دەڕۆم کۆچ دەکەم
بەجارێ پشتم لەو شەڕە دەکەم

١٩٨٠

## ستراني نێرگز

ڕێبەندان مانگی تەنیایی و خۆکوشتنە
بەفر
ژوورە بچکۆلەکەی جیاکردمەوە
بەفر منی بەیەکجاری جیاکردەوە
لەودیو دەرگا و پشت پەنجەرە
بەفر دەڵێی گورگە و برسی
هەردوو چاوی تێ بڕیوم
بەدرێژایی ئەو مانگە،
کەس لە ماڵ وەدەر ناکەوێ
کەسیش لە ڕێیان نابینرێ.
هەر لە ماڵ دەرکەوی،
زریان توونـد بەرۆکت دەگرێ
وەک مار،
بەقاچوقول و لچکی پاڵتۆت هەڵدەگەڕێ
قۆشەنی زستان، چەند ساتێک
گەمارۆت دەدا پاشان
هەموو شتێک تەواو دەبێ.



زستان وەرزی سەرسەختیە
ئەی زەوی!
ئەی خۆشەویستی تاساوم!
گینگڵ دە، سەرکەوە
بالووتکە هەر زۆربن
با زستان تاوێکی دی بمێنێتەوە
با منیش بەجوانی بیبینم.
گینگڵ دە، سەرکەوە
هەراسان نیم؛
ئازارم شارەزا و بلیمەتە
ئەو نەبووایە؛
شەو و ڕۆژم چۆن لە یەکدی دەکردەوە؟
هەفتەم چۆن دەژمارد؟
مانگەکانم بەچی دەناسیەوە؟
ساڵەکان چۆن سەریان سپی دەکردم؟
سەرکێش و نەفام نیم
دنیا لەیەک ترازاوە
ژوورەکەی من هەر لە دوورەوە سەرنج دەی:
بەردەکانی دەڵێی ژن و پیاون سەرما
گرمۆڵەی کردوون
پاڵیان داوەتە یەکتری
باڵای بەرز و دەرگای بەئەنقەست داخراو
کوڕ بۆتەوە بەسەریدا.

دەتوانم؛
دنیا بخەمە سەر پشتی سیمرخێک و بیبا
بۆ کوێی دەباتن با بیبا
دەتوانم:
لەو زستانە تا عومرم باقیە
خەونم یەک خەون و پەیامم یەک پەیام

من هەر خۆم بم و چی تر نا ؟
ئەز بیر لەوە دەکەمەوە
بەیانی هەناسە دەدا و ڕێبەندان هەناسەی گرتووم
ئەی میداس ئەی میداس!
لە ئاوی پایزێ خۆت بشۆ
بەدەنووک لەو ئاوە هەڵگرە و چەند دانە
لە بەردی خەواڵووی بنیشی بێنەلام
شەونمی سەرگۆنای کچێکی شەرمنی چیایی
سۆزی گڕگرتووی خوایی بێنە لام
منیش نهێنی خۆمیان پێ دەڵێم
کە لێ دەبمەوە ئەوان دەبنە خۆر
منیش لێرەوە پەنجە هەڵدەبڕم دەڵێم خەڵکینە
ئەز دوژمنی تاریکیم و نەژادی ڕۆژ جاویدەیە.

لەسەر بەفرێ ڕاکشاووم
لەسەر بەفریش چەند جار نوستووم
گەشتم لە بەفرێ کردووە
چەند جار هانام بۆ بردووە
من تەنیا ئەو کەسوکار و ئاسمانی ئارامیم بووە.
من چۆن لەگەڵ بەفر ڕێکم
جارێ دژ و زۆر جار تەبام
خەڵکی وا هەن لەگەڵ زەریا ،
وەکو من وان.
ئاوی زەریا گەرمە و جوانە و فراوان
بەڵام زەریا دڵی ڕەقە
ترسی ئەستوور
بەفر و زەریا یەکیان سەرەتا
ئەویتریان کۆتاییییە ،
ئەی داری مراز کەسک بە
ئەو گوڵانەی لە شەڕی زستانێم دەکوژرێن



سەرکێش و گەمژە نین؛
شانۆیە ئەم ژوورە و ئەو بەفرەی دەرەوەم
دڵ لە دڵ مەدە ئەی پەری شیعرم
ئەو سترانەی ئەمڕۆ بۆم ناوترێ
سبەی،
من و باڵندەی دەم کەلی مەرگێک دەیچڕین.
ئەی سترانی غەریبان!
تەپوتۆزی دنیا سەری سپی کردووی
پاش ئەو هەموو گرفت و کێشەیە چ بێژین پێکەوە.
پەیکەری مۆمیا کراوم
نابەڵەد و سەرسام
گومانم ئەفسانەی بوونمە و دنیا پووچ؛
ئەوەیان نیوەکەی دیکەمە
شەریعەتی سروشت و من جیاین
ئەو باکان بەڕەڵڵا دەکا
من دەیانخەمە ڕۆحمەوە
ئەو دڕندە و من بەخشندە
بەڵام هەردووکیشمان تەنیاین
ئەی پاپۆڕی گەردوون ئێمە بەدواتەوەین
لەناو دڕکەڵانی نشوستی و لە مێرگی ئومێدا
ئەوەی ناسرەوێ
ناوی من و بای سروشتە
بەو ڕێبەندانە من بمرم، بەفر چ دەکا ؟
هەردووک ماڵمان لێ بزرە
ئەو دەبارێ و من دەگەڕێم
ئەی نەرسیس، نەرسیسم!
تۆ بڵێی لەم گەشتە
چەپکە نێرگزێک بچنم؟

١٩٨٢

## لەدوا قومدا

ماوەیەکی زۆر لە دەریای ئیجە مایەوە
دەریاوانی وا دڕدۆنگ و تامەزرۆ و بێ ئوقرەم نەدیبوو
وڕێنە لەگەڵ ئاو بکا.
گەرما تەواو لەسەر ئاو دەنیشت،
لەسەر چارۆگەی بەلەم و هەنیەکاندا تک تک دەڕژا.
کە ئیتر چاو لەیەک ڕەنگ و یەک دوورابیدا،
ئەبڵەق و تاساو، زەرد دەچووەوە،
لە ترسی کوێربوون، قوونە قوون بەرەو قووڵایی هەڵدەکشا.
ئینجا، کە ئێوارە باڵندەکانی، بەهێمای ئەو هەموو تیشک و سێبەرە
دانەخۆرە دەکرد و پۆل پۆل
دەیبردنەوە لای خۆی.
دەریاوان لە دوندی بۆشایی، تخوبی نێوان
ئاسمان و ئاوەکان دەوەستا.
باخچەکانی کەناری ئەزمیر و
ئەو گوڵە مێخەکە سوورانەی دەهاتەوە یاد
کە ژنە تورکەکەی هاوسێی، هەموو
سپێدەیەک کاتی گزنگدان، بەو دەستانەی کە دەتووت،
ڕێواسن شلک شلک لەناو بەفرێ
سەریان دەردەهێنا و ئەو گوڵە تۆخانەیان
لەناو ئینجانە سپیە سادەکە دادەنا.
چ پەڵە هەورێکی گەرم بەسەر پەڕەی بەیانەوە دادەچۆڕا،
ئەو ڕەنگە چ ماچێک بوو بەلێوی خۆرەوە دەسووتا.
چ بەیانی باشێک جوانتر بوو لەو ڕەنگە تۆخانەی،
لەناو ئەو لەپە بەفرینە سەریان دەردەهێنا؟
چ خەوێک بوون، ئەو ڕەنگە سوورانە؟
تۆ بڵێی، ئەو هاوینە گەرمە ڕزگارمان بێ؟



یا کە دەگەینە کەنار، دار گێلاسێک لەناو بەردەکاندا،
گوڵەکانی خۆیمان بۆ خۆشی و هەوەس نیشان دەدا؟
لە پێکی دووەمدا، کە پیاڵە پڕ دەبێ
لە عەتری گزنگ، چەند قارچکێک لەناو شەونمدا دەدۆزمەوە،
بەسەلتەنەتەوە باس لە وەرزێکی تازە دەکەم، وەرزێک...
کە هەزار و یەک شەوی ڕەیحانی ئەو
ناکاتە قەترەیەک لە شینایی دەریا!
دەریاوان پێی وتم:
بەیانیەکی زوو، بەو چاوە کزانە،
گەیشتمە ئەستێرەیەک کە تەواو سکی لە ئاو دەخشی.
سەوڵم لێ دا، تا تخوب،
ئەو منی بەماسی قرش دەشوبهاند.
هێندە بەهێز و خێرا دەڕۆیشتم؛
ترس لە ئاوەکە دەنیشت.
وام مەزەندە دەکرد، ئەو تاڵە زەردانە
بۆ عیشوە و ناز دەکەونە سەر ئاوێ؛
ئەگینا، پەری زەریا بەو بەیانییە زووە چۆن
تووشم هات؟
بەو تووش بوونە بەتەواوی سەرم لێ تێک چووبوو
تخوبی ماسی لە ئاودا ڕەش ببووەوە
نەمپرسی: ئەو ئاوە نهێنییەکانی خۆی
چۆن بەدەریا دەڵێ؟ جا دەریا چی دەکا؟
دەریاوان بەدەم گۆرانی گەرداوی نامرادییەوە،
سەوڵی لێ دەدا.
گەرداوی نامرادی هێندە بەتوندی لە گەروان نایێتە دەرێ.
بەو چەشنەش ناچڕێ، کەچی دەریاوان بەو
منگە منگە بۆشایی نێوان وشەکان،
بۆ شایی نێوان کۆپلەیەک و ئەوەی دوای خۆی

پڕ دەکرد لە نەشئە و زەمزەمە.
– پێشتر ئیجەم نەدەناسی
ئەگینا چۆن ئەو ساڵانەم بەختوخۆڕاییی
لە کەنارەکاندا بەسەر دەبرد.
لە کتێبەکانی ملڤێلدا ڕستەیەکی ئێجگار کورتم دۆزیەوە
لە چەشنی مەرجان لەناو لەپی ئاسماندا.
لەو کتێبانەوە
ڕەنگێک ڕژایە ناو دیدەم، کە شەڕی لەگەڵ سپێتی بەفر دەکرد
هەموو خەتای ئەو ڕەنگە بوو
کە نەمتوانی ڕەنگی باخچەکانی ئەزمیر و
گۆنای کچەکان ببینم.
دەریاوان بەو پێستە سووتاوە خۆی لەبەر
شەماڵ هەڵدەخست
ئەو هەموو تامە شیرین و مزرە
مێخۆشی ناو دڵۆپێک و هەناسەیەکە
چەشنی کەفێکی نارنجی بەلالێوی دێتە خوارێ.
سوور هەڵدەگەڕێ لە شەرمان.
– دەفرم لەو هەموو ئومێد و نائومێدییە لێی دەڕژێ.
ڕستەیەکم نووسیوە، دەیانم کوژاندۆتەوە
گوێم لەو ئاوە گرتووە، کە قسە بۆ دەریا دەکا
لە سەد قسان قسەیەکی پێ دەڵێ، لە سەد دڵۆپ دڵۆپێکی دەداتێ.
دڵۆپێک بەسە بۆ مەست بوون.
(ژنێکی عەنکاوەیی مەی دەفرۆشت
پێست پەمەیی، کەمێک بەلای قاوەییدا
ڕەش هەڵگەڕا و.
پەرداخی بۆ دەگرتمەوە: دڵت تەواو لای من بێ. جا دڵم چی دەکا؟)
بارێکی لاچەپ بوو، مێزێکی قەترانی تەواو لە داری ئەبەنوس
ئێمە چوار بووین، بەهار دەیووت.



یەکمان بەکۆش گەڵای باخچەکانی دۆڕاند
سێیەکەی دی، یەکێ هەوری دەبردەوە
تا دەگەیشتە بەردەرکی ماڵ
دڵۆپ دڵۆپ باران لە گیرفانی دەڕژا.
ئەوەی خۆریشی ماڵیی کرد
هەر دەپەنجەی داخ بۆ هێندەی
ئەو ئاگرە لەناو باخەڵی دەربێنێ و بیخاتە ناو جەنتای سەفەر.
من لەلای سەرووی مێزەکە
بێ واز، بێ ئۆقرە و تەواو شەکەت،
لەو گەمژەییە ڕادەمام
دواجار، دوو پاپاز و جۆکەرێکم لای ڕاستی
مێزەکە دانا و چواری کووپەشم فڕێ دا.
یاریەکە بەو چەشنە تەواو بوو.
ئەو کووپە سوورانەم بۆ لە دەست دا؟
ئەستێرەناسێ کە بەختی لە گەڵایەکی تاریکی هەڵوژەدا بۆ خوێندمەوە
دۆش داما، گۆیە: لە چوار خوشکی ناو باخچەکە
ئەوەی ناوەڕاست چلێکە پڕ گوڵی هەنار
سێ بەشی جوانی لای ئەوە، بەشێکی لای دەریا.
– دڵ لە دڵ مەدە و ڕازی خۆت ببە لای
لەو کووپە پڕ لە مێخەکە بخۆرەوە.
لەو چوار کووپەیە یەکێکیان
لەو چوار خوشکە ئەوەی ناوەڕاست هی تۆیە!
سەولم لێ دا، بەپەلە بووم، کەسێک ڕێی دەربازبوونی دەسڕیەوە،
شوێن پێیەک لەسەر ئاو نەدەما
تەماشا، چەند بێ بەزەیی ئەو لکەدارانە ڕادەوشێنرێن
چۆن سەوزایی لە گەڵایەکی باریک و لاوازی سنەوبەردا دەسێننەوە؟
سەولم لێ دا،
دەستم خستبووە ناو دەستی هەڵاتووەکانی

سەر دەریای ئیجە
گوڵی مێخەک و پاتۆنیاش لەو سەری بەیانی
لەناو شێی گۆنا و شەونمدا شین دەچوونەوە
جا گوڵەکانت لە یادە... گوڵە مێخەکە سوورەکان؟
گوڵەکانی پاتۆنیا کە باخچەی
ماڵەکەتانی پڕ کردبوو لە مۆرێکی کاڵ.
لە دوا قومدا
کە تەنیا ئاو ماوەتەوە
ئەو مشتومڕ و گومانە، ئەو پشکوتن و جوانییە، چ پێویست دەکا؟
چ پێویست بەمەست بوون دەکا؟
لە دوا قومدا...
ئەو هەموو سەوڵ لێدان و هەڵە داوانە چ پێویست دەکا؟
چ پێویست بوو ئەو قسانە لە پێکی یەکەمدا.

**١٩٩٨**



## سیزیف هەتا هەتایێ

ئەوە شکان نییە کە تۆ باسی دەکەیت
دەتوانی بەپێچەکاندا سەرکەوییە سەرەوە
وەک چۆن دەتوانی بەهەمان شوێندا بێیتە خوارێ.
کە بەفرەکە باری
کەسێ بیری نەکردەوە،
کەسێ خەیاڵی لای وەرزەکانی دی نەبوو
کەسێ نەیزانی سەرەنجام چی ڕوودەدا.
زستان لەشکرێکی گەورەی هێنا
هەرایەکی گەورەی بەرپا کرد
لەو هاژوهووژ و ساواقە هەموومان
بێدەنگ بووین
کەسێ خەیاڵی بۆ باخچەکان نەچوو
کەسێ نەیزانی گوڵەکان دێنەوە.
والێک دەدرایەوە:
ئیتر بەفرەکە باری و دەرچوون زەحمەتە.
پاشان
کەسێک کە لەودیوی پەنجەرەکەوە
بەبێجامەیەکی خەت خەتی شین باوێشکی دەدا
پەڕەیەکی ڕۆژ ژمێرەکەی دیواری هەڵدایەوە.
بەردەکە لەسەری سەرەوە وەستابوو
دوای ئەو هەموو ماندوبوونە،
ئیتر، غلۆر نەدەبووەوە.
بەفر شوێنێکی لە زەویدا دڕی بوو
ئەو شوێنە بەقەد لەپی دەستێک بوو
ئەو چاڵە بەردەکەی، بەحەواوە هێشتبووەوە.
دواتر...

تەڵە نێرگزێک لەو بەینە سەری دەرهێنا
گەمەی وەرزەکان بەو چەشنە ئاشکرابوو
کەسێک لێرەوە تێپەڕی و ئەمەی وت.
خەیاڵیشی لای نێرگز و بەردەکە بوو
سیزیف نەبوو.
کەسێک بوو لە ئەو دەچوو.



## قسەکردن بەزمانی ڕەنگ

پایزێکیان منداڵێم لە قەڵا بەجێما
«نایدۆزیەوە» پێیان وتم، نایدۆزیەوە.
زستانێک، باران جلەکانی تەڕ دەکا
پرچی پەشێوی دێنێتە سەر هەنیە
چاوەکانی بزر دەکا
هاوینێک، شەمێی دوو باڵی دەتوێتەوە
دەکەوێتە سەربانی ماڵێک یا دارستانێکی دوور
کەس پێی نازانێ و لە تینوواندا دەمرێ.
بەهارێک، گیا لەبن میچ و بن هەنگڵ و
سەر لێوەکانیدا دەڕوێ.
پایزێک، منداڵی گەورە دەبێ و نایناسینەوە.
لە وەرزێکدا، کە لە هیچ وەرزی دی ناچێ
میوانێک لە دەرگا دەدا
کەسێک دێتە ژوور،
بەرەو بنەبان هەڵدەکشێ
تەوقە لەگەڵ ڕۆژەکانم دەکا
تەوقە لەگەڵ شیعرەکانم دەکا
کتێبەکانم هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکا
شەو دەڕوا و ئەو دەمێنێتەوە
بەیان دێ و ئەو دەمێنێتەوە
کۆتایی هەفتە لەوێیە
کۆتایی مانگەکان
کۆتایی ساڵەکان
ئەو کەسە نەناسە کێیە؟
سەرەتای هەفتە دەستێکم بۆ ئاسمان ڕاشەقاند
هەموو ڕۆژەکانی هەفتە

له پەنجەرەی ڕیزەماڵی سەرقەڵاوە
سەیریان دەکردم، کەسێک وەڵامی دەداوە
کەسێک تەواو لە خۆم دەچوو
بۆ کەسی دی لەوێ نەبوو؟
قەڵا سەرنجی دزیووم
لە جێی ئەو کووپە گەوهەری داوەمەتێ
شتێک دەبا و دەشتم دەداتێ
لە نێوان دوو مەمکی قەڵادا
منداڵیم کۆترە شینکەیە.
کە دەریاش ڕەنگی شینی بردەوە لای خۆی
منداڵیم چی بکا؟
پایزێکیان ڕەنگەکانم لە قەڵا بەجێما
ناچار بە سپی قسەکانی خۆم نووسی.



## زمروت و زەنبەق و لەعلی بەدەخشان و

## پەلکەزێڕینەی عەلی بەردەشانی

هێشتا زستان بەتەواوی نەهاتبوو
من بەپشتی کێوێکەوە، قۆڵ لە قۆڵی یەکەم ماچ و یەکەم سەما
لەگەڵ یەکەم بەفر و یەکەم پێکی فۆدگا،
وەکو ئەفسانەیەک،
پاڵتۆیەکی درێژ و جانتایەکی پیازیم بەکۆڵەوە بوو
لە پڕ لەناو هەورەکە دابەزیم.
بەفریش تازە گەیشتبوو
ورتە ورتی لەگەڵ گەڵا و وردە بەرد تەواو نەببوو
سیرەی پێی سووکی، گازاندەی لە دەست با
دڵی بەقاقای ئەو منداڵانە خۆش بوو،
کە خلیسکانێیان دەکرد و بەفریان هەڵدەدایە ئاسمان
بەفریان بۆ ڕووی یەکتری دەهاوێشت
بەفریان دەخوارد
لەناو بەفرێ دەگەوزان
هەموو دنیایان لێ دەبوو بەبەفر.
بەفر دەیوت: تەواو لە یادم نەماوە
دڵم لە دەست کام زریان و کام ئێوارە،
کام تی چاو دەرهێنا و بەپەلەپەل هاتمە ئێرە.
تەواو لە یادم نەماوە، کام گوڵجاڕ یەخەی گرتبووم
کام دارستان دەوری دابووم، کام هەوراز ڕایدەپسکاندم؟
تەواو لە یادم نەماوە؛ چۆن دەشت و دەرم جێ هێشت و
ڕووم کردە شار؟
زۆر گوڵەکێوی دەستیان درێژ کرد؛ من دەستم بۆ هیچیان نەبرد
زۆر مێرگ و زنە فەرشیان ڕاخست بۆم؛ من لەلایان نەمامەوە.

سپێتی خۆم نەدا کەسیان، جا بەفر چی تری هەیە؟
جگە لە ئاوازێکی میلۆدی، جگە لە فلوتێ، کەمانچەیێ،
چی تری هەیە، هەوا بسمێ؟
(ڕۆژێکیان عەلی بەردەشانی بەبەفری وتبوو:
لەسەر کۆشکی پاشا و میران مەبارە
مەبارە سەر باخچەی زوڵم و زۆر)
(بەفر گاڵتەی بەقسەکانی هاتبوو؛
وتبووی: پاشا و میر کێیە؟)
من وتم ئەو قسەیە پیرۆزەییە! پیرۆزبایی تەواو
ئەوسا کڵاوێکی خوریم لەسەرا بوو، گوڵێنگی بستێک شۆڕ ببووەوە
لە خۆرهەڵاتەوە هاتبووم بۆ خۆرئاوا
پێ بەپێ لەگەڵ بەفرا سەرکەوتم
تا بەئاسانی پەنجەم لە شینایی ئاسمان نقوم ببوو
قسەی سەرزار و بن زارم بەدارهەنارێکی باکوور وت.
مردنم لەناو پەراسووم شاردبووەوە
سوور دەچووەوە لەناو پەراسوم
سوور دەچووەوە ڕابردووم.
درک و گوڵ لەسەر یەک چڵدان، ئەی بۆ باخەوان شانازی ناکا؟
کوڵم و گوڵەباخ یەک شتن.
(عاشقێک چووبووە لای عەلی بەردەشانی و داوای وەسفی
یاری کردبوو، عەلی وتبووی: گەردن و هەرمێ یەک شتن،
لێو و شەکرەسێو؛ من لە هەردووکیان بێ بەشم)
بەدوو باڵی تەنک بفڕە؛ ئاسمان هەر بۆ ئەوە باشە؛
باڵی ئومێد و دڵنیایی تێدا بجووڵێنەوە
ئاسمان بۆ ئەوە باشە، لەژێریا یەکترمان خۆش بوێ
ئەگینا ئاسمان بۆ چییە؟
دەریایەکم لەناو دەمارەکان شاردۆتەوە
نیشانەیەکم لە تەوێڵم داوە



بچمە هەر کوێ، باس هەر باسی من و دارهەنارە!
ئێمە پێش ئادەم و حەواین، کۆنترین لە مێژوو،
کۆنترین لە ئاویش.
بەدوو باڵی تەنک ئەو ماچانە بنێرە، کە پڕن لە بۆنی ڕەنگی سوور
پڕن لە گوناە و پەشیمانی
پڕن لە خوێن، پڕن لە جوانی مەسیح و لۆتریامۆن.
وەرزێک هاتم، خاکم بەڕەنگی پیازی داپۆشی
بەو ڕێگایە هاتم، کە هێشتا خۆر لێی نەدابوو
مەست و دێوانە، لەبەر خۆمدا باسی گوێزی کاڵ و بۆنی
موورتک و گوڵە هێرۆم دەکرد،
ئەو بۆنە بەناو ڕۆژەکانماندا دەمار دەمار دەڕۆی.
باسی نائومێدی و مازوو کەتیرەم دەکرد
کە تووند قاچی دەربازبوونی بە لقەکان بەستبووەوە
ئومێد پەنجەرەیەک بوو درک و داڵی دەرەوە گرتبووی
چرایەکی شووشە شکا و، جا بەو ڕەشەبایە ئەو چرایە
چۆن داگیرسێ؟
ئومێد قافیەیەکی گیراو بوو، دەنگێک بوو لەناو قامیشەڵاندا
کێشێک بوو لەناو پەنجەدا ڕەق ببووەوە.
ماوەیەکی زۆر سروودەکانی کۆمیدیا و
پەلکەزێرینە و ڕووناکی ناو پێستی دەنکە هەنارم خوێندەوە
لە دڵۆپە ئاوێکەوە تا ئۆقیانووس
لە حەرفێکی وێڵەوە تا شیعرگەلێکی وێرانکەر،
هەر هەموویان
ڕزگاربوونی پرسیارن لە دەست وەڵامی بێهوودە
هەر هەموویان خەوێکن لە چەشنی وەنەوشە!
(عەلی بەردەشانی دەیوت: شیعر گفتوگۆی شمشێرە
لەگەڵ جەللاد. وەکو بەستەڵەک وەستابووم،
گفتوگۆیە لەگەڵ ئاو، من وتم.

تووڕە بوو، وتی: چی لەگەڵ ئاو دەڵێی؟)
خۆم بەو جۆڵایە دەهات بەرچاوان
کە هەر شەوە و پەلکەزێڕینەی خەمێکی دەدزی و لە کڵاوڕۆژنەوە،
دایدەگرتە خوارێ.
بەپەنجەی ڕاست و چەپ ڕەنگەکانی لەیەکتری گرێ دەدا
لەو ژوورە تاریکە دەبووە باق و بریقی ڕەنگ و،
ڕەنگ دەچووە ناو دەنگی ژنەکەی تەنیشتی
ئەویش بانگی دەکردە سەر فەرشی ڕەنگینی.
ڕەنگ دەبووە تولەڕێ و دەڕۆیشتم.
لە ڕۆخی تۆفان بامدەداوە لای ئەستێرەی کاروان کوژە.
نزیک بەوە، ڕەنگی چاوم چۆن دەبینی؟
شپرزەیی و پرچی لوول و ڕستەکانم چۆن دەبینی؟
ڕەنگ دەچووە قاوغی حەزێکی مەیلەوشێت
هەردەمە و لەسەر چلێک و هەردەمە لەبەر هەیوانێ.
ڕەنگ دەپەڕییە ناو سپێدە،
وڕێنەی دەکرد، وڕێنەی دەکرد وڕێنە
فامم نەبوو، نەمدەزانی ڕەنگ ژیانم بەو چەشنە تێکدەدا.
تەورێک من و دارهەناری هەڵدەپاچی
دەیکردین بەوردە دار و
وردە حەرف و
وردە بەرد و
دەنکە خۆڵ.
ڕۆژگار دەچووەوە پاڵ یەکدی
زەوی و ئاسمان سنگیان بەیەک وەدەنووساند
لەو نێوانە، تەنیا عەلی بەردەشانی بەسواری ئەسپێکی خورافی، شەڕی لەگەڵ
هەوا دەکرد.
(عەلی دەیوت: قیامەت هەستاوە، پەروانەی ئاگر دەسوڕێ
من جوانیم لەسەر نوکی ڕم داناوە



جوانی هەموو شتێک دەسمێ.
ئەو وردە دارانە لەعلی بەدەخشانن
ئەو وردە حەرفانە زەنبەق و لالە
ئەو بەردانە هەمووی زمڕوتن
دەنکی خۆڵیش پەلکەزێڕینە!
ئەوانە و پرشنگی شمشێرم، هەموویان پێکەوە:
عەلی بەردەشانین).
لەوساوە ئیتر ئومێد دڵمی گوشی
جوانی لووت بەرز و لەخۆبایی بوو.
شەقی لە قاپی فەخفووری و پەرداخی بەردەمم هەڵدا
شەقی لە کورسی و بالیف و دەرگا هەڵدا
سەرکەوتە سەری سەرەوە، گوێی پێ نەدام؛
چووە شوێنی بەرز و عاسێ.
(عەلی بەردەشانی دەیووت: هەق لە کوێ بێ،
من دەچمە ئەوێ.)
جا جوانی چەند لە هەق کەمترە تا نەچم؟

سەرەتای ١٩٩٩

## هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویست

* لە سیاحەتنامەدا سوودم لە (سیاحەتنامە ئەولیا چەڵەبی)... وەرگێڕی لە تورکیەوە... سەعید ناکام وەرگرتووە و لە هەندێ شوێندا دێر و وێنەشم گواستۆتەوە.
* لە (باوباڵەکان) و (ناڵپارێز)دا زێڕۆی شەمسی ئایندەی (ئاکۆ)ی (سروودی بەفرنووس)ە، یەک کەسن لە دوو تەمەنی جیادا.
* لە (جوانیەکان)دا... گۆستاف ئاشنباخ پاڵەوانی (مردن لە ڤینیسیا)ی تۆماس مانە.
* لە (سووتانی ڕەنگەکان، یان سروودی بەفرنووس)دا:
– (هەگبەی باکان...) بەراوردی بکە لەگەڵ ئۆدیسەی هۆمیرۆس:
کوندەیەکی دامێ لە پێستی گایەکی نۆ ساڵە و هەموو (با)یەکانی دژی منی تێدا بەندکردبوو... تد.
– (زەریا دەتووت ئاوزینگ دەدا...) بەراوردی بکە لەگەڵ مۆبی دیک لای ملڤێل.
– (گوڵە مێخەکی زۆرترم دەویست) بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو ئەفسانەیەی کە دەڵێ: ئەوەی گوڵەمێخەک دەڕوێنێ دەبێ شەو بەڕووتی بچێ و ئاوسی بکا تا گوڵی زیاتر بگرێ.
* لە (برادەرەکانم)دا
– (خالدیە) ئەو قوتابخانەیەی سەرەتاییم تێدا تەواو دەکرد.
– تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما و قەسری عەتاولاغا و گۆڕستانی شێخ ئۆمەر و چراغ... لە هەولێرن و هەموویان لە دەوروبەری قوتابخانەی خالدیەن.
– لگاو: قومارێکە لە شێوەی ڕۆڵێت و گرەو لەسەر ڕەنگ دەکرێ.
– (مفتاح) سەروچاوەی کارێزێک بوو بەناو هەولێردا تێپەڕ دەبوو، جاران خەڵک بۆ سەیران دەچوونە ئەوێ.
– تەیراوە و تەعجیل و گەڕەکی جولەکان... سێ گەڕەکی کۆنی هەولێرن.
– (ست ئیمام) چاکێک لای وێستگەی شەمەندەفەری جاران لە هەولێر... بۆ سەیران خەڵکی دەچوونە ئەوێ.
* ناڵپارێز: گوندێکە لە نزیک پێنجوێن... کاتی کۆڕەوەکە و لە نیوەشەوێکی تاریکدا ناسیم، ئەوکات لە شێوەی دۆزەخێک بوو لەبەر باراندا...
* لە (بەیانییەکی سارد) و (ترس)دا: ناوەکان پاڵەوانی ڕۆمانی (دکتۆر ژیڤاکۆ)ی باسترناکن.
* لە وەرزی سۆردێللۆ:
– سۆردێللۆ شاعیری هاوڕێی دانتی لە بەشێکی زۆری گەشتەکەی (کۆمیدیا)دا، شیعرەکانی هەمووی بۆ نیشتمان بوو.
– (قاسمەڕەش) گوندێکی کوردستانی دیوی ئێران.
* لە ژەهر و قەڵادا: (جولّندێ) قەڵایەکی زەردوشتیەکانە لە ناوچەی سورداش.

## ناوەڕۆک


مێژووی زەریا لە زاکیرەی قەترەیەکدا ..... 5
چەند ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەم کۆمەڵە شیعرییە ..... 15
**مانگی نیوە مۆر** ..... 17
**ئاسمانی مۆر** ..... 19
پۆرترێت(١) ..... 21
پۆرترێت (٢) ..... 23
ستیل لایف ..... 25
مانگی نیوەمۆر ..... 27
شارە نەبینراوەکان ..... 31
عەشتاری هەولێر ..... 36
ئێوارەیەکی نائاسایی ..... 40
**ئاسمانی سۆر** ..... 43
١٩٨١ ..... 45
لەودیو تخوبەکانی شەڕدا ..... 50
لە دەنکەخۆڵێکی سۆردا ..... 54
**ئاسمانی سپی** ..... 59
هەورێک لە خوار ملدا ..... 61
سەرلەنوێ لەش ..... 63
ئاوێتەبوون و جیابوونەوە ..... 64
گەڵاکانی سەرشۆستە ..... 65
بۆ مەرگی جان دەمۆ ..... 71
شەوی گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکان ..... 72
سپی لەودیوو ڕەنگەکاندا ..... 73
**هەوڵێک بۆ کوشتنی کات** ..... 81
دوورتر لە منداڵی ..... 83





ماڵێک بەسەر پشتی ئەستێرەوە ..... 87
تکا ..... 94
گەڕانەوەی ئۆدیسۆس ..... 96
گورگی زریانی قرمزی ..... 101
بەردی شەو: ڕووت ڕووت ..... 106
گێچەڵێک لەگەڵ خۆمدا ..... 110
جوانییەکان ..... 114
هەوڵێک بۆ کوشتنی کات ..... 114
فەلسەفەی پووچی ..... 121
لە شەوێکدا ..... 124
گەڵاکانی سەر شۆستە ..... 127
**بزربوونی ئاوێک** ..... 129
حوسێن ..... 131
هەمەدان ..... 136
دەقی ئاو لە ئاوێنە ..... 139
دەرکەوتنی م... ..... 141
جلەکانی سەرتەناف ..... 144
ورینگە ورینگ ..... 147
بەسەر پشتی پاپۆڕەوە ..... 149
مۆمیا ..... 158
شەڕی براکان ..... 160
میوان ..... 161
بەیانییەکی ئاسایی لە شەقامێکدا ..... 162
سوکرات ..... 169
چەند سەرنجێک ..... 174
**شەوی دووەم** ..... 175
خاچ ..... 177

خۆرگیران ..... 179
رزگار بوون ..... 183
شەترەنج ..... 186
نیشتەجێی ناوی خۆمم ..... 187
پۆرترێت ..... 191
زمرووتی پشت هەور ..... 195
سکێچی ئاو ..... 201
ناو لەپی پڕ خۆخ ..... 206
شەوی دووەم ..... 213
گەڵاکانی سەر شۆستە ..... 218
بەیانییەک ..... 228
زەریا فسفۆرییەکان ..... 232

**بەفرنووس** ..... 239
سیاحەتنامە ..... 241
ناڵپارێز ..... 245
شەموەکانی ناڵپارێز ..... 251
زستانی ناڵپارێز ..... 254
برادەرەکانم ..... 262
باوباڵەکان ..... 274
وەرزی سۆردێللۆ ..... 280
پیاسە و ئاڵۆزی ..... 287
سووتانی ڕەنگەکان یان سروودی بەفرنووس ..... 290
بەیانییەکی سارد ..... 301
پیاسەی پەپوولەکان ..... 304
شکایەت ..... 312
بەیان و مرواری ..... 316
جوانییەکان ..... 322
جوانییەکان و ئاشتبوونەوە ..... 324





ترس ..... 329
ژەهر و قەڵا ..... 331
قسەیەک کە شەیتان پێی وتم ..... 337
کۆتایی ..... 341
سترانی نێرگز ..... 341
لەدوا قومدا ..... 345
سیزیف هەتا هەتایێ ..... 350
قسەکردن بەزمانی ڕەنگ ..... 352
زمروت و زەنبەق و لەعلی بەدەخشان و پەلکەزێڕینەی عەلی بەردەشانی ..... 354
هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویست ..... 359

# چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٤

(١) سياسة التعريب في إقليم كُردستان العراق – دراسة وثائقية– إعداد: مجموعة من المؤلفين.
(٢) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەممەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا.
(٣) الأمير الكُردي – مير محمد الرواندزي. تأليف: جمال نَبَز. ترجمة: فخري شمس الدين سيلاحشۆڕ
(٤) گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە. هەڵبژاردەیەک لە کورتە چیرۆکی بیانی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.
(٥) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە. موسلح ئیروانی.
(٦) دیداری سەرەک کۆمار. شانۆگەری. نووسینی: ڕەئووف حەسەن.
(٧) داستانی حەسەن و حوسەین، داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەویێڵ کاکەیی.
(٨) ملوانکەی ستیل – کۆمەڵە چیرۆک، محەممەد فەریق حەسەن.
(٩) جووتیارێکی زیرەک، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود.
(١٠) پاپۆڕی فڕیو، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە، محەممەد فەریق حەسەن.
(١١) دار گێلاس، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەممەد فەریق حەسەن.
(١٢) کچە ئەستێرە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەممەد فەریق حەسەن.
(١٣) الكُرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ألفه: باسيلي نيكيتين، نقله من الفرنسية وعلق عليه: الدكتور نوري طالباني.
(١٤) فەرهەنگی قانونی. دانانی: د. نووری تاڵەبانی.
(١٥) منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، تأليف: د. نوري طالباني.
(١٦) هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ١٨٢٠–٢٠٠٠، سەمیر ساڵح.
(١٧) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە، دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی، وەرگێڕانی: محەممەدی مەلا کەریم
(١٨) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
(١٩) کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا. فەیسەڵ دەباغ لە تورکیی عوسمانلییەوە کردوویە بەکوردی.
(٢٠) کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ – کورتە چیرۆک. نووسینی: سەحەر ڕەسایی.
(٢١) بارزانیی نەمر لە ١٠.. ساڵەی بوونیدا – کۆمەڵە وتار. نووسینی: سەرباز هەورامی.
(٢٢) باوک – شانۆنامەی هاوچەرخی سوێدی. نووسینی: ئۆگۆست ستریندبێرگ. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیرباڵ.
(٢٣) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە (بەزمانی ئینگلیزی). دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی.



(٢٤) نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە – کورتە چیرۆک. نووسینی: کازیوە ساڵح.
(٢٥) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. مێژوو. نووسینی: حامید گەوهەری.
(٢٦) هوية كركوك الثقافية والإدارية. تأليف: محمد علي قرداغي.
(٢٧) ڕۆمیۆ و جوولیێت – شانۆگەری. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف.
(٢٨) خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران. نووسینی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. گۆڕینی بۆ کوردی: ئازاد عوبێد ساڵح.
(٢٩) بەفرنووس و ئەوانی تر – دیوانی شیعر. شیعری: دڵشاد عەبدوڵڵا.
(٣٠) خەون وا خۆی گێڕایەوە. دیوانی شیعر. سەباح ڕەنجدەر.